تصوير ابو عبد الرحمن الكردي



دەسەڵاتی کوشندە

لە کۆمەڵگەی دیکتاتۆرە بچوکەکاندا

منتدى اقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

ئاسۆ جەبار

2007

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

دەسەڵاتی کوشندە

لەکۆمەڵگەی دیکتاتۆرە

بچوکەکاندا

پێشکەشە...

بە خوێنەرانێک کە روانین‌و دنیابینی مۆدێرن جیادەکەنەوە لەحیکایەتە کوشندەکان‌و لەرەخنە تێدەگەن‌و دەنگێکن بۆ رووتکردنەوەی دەسەڵات‌و هەڵماڵینی دەمامکە چەواشەکەرەکان‌و پێشکەشە بەو جەنگاوەرە مەعریفیانەی کە حەقیقەت لەجەهل‌و گەمژەکان وەردەگرنەوەو بە عیشقەوە سەفەر دەکەن بە ناو ئەم کتێبەدا...

ئاسۆ جەبار

دەسەڵاتی کوشندە

لەکۆمەڵگەی دیکتاتۆرە بچوکەکاندا

چاپی یەکەم
2007

دەسەڵاتی کوشندە

ئاسۆ جەبار

کلێشەسازی: یادگار ئەورەحمان

تابلۆی سەربەرگ: چیمەن ئ.سمائیل

ناوی تابلۆ: پاشای نویَ

فەرزی بەرگ: کۆسار ئازاد نووری

تایپ: رۆشنا غەریب

تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم: سلێمانی ٢٠٠٧

چاپ: شڤان

ژمارەی تۆمارکراوی (٣١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی و. رۆشنبیری پێدراوە.

دەسەڵاتی کوشندە

-کۆمەڵگەی دیکتاتۆرە بچوکەکان

-دەسەڵاتی کوشندە

-دەسەڵاتی بەختەوەر و کۆمەڵگەی خۆشباوەڕ

-کەلاوەیەک بەناوی ژیانەوە

-دەسەڵاتی خاڵی لەمەعریفە

-جەهلی مۆدێرن

-ناشرینکردنی ژیان بەناوی دیموکراسیەتەوە

-مەرگدۆستی & ژیاندۆستی

-دەسەڵاتی جەهل

-حکومەتی ناعەدالەتی

-کۆمەڵگەی بێ ساحێب

-درۆزنترین حکومەتی دنیا

-جێگری حکومەت تۆڵەدەکاتەوە

-سەروەت و جەنەڕاڵەکان

-جەلاد.. کۆمەڵگە سەگ نییە

-شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ

-دەسەڵاتی زۆردارو پەرلەمانی کارتۆنی

کۆمەڵگەی دیکتاتۆرە بچوکەکان

"زۆرداران سێ جۆرن: هەندێکیان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێن، هەندێکی دیکەیان بەزۆری تفەنگو قشونی عەسکەران لەسەر کورسی دادەنیشن، گروپێکی تریشیان ستەمکاریان بە میرات بۆ دەمێنێتەوە." ئاتین دۆلابۆتی

ئەگەر دیکتاتۆرەکانی بەرلە سەدەی بیستەم دیکتاتۆری تاکەکەسی بووبن، ئەوا دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەم هەڵگری((سیستمێکی دیکتاتۆرین)). لەناو فەزایەکدا ئامادەن کە کۆی ئیشکردنی فەزاکە ئیشکردنێکی دیکتاتۆریانەیە.[1] سەردەمی دیکتاتۆرە نوێکان سەردەمی رێکخەرە گەورەکانو ماشێنە گەورەکانی ستەمکارییە، سەردەمی بە میتۆدکردنی زەبروزەنگو خەساندنی کولتوریو

[1] مەریوان وریا قانیع، سەرەتایەك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دیکتاتۆریەت، گۆڤای سەردەمی رەخنە، ل67

بێبایەخکردنو بچوککردنەوەی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگەیەکی قفڵدراو و لە فەرهەنگێکی هەژاری تاك ئاراستەی روانینو تاك دنیابینیدا، سەردەم دابەشبونی ئەو رێکخەرە گەورەیەیە بەسەر هەزاران رێکخەری هاوشێوەو کۆپیکراوی سیستمێك لێوانلێو لەهەژمونگەریو پەنهانکردن.

ئەم تێڕوانینەی مەریوان وریا قانع دەروازەیەکی کراوەترو فراوانتر لەسەر ئەم باسە دەکاتەوەو پتر دەمانخاتە بەردەم گفتوگۆیەکی جدیتر لەبارەی دیکتاتۆرییەتو سیستمی دامەزراوە دیکتاتۆرییەکان لەدنیای نویو سەردەمی کەرەستە ئاڵۆزەکاندا. لەراستیدا ئەوەی لێرەدا باسی لێوەدەکەین هێندەی قسەکردنە لەسەر ئەو رێکخەرە گەورەیەی کە سیستمێکی گەوری دابەشبووە بەسەر زیاد لە کایەیەكو زیاد لەپێکهاتەیەکی ئاڵۆزی سەرتاسەری، کە فۆرمێکی نابەرجەستەکراوی نادیاریکراوە لەشوێنو کاتە پۆلێنکراوەکاندا. لەسیستمی دیکتاتۆریدا شتێك نیە بەناوی شوێنە دیاریکراوەکان یان پۆلێنکردنی شوێنەکان، بەڵکە شوێن لەرێی فەنتازیایەکی کاریزمییەوە یەکسان دەبێتەوە بە پانتاییەکی گەورەی پاوانکراو و چاودێرکراو، دەبێت بە سەرزەمێنێکی بەرفراوانی بەرهەمهێنانی هێزو کۆنترۆڵکردنو کاریگەری. شوێن دەبێتە بەرهەمهێنەرو خولقێنەری حیکایەتو دنیابینییەکی دیاریکراو، ئەگەر شوناسێکی پراوپڕ ببەخشین بە شوێن لەسیستمی دیکتاتۆریدا، ئەوا شوێن خەیالگەیەکی بەرفراوانی ئەو خەیاڵدانە گەورەیەی هێزو زەبروزەنگو سڕینەوەی شوناسو سایکۆلۆژیاو جیاوازییەکانە، لە

هـەناوی هـەموو سـیتمێکی دیکتاتۆری‌ـدا دەسـەڵاتێکی تۆتالیتـاری ئامادەیـە بـۆ کـۆنترۆڵکردنی تاکەکـەس‌و کۆمەڵگـەو کولتـورو هـەر دنیابینییـەك کـە ناچـێتەوە سـەر ئـەو ئـیرادە سەرتاسـەریەی کـە مرۆڤەکان لەکایەیەکی بەرفراوانی تاکئاراستەییدا کۆدەکاتەوە.

دواجار سیستمی دیکتاتۆری هێندەی سیـستمێکی وێنـاکراوە بـۆ بەرجەسـتەکردنەوەی هـەر شـوناس‌و خـەیاڵ‌و سـتراتیژو روانینێـك لەنەخشە بۆکێشان‌و جێبەجێکردنـدا، هێنـدە سـیتمێکی بەرجەسـتە نیـە کـە پانتاییـەکانی سـنورێکی دیاریکراویـان هـەبێت لـەماناو شـوناس‌و پیادەکردنـدا، واتـە ئـەوەی دیکتاتۆرەکـان لەمەودایـەکی دیاریکراودا کۆدەکاتـەوە تـەنها ئایـدۆلۆژیا نیـە، رەنگـە نەتـەوە بێـت یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی پێکهاتەیی بێت لەنەتەوەپەرسـتی‌و ئاینپەرسـتی‌و ئەخلاقپەرسـتی‌و خودشـەیدایی، هـەروەها رەنگـە مەزهەبێکی دیاریکراو یان تایەفەگەری‌و ئایدیاپەرستی سیماگەلێکی جیـاوازبن بـۆ پێکهێنـانی سـیتمێکی دیکتـاتۆری بـەهێز. هاوکـات ئەنـدازەی روانـین‌و دنیـابینی لەسیـستمی دیکتاتۆریـدا هێنـدەی وێنـاکراوێکی وەهمـین، هێنـدە نەخـشەیەکی ئاشـکرا نـیین، ئـەم سیستمە لەئاستی کۆمەڵگـەدا کـار لەسـەر خولقانـدنی کۆمەڵگەیـەکی وەهمی‌و سـەرکەوتنی وەهمـی‌و هێـزی وەهمـی‌و دەسـەڵاتی وەهمـی‌و فەرهـەنگێکی وەهمـی دەکـات، هاوکـات لەئاسـتی تاکەکەسیـشدا بەرهەمهێنەری مرۆڤگەلێکی سوپەرمانە، واتـە هێـزی لەرادەبـەدەرو سەرکەوتنی لەرادەبەدەرو سوپایەکی ئیلاهی لەمرۆڤی خەیاڵی.

ئەخلاقیاتی دیکتاتۆری

ئـەو دەسـەلأتەی هـەنگاوێك دووردەكەوێتـەوە لـەهاولأتیان، دەیـان هـەنگاو نزیكدەبێتـەوە لـەدیكتاتۆری. هـەروەك چۆن دیموكراسی تـەنها كۆكردنـەوەی تایەفـەو تـیرەو عەشـایرەكان نییـە، هاوكـات كۆكردنـەوەی دەیان نوسەرو هونەرمەندی بێئیش نیە لەهۆڵێكی كۆبونەوەی حیزبـداو رازیكردنی رۆژنامەو گۆڤارو ناوەنـدەكانی راگەیانـدن نییـە بـە كۆمـەڵێك حیكایەتی بچوكو لێشاوێك موقەدەساتی ساختەو یادەوەرییەكی بیّ مانـا لەئێستادا، بەهەمانشێوە سیستمی دیكتاتۆریش پێوانە ناكرێت بـە داهـاتی خراپی سالأنەی تاكەكەسو دروشمو هوتافكێشانی پڕ لەدرۆو لێوانلێو لە جەهل بۆ دیموكراسیو دنیای مۆدێرن، دیكتاتۆرێك نیە لەدنیادا بەقەدەر هـەمومان باسـی لەدیموراسـی نـەكردبێت، بـەلأم ئـەم چـەمكە زۆر لـەوە گـەورەترە لەقەفـەزی حیزبێكـدا یـان لەقەفـەزی زێڕینـی دەسـەلأتێكی دیكتاتۆرییدا جێبێتەوە.

دیكتـاتۆر تـەنها ئـەوە نییـە كـە تـۆ دەیبینیـت، بەڵكـە ئـەو بونـەوەرە گـەورە دابەشـبووەیە كـە تـۆ وەك بونـەوەرێكی بـچوك نایبینیت، دیكتاتۆر جەستەیەك نیە وەك جەستەكانی دیكە لەڕووی فیزیكیو بایەلۆژییـەوە، ئـەو جەسـتەیەكی پەرشوبلأوەو لاشـەیەكی پالكـەوتوە لەسـەر هـەموو لاشـەكانی دیكـە. تـۆ بۆئـەوەی بزانیـت دیكتـاتۆر چـییە، بەتـەنها ناتوانیـت بگەڕێیتـەوە بـۆ خـودی ئـەو بونـەوەرەو بگەڕێتـەوە بـۆ كەسـایەتیو دەرئـەنجامی رەفتارەكـانی،

نەخێر دەبێت بەرلەهەر شتێك بگەڕێیتەوە بۆ ستراکچەری ئەو بونیادە گەورەیەی کە دیکتاتۆری لەسەر رادەوەستێت، بگەڕێیتەوە بۆئەو نیزامی دابەشبوونەی کە سەرلەبەری پانتاییەکان لەساتەوەختێکی درێژخایەنی بێئاگاییەکاندا داگیردەکات، دەکرێت ئەو رێکخەرە گەورەیە بخەیتە بەردەم پرسیارو راڤەکاری کە فەزای بێدەنگیو سەرزەمینی بێدەنگو خامۆش دروستدەکەن، پێویستە ئەو ناوەندو دەزگاو پانتاییانە بناسیت کە دەکەوێتە نێوان بێدەنگیو زەبروزەنگەوە، کە پردی پەیوەندین لەنێوان خامۆشیو دەسەڵاتدا، هاوکات سەرزەمینێکن لەنێوان مەرگو وەهمدا. مەرج نییە بگەڕێیتەوە سەر ئەو کاریزمایەی کە لەدەوری ئەو بوونەوەرە تەجەلادەکات، بگەڕێیتەوە بۆ سەر ئەو عەدەمییەتەی کە لەدەرەوەی هەموو بوونەوەرەکان، هەموو هەبووەکان بەرپادەبێت، کەواتە ئایا ئێمە لەدەرەوەی ئەو خەیالگەیە دەژین، ئایا کەوتوینەتە دەرەوەی ئەو بازنە بێسنورەی کە فەزاکانی دیکتاتۆر دەکێشنو دووبارەدەبنەوە، ئایا لەهەموو بوونەوەرێکدا ئەو کاریزمایە دروست نابێت ؟ تۆ بۆئەوەی لەدەرەوەی ئەو مۆنۆپۆلیزەیە قسەبکەیتو رامانێکی دیکەو دنیابینیەکی دیکە بەرپابکەیت، دەکرێت لەدەرەوەی ئەو وێرانەیە، لەدەرەوەی ئەو ستراکتورە کۆنکرێتییە جارێکی دیکە بڕوانیتە ئەو بونیادەو ئەو کاریزماو مۆنۆپۆلیزە گەورەیەی کە دیکتاتۆر خەلقی دەکاتو دەبێتە خالقو بەرپاکەری ئەو پانتاییە کۆنترۆڵکراوانەی کە مرۆڤەکانی تیادا دەژین. ئەو وەك کورتکەرەوەیەکی گەورەی ژیان، تەنها مەرگدۆستێکی کارا نییە بۆ

بەرپاكردنی مەرگ؛ نەخێر ئەو لەخودی مەرگ مۆدیلێكی دیكەی ژیان بەرپادەكاتو خەیاڵێكی سەرتاسەری بێئیرادەی تاكەكانو ئیرادەیەكی گشتی كۆنكرێتی دروستدەكات، كاتێك تەواوی ناوەندەكان دەبنە دارێژەرو بەرپاكەرانی كۆنترۆڵو چاودێریكردنو لێپرسینەوەو تەرجەمەكردنی شفرەكانو هێماكانی ئەو دەسەلاٌتە، تۆ بەئاسانی ناتوانیت سەربازگەیەك لەمزگەوتێك جیابكەیتەوە، ناتوانیت قوتابخانەیەك لەرێكخراوێكی حیزبی یان لەدەزگاكانی دەسەلاٌت جیابكەیتەوە، یان زانكۆ لەبەندیخانە جیابكەیتەوە، كاتێك سەرجەم ناوەندەكان دەبنە موڵكی دەسەلاٌتو حیزب؛ ئەوكاتە سیستمێكی ئاسۆیی كۆنترۆڵو مۆنۆپۆلیزەكردن بەرپادەبێت، ئەوكاتە دیكتاتۆرو كاریزماكانی بەسەر تەواوی نێوەندەكاندا دابەشدەبن، دەرئەنجام مامۆستایەك یان مەلایەك دەتوانێت هەمان رۆڵو كاریگەریی دیكتاتۆر ببینێت، ئەوكاتە مزگەوتێكو خوێندنگەیەكو زانكۆیەك دەتوانن هەمان رۆڵی حیزبو دیكتاتۆر ببینن، كاتێك دیكتاتۆر بەسەر تەواوی ناوەندو موۆقەكاندا دابەشدەبێت، گرنگ نییە دیكتاتۆر ماوە یان نەماوە، راڤەكردنی ئەم بۆچوونە زۆر بە سادەیی پەیوەستە بە ڕوانینو دنیابینیە هاوشێوەكانو لەكارخستنو خەساندنی سەرلەبەری جیاوازییە فەرهەنگیو رۆشنبیریو شارستانییەكانو یەكسان كردنەوەی سەرلەبەری ئەو ناوەندە ژیارییە بە پانتاییەكی گەورەی بەرهەمهێنانی ئیرادەیەكی گشتیی پاوانكراوی تاكرەهەند. واتە كاتێك دەسەلاٌتە دیكتاتۆرییەكان دێنو جیاوازییەكان دەكوژنو

ئــیراده جیاوازەکــانی تاکەکــەس لــەئیرادەی گــشتیی کاریزمیــدا دەتوێتــەوە؛ ئەوکاتــە تــەواوی پانتاییــە کۆمەلاّیــەتیو کولتــوریو ئابوریو سیاسیو دامودەزگایەیەکان لەسەر ئاستێکی رێـژەیی دەبنـە مۆنۆپۆلیزەکەری سەرچاوەکانو بەستنەوەی مرۆڤـەکان بـەمۆڕاڵێکی مێگــەلی ڕەشــەبیرکردنەوەی تــاقمێکی سیاســی دیــاریکراو و بــێ جیاوازی، کاتێك دیکتاتۆر حساب بۆ رایگشتی ناکات، تـەنها دیکتـاتۆر بەشدار نییە لەو رێکخەرە گەورەیەدا کە رووبەرێکی سەرتاسـەرییە بـۆ بێـدەنگیو سـتەمکاری، نـەخێر تـەواوی کۆمـەلگا بەشـدارە لـە پراکتیزەکردنــی ســڕینەوەی جیــاوازیو بــەرپاکردنی بێــدەنگی. هەروەها"ئەو کۆمەلگایانەی کە ـەزگاو کولتوری دیموکراسییان نییە یـان زۆر لاوازە. کایـەی سیاسـیان زۆر پارچەپارچـەو پـڕ ناکۆکییـەو یاسایەك نییـە ئـەو ناکۆکیانـە بـەڕێوەببات، سیـستمێکی دادوەریـان نییــە کــە توانــای کــارکردنی ســەربەخۆیان هــەبێت، دیــاردەی سەرکردەپەرستــی تیایــدا بــەهێزە، دەبنــە شــوێنی بەرهــەمهێنانی دیکتاتۆر."[2]

ئەوەمان لەبیرنەچێت دەرئـەنجامی هـەموو بێدەنگیـەك بەرابـەر ناعەدالەتی کۆمەلاّیەتیو ئـابوری دنیایـەك دیکتـاتۆر دروسـتدەکاتو دنیایەك ستەمکاری بەرهەمدەهێنێت. هاوکات هـەموو وێرانیەیـەکی کولتـوریو غیـابی سیـستمە دیموکراتییـەکان یـان غیـابی رێکخـەرە شارســــتانیو مۆدێرنــــەکان بــــۆ نەخــــشەدانانو هێــــشتنەوەی کلّێشەسازییەکی دامودەزگـایی لەبـەڕێوەبردنو رێکخستنی کۆمەلگـە

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل93

لەیەکەیەکی ئەکتیڤو بەرهەمهێنەرو هێشتنەوەی جیاوازییەکانداو غیابی میدیای ئازادو پەرلەمانی ئەکتیڤو نەبوونی ئۆپۆزسیۆن هۆکارگەلێکی بەهێزن بۆ دروستکردنی دیکتاتۆرو رەنگرێژکردنی ئەخلاقیاتێکی سەرتاسەری دیکتاتۆری.

دەرەنجام مەریوان وریا قانیع لە کلێشەیەکی دیکەدا کۆمەڵگەو دیکتاتۆر دەبەستێتەوە بەدۆخێکی سایکۆلۆژی شێواوەوە کە تیایدا دیکتاتۆرەکان توانای رێکخستنەوەی ئەو بێ هیوایی‌و بێئومێدییانەی کۆمەڵگەیان هەیە لەرێی مژدەو بەڵێن‌و وەهمەکانەوەو دەڵێ: ئەو هەلومەرجانەش کە کۆمەڵگە توشی بێهیواییەکی گەورە دەکەن، مژدەی واقعیانەیان تێدا نییە، لانیکەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی تێدا بزرە، رێگا خۆشکەرن بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرێك کە مژدەی ساختەو هیوای ساختە لەو کۆمەڵگەیانەدا بچێنێت. زۆرجار دیکتاتۆرەکان لەسەر بێهیوای‌و نائومێدی خەڵك کاردەکەن. ئەمانە لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە تایبەتەدا دێن بەناوی کۆتایهێنان بە نائارامی‌و پارچەپارچەیی‌و نادڵنیاییەوە دەدوێن.[3] لەراستیدا مژدەو بەڵێنەکانی دیکتاتۆرەکان هیچیان کەمتر نییە لەو مژدانەی کە مژدەبەخش‌و پێغەمبەران پەیامیان بۆ کردووەو خۆیان بۆ تەرخانکردووە، هەموو ئەمانەش بە درێژایی مێژوو سودیان لە بێهیوایی‌و بێئومێدی مرۆڤەکان کردووەو کاریان لەسەر کردووە، هاوکات هێزو توانای ئەو مژدانە لەبزواندنی یادەوەری‌و ئەو نوستالژیا گەورەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە دیارترین شوێنە

---

[3] هـ.س.پ، ل93-94

هەستیارەکانی مرۆڤن لە قولاییدا کە بە ئاسانی دەتوانرێت لەرێی داگیرکردنی ژیان و سەرچاوە ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و ژیارییەکانەوە کاریان تێبکرێت و بەکاربهێنرێت.

دیکتاتۆرە بچوکەکان

دیکتاتۆر تەنها ئەو کەسایەتییە کاریزمییە نییە بەتەنها، بەڵکە کاریزمایەکی دابەشبووە بەسەر سەرلەبەری سەرچاوەو پێکهاتە ژیارییەکانی ئەو کلێشەسازییە شارستانییەی کە مرۆڤەکان لەچەند یەکەیەکی دیاریکراوی بەرجەستەدا کۆدەکاتەوە، ئەم دەرئەنجامە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا زیاتر دەردەکەوێت، کەواتە دیکتاتۆری بچوک کێیە؟ ئایا هەمان دیکتاتۆرە لەمیناتۆرێکی وێناکراودا یان کلێشەسازییەکی جیاوازترە؟ ئەو پانتاییە گەورانەی کە دیکتاتۆرە بچوکەکان مۆنۆپۆلی دەکەن و سەرجەم وردەکاریەکانی ستەمکاری تیادا پراکتیزەدەکەن دیکتاتۆرە گەورەکان بە چەند قۆناغێکی یەکلەدوایەکی پاوانکردن و ستەمکاری دەگەنە ئەو دەرەنجامە.

لەنێوان ئیرادەی تۆو ئیرادەی دەسەڵاتدا بۆشاییەکی گەورە هەیە، رەنگە پردێکی پەیوەندی هەبێت، دەسەڵات بەردەوام لە رایەڵکردنی پەیوەندیەکانیدا گرفتاری کۆکردنەوەی سەرلەبەری جەماوەرە لەژێر یەک چەتری سیاسی و یەک سەقفی ئابوری و تاکەیەك باخچەی پەرژینبۆکراوی فەرهەنگیدا، هاوکات لەکۆمەڵگا داخراوەکاندا کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یان ستەمکاری یان تۆتالیتاریی بەرێوەی دەبات، ئەو پردەی کە لەنێوان هاوڵاتیان و

دەسەڵاتدا دروستدەبێت تاكەیەك ئاڕاستەی هەیە، كە ئاڕاستەیەكی داخوازیگەرانەیە لەدەسەڵاتێكی موتڵەقەوە بۆ هاوڵاتیان، كۆنترۆڵكردنو پەروەردەكردنو ئاڕاستەكردنی ئیرادەیەكی باڵاو رەها بەسەر تەواوی هاوڵاتیاندا، هەروەها لەكۆمەڵگا داخراوەكانیشدا كە دەسەڵات دابەشدەبێت بەسەر سەرلەبەری ناوەندەكانی هێزدا كە لەئەمارەتی حیزبەوە دەستپێدەكات تا دەگاتە بچوكترین خانەی كۆمەڵایەتیو دامودەزگا حكومیو حیزبییەكان.

ئەوەی لەو كۆمەڵگایانەدا كە دەسەڵاتێكی دیكتاتۆری تیایدا لەئارادایە حسابی بۆ ناكرێت، رایگشتی هاوڵاتیانەو مافە هەرە سەرتاییەكانی تاكەكەسو مافەمەدەنیەكانی هاوڵاتیانو ئیرادەی جیاوازی مرۆڤەكانە، ئەوەی ناوی ئازادیە بونی نیە، هێندەی ستەمكاری سەروەرەو هێندەی مۆنۆپۆلیزەكردنی سەرچاوە ئابورییەكان لەلایەن دەسەڵاتو هێزەوە دەبنە ستراتیژی درێژخایەن، هێندە مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی هۆشیار بونی نیە. ئەو ناعەدالەتییە كۆمەڵایەتیەی كە لەژێر سایەی دیكتاتۆرەكاندا هەیە لەهیچ گۆشەیەكی ئەم دونیایەدا بونی نیە.

لەبەرئەوە زۆر بەسادەیی بۆئەوەی چیتر دیكتاتۆر دروستنەبێتەوەو ئەو سیستمە دیكتاتۆریە وێرانكەرانەی وەك سیتمی نازیو مۆسۆلۆنیو ستالینیو بەعسیزمو مەزهەبگەرایی ئێرانی دروستنەبنەوە، دەبێت بەلایەنی كەمەوە دەسەڵات حساب بۆ رایگشتی هاوڵاتیان بكاتو دەستنەخاتە سەرچاوە ئابوریو دەزگاییەكانو وەزارەتو ژیانەوەو مۆنۆپۆلی بكات. دەبێت حساب بۆ ئیرادەی جیاوازو خەونو دنیابینییە

جیاوازەکان بکات.، پێویستە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو فەرهەنگیو ئابوری دروستببنو دەبێت حیزب دوربکەوێتەوە لەپانتاییە فەرهەنگیو رۆشنبیریو کۆمەلایەتیو حکومییەکانو دامودەزگاییەکان، دەبێت میدیای ئازادو گروپەکانی فشار دروستببنو رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنیو سەندیکاکان ببنە هێزگەلێکی رەخنەگریی چاودێرو ئەکتیف بەسەر دەسەلاتو حکومەتو حیزبەکانەوە.

مەرگی دیکتاتۆر بە تەنها لەهەر کۆمەلگەیەکدا نە کاریزماکانی دیکتاتۆر، نە خەونە دیکتاتۆرییەکان، نە دەسەلاتە ستەمکارو بەزەبروزەنگەکانی لەناودەبات؛ بەلکە ئەوەی گرنگە لێرەدا پاشماوەو سیتمە کۆنکرێتییەکانی دیکتاتۆرە، کە پێکهاتوون لەپەروەردەو فێرکردنی دیکتاتۆریانە، بیرکردنەوەو روانینو دنیابینی دیکتاتۆریانە، عەقلی داگیرکاریو پاوانکردن، سیستمی چاودێرکدنو سزاو پاداشت، عەقلیەتی بێیاخکردنی ژیانو شکۆدارکردنی مەرگو مەرگدۆستیو بێبایەخکردنی ژیان. هەموو ئەمانە پاشماوەی ئەو سەرزەمینە پاوانکراوەیە کە دیکتاتۆرەکان دروستیدەکەنو بۆ کۆمەلگەو دەسەلاتو بۆ سایکۆلۆژیای تاکەکانو تەواوی کۆمەلگەی بەجێیدەهێلن.

بۆئەوەی نەبینە دیکتاتۆر دەبێت ئەو روحە کاریزمییەی دیکتاۆر لەناو خۆماندا بکوژین، دەبێت دەولەمەندییەکانی دیکتاتۆر لەناو خۆماندا ئیفلاس پێبکەین، دەبێت نەبینە لاسایکەرەوەی ئەخلاقیاتی دیکتاتۆر لەداگیرکردنی ژیاندا. رەنگە هەزیلترین گروپی سیاسی ببێتە گەورەترین دیکتاتۆر، رەنگە کۆمەلێك حیزب مەهامەکانی دیکتاتۆرو ئەو هێزە کاریزماییە لەناو خۆیاندا دابەشبکەنو دیکتاتۆر بژێننەوەو

وێرانەیەکی دیکە بەرپابکەنەوە، هەر دەسەلاتێك حساب بۆ رایگشتی نەکات، چەند دەسەلاتێکی بچوكو موفلس بێت دەبێتە دیکتاتۆر. هەر دەسەلاتێك سەرچاوەی ژیان کۆنترۆڵو مۆنۆپۆلیزە بکات بۆخۆیو هاوپەیمانو هاوڕوانینەکانی، ناکرێت پێی نەڵێین دیکتاتۆر، هەرچەند دیکتاتۆرێکی بچوکیش بێت هەمان ئەو هێزە بەکاردەهێنێت کە لەماشینی عەقڵیەتێکی دیتاتۆرییەوە سەرچاوە دەگرێت. هێندەی دیکتاتۆرە بچوکەکان دەبنە ستەمکاری گەورە؛ هێندە دیکتاتۆرە گەورەکان نایانەوێت ببنە ستەمکاری گەورە بگرە دەیانەوێت ببنە ستەمکارێکی پەنهانو نادیار.

مۆنۆپۆلیزەکردنی بڕیارەکان

تەنها لە سیستمە دیکتاتۆرییەکاندا تەواوی راوبۆچوونو بیرکردنەوەکان دەبنە موڵکی یەکەمو رەهاو بێقسەی ناوەندی حوکمو ئەو هەرەمە گەورەیەی کە زانیاریو ئاماژەو شفرەو بڕیارەکانی پیادا دێتە خوارێو دامودەزگاکانی دەسەلات پەیرەو پیادەیدەکەن، ئەوەی جێی گفتوگۆو قسەکردن نیە تەواوی ئەو بڕیارو زانیاریانەیە کە لەسەرەوەی هەرەمەکەوە بە نهینی گەلاڵەدەکرێو بە نهێنیدا دێتەخوارێو ئاراستە دەکرێت.

هەر دەسەلاتێك لە دنیادا ئەم شێوازە بەکاربەرێت، ئەوا دەبێتە پەیرەوکەری مۆراڵی دیکتاتۆری، کاتێك دەسەلات سەرچاوەکان مۆنۆپۆلیزە دەکاتو سەرلەبەر داگیریان دەکات، تەنها ئەگەر گەورەترین بانگەواز بۆ دیموکراسیەتو کۆمەڵگای مەدەنیش بکات، دەبێت بە

دیکتاتۆر، لەبەرئەوە دیکتاتۆر هەر ئەوە نیە کە جینۆساید ئەنجامدەدات‌و تەواوی رووبەرەکانی ژیان لەکۆمەڵگەیەکدا دەکاتە بەندینخانەیەکی گەورە، نەخێر بەرلە هەرشتێك دیکتاتۆریەت ئەخلاق‌و بیرکردنەوەیە، ئەخلاقی مۆنۆپۆلیزەکردنی سەرچاوە ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەلأیەتیەکان کۆمەڵە ئەخلاقێکی دیکتاتۆرین، ئەخلاقی بێگوێی دەسەلأت بەرامبەر هاولأتیان‌و حساب نەکردن بۆ رایگشتی‌و پشتگوێخستنی تەواوی رەخنەکان‌و ئەو گەندەڵییە ئیداری‌و ئابوری‌و وزاریانە بەشێکن لە مۆراڵی سیستمی دیکتاتۆری، هاوکات بێدەنگی‌و تەمەڵخانەی ئیداری‌و فەرهەنگی‌و رۆشنبیری بەشێکی گەورەی ئەخلاقی دیکتاتۆری پێکدەهێنن.

بۆئەوەی لەم دۆخە تێبگەین دەکرێت بگەرێینەوە بۆ سەر بۆچونێکی بەختیار عەلی کە دەڵێ: هێزی حیزبی ئێمە لەدوای راپەرینەوە پابەندی توانایەتی لەسەر پاوانکردنی زیاتری ئابوری‌و ئیدارەو هێزی میلیشیای بۆخۆی، واتە خودی هێزی حیزبەکان، ئەو هێزەیە کە لەکۆمەڵگای دەدزن، چونکە ئابوری مولکی کۆمەڵگایە مولکی حیزب نییە، هەرکاتێکیش ئابوری حکومەت لەئابوری حزیب جیانەکرایەوە، قسەکردن لە دیموکراسییەت، نوکتەیەکی گەورەیە.[4]، لەراستیدا لێرەدا ئێمە باس لەوە ناکەین کە ئەو دەسەلأتەی لەکوردستاندا لەئارادایە دەسەلأتێکی دیکتاتۆرییە، نەخێر کێشەکە لەوەدا نییە کێ دیکتاتۆرەو کێ دیکتاتۆر نیە، بەڵکە کێشەکە لەوەدایە ئێمە ئەگەر وەك نمونەیەك باس لەدەسەلأتی حیزب بکەین لەکوردستاندا،

---

[4] (بەختیار عەلی/ رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت- گفتوگۆ-ل25)

ئـەوا تـەواوی حیزبـەکانی کوردسـتانو بەتایبـەتی هـەردوو حیزبـی دەسـەڵاتدار بـاس لـە دیموکراسییەتو ژیـانی مـەدەنیو دنیـای مـۆدێرن دەکەنو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەکانی خۆیان سیخناخ کردووە بـە دروشمی پێکەوەژیانو ئازادیو دیموکراسی، بەڵام لە واقعدا ئەوەی حساب بێت بـۆ ڕای هاوڵاتیـانو ڕایگـشتی نـەکراوە، بـە هـیچ شـێوەیەك لەئاسـت یـەکتر قبوڵکردنیـشدا نـین، هـیچ جیاوازییـەك قبوڵناکـەن، بەجیاوازییـەکانی خۆشیانەوە، سەرجەم دەزگاو سەرچاوە ئابوریو سیاسییەکانیان بۆخۆیان مۆنۆپـۆلکردوەو بونەتـە سـەرداری تـەواوی سەرچـاوەکانو ڕاوبڕیـارە چارەنوسسازەکان.

ئەوڕۆکە کێشەکە لەوەدا نییە ئێمە کۆمەڵگەیـەکی تەندروستین یـان نـا، بەڵکـە گرفتـی هـەرە گـەورە لێـرەوە دەسـتپێدەکات ئایـا لـەنێوان بێـدەنگیو دەسـەڵاتدا ناوەنـدێك هەیـە بـۆ بـەرپاکردنی جیـاوازیو جێکردنـەوەی دنیابینییـە جیاوازەکـان لەسـەرزەمینێکی پـڕ لـەگفتوگۆو گۆڕانکاری، نەخێر، ئایا هێزەکان دەتوانن یەکتر قبوڵبکەن لەدەرەوەی ئەو قەسەمی یەکترلەناوبردنە یەکتر ببینن‌و حساب بۆ رەخنەو بۆچونەکانی دەرەوەی ئـەو تەمەڵخانەیـە بکـەن، ئـالێرەوە کۆمـەڵگا بەتـەواوی چـینو توێژەکانییەوە لە دروستبونـی دیکتاتۆرە بـچوکەکان دەترسێت، لەکاتێکدا بەڕێوبـەرێکی بەڕێوبەرایـەتێکی زۆر بـچوك دەتوانێـت ببێتـە دیکتـاتۆرو پەیڕەوکەری تەریقەتی مۆنۆپۆلیزەکردنو خەلقکردنی گەندەڵی ئیداری، دەتوانێـت حـساب بـۆ یـەك ڕای بەرامبـەر نـەکات، هـەزاران نمونـەی لـەم جۆرەمان هەیـە، کاتێـك دامودەزگاکـان دەبنـە دیکتـاتۆر، کاتێـك حیزبێـك دەبێتـە دیکتـاتۆرو حـساب بـۆ ڕایگشتی هاوڵاتیـانو رەخنـەی رۆشـنبیران ناکەن، کاتێك مامۆستایەكو بەڕێوبەرێکی دائیرەیـەكو کـادرێکی بـچوکی

حیزبو بەرپرسێکی عەنتەر لە شوێنگەکەی خۆیاندا دەبنە دیکتاتۆر، کاتێك شاعیرێكو رۆشنبیرێك دەبنە ستایشکارو زورناژەن بۆ حیزبی دەسەڵاتدار، ئالێرەوە قسەکردن لەدیکتاتۆرە بچوکەکان قسەکردنێکی ئەکادیمییەو دەکرێت ببێتە جێی بایەخو گفتوگۆی جدی لەسەر بکرێت.

ئیفلاسی سیاسیو قاتوقڕی رایگشتی

سەرنجی ئێمە لەسەر ئەخلاقیاتو بیرکردنەوەو ململانێی بچوکەکانی ستەمکاریو لێرەدا کورتدەکەینەوەو دەڵێین؛ شەڕەکانی ئێوە زۆر لەوە بچوکترن ببنە ململانێو پڕۆژەی گەورە بۆ دروستکردنی جیاوازییەکی سیاسیو هێزێکی دیکە لەدەرەوەی هێزە تەقلیدییەکانو لەدەرەوەی تایەفەو تیرەو مەزهەبو ترادسیۆنە داخراوەکانی رەشەکۆمەڵگای سونەتیو ئاینی، ئێوە نەکەوتونەتە دەرەوەی ئەو بازنەیەی عەقڵی خێڵو سیاسەتی دەشتەکی تایەفەوتیرەوە، ئێوە بەبێ تێڕوانینێکی تاکڕەوانەی پڕ لەبێگوێی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ شێوازە مۆدێرنەکانی رایگشتیو گوێگرتن لەداواکارییەکانی هاوڵاتیانو راوبۆچونی شەقام، کارەساتی ئیفلاسییە گەورەکانی سیاسەتو مەعریفەو دنیابینیو جیاوازییەکان لەو عەقڵیەتە بەبەردبووانەوە دەستپێدەکات کە قبوڵی هیچ دنیابینییەکی دیکە ناکەن.

کێشە لەوەدا نییە تۆ رازیت بەسەرجەم ئەو فشارانەو گوڵبارانی دەکەیت، رازیت بەخەیاڵەکانی خۆتو جیاوازییەکانی خۆت کوشتووەو رۆشنبیرەکانت ستایشت بۆدەکەن، نەخێر کێشەکە

لەوەدایە تۆ بەم هەموو بێئاگاییەوە، بەو هەموو مێژووە پڕ لەکارەساتەوە کە پڕە لە چەوسانەوەو کۆیلەیەتیو بێباکیو کوشتارو جینۆسایدو سڕینەوەی شوناسو قڕکردنی کۆمەڵگایەك لەڕووی کولتوریو شارستانیو کۆمەڵایەتیو شوناسو جەستەوە، روانینێکی دیکەت نییە لەدەرەوەی حساب نەکردن بۆ کۆمەڵگەو دەسەڵاتو رایگشتی. تۆ بەو هەمووماڵوێرانییەوە، بەو هەموو ئیفلاسییەوە گوێ لەرایگشتی هاولاتیان ناگریتو حساب بۆ هیچ جیاوازییەك ناکەیتو بە ئارەزووی خۆت تەواوی سەرچاوەکان، واتە سەرچاوە ئابوریو سیاسیو کولتوریو حکومیو رۆشنبیرییەکانت لەناوچە لۆکاڵییەکاندا دابەشکردووەو سەرلەبەری ئەو سەرچاوانەتان مۆنۆپۆلیزەکردوەو رای هاولاتیانو رای ئازادتان خستۆتە ژێر پێتانەوە. (ئەزمونی دیکتاتۆرەکان وێنەیەکی دیکەی ستەمکاریمان بۆ وێنادەکات، کە بریتییە لەوەی کە هەرگیزاوهەرگیز حساب بۆ رایگشتی ناکەنو گوێ لەهیچ نەغمەیەکی جیاواز ناگرنو تەنها گوێ لەو نەغمە کۆنکرێتییەی خۆیانو هاودەردەکانی خۆیان دەگرنو گوێ لە ستایشکارانو موجامەلەچییەکانی دەوری مێزەکانیان دەگرنو هیچی تر.

نەریتی بێئاگایی

بێئاگایی تەنها دۆخێکی دەرونی یان کۆمەڵایەتی یان تاکەکەسی نیە، بکەوێتە دەرەوەی مۆراڵو بیرکردنەوەو روانینەوە، ئەم چەمکە پەیوەندییەکی زۆر قوڵو مەعریفی هەیە بە

چوارچێوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینو دنیابینییەکانەوە. تۆ بەبێ ئەو پەیوەندییە ناتوانیت هاوکێشەیەکی بەرجەستە بۆ خۆت دروستبکەیت تا بێئاگاییەکانی خۆتی پێ بەخێوبکەیت، بیرکردنەوە یەکێکە لە کەرەستە مۆدێرنەکانی مرۆڤ، یەکێکە لەسەرچاوە گەورەکانی ئەو ماشێنە گەورەیەی کە ناوی جیهانە، تۆ بەبێ بیرکردنەوە دەکەویتە دەرەوەی تێڕوانینەکانو بۆچوونەکانو دنیابینییەکانەوە، بیرکردنەوە یەکێك نییە لە پرنسیپە ئەخلاقییەکان، بەڵام بەتوندی پەیوەستە بە مۆراڵو شێوازو نەریتە جیاوازەکانەوە، ئالێرەوەیە کاتێك بیرکردنەوە دەبێتە شتێکی لاوەکیو بێبایەخ، هاوکێشەیەکی دیکە دێتەئاراوە بۆ بەرهەمهێنانی بێئاگاییو داخران بەسەر کەرەستە کۆنو سواوەکانی تێڕوانینو نەریتی باوی بێئاگایی لەپێناو مانەوەداو گەمژەیی لەپێناو ژیاندا.

کاتێك بێئاگایی راستەوخۆ دەکەوێتە نێو پێودانگە ژیاریو پانتاییە جیهانییەکانی دنیابینییەوە، دەرئەنجام خۆتو ماڵە داخراوەکەت، خۆتو کەرەستە کۆنەکانت، خۆتو مێژووەکەت، خۆتو یادەوەرییەکانت دەکەونە دەرەوەی گۆڕانکارییەکانو دەرەوەی پێشکەوتنو دەرەوەی سیاسەتو دەرەوەی حکومەتو دەرەوەی بەرژەوەندییە مۆدێرنەکان، کاتێك تۆ غەرقی جەهلو بەرژەوەندییە لۆکاڵییو ناشەرعییەکان دەبیت، دەکەوێتە دەرەوەی ستراتیژەکانو لە پەراوێزی گۆڕانکارییەکاندا بەدنیایەك بێئاگاییەوە، بەدنیایەك خەیاڵی شکاوەوە، بەدنیایەك یادەوەری ئازاربەخشەوە دۆڕاوییەکانی خۆت دەژمێریتو سکاڵاو گازندەکانت

دەکەیتە یاداشتو پەیامێکی هەزیلو وەهمەکانتی پێ گەورە دەکەیت، ئەمەیە دەرئەنجامی ئەو نەریتی بێئاگاییەی کە بۆتە ئەخلاقێکی هەزیل بۆ کوشتنی دنیابینییەکانو کوشتنی جیاوازییەکان. کاتێك ماڵەکەت پڕدەکەیت لەوەهمی بچوكو بچوك ناتوانیت واقعبینانە سەیری دنیا بکەیتو لەدەرەوەی ئەو بازنە بێکۆتاییەی ئەو وەهمە دنیاکانی دیکەو روانینەکانی دیکە بخوێنیتەوە.

دەکرێت لێرەوە بگەڕێینەوە سەر چەمکی دیموکراسی، دیموکراسی بۆیە پەسەندە لەبەر ئەم هۆیانە: دەرئەنجام دوورەپەرێزییە لەدیکتاتۆریو دابینکەری مافە سەرەتاییو مەدەنییەکانی تاکەسو کۆمەڵگایە، لەئەنجامدا ئازادی گشتیو مافی چارەی خۆنوسینو سەربەخۆیی ئەخلاقیو ئاڵوگۆڕکێی مرۆڤو پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسو یەکسانی سیاسی لێدەکەوێتەوە، هەروەها لەسیستمی دیموکراسی مۆدێرنیشدا ئاشتیخوازیو گەشەو پەرەپێدانو هەڵکردنو یەکترقبولکردنو قبولکردنی جیاوازییەکانو حسابکردن بۆ رایگشتی هاوڵاتیانو رەخنەکانیان پەیڕەودەکرێتو دەبنە کۆڵەکە گرنگەکانی دیموکراسی.

لەکۆتاییدا؛ ئەم رەخنانە تەنها دانانی ئەو ئاوێنەیەیە کە پێویستە بۆ دەسەڵاتو کۆمەڵگا دابنرێت تا روخساری ئێستاو مێژووی خۆیان ببینن، وەك بەختیار عەلی دەڵێت: ئەو کۆمەڵگایەی داوادەکات رۆشنبیرەکانی ستایشی فەزڵەکانی بکەن، دەوری واعیزی

مزگەوتی بۆ ببینن، کۆمەڵگایەکە لەوە دەترسێت، رۆشنبیرێك لەدایکببێت، ئاوێنەیەکی بۆ دابنێتو روخساری خۆی ببینێت.

پێویستە بەر لەهەر هەنگاوێکی پراکتیکی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنو شارستانی، خەیاڵەکانی دیکتاتۆرییو ئەخلاقیاتو روانینەکانی دیکتاتۆریی لەخۆماندا بکوژین، دیموکراسیەت بەرلەوەی هەنگاوێکی پراکتیکی بێت، دەیان هەنگاوی تیۆریو ئەخلاقیو هزرییە، لەبەرئەوە ئەو دیموکراسییەتو یاسا مەدەنیانەی کە لە کەناڵەکانی دەسەڵاتەوە بەئێمە دەگات، تەنها کلێشەیەکی دیکتاتۆریو ستەمکارانەیەو هیچی تر، چونکە ئەو مۆدێلەی دیموکراسی کە حساب بۆ رایگشتی ناکاتو دنیایەك نایەکسانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو راژەیی بۆ هاولاتیان دروستدەکات، بێجگە لەئەخلاقیاتو روانینێکی دیکتاتۆری هیچی دیکەی لەپشتەوە نییە.

رەنگە بەکارهێنانی چەمکێکی لەم جۆرە هێندەی دۆزینەوەی رەهەندەگەلێکی فەنتازی بێت هێندە راڤەکردنی زاراوەیەك نەبێتو ناساندنی چەمکێك نەبێت، بەڵکە دۆزینەوەی ئەو رەهەندە فەنتازیو خەیاڵپێنەکراوانەیە کە دەبنە هێزگەلێکی لەرادەبەدەری دیارینەکراو بۆ کونترۆڵکردنو خەساندنی کۆمەڵگە لەرێی کۆنترۆڵکردنی ژیانو خەیاڵو خولیاکانی تاکەکەسو چاودێرکردنی بیرکردنەوەو هزرو هەر جیاوازییەك کە ناکەوێتە سەرزەمینە وەهمیو مۆنۆپۆلکراوەکەی ئەو سیستمەوە کە جیاوازی بەهەموو تەرزەکانییەوە بچوکدەبێتەوە بۆ نزمترین ئاستی بینینو فەنابوون،

وێرانكردنــــی كۆمەڵگەیــــەك بەگــــشتی لــــەڕێی تۆخكردنــــەوەو ڕەشكردنەوەی ناعەدالـەتی‌و كاڵكردنـەوەی مـرۆڤ‌و مافـە مـەدەنی‌و سیاســی‌و كولتورییــەكانی ئینــسانگەلێك كــە دەكەونــە پانتاییــە دیـسپلینكراوەكەی ئـەو سیـستمەوە، كـە دنیاكـە بـۆ بـەرپاكردنی زەبــروزەنگ‌و مــەرگ‌و وێرانكردنــی ژیــان زۆر بــە ســادەیی‌و وێرانكردنـی سـایكۆلۆژیای تاكەكـەس‌و نائومێـدكردنی سـەرتاپای كۆمەڵگـە لـەڕێی ئـەو ماشـێنە ئـاڵۆزەوە كـە كـاری بـچوكردنەوەی پرۆژەو خەون‌و ئارەزووەكانی مرۆڤەو كاری سڕینەوەی حەقیقەت‌و نەفی كردنی ئەوی دییە.

دەسەڵاتی کوشندە

"خەڵکی لەژێر کۆنترۆڵی ستەمکاران بەسادەیی دەبنە کەسی ترسنۆک و باڵادەستی قبوڵ دەکەن."ئاتین دۆلابۆتی

ئەو دەسەڵاتانەی بانگەشە بۆ دیموکراسیەت دەکەن و هوتاف دەکێشن بۆ مافی مرۆڤ و بەڵێنی وەهمی بە هاوڵاتیان دەفرۆشنەوەو فریان بەدنیای مۆدێرنەوە نیە لەدەسەڵاتە دیکتاتۆر و ستەمکارەکان کوشندەترن.

دەسەڵاتی کوشندە تەنها دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یان ستەمکاری یان تۆتالیتاری نیە، بەڵام بەشێکی جیانەکراوەیە لەو دەسەڵاتانە، روحێکی گەورەی هەژمونگەر و سەروەرە لەپشت ئەو دەسەڵاتانەوە کە ماشێنیکی گەورەی بیرکەرەوەو دارێژەر و داگیرکردنە، دەسەڵاتێکە بۆ خەساندنی ژیان و کۆمەڵگە، هاوکات دەسەڵاتێکە بۆ بەرپاکردنی کاریزمایەکی گەورەی چاودێرکردن و کۆنترۆڵکردنی کایەو پێکهاتە کۆمەڵگایی و کولتوری و سیاسی و ئابوری و رۆشنبیرییەکان.

بەلاّم سەرباری ئـەوەی دەسـەلاّتە دیکتـاتۆرو تۆتالیتاریـەکان خـاوەنی هێزێکـی گـەورەی بەرهـەمهێنانی سـتەمکاری‌و وێرانکردنـی کۆمەڵگـەن لـەڕووی فەرهـەنگی‌و ئابوورییـەوە، هاوکـات خـاوەنی سـیحرێکی گـەورەی مانەوەن لەعەقڵیەت‌و روانین‌و بیرکردنەوەی دەسەلاّتەکانی پاش خۆیـان، بەواتایەك ئەوەی لەدیکتاتۆرو ستەمکارەکان دەمێنێتەوە تەنها یادەوەری‌و مێـژووی سـەرکوتکردن‌و چاودێرکردن‌و کاولکارییـەکان نـین، بەڵکە ئـەو میراتـە گەورەیـە بـۆ دەسـەلاّت‌و حکومەتـە نـادیموکرات‌و نامۆدێرنـەکان جێـدێڵێ کـە پێکهاتەیـەکی ئـاڵۆزە لـەمۆراڵ‌و سیـستمێکی کـۆنکرێتی بـۆ چاودێرکردنی کۆمەڵگەو مرۆڤەکان‌و میراتێکی گەورە بۆ بێبایـەخکردنی مـرۆڤو ئـەو سـەرمایە رەمـزی‌و کولتـوری‌و رۆشـنبیرییانەی کـە دەبنـە هێزگـەلێکی فەرهـەنگی‌و شارسـتانی کۆمەڵگـە، میراتێکـی گـەورەوگرانی کوشتنی جیاوازییەکان‌و روانین‌و دنیابینییەکانە، لە سندوقی ئەو میراتـە بـەجێماوەدا دنیایـەك ماشـێنی کوشـتنی خـەون‌و داواکارییـەکان‌و مافـە مـەدەنی‌و فەرهەنگییـەکانی هاوڵاتیـانی تیادایـە، ماشـێنی کوشـتنی رایگـشتی‌و میـدیای ئـازاد، ماشـێنی چـاودێرکردن‌و کـۆنترۆڵکردنی تاکەکەس‌و کۆمەڵگە، ماشێنی داگیرکردنی سەرلەبەری دەزگا رۆشـنبیری‌و فەرهـەنگی‌و سیاسـی‌و ئـابوری‌و مۆدێرنـەکان، ماشـێنی چەوسـانەوەی ئـابوری‌و وێرانکردنـی ژێرخـانی کۆمەڵگـەو تـالاّنکردنی ژیـان، ماشـێنی دروسـتکردنی کاریزمـای کـارتۆنی‌و موقەدەسـاتی بـەتاڵ لەماهیـەت‌و پـڕ لەسـەروەری‌و یـادەوەری تۆزلێنیـشتوو، ماشـێنی سـازکردنی فیـستیڤاڵی سـاختەو کەرنـەڤاڵی ستایـشکردن‌و خۆدەرخـستن، ماشـێنی جۆشـدان‌و خرۆشاندنی کۆمەڵگە لەرێی بۆنەو موناسەبەی حیزبی‌و نیشتیمانی‌یەوە

ساختەکردنو دروستکردنی پاڵەوانی وەهمیو زیندووکردنەوەی جەنگاوەرە تۆزلێنیشتوەکانو هەڵواسینی وێنەی سەرکردە کۆنەکانو سەرۆکەکان لەدائیرە حکومیو حیزبییەکانو دابەشکردنی پۆستەری رۆخساری تورەو پڕ لەزەردەخەنەی سەرۆکەکان بەسەر هاوڵاتیاندا.

ماشێنێکی دیکەی ئەم میراتە گەورەیەی دیکتاتۆرەکان بریتییە لەماشێنی بەرپاکردنی ناعەدالەتییە گەورەکانو گەندەڵییە بێسەروبەرەکان، ماشێنی کاوکردنی کۆمەڵگە بە دروشمو هوتافکێشان، ماشێنی سازدانی خۆشباوەڕی بۆ کۆمەڵگەو بەختەوەری بۆ دەسەڵات، ماشێنی خولقاندنی حکومەتی وەهمیو پەرلەمانی کارتۆنیو رابواردن بە سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ.

بۆئەوەی لەوێرانەییەکانی دەسەڵاتێك تێبگەین کە لەڕووی فەرهەنگیو مەعریفییەوە خاوەنی کەلاوەیەکی گەورەی تێگەیشتنو بیرکردنەوەو پرۆژەی دواخستنی کۆمەڵگەیە لەڕووی شارستانییەوە. دەبێت بەر لەهەرشتێك باس لەحکومەتو دەسەڵاتی ئاوین(شەفاف)و بەرپرسیارو دامودەزگایی بکەین، وەك چۆن بۆئەوەی لەسیستمی دیکتاتۆریو رژێمە ستەمکارەکان تێبگەین، دەبێت شتێك لەدیموکراسیو لیبرالیەتو کۆمەملگەی کراوە بزانینو ئەو جومگە سەرەکیانە بدۆزینەوە کە دەبنە نێوەندی گرێدانەوەو پەیوەندی کۆمەڵگە بە پێشکەوتنەوە.

جۆن ستیوارت میل (1806-1873) کوڕە گەورەکەی جیمیز میل لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ئازادی) دەڵێت: "تەواوی مرۆڤایەتیش مافی ئەوەی نیە دەمی کەسێکی ناڕەزامەندو نەیار

ببەستێو ڕێگەی دەربڕینی بیروباوەڕەکانی لێبگرێت. چونکە ئەگەر وانەبێت، هەرگیز مرۆڤایەتی بەبیروباوەڕو ڕوانینی نوێ، ئاشنا نابێتو لەدۆخێکی لەوجۆرەدا ڕێگای گەشەو پێشکەوتن دەبەسترێت، واتە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی مافی بیرکردنەوەو هۆشمەندێتیو دەربڕینی بیروڕاکانی هەیەو لەپلەوپایەی عەقڵو دانایی مرۆڤ ناوەشێتەوە کەببێتە لەمپەری بەردەم بڵاوبوونەوەی هزرو بیروباوەڕی هاوڕەگەزانەی وەك خۆی". ئەو دەسەڵاتانەی دەبنە ڕێگرێکی جاهیلانە یان مۆدێرنانە لەبەردەم ڕوانینو دنیابینیە جیاوازەکانداو دەبنە ماشێنێکی زەبەلاحی وەهمی بۆ بێبایەخکردنی ڕەخنەو میدیای ئازاد دەسەڵاتگەلێکی جاهیلن بەدنیای مۆدێرنو هاوکات دەبنە ماشێنێکی گەورەی بەرهەمهێنانی سەلەفیەتو دواکەوتنو حیکایەتی کوشندە.

دواجار ئەم مۆدێلە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کۆلێکتە لەدنیای کلاسیكو دنیای مۆدێرن، واتە پانتاییەکی گەورەی یادەوەریو مێژوو، حیکایەتو موقەدەساتە، هاوکات بەکاربەرێکی بێمەعریفەو دواکەوتووی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنە لە (تەلەفیزیۆنەوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار، لە کەناڵی ئاسمانییەوە بۆ سایتی ئینتەرنێت، لەدەزگای ڕۆشنبیرییەوە بۆ کۆمپانیای ئابوریو سیاسیو فەرهەنگی، لەوتاری سیاسییەوە بۆ بەڵێنی وەهمی، لەکاریزمای بەتاڵەوە بۆ حیکایەتی کوشندە، لەریفۆرمەوە بۆ تاڵانکردنی ژیانو ڕووتکردنەووەی مرۆڤ لەهەر چالاکیو ئومێدێك، لەبەرپاکردنی تەمەڵخانەیەکی گەورەوە بۆ گرتێبەردانی ناعەدالەتی،

لەئاسایکردنەوەی گەندەڵییەوە بۆ ئیفلیج کردنی هەر گۆڕانکارییەك).

دەسەڵات بەر لەهەرشتێك هەڵگری تایبەتمەندی بەرپرسیارێتییەو پەیوەندییەکی زۆر قوڵو کاریگەرو شارستانی پێکیانەوە دەبەستێت، هەروەها ئەم پەیوەندییە درێژ دەبێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان سیاسەت بە رایگشتییەوە، پەیوەندی دامەزراوە فەرهەنگیو رۆشنبیریو شارستانییەکان بە ژیانی خەڵكو پاراستنی سەربەخۆییانەوە.

دەسەڵاتی بەرپرسیار، واتە دەسەڵاتێك کە بیردەکاتەوە، خاوەنی دەسەلاتێکی ئاوینو گوێگرە، حکومەتێکە کە هاولاّتیان بەئاسانی دەتوانن دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو پەرلەمان لەیەکدی جیابکەنەوە، ، بەواتایەك پەرلەمان دەبێتە زمانحاڵی هاولاّتیانو تاوتوێکاری یاساو رایگشتیو نارەزاییەکان، هەروەها دەبێتە نێوەندی هەڵسەنگاندنی پرۆژەو گورانکارییەکان، دەبێتە پانتاییەکی گفتوگۆئامێز بۆ شیکردنەوەو راڤەکاریو هەڵسەنگاندنی بۆچونو بریارە سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو پەروەردەییەکان.

ڤالتەر لیپ (1930)نوسەری ئەمریکایی، دەڵێت: دیموکراسی گوزارشتە لەدەزگایەك یاخود میکانیزمێکە کە بەپێی توانا یەکانگیری ئیرادەی کۆمەلایەتی خەڵك بێت، چونکە هەتا کۆنترۆڵو چاودێری حکومەتو دەوڵەت لەکاروباری کۆمەلایەتی خەلکدا زیاتر بێت، ئاسایشو ئارامی خەڵك کەمتر دەبێتەوە. .. کاتێك دەسەلاّت دەبێتە ماشێنێکی گەورە بۆ داگیرکردنی ژیانو سەرلەبەری کایەو

پێکهاتە ئابوریو سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکان، سەرباری ئەو داگیرکارییە جاهیلانەیە، جارێکی دیکە دەبێتەوە بە زمانحاڵی تەواوی کۆمەڵگەو گروپە جیاوازەکان، جارێك دەبێت بە قسەکەرێکی ئایدۆلۆژی، ماوەیەکی دیکە دەبێت بە خوتبەبێژێکی ئاینی، ناوبەناو دەبێت بە گوتەبێژێکی دیکتاتۆرو رەهاگەر، هاوکات بەردەوام دەبێتە قسەکەرێکی کاریزمی بۆ بەرهەمهێنانو پەخشکردنی وەهمو خۆشباوەڕی، خولقاندنی فەنتازیای چاوەڕوانیو سازکردنی سەرزەمینێکی وێکچووی پڕ لەبێئاگایی، بەڵام لێوانلێۆ لەوەهم، خاڵی لەژیان بەڵام لێوان لەحیکایەتخوازیو یادەوەریپەرستیو پیرۆزخوازیو حیزبسالاریو دواکەتوخوازیو جەهلخوازی.

دەسەڵاتی بەرپرسیار، واتە بەرپرسیار بەرامبەر ژیانی هاوڵاتیانو باشترکردنی بژێوی ژیانو گوزەرانی تاکەکەسو کۆمەڵگە، هاوکات لەپشت دەسەڵاتە مۆدێرنەکانەوە دەستەیەکی پروفیشناڵو راڤەکارو سەربەخۆ ئامادەگیان هەیە، کە دەستەیەکە دابەشدەبێت بەسەر چەند بەشێکی کاریگەرو بیرکەرەوەدا، کە کارکردنو بیرکردنەوەی دامودەزگایی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم دەستەیە رێگرێکی گەورەیە لەبەردەم بڕیارە سەربەخۆکانی سەرۆکدا، رێگرێکی گەورەیە لەبەردەم دەخالەتی حیزبو هێزە کۆنەپەرستو جاهیلەکانی حیزبو خێڵو پیاوە خلافاوەکانی نێو حکومەتو سیاسەت، دەستەی پروفیشناڵو ئەکادیمست پێکهاتووە لەکۆمەڵە کەسێکی بەتواناو راڤەکارو پرۆفیسۆر لەبوارە جیاجیاکاندا، بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش دەبن: بەشی

تێگەیشتن لەسیاسەتو راڤەکردنی گۆڕانکاریو پێشهاتە سیاسییەکانو شیکردنەوەی بڕیارە سیاسییەکانو داڕشتنی دبلۆماسیو پەیوەندیو بڕیارو سازدانی گۆڕانکاریو پێشکەوتنی سیاسی.

بەشی دووەم، پێکهاتووە لەکەسانی پرۆفیشناڵ لەبواری ئابوریو گەشەپێدانو سازدانی گۆڕانکاریی ئابوریو گەشەپێدانو پێشخستنی کۆمەڵگە، ئەم دەستەیە بیرکەرەوەو راڤەکارو دارێژەری پرۆژەی گەورەن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە، لەڕوی ئابورییەوەو داڕشتنی میکانیزمی جیاواز بۆ بەرزکردنەوەی داهاتو پێویستییەکانی کۆمەڵگە، بۆ دروستکردنو گەشەپێدانی پیشەسازیو کشتوکاڵو سەروەتو سامانی کۆمەڵگە، بۆ رێگرتن لەهەڵاوسانی ئابوریو نزمبوونەوەی داهاتی ساڵانەی تاکەکەس. هاوکات ئەمە دەستەیە پێکنەهاتووە لەکۆمەڵێك راوێژکاری موچەخۆری بێئیشو بێ پرۆژە، دەستەیەکی تەمەڵ نیە لەرووی زانستیو ئەکادمییەوە، واتە دەستەیەکی نەخوێنەوارو حیزبی نین کە فریان بەدونیای مۆدێرنو گۆرانکاریو گەشەپێدانەوە نەبێت. بەواتایەك دەستەیەکە بەرلەوەی سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی حیزبەکانی دەسەڵات بریاری سەقەتو بێبەرنامە لەرێی تەلەفیزیۆنەکانیانەوە بڵاوبکەنەوە، ئەم دەستەیە دەبێتە رێگرێکی مەعریفی لەبەردەم دیکتاتۆریەتی بریارو تاك بیرکردنەوەو خۆبەخۆیو عەنتەریات.

دەستەیەکی دیکەش لەپشت حکومەتە مۆدێرنەکانی دونیاوە ئامادەگی بەرچاوی هەیە، ئەویش دەستەی ئەکادمیستو رۆشنبیرو هونەرمەندە جدیەکانە، ئەم دەستەیە کارلەسەر گەشەپێدانو گۆڕانکاری

فەرهەنگیو رۆشنبیری دەکات، ئەم دەستەیە خاوەنی پلانو بەرنامەی فەرهەنگیو ڕۆشنبیرییە، دەستەیەکە بۆ ڕێزگرتنو شکۆدارکردنی رۆشنبیریو مەعریفە، دەستەیەك نیە بۆ ناشرینکردنی رۆشنبیریو جوانکردنی حیزب، دەستەیەك نیە بۆ سازدانی فیستیڤاڵو کەرنەڤاڵی ساختەو بێبەرنامەو پڕ لەشکۆدارکردنی مەکرەمەکانی حیزبو جوانکردنی رووی ناشرینی ناعەدالەتیو گەندەڵیو خەونکوشتن، بەڵکە دەستەیەکە بۆ گەشەپێدان بە بیرۆکەو راوبۆچونە جیاوازەکان، بەڵام دەستەیەك نیە بۆ کوشتنی خەونو وێرانکردنو تاڵانکردنی پرۆژەو بێبایەخکردنی رۆشنبیریو فەرهەنگو مەعریفەو رەخنەگرتن.

هاوکات بێجگە لەم دەستانە کۆمەڵێك دەستەی دیکەی ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ لەپشت حکومەتە مۆدێرنەکانەوە بەردەوام ئامادەگیان هەیە کە کاریان ئەوەیە بە هزرو روانینو بیرکردنەوەو راڤەکاریو دانانی پلان بەرنامە بۆ حکومەت دادەنێن، وەك دەستەی پلان دانان، دەستەی راگەیاندنو پەیوەندی، دەستەی ئەنترۆپۆلۆژیستو سایکۆلۆژیستو سۆسۆلۆژیست بۆ تێگەیشتن لەکۆمەڵگەو تاکەکەسو گروپە جیاوازەکان لەرووی مرۆڤناسیو کولتورناسیو دەرونیو کۆمەڵایەتیو ئاینیو فەرهەنگییەوە.

حکومەتی بەرپرسیار ئەو حکومەتە مۆدێرنو دامودەزگاییو شەفافەیە کە لەرووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو داراىو میدیاییەوە بەرپرسیارە بەرامبەر کۆمەڵگە، بەرپرسیارە بەرامبەر بەرزکردنەوەی داهاتی ساڵانەی تاکەکەسو کۆمەڵگە، بەرپرسیارە بەرامبەر باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان، بەرپرسیارە بەرامبەر

گەشەپێدانی ئابوری و سیاسەت و فەرهەنگ و رۆشنبیری و رێزگرتن لەدەزگا فەرهەنگی و گروپە سەربەخۆکان، هاوکات بەرپرسیاریشە لەئاشکراکردنی داهات و بودجەی حکومەت و دیاریکردن و پۆلینکردنی ئەو بودجەیەی حکومەت بۆئەوەی چیتر بزانرێت بودجەی حکومەت و داهاتەکانی بۆچی بەکاردەهێنرێت و چەند پرۆژەی لێ جێبەجێ دەکرێت و چەندی لێدەمێنێتەوەو چەندی دیارنامێنێت.

زۆر بەسادەیی ئەمەیە دەسەڵاتی بەرپرسیارو شەفاف، بەڵام بەرامبەر ئەم مۆدێلە مۆدێرن و کراوەیەی دەسەڵات، دەسەڵاتێکی دیکەش لەئارادایە، کە ئێمە لەم نوسینەدا ناوی دەنێین دەسەڵاتی کوشندە یان حکومەتی نابەرپرسیارو ناشەفاف، حکومەت و دەسەڵاتی موتڵەقی حیزب (دەسەڵاتی کوشندە). کە لەراستیدا یەکێکە لەمۆدێلە هەرە ناشرینەکانی دەسەڵات و حکومەت، کە ناعەدالەتی لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا دەگاتە ئەوپەری نەخوێنەواری و بێئاگایی و کاولکاری، گەندەڵی دەگاتە ئەوپەڕی رووتکردنەوەی کۆمەڵگەو بەتاڵانبردنی ژیان، دەگاتە ئەوپەڕی جەهل بە کۆمەڵگەو گیرفان دورین بۆ بەرپرس و سەرۆك و ئەحبابی حیزب و عەنتەرەکانی کۆمەڵگە، دەگاتە ئەوپەڕی فەرهودکردنی داهاتی هاوڵاتیان و دەوڵەمەندبونی بەرپرسەکان، ئەوپەڕی بازرگانیکردنێکی مشەخۆرانەو خوێنخۆرانەو بڕینی گیرفانی هاوڵاتیان و سازکردنی سەرزەمینێکی شەرابی بۆ خەونە ناشرینەکانی خۆیان لەرێی داگیرکردنی زۆرترین پانتایی دەوڵەمەندبون و تاڵانکردنی ژیان و

گوزەرانی هاوڵاتیان. واتە سازدانی سەرزەمینێکی گەورەی بەرەڵایی‌و نابەرپرسیارێتی‌و بەرپاکردنی یاسای جەنگەڵ‌و کوشتنی روانین‌و رەخنەو دنیابینییە مۆدێرنەکان‌و شکۆدارکردنی حیکایەتە کوشندەکان‌و سەرووەرییە کارتۆنییەکان‌و رامکردن‌و دەستەمۆکردنی مرۆڤ لەچوارچێوەیەکی وەهمی‌و لەقەفەزێکی داخراوی لێوانلێو لەناعەدالەتی‌و بێدەنگی.

هاوکات ئەم مۆدێلە خاوەنی عەقلێتێکی کۆنزێرڤاتیڤ‌و نابەرپرس‌و ناعادیلە، عەقلێتێکە خوازیاری داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابوری‌و فەرهەنگی رۆشنبیری‌و میدیایی‌و سیاسییەکانە، عەقلێتێکە هەڵگری حەشارگەیەکی پەنهانە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەرێی کۆنەپەرستی‌و چەوساندنەوەی ئابورییەوە.

حکومەت‌و مزگەوت‌و مۆبایل‌و سۆپەرمارکێت

ئەم مۆدێلە ناشرینەی دەسەڵات، بەرلەوەی بیربکاتەوە بڕیاردەدات، بەرلەوەی خەونی هەبێت، خەونەکانی دیکەو ڕوانین‌و دنیابینییەکانی دیکە دەکوژێت، بەرلەوەی گوێ لەرایگشتی‌و راوێژکاران‌و راڤەکاران‌و ئەکادیمیستەکان بگرێت گوێ لەهەژارترین مۆدێلی حیزب دەگرێت‌و بڕیاردەدات دەرگاکانی بەرووی رەخنەگراندا دابخات‌و پەنجەرەکانی بەڕووی هاوڵاتیاندا دابخات‌و گوێکانی پڕبکات لەموجامەلەو ستایش‌و پیاهەڵدان‌و دایان بخاتە بەرلەوەی بزانێت کۆمەڵگە پێویستی بەچییەو داواکارییە

هەنوكەیــەكانی كۆمەڵگــە چــین‌و چارەســەرە ریــشەیەكانی پێــشكەوتن‌و گەشەكردن چین بۆ رزگاركردنی كۆمەڵگە لەدواكەوتویی‌و وێرانەیی ئابوری‌و فەرهەنگی‌و شارستانی هەڵدەستێت بەدروستكردنی سەدان مزگەوت لەشارو شارۆچكەو لادێكاندا(بۆنمونە لەشارۆچكەیەكی بچوكدا تـەغار دەگاتـە پـەنجا مزگەوت، بەلاّم تاكە دواناوەندییەك هەیە لـەو شارۆچـكەیەدا، نـە پەیمانگـە هەیە نە زانكۆ نە كافتریا بۆ گەنج هەیە، نە سـەنتەرێكی گـەنجان هەیـە، نـە دەزگایەكی رۆشنبیری نە ناوەندێكی فەرهەنگی).

بەرلــەوەی ئــەم دەســەلاّتە بزانێــت ئاســانترین ئۆپــشن‌و ئەكــشن كــۆپیكردنی زمــان‌و فــۆنتێكی زمــانی خۆماڵییــە، ســەرۆكی حكومــەت هەڵدەستێت بـە ریكلام كـردن بـۆ كۆمپانیایـەكی دەرەكی‌و بیـانی لـەناخی دڵەوە پیرۆزبایی‌و دەستخۆشیان لێـدەكات، بـەلاّم ئـەم سـەرۆك‌و دەسـەلاّت‌و مەلحەمەتـە بـۆ چركەسـاتێك لەتوانایـدا نیـە دەستخۆشی لەرۆماننوسـێكی بەتوانای وڵات بكـات، یـان سوپاسگوزاری ئـەو رۆشـنبیرانە بێـت كـە كاریـان لێكۆڵێنــەوەو تۆێژینــەوە بــووە لەســەر كۆمەڵگــەو دەســەلاّت‌و فەرهــەنگ، دەبوایـە سـەرۆكی حكومـەت چاوی ئـەو كۆمپیوتەریستە بەتوانایانـە مـاچ بكات كە سـالاّنێك لەمەوبـەر فۆنتی كوردیـان دروسـتكردو زمـانی كوردیـان لەسیستمی كۆمپیوتەردا دارشت (مـن وەك نوسـەرێك زۆر دەستخۆشـی لـەو كوڕو كچە بەتوانایانە دەكـەم كـە لـەخۆرئاواو كوردسـتان سـەرباری قورسـی ژیانیـان بەسـەربەخۆی خۆیـان هەڵسان بەدروسـتكردنی فـۆنتی كـوردی‌و ئێمـەیان ئاشـناكرد بـەو زانـستە جوانـە). بـەلاّم هـیچ سـەركردەیەك، هـیچ پیـاوێكی سیاسـی خــەوتوو خەبــەری نــەبۆوە تـا دەستخۆشـی لــەم كەســە دڵسۆزانە بكات.

هاوكات كردنـەوەی سـەدان مزگـەوتو ديوەخـانی خێـڵو عەشـرەتە خۆشەويـستەكانو ئەحيابـەكانی حيـزبـ، بەڵگـەی جـەهلێكی كوشـندەيە بـەدونيای مـۆدێرن، خـەونێكی كۆنزێرڤاتيڤانـەو كۆنەپەرسـتانەيە بـۆ زيندوكردنەوەی خوداناسييەكی كێورانـەو پاڵەوانێتيـەكی خـاڵی لەخـەونو ئازايەتی، بەلاّم پڕ لەتەنەكورو وەهم، ...رەنگە خوێنـەرێكی حيزبی بڵێت ئايـە لـەم نوسـينەدا دەسـەلاّتو مزگـەوت دەخرێنەبـەر راڤـەكاریو بەراوردەوە..؟ منـيش هـەر لێـرەدا وەلاّمـی دەدەمـەوەو دەڵێم : حكومـەتو حيزبو مزگەوتو ديوەخـان پەيوەندييـەكی زۆر قوڵو كاريگـەريان هەيـە بەيەكـــەوە، دەســـەلاّتی نـــامۆدێرنو بەهـــەمان شـــێوە دەســـەلاّتە ديكتاتۆريـەكانيش بـەردەوام بـۆ هێـشتنەوەی خۆيـانو دەنـگو سـيمایو رەمـزو كاريزمـای خۆيـان كۆمـەڵێك شـێوازی كلاسـيكو ئـاينیو مـۆدێرن دەگرنەبەر وەك دروستكردنو سازدانی سەدان مزگەوتو ديوەخانی خێڵو بارەگای حيزبیو دامودەزگای بەناو روشـنبيریو فەرهـەنگیو تەعزێخانـەو چـلەخانەو حيزبخانــەو ئايدۆلۆژياخانــەو گەعدەخانــەو تياترۆخانــەو بەنزينخانــەی حيزبــیو عەنتەرخانــەو ميوانخانــەو موبايــل خانــەو ســوپەرماركێتو تەلـەفيزيۆن خانــەو راديــۆ خانــەو رۆژنامەخانــەو گۆڤارخانەو فيستيڤاڵ خانەو موناسەبە خانەو يادخانەو سەرورەری خانـەو موقەدەسـات خانـە....تـاد، هـەموو ئـەم خانانـە وێنـاكراوێكی خـەياڵی نـين، بەڵكـە سـازكردنێكی پانتاييـەكی گـەورەی بێئاگـايیو كاولكارييـە لـەڕووی مـــەعريفیو فەرهەنگييـــەوە، هاوكـــات شـــێوازگەلێكی ســـتەمكارانەی ســـايكۆلۆژیو كۆمەلاّيـەتیو فەرهەنگييــە بــۆ داگيركردنــی كۆمەڵگــەو ســازكردنی تەمەڵخانەيـەكی گـەورەی شارسـتانیو كۆمەلاّيـەتی، هاوكـات

بەکارهێنانی ئەم میکانیزمانە دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم نوێخوازیو عەقڵو ڕوانینو دنیابینی جیاوازو نوێ.

نوسەرێکە ئێرانی (د. عەباس عەلی سەحافیان) بە نیگەرانییەکی گەورەوە بەراوردێکی سادەو ساکار دەکات لەنێوان دیموکراسیو دیکتاتۆریداو دەڵێت: لە دیموکراسیدا؛ دەسەلاتداران بەدەنگی خەڵك دەگەنە دەسەلاتو بەدەنگی خەڵکیش لەدەسەلات کەنارگیر دەکرێن. لەدیکتاتۆریشدا دەسەلاتداران ڕەنگە بەدەنگی خەڵك بگەنە دەسەلات، بەلام هەرگیز بەدەنگی خەڵك لەدەسەلات کەنارگیر ناکرێن.

مایەی شانازییە بۆ خەڵکی یۆنان کە (2500) ساڵ لەمەوبەر، دەسەلاتی ئەسینا ئازادی بیروباوەڕو ڕادەربڕینو ڕای خەڵکی بەهەند وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەمڕو لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا ئەم ئازادییە لەزۆرینەی ولاتانو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوونی نییە.

ئالان تۆرین لەئاماژەیەکدا چەمکی دیموکراسی لەو ستراکچەرە کۆنکرێتییە دادەماڵێت کە تەنها بریتی بێت لەکۆمەڵێك دروشمی دووبارەو چوارچێوەیەکی سنورداری سیاسی یان فەرهەنگیو دەڵێت: "دیموکراسی مرۆڤایەتی داناماڵێت بۆ تەنها هاولاتی، بەڵکە وەك تاکەکەسێکی ئازاد دانیپیادەنێت، بەڵکە وەك تاکەکەسێکی پەیوەست بەکۆگەلە ئابوری یان ڕۆشنبیرییەکانیش ئیعترافی پێدەکات."

دواتر درێژە دەدات بەئاماژەکانیو دەڵێت: "سیستمی دیموکراسی بریتیە لەداڕشتەیەکی ژیانی سیاسی کە ژمارەیەکی زۆر بەزۆرترین ئازادی تەیار دەکات، هاوکات داڕشتەیەکە کە پارێزگاری فراوانترین هەمەچەشنی پێویست دەکاتو دانیپێدا دەنێت."

ئـەو هێزانــەی لـەدنیادا کولتـورێکی دیکتـاتۆری‌و سـەراپاگیری سیاسـی‌و ئابوورییـــان هەیـــە، هێزگـــەلێکی شـــەڕانگێزن‌و روانـــین‌و دنیابینییـــەکی مەرگدۆســتیان هەیــە بــۆ وێرانکردنــی ژیــان‌و کوشــتنی خــەون‌و روانــین‌و دنیابینییەکانی هێزو فەرهەنگەکانی دیکە. بەدرێژایی مێژوو لەپاڵ کولتوری لێکبوردن‌و یەکتری قبوڵکردن‌و پێکەوەژیاندا دەسەڵاتگەلێکی کوشندە کاریان داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابووری‌و شارستانییەکان بووە.

دەسەڵاتی بەختەوەر و
کۆمەڵگەی خۆشباوەڕ

(پڕۆژەی وێرانکردنی کۆمەڵگەو بێبایەخکردنی ژیان)

لەڕاستیدا لێرەدا ئێمە باس لەوە ناکەین کە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆری تا ئەوڕۆکە هێزگەلێکی پاوانخوازی وێرانکارن بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگەو سەرلەبەری سەرچاوە ماددیو فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگە، نەخێر کێشەکە لەوەدا نیە کێ دیکتاتۆرەو کێ دیکتاتۆر نیە، بەڵکە گرفتەکە لەوێوە دەسپێدەکات کە دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆری ئەم سەردەمە هەن کە بوونەتە زمانحاڵی یەکەمی دیموکراسییەتو ژیانی مەدەنیو دنیای مۆدێرنو کەناڵەکانی راگەیاندن سیخناخ دەکەن بە دروشمی پێکەوەژیانو ئازادیو دیموکراسی، بەڵام لەواقعدا ئەوەی حساب بێت بۆ رای هاوڵاتیانو رایگشتی ناکرێتو دواجار ئەم دەسەڵاتانە بێجگە لەوەی کە دەسەڵاتێکی بەختەوەرن بە خۆشباوەڕییەکانی کۆمەڵگە هیچی تر نیین.

دەسەلاتی بەختەوەر ئەو دەسەلاتە دەوڵەمەندەیە کە تاکەیەك خەون لەپشتییوە ئامادەیەو دەبێتە داینەمۆی بەڕێوەوبردنو ئەکتیڤبوونی، ئەو خەونەش خەونی زوو دەوڵەمەندبوونو بودجەی زۆروزەوەندەی خاوەنداریێتییە، بەواتایەك ئەو دەسەلاتە بەردەوام لەهەوڵی تالاّکردنی ژیاندایە بۆخۆی وەك سەرچاوەیەك بۆ داگیرکردنی داهاتەکانی کۆمەڵگە، واتە بۆ حیزبو فیرعەونە بچوکەکانی بۆ سەرۆكو رەعیەتە نزیکەکانی بۆ وەزیرو ئەندام پەرلەمانە بێدەنگو رامکراوەکانی، ئەم دەسەلاتە بەردەوام کاردەکات بۆ بچوککردنەوەی ژیان لەتاکەیەك حیکایەتی سەروەریو پڕکردنی ژیان لەدروشمی بەتاڵو لە موقەدەساتی خاڵی لە سیحرو رەمزو کاریزما (بەواتایەك ئەو دەسەلاتە بەردەوام لەهەوڵی بەکاریزماکردنی ئەو موقەدەساتانەدایە)، ئەم دەسەلاتە بەشێوەیەك لەشێوەکان نایەوێت لەئێستای مۆدێرندا بژی، بەلاّم دەیەوێتو کار بۆ ئەوە دەکات ببێتە درێژکراوەی رابردوویەکی پڕ لەحیکایەتو سەروەری، بەواتایەك دەسەلاتێکی کۆنزێڤاتیڤە، رابردوخوازو یادەوەریخوازو مێژووخوازە، هاوکات لەوەهمی رابردووەوە ئێستا رەنگرێژدەکاتو کلێشەسازێکی بەسەلیقەیە بۆ وێناکردنی ئێستای کۆمەڵگە لەوەهمێکی سەرتاسەری بێئەندازەدا، بۆ ماناوەی خۆیو دارشتنەوەی لەساتەوەختە جیاجیاکانی سەردەمە جیاوازەکاندا. یادەوەریخوازە بەو مانایەی ئەم دەسەلاتە بۆ هێشتنەوەی بەختەوەریو دەوڵەمەندییەکانی ئێستای بەردەوام خوێن لەسەروەرییەکانی رابردووەوە وەردەگرێتو سەرلەبەری

دروشمەکانو بەڵێنەکانی بۆنی یادەوەرییەکی تەپتۆزخواردووی لێوەدێت، دەسەلاتێکە تاسەرئێسك لەیادەوەرییە سەیروسەمەرەکانی خۆیدا دەژی.

ئەم دەسەلاتە لەتوانایدایە ساتەوەختەکانی ئێستای کۆمەڵگەو ژیان پڕبکات لەبەهاکانی رابردوو لەمەرگو کارەساتەکانی ناومێژوو، بۆ هێشتنەوەی خۆی لەسەر کورسی دەسەلات خوازیارە سەرلەبەری رۆژژمێرەکان پڕبکات لەشەهیدو ترسو کارەساتو وێرانەییەکان، لەکاتێکدا شەهید لەلای دەسەلاتی بەختەوەر کارتێکە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنو دەسخەڕۆکردنی ئێستاو یادەوەرییەکانی کۆمەڵگە، تەنها لافیتەیەکی رەشە بۆ هەڵواسینی بە ئێستادا، یادێکە بۆ رازاندنەوەی سفرەی بەختەوەریو پڕکردنەوەی عیشوەی مانەوە، کە دەبنە سەروەری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەختەوەریو چێژی بێئاگایی.

دەسەلاتی بەختەوەر دەسەلاتێکی حیزبسالارو دیکتاتۆرە، بەو واتایەی دەسەلاتی دیکتاتۆری ئەو دەسەلاتە هەژمونگەرو داگیرکارەیە کە سەرلەبەری سەرچاوەکانی ژیانو ئابوریو سیاسەتو ژیانی شارستانیو تەواوی کۆمەڵگەو فەرهەنگو دەزگا شارستانیو رۆشنبیریو ئابورییەکان داگیرو کۆنترۆڵ دەکاتو خۆی دەکات بە خاوەنی یەکەمی هەموو ئەم بوارانەو دەرەنجام خۆی بەختەوەر دەکات بە چێژی خاوەندارێتیکردنو داگیرکردنی هەموو بوارەکان.

هاوکات کار لەسەر کۆنکرێتکردنو سواغدانی ئەو ناوەندانە دەکات بە روانینو دنیابینییە داخراوەکانی خۆی، ئەو دەسەلاتەی بەم شێوازە بیردەکاتەوە سەرباری ئەوەی دەسەلاتێکی نامۆدێرنو

ناشارستانییه، دەسەلاتێکی وێرانکارو کاولکاریشه بۆ بچووککردنەوەی کۆمەلگەو ئەو ئاستە ژیارییەی کە فەرهەنگو دنیابینی کۆمەلگەی پیادا تێدەپەڕێت، ئەو دەسەلاتە سەرباری ئەوەی دەسەلاتێکی نەرجیسیو خۆپەرستە، دەسەلاتێکیشە خوازیاری سەپاندنی تاکەیەك روانینو بیرکردنەوەی حیزبیانە یان ئایدۆلۆژیانەیە.

ئەوکاتە بەختەوەرە کە تەواوی کۆمەلگەو دەزگاو ناوەندەکانی ژیانی داگیرکردوەو تەواوی کۆمەلگە وەك ئەو بیردەکەنەوە، هاوکات کەس بۆی نەبێت بلێت نەخێر، ئەو دەسەلاتە خوازیاری دەرهێنانی وشەی نەخێرە لەفەرهەنگو زمانی وتووێژ، شاگەشکە دەبێت بە بەلێو سەرراوەشاندنو چەپلەڕێزانو هەلپەرکێو سازشو هوتافکێشان، دواجار دەسەلاتی بەختەوەر ئەو دەسەلاتەیە کە بەردەوام لەهەولی کوشتنی نەخێرەکاندایە، بەردەوام لەسڕینەوەی نارەزاییو جیاوازییەکاندایە، هەمیشە لەهەولی بێبایەخکردنی رەخنەو گفتوگۆو رۆشنبیریو ئاستە جیاجیاکانی هزرو دنیابینییەکاندایە. ستراتیژی ئەم جۆرە دەسەلاتانە بریتییە لەبێدەنگکردنی کۆمەلگەو خەساندنی کۆمەلگە بە وەهمو سازکردنی سەرزەمینێکی گەورەی خۆشباوەڕی.

ئەو دەسەلاتەی وەك دەسەلاتە دیکتاتۆرییەکانی دنیا دەستدەگرێت بەسەر سەرلەبەری سەرچاوە ئابورییەکانداو داگیریان دەکات، دەرەنجام دەولەمەند دەبێت، پاش ئەو دەولەمەندبوونە ناشەرعیو نادادپەروەرانەیە، هەلدەستێت بەسازدانی کەرنەڤالو فیستیڤال بۆ شکۆدارکردنو قەبەکردنی قەبارەی خۆیو بچووککردنەوەی ژیان،

زەبــەلاحکردنی هێزەکــانی نــاوخۆ وەك پــۆلیس‌و ئاســایش‌و دەزگــا نهێنییــەکانی حیــزب‌و بێبایــەخکردنی قسەکردن‌و رەخنــەکان‌و ئاستی رۆشنبیری، هەڵدەستێت بە پڕکردنی گیرفانە سێ بەچوارەکانی خۆیان‌و تــالانکردنی گیرفانــە بــچوکەکانی هــاولاتی، وێرانکردنــی شــار لــەرێی تــاریککردن‌و موحتــاجکردنی مــرۆڤو چەوســانەوەی هــاولاتی لــەرێی وێرانکردنــی بــژێوی ژیانییــەوە بەرامبــەر بەرزکردنــەوەی تــەلارەکانی خۆیان‌و جوانکردنی هۆڵی کۆبوونــەوەکان‌و بەتاڵکردنــەوەی پەرلــەمان‌و وەزارەتــەکان لەرەخنــەو پڕکردنــەوەی لەبێــدەنگی‌و موچــەی زۆرو تەمــەڵی، دەســەلاتی بەختــەوەر بــۆ ئــەم پرۆســەیە داراییــەکی بــاش هەڵدەرژێت بۆ ئینشانوس‌و راپۆرتنوس‌و عەریزەنوسە بێئیشەکانی نــاو دەســەلات بۆئــەوەی تەلــەفزیۆن‌و رادیــۆو رۆژنامــەکان پــڕ بکــەن لەهوتافکێــشان‌و دروشمــی بــەتاڵ لــەماناو راســتگۆیی، پڕیانبکــەن لەستایش‌و خەونی رەنگاڵەیی‌و وەهمی. هاوکات ئەم دەسەلاتە بەردەوام لەهــەوڵی خۆڕازاندنــەوەو ماکیــاجکردن دایــە، بۆنمونــە لــەبری تەلەفزیۆنێکی لۆکاڵی خۆی دەکات بەخاوەنی چەندین کەناڵ‌و میــدیای لۆکاڵی‌و سەتەلایتی، لەبری تاکەیەك رادیۆی پڕ لەدەنگی نارەزایی دەیان رادیۆی پڕ لەگۆرانی هەمەرەنگ‌و پڕ لــەدروشمی بــەتاڵ‌و پــڕ لەهەواڵی ســەرمێزو حیکایــەت‌و نوکتــەی حیزبــی، هــەروەها لــەبری تاکەیــەك بلاوکراوەی حەزینی رەشوسپی، سەدان رۆژنامــەو گۆڤارو هەفتەنامــەو وەرزەنامــەو ســاڵنامە دەکــات بــە زمانحــاڵی بەختەوەرییــەکانی خــۆی‌و خۆشباوەرپێکردنی کۆمەلگە، دەیانکات بە مینبەری دەوڵەمەندییەکانی خۆی‌و کەلاوەکانی ژیان، لەبری ژوورێکی بچکۆلە بــۆ دەرکردنــی چــەند

بلاّوكراوەیـەكی رەشوسـپی، چـەندین دەزگـای رۆشـنبیری‌و حیزبـی‌و دۆستەكانی خۆی دەخاتە كـار بـۆ چەواشـەكردنی رایگشتی هاولاّتیـان‌و دەوروبەرو كۆمەلگەی نێودەولەتی.

دواجـار دەسـەلاّتی بەختـەوەر هەرچـەندە سـەرلەبەری سەرچـاوە تەكنیكی‌و فەرهەنگییەكانی دنیای مۆدێرن بۆخـۆی داگیردەكـات، بـەلاّم ئەو دەسـەلاّتەیە كە فـڕی بـەدنیای مـۆدێرن‌و بوژانـەوەی فەرهـەنگی‌و شارسـتانی‌و كرانـەوەی كۆمەلگـەوە نیـە، لەبەرئـەوەی دەسـەلاّتێكە تاسەرئێسك باوەڕی بە قبولكردنی جیاوازییەكان نیە، بـاوەڕی بـە مافـە مەدەنییـەكانی هاولاّتیـان نیـە، بـەردەوام لەپێـشێلكردنی مافـەكانی مرۆڤدایـە، هاوكـات دەسـەلاّتێكە بـە موتلـەقی بـاوەڕی بـەوە هەیـە كـە دەبێـت خۆشـگوزەرانییەكان بۆخـۆی بێـت‌و وێرانییـەكان بـۆ كۆمەلگـە، تەلارەكان بۆخۆی‌و كرێچێتی‌و كەلاوەكان بۆ كۆمەلگە، موچەی بێسنور بۆخۆیان‌و ئیفلاسی‌و هەژاری بۆ هاولاّتیان، زەوی‌و باخەكان بۆخۆیان‌و شـەهیدەكان بـۆ كۆمەلگـە، ئاشـتبوونەوەكان بۆخۆیـان‌و بێهیـوای‌و بێئومێدی بـۆ كۆمەلگە، گەشتوگوزارو خۆشـگوزەرانییەكان بۆخۆیـان‌و ئەحبابەكانیان، كەئابەو بێزاری‌و سەرهەلگرتن‌و ئاوارەیی بۆ هاولاّتیان، كارەباو روناكییـەكان بخۆیـان‌و چـراو تـاریكی‌و راكەڕاكـە بـۆ كۆمـەلاّنی خەلك. سوتەمەنی‌و ساردكەرەوەو گەرمكەرەوەو ژووری نوستنی تاوس بۆخۆیـان‌و سـەرەی بـەنزین‌و بێكارەبـایی‌و كێـشەی نیـشتەجێبوون بـۆ خەلك.

دەسـەلاّتی بەختـەوەر میكـانیزمێكی سادەوسـاكار بـەكاردەبات بـۆ كـۆنترۆلكردن‌و بێـدەنگكردنی ناوەنـدەكانی دەسـەلاّت‌و دەزگـا

رۆشـــنبیرییەکان‌و رۆژنامـــەو تەلەفیزۆنـــەکان، ئـــەو میکانیزمـــەش بێدەنگکردنـــە لـــەرێی پێـــدانی موچـــەیەکی زۆرو بەخـــشینی خـــەڵات‌و پاداشتی گوێڕایەڵی، بۆنمونـە پەرلـەمانتارێك لـەبری ئـەوەی موچەیەکی ئاسایی وەربگرێت موچەکەی دەکەن بە ($3.600)سێ هەزارو شەسـەد دۆلارو قسوری دەدەنێ، ئەمە بێجگـە لـە مەسـروفات‌و منحـەی مەترسی، وەزیرێـــك لـــەبری ئـــەوەی موچـــەیەکی مـــەعقولی بـــدەنێ، موچـــەیەکی نامـەعقول‌و ناشایـستەی دەدەنـێ کـە لەموچـەی پەرلـەمانتارێك زیـاترەو (36)ئەوەنـدە لەموچـەی دەرچـویەکی زانکـۆ زیـاترە، ئەمـە بێجگـە لـە موچـــەی خـــەیاڵی ســـەرۆکی حکومـــەت‌و جێگرەکـــەی‌و بەرپرســـە حیزبییەکان‌و نەسـریەی سیحری بودجـەی لابـەلای حیـزب‌و پاداشـت‌و مەکرەمەی ئەملاولا، لەڕاستیدا دەتوانین ناوێکی دیکەش ببڕین بـەبالای دەســـەڵاتی بەختـــەوەردا، ئـــەویش فۆنتەراتخانـــە یـــان تەمەڵخانـــەو بێدەنگخانە.

کۆمەلگەی خۆشباوەڕیش ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەیە کە باوەڕی بـە بەڵێنە وەهمییەکان‌و هوتافکێشان‌و میـدیاکانی دەسـەڵات هەیـە، یـان کۆمەلگەیەکە توانای جیاکردنەوەی راستییەکانی نیە لەدرۆکان، یـان تاسەرئێـسك بێئومێـدە لەگۆڕانکارییـەکان‌و بەڵێنـەکان‌و گرفتـاری بێدەنگییـــەکی کوشـــندەیەو بـــە سەرســـامییەوە دانیـــشتووە بـــەدیار کاولبونی ژیان‌و بێمانییەکانەوە.

کۆمەلگـەی خۆشـباوەڕ کۆمەڵگەیـەکی وەهمییـە، واتـە کۆمەلگەیەکـە سـەرلەبەری ستراکـچەرەکانی پێکهاتەگـەلێکی وەهمـین، وەك دامـەزراوە یاسـاییەکان، پەرلـەمان، دەسـەڵاتی وەهمـی سـەروەری یاسـا، ناوەنـدەکانی

راگەیانــــدن، دەزگـــاو رێکخـــراوە پیـــشەیی‌و ســـەندیکایی‌و حکـــومی‌و ناحکومییـــەکان، هاوکـــات لەبەرئـــەوەی ســـەرلەبەری دەزگـــاو ناوەنـــدە رۆشـنبیری‌و فەرهەنگییـەکان دامەزراوەگـەلێکی حیزبـی یـان پاشـکۆی ئـەو ناوەنــدە داخراوانــەن، کەواتــە ئــەوانیش ناوەندگــەلێکی وەهمــی‌و بێــدەنگ‌و پەخـشکاری خۆشـباوەڕییەکانن، هـەروەها لـەم جـۆرە کۆمەڵگەیانـەدا دەیـان حیزبـــی وەهمـــی هەیـــە، هـــەزاران ئەکتیڤیـــست‌و ئەنـــدازیاری وەهـــم‌و خۆشــباوەڕی بیرکــەرەوەو داڕێــژەری بەرنامەگــەلێکی سەرتاســەرین بــۆ خامۆشـــکردن‌و بێـــدەنگکردن‌و خەفـــەکردنی کۆمەڵگـــەو دنیابینییـــە جیاوازەکـان، وەك مـەلاو خوتبەبێـژەکان، شـاعیرو نوسـەرە ئایدۆلۆژیـست‌و حیزبییـــەکان، راپۆرتنـــوس‌و رۆژنامەنوســـە حیزبییـــەکان، راوێـــژکارو پرۆفیـسۆرە سـاختەکارەکان، بانگەشـەکاران‌و هوتافکێـشەرانی دەسـەڵات‌و حیزب.

حکومەتی وەهمی

کاتێك ناعەدالەتی‌و نامرۆڤایەتی‌و ناشارستانی دەگاتە ئەوپەڕی بێمانـایی‌و ئەوپـەڕی جـەهل‌و ئەوپـەڕی بێبـاکی، ئـیتر چاوەڕوانی وەڵامدانەوە چ بایەخێکی هەیە، لەبەرئەوەی ئێمەی مرۆڤ پێمانوایە تاکە بوونـەوەرێك کـە توانـای وەڵامدانـەوەی هەیـە بـە قـسەکردن‌و گفتوگۆ بەشەرە.

ئـــەو دەســـەڵاتانەی وەڵامـــی رۆشـــنبیران‌و رەخنـــەگران‌و رۆژنامەنوسـان‌و هونەرمەنـدان‌و هاوڵاتیـان نادەنـەوە تاسەرئێـسك جاهیلن، بەڵێ جـاهیلن بـە دیموکراسیەت‌و سادەترین مـافی مـرۆڤ‌و فەرهەنگ‌و شارستانیەت‌و رۆشنبیری، بەڵێ ئێـوەی بێدەنگ‌و ئێـوەی

بێباكو ئێوەی خەوتوو، ئێوەی تێروتەسەلی كۆبونەوە بەتاڵەكانتان، لێوانلێو لەدەوڵەمەندییە بێبەهرییەكانتان، لێورێژ لە نامەعریفیەتو نارۆشنبیریتان.

لەراستیدا ئەو حكومەتانەی كە ناتوانن سادەترینو ساكارترینو بچوكترین ماف بۆ هاولاتیان دابین بكەن، وەك كارەباو خزمەتگوزاریو سوتەمەنیو نیشەجێبوون، حكومەتگەلێكی فاشیلن لەرووی كارگێڕیو بەرێووەبردنو حوكمڕانییەوە، بەڵێ ئەو حكومەتانەی تەنها شانازی بە موقەدەساتو شۆڕشو سەردەمی شاخو سەروەرییەكانیانەوە دەكەن حكومەتێكی وەهمین، بەواتایەك ئەو دەسەلاتە فرێ بە ئێستاوە نەماوە، دەسەلاتێكی وەهمییەو پێیوایە یان هەستدەكات حكومەتە، بەلام لەراستیدا حكومەت نیە.

ئەو حكومەتەی گوێ لەهیچ شتێك ناگرێتو پێیوایە حساب بۆ خەڵك ناكاتو رایگشتی خستۆتە ژێر پێیەوەو حساب بۆ میدیای ئازادو رەخنەگرەكان ناكات، حكومەتێكی كارتۆنییە، بەتاڵە لەهەر روانینێكی زانستیو ئەكادیمی بۆ دنیا، بەلام پڕە لە نائاگاییو بێباكیو خەمساردیو ناعەدالەتیو تەشریفاتو موجامەلەو وێرانەییو جەهل، بەواتایەك تەمەڵخانەیەكی گەورەوگرانی بەخێوكردنی جەهلو وەهمە.

لەراستیدا ئەو حكومەتانەی كە وەلامی هیچ رەخنەیەك نادەنەوە حكومەتێكی نابەرپرسیارو بێ پڕۆژەن، حكومەتێكە ستراكچەرەكەی زۆر لەو ماڵە هەزیلە وێرانترە كە لە لم دروستدەكرێتو ژوورەكانی پڕن لەهەواو قەلایەكە بێئەندازە

وەهمییەو کۆشکێکە بۆ شاردنەوەی بێباکی. کاتێك ئێمەی مرۆڤ قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەین، لەگفتوگۆو رووبەڕووبونەوەکانماندا وەڵامی یەکتری دەدەینەوە، لەڕێی ئەم پڕۆسەیەشەوە لەیەکتری تێدەگەین، بەڵام کاتێك تۆی ئینسان بەردەوام قسە بۆ یەکێك دەکەیتو وەڵامت ناداتەوە، ئەگەر تۆی مروڤ هەستتت کرد هەزاران کەس گوێت لێدەگرنو تەنها یەك کەس گوێت لێناگرێت، ئەوا یەکڕا دەگەیتە ئەو باوەڕەی کە ئەو مرۆڤەی تۆ قسەی بۆ دەکەیت یان رەخنەی لێدەگریت مرۆڤێکی نابەرپرسو تێنەگەیشتووەو ناشارستانییە، هاوکات کاتێك تۆی مرۆڤ رەخنە لەحکومەت دەگریتو وەڵامت ناداتەوە، کە شتێکی هونەری نیە، یەکڕا هەستدەکەیت حکومەتو جێگرو وەزیرو پەرلەمانتارەکانت بێئاگاو خەمساردو نابەرپرو نادیموکراتو ناشارستانین.

خوێنەرانی ئازیز ئەو حکومەتانەی پێیانوایە خۆپیشاندانو نارەزایی دەربڕینو مانگرتنو رەخنەگرتن زەرەری هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەییو برا مەزهەبییەکانمانو دەبێت بە دارو بەلیسو قۆناغە تفەنگو فیشەكو زیندانیکردنی کوێرانە وەڵامیان بدرێتەوە، بە حەقەت دەسەڵاتو حکومەتێکی دواکەوتوونو وێرانن لەڕووی شارستانییەوە، ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەش دەکات با وەزیر بێت یان ئەندام پەرلەمان یان بەرپرسی حیزبی، ئینسانگەلێکی بێئاگان لەکۆمەڵگەو ژیانی مۆدێرنو فڕیان بەسەر ئەو چەمکە رەنگاڵەیانەوە نیە کە رۆژانە تەلەفزیۆنو رۆژنامەو رادیۆکانی لێپڕدەکەنو کۆمەڵگەی پێ خاڵیدەکەنەوە.

ئەو حکومەتانەی بەردەوام لەهەوڵی کوشتنی خەون‌و دنیابینی‌و داواکاری‌و پرۆژەو بیرکردنەوەو روانینی هاولاتیانـدان هەمیشە لەهەوڵی خۆدزینەوەو گوێنەگرتن‌و وەلام نەدانەوەو نابەرپرسیاریدان، هاوکات فریان بەسەر دنیای مۆدێرن‌و دیموکراسییەتەوە نیە، دەرەنجام حکومەتێکی کەئیب‌و بەرهەمهێنەری کەئابەن بۆ هاولاتیان‌و بەردەوام لەهەوڵی گەشەپێدانی حوزن‌و بێهیواییدان بۆ تەواوی کۆمەلگەو سەرلەبەری ناوەندەکانی ژیان.

پاش ئەوەی لەهەموو لایەکەوە رەخنە لەمجۆرە حکومەتانە دەگیرێت‌و لەهەموو شوێنێکدا.. لەمالەکان‌و لەچاخانەکان‌و لەدائیرەکان‌و لەناو پاس‌و لەناو کۆڕوکۆبونەوە رۆشنبیرییەکان‌و لەشانۆگەرییەکاندا، لەرێی مزگەوت‌و پیاسەی سەر شەقامەکان‌و لەرێی ئیمەیل‌و ئینتەنێت‌و لەسەر رووی رۆژنامەو لەدلی هەریەکێکدا دنیایەك رەخنەو نارەزایی توند هەیە، کاتێك لەدلی هەموو یەکێك لەئەندامانی ئەو کۆمەلگایانەی کە خاوەنی حکومەتێکی بێگوێن بەراستی جوێن بە حکومەت دەدرێت‌و بەراستی تف لەو رۆژگارانە دەکرێت کە بەرێزو حورمەتەوە لەبەردەم سندوقەکانی دەنگداندا دەوەستان‌و دەنگیان دەدا بە هیچ. کاتێك هاولاتیان بەجیدی رێزو حورمەتیان هەیە بۆ ژیان‌و جوانکردنی هەر ساتەوەختێك کە بۆنی چاوەڕوانی لێدێت، بەلام بە پێچەوانەوە حکومەتەکەی رێز بۆ هیچ شتێك دانانێت‌و بەحورمەتەوە وەلامی هیچ داواکاری‌و نارەزایی‌و رەخنەیەك

ناداتەوە كە بۆنی ژیانی لێبێت، ئەوكاتە تۆی مرۆڤ هەستدەكەیت.. ئیتر تۆ خاوەنی حكومەتێكی وەهمیتو لەخەیاڵی خۆتدا حكومەتێكت هەیە حسابت بۆ دەكاتو لەوباوەڕەدایت گوێت لێدەگرێت، بەلاّم كاتێك لەو خەیاڵە شیرینە بێداردەبیتەوە سەیردەكەیت لەكەلاوەیەكدایت بەناوی ژیانەوەو لەوێرانەیەكدایت بەناوی حوكمڕانیو سەروەرییەوە.

ئەو حكومەتانەی پێیانوایە دەرەنجامی وەلاّمنەدانەوەیانو حساب نەكردن بۆ رەخنەو رایگشتی دەبێتە هۆی ئەوەی ئیتر كەس تاقەتی رەخنەی نامێنێتو هەموان لەپڕێكدا كۆڵ دەدەن، بەداخەوە ئەو خەیاڵە پاقلاوەییە زۆر بچوكە لەبەردەم نوسینو رەخنەی ئەو نوسەرە جیدیو سەبەخۆیانەدا.

ئەو دەسەلاّتانەی لەخەیاڵی ئەوەدا دەژین كە وەلاّمنەدانەوەیان دەیانگەیەنێتە بەختەوەریو گوێنەگرتن لەرەخنە دەیانگەیەنێتە نەشوە، دەسەلاّتگەلێكی وەهمیو نادیموكراتو نامۆدێرنو جاهیلن، لەبەرئەوەی كەسی بێگوێ ئەو كەسەیە كە جەهلێكی كوشندەی هەیە بەدنیای دەرەوەی خۆیو دنیای گۆڕانكارییە گەورەكان.

كاتێك تۆی مرۆڤ دەبیتە خەرمانێكی گەورە لەچاوەڕوانیو بەتەمابوون ئەوكاتە ئیتر خەونەكانت بەكۆڵی خەمەوە گەورە دەبنو خۆت بچوكدەبیتەوە، ئەوكاتە خەیاڵەكانت دەبنە دێوەزمەو خۆت دەبیتە جانەوەرێكی بچوك، واتە كاتێك تۆی ئینسان بەردەوام چاوەوڕوانی باشبونی كارەباو هاتنەوەی كارەباو ئاو و چاوەڕوانی

هەرزانییەکی خەیاڵیت لەبێمانایی گرانی بازاڕو بژێوی ژیاندا، کاتێك تۆ چاوەڕوانی دوو ژوور دەبیت بۆ دابەشکردنی تەنهاییەکانی خۆت و هاوژینەکەت بەسەر رووبەری بچوکی بێمانایی‌دا، کاتێك بەتەمای ئەوەی رۆژێك لەرۆژان حکومەت گوێت لێبگرێت یان وەڵامت بداتەوە یان بەتەمای ئەوەی وەك مرۆڤ حسابت بۆ بکرێت، یان بەتەمای ئەوەی رۆژێك لەرۆژان ئیتر لەسەرەی بەنزین‌و غازو نەوتدا ژیانت تەواو نەبێت‌و وەك وڵاتێکی تازەپێگەیشتوو سەرە بۆ هیچ نەگریت‌و ژیان زور سادەو سروشتی بێتەوە، ئەوکاتە ئیتر چاوەڕوانییەکان مێشکت دەخۆن‌و خەیاڵەکانت دەبن بەکابوس‌و هێدی هێدی ژیانت یەکسان دەکەنەوە بە سیفرو بێهودەیی خەیاڵ‌و خولیاکانت تاڵان دەکات‌و کەئابە دەبێتە هاوڕێیەکی هەمیشەییت‌و چاوەڕوانییە بێماناکان هێدی هێدی کاڵت دەکەنەوەو فڕێت دەدەنەوە پانتاییەکی گەورەی ناعەدالەتی‌و گەندەڵی‌و بێساحەبی‌و بەڵێنی درۆو نابەرپسیارێتی، کە دواجار ئەم پانتاییە بێجگە لەمەزاتخانەیەکی گەورەی بێماناکردنی ژیان هیچی تر نیە.

حکومەتی وەهمی یەکێکە لەحکومەتە هەرە دەگمەنەکانی دنیاو ناوەندێکی دەسەڵاتی پڕ لەناچاری‌و نابەرپرسیارێتی‌و نافەرهەنگی‌و نامەعریفییە، شێوازێکی تازەی حکومکردنە، مۆدێلێکی دیکەی بەڕێوەبردن‌و حوکمڕانییە، هاوکات سیتمێکی پەرشوبڵاوی ناتەندروستە، بەواتایەك فۆنتەراتخانەیەکی گەورەیە بۆ هەراجکردنی مافە مەدەنییەکانی هاوڵاتیان‌و مەزاتخانەیەکی گەورەیە بۆ بێماناکردنی ژیان‌و مەعریفەت‌و شارستانی‌و دنیای

مـۆدێرن، لەکاتێکـدا حکومـەتی وەهمـی خـۆی بۆخـۆی بـازارێکی گـــەورەی ژەنەڕاڵـــەکانی جەنگـــەو خومخانەیـــەکی بـــچکۆلانەی دیموکراسیەتە.

کەلاوەیەك بەناوی ژیانەوە

"چێژو توندوتیژی ئەوکاتانە تێکەڵاوی یەکدی دەبن کە دەسەڵات زەبروزەنگ بەپیرۆزبکات، خوێنی ئامادەبوون لەمێژوودا لای مرۆڤە بچوکەکان دروستبکات، بیانکات بە پاڵەوان، مەدالیای قارەمانێتی بدات بە ترسنۆکەکان..." ئاراس فتاح

دنیای داخراو دنیایەکە کە ژمارەی مزگەوت و بارەگای حیزبەکانی سەدان ئەوەندەی زانکۆو پەیمانگەکان و دەزگای راستەقینەی گەنجان و ناوەندە رۆشنبیرییەکانێتی. دنیای درۆ گەورەکانی دەسەڵات و حکومەت و حیزبە لەگەڵ هاوڵاتیاندا، دنیای تاڵانکردنی ژیانە بەناوی مەرگەوە، دنیای بێبایەخکردنی قسەکردن و رەخنەگرتنە، دنیای ئەحبابەکانی حیزب و هەژارکردنی کۆمەڵگەیەکە لەرێی چەوسانەوەی ئابوری و فەرهەنگی و سیاسی و ناعەدالەتییەوە.

دنیای کۆمەڵگە داخراوەکان دنیای دووبارەکردنەوەی ژیانە لەئاستێکی هەژاری مەعریفیدا، هاوکات دنیای بەتاڵکردنەوەی هەر

مانــاو واتایەکــە لەپێکهاتــە هــەرە جەوهەرییــەکانی، دنیــای ساختەکاریو جەهلێکی گەورەیە بە ژیانو کارەساتو گۆڕانکاریو بــرەودان بــە روانــینو دنیابییــە جیاوازەکــان. هــەروەها دنیــای رازاندنــەوەی جەهلــە، ئارایــشتکردنی بێبــاکیو کەمتەرخــەمیو ئاووڕنەدانەوەیــە لەمێژوویــەکی دوورودرێــژی پــڕ لــەگۆڕانکاریو سودوەرنەگرتنە لەهەر گەمژەییەکی سیاسیو بێ مانـاکردنی خـودی ژیانو فەرهەنگو گۆڕانکارییەکان.

ئێمـە دەبێـت پرسـیار لـەوە بکـەین، ئایـا لەبـەردەم چ دەسـەڵاتو کۆمەڵگەو کولتـورو فەرهەنگێکـداین، ئێمـە سـەر بـە چ مەودایـەکی روانینو دنیابینییەکین بۆ دنیاو خۆمانو تێگەیشتن لەگۆڕانکاریو ئەو ئاستە ژیارییەی تیایدا دەگوزەرێین، ئێمە چۆن بیردەکەینـەوەو ئەزمونی ئێمە لەگەڵ خودی ژیانو ئەو ئاستە دیاریکراوەی کولتورو ئەو ئاستە نامۆیەی فەرهەنگە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆمـان لـە چ ئاستێکدایە، هەموو ئەم پرسـیارانە نیگـەرانمان ناکـات بـەو کولتـورە هــەژارەی کــە ئاســتی تێگەیــشتنی لــەدنیاو گۆڕانکــاریو دیــاردەو بایەخدان بە مرۆڤ وەك بوویەکی کاریگەرو زینـدوو، ئێمـە خـاوەنی کۆمەڵگەو دەسەڵاتو ناوەنـدێکی داخـراوی کولتـورین کـە سـیخناخە لەجــەهلا بەرامبــەر خــودی ژیــانو ســەرلەبەری ئــەو گۆڕانکارییــە گەورانەی کە رۆژانە سات بەسـات روودەدەنو ئێمـەی بێئاگـا لـەدنیا، بێبەش لەهەر بەشدارییەکی کاریگـەر بـە روانینێکـی داخـراوەوە کـە سەرلەبەری دنیابینییـەکانی ئێمـەی لەکۆمـەڵێك حیکایـەتی بـچوکدا بەندکردووە.

ئێمە کە تێزێکی گەورەی وەك کۆمەڵگەی داخراو دەخەینە بەرباس و راڤەکاری، تەنها لەبەرئەوە نیە ئێمە تەنها ئەو دنیا داخراوە وەك خۆی باس بکەین و دووربکەوینەوە لەهەر روانین و کلێشەسازییەکی دیاریکراو، نەخێر مەبەستەکانی ئێمەو کاری میتۆدی ئێمە لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە بە ئەندازەیەکی رەخنەییە، کە دووردەکەوینەوە لەهەر بەراوردکارییەکی نامەعقول و نائەکادیمی کە دنیای رەخنە دابەشدەکات بەسەر رەخنەی داهێنەر و رەخنەی روخێنەر، لەبەرئەوەی ئەم دابەشکردنە نەریتییە بەرلەوەی بەرهەمی روانینێکی کۆنزێرڤاتیڤانە(کۆنەپەرستانە) بێت بۆ دنیا، بەرهەمی خەیاڵدانێکیشە بۆ جیاکردنەوەی باش لەخراپ، چاکە لەشەڕ، بەڵام ئێمە بۆئەوەی بەردەوام نەکەوینە نێو ئەو ئاستە تراديسیۆنیە داخراوەوە، کار لەسەر هەڵوەشانەوەو وردکردنەوەی پێکهاتە هەرە ناوکۆیی و جەوهەریی و لابەلاکانی کۆمەڵگەو تەواوی ئەو کایەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسیانە دەکەین کە لەیەکەیەکی هاوبەشی نادیاریکراودا کاریان هەژارکردنی کۆمەڵگەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و روانین و دنیابینییە جیاوازەکانەوە.

کەواتە ئێمە خاوەنی چ جۆرە کۆمەڵگەیەکین..؟ ئێمە بێجگە لەوەی خاوەنی کۆمەڵگەیەکی داخراوین، خاوەنی کۆمەڵگەیەکی هەژاریشین لەڕووی مەعریفی و فەرهەنگییەوە، خاوەی کۆمەڵگەیەکی ماندوو وهیلاکین، بەڵام بەو مانایە نا ئێمە هیلاکی دنیایەك کارو ئەکشن و روانین و کاریگەری و مامەڵکردنی

فەرهەنگین، بەڵکە هیلاکی کولتورێکین تاسەرئێسك کولتورێکی بازنەیی داخراوە، پڕە لەترادسیۆنی (نەریتی) بێ مانا، لێوانلێوە لەدووبارەبونەوەو رۆتین‌و سیخناخە لەحیکایەتی بچوك‌و بێسود، بەڵام رەنگە لەم گفتوگۆیەدا بەپێی پێویست نەتوانین بچینە نێو قوڵایی باسکردنی ئەم کۆمەڵگەو کولتورە، بەڵام هێندە هەیە، دەبێت ئەوە بزانین کە ئێمەی مرۆڤ لەم دەڤەرە ئاڵۆزەدا سەرباری ئەو هەژارییە کولتورییە گەورەیەی کە تیایدا دەگوزەرێین، لەسەرگەردانییەکی گەورەی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوریدا دەژین‌و، روانین‌و دنیابینییەکانمان هێندە لاوازە کە توانای راڤەکاری‌و تێگەیشتنمان لەدنیاکانی دەرەوەی خۆمانی بە ئەندازەیەك بچوککردۆتەوە، کە ئاگامان د/مافەکان‌و ئەرکەکان‌و پەیوەندی نێوان ئێمەو دامەزراوەکان نیە، هاوکات تەواوی روانینەکانی ئێمە بە قەدەر هێڵێکی پەیوەندی بە دنیاکانی دەرەوەی خۆمان کاریگەر نیەو لەئاستی سفری پەیوەندیداین، لەبەرئەوە نا ئێمە ناتوانین پەیوەندی لەدەرەوەی خۆمان دروست بکەین، نەخێر یەکەمینجار هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم ناپەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئێمە پەیوەندیمان بە خۆمانەوە نیەو لەئاستێکی زۆر خراپی پەیوەندی‌و مامەڵەکردنداین بە خۆمانەوە، ئیتر چۆن دەتوانین پەووەندییەکی دروست‌و شارستانی لەسنوری دەرەوەی خۆمان دروست بکەین، ئێمە تا خۆمان نە ناسین ناتوانین دنیاکانی دەرەوەی خۆمان بناسین‌و ژیان‌و فەرهەنگی کرانەوە لەگەڵیاندا دابەشبکەین.

خراپترین ئەخلاق ئەو ئەخلاقەیە كە خۆت بە بەرپرسو خاوەن بڕیار دادەنێیت، لەوەش خراپتر ئەوەیە سەرلەبەری بەرپرسیارییەكانی خۆت بخەیتە ملی یەكێكی دیو خۆت رووتبكەیتەوە لەبەرپرسیارێتیو خۆت داماڵی لەهەر كارو ئەركو ئەكشنێك بۆ ژیان، كاتێك تۆی بەرپرس، تۆی مرۆڤ، تۆی سەرۆك، تۆی حكومەت، تۆی گەنج بەم ئەخلاقە ناشرینەوە مامەڵە لەگەڵ ژیاندا دەكەیتو خۆت بە بەرپرسو خاوەن روانین نازانیت، ئەوا تۆ هەر چییەك بیت كەسێكی جاهیلی بە دنیاو ژیانو دنیای مۆدێرن، لەبەرئەوە واباشترە، تەنها خەریكی تێركردنی غەریزەكانت بیت وەك خواردنو خەو و سێكسو ئیسراحەتو دووربكەویتەوە لەژیانی مرۆڤەكانی دیكەو دەستنەخەیتە ناو دنیای بیركردنەوەو روانینو بەرپرسیارێتییەوە.

بەڵام پێویستە ئەوە بزانین كە ئەوڕۆكە نەوەیەك هەیە گرفتارە لەنێوان ئەو كولتورە هەزارەی كۆمەڵگەو دنیای مۆدێرنو ئەو كولتورە دەوڵەمەندەی دنیاكانی دەرەوەی خۆی، هاوكات كەسانێكی دیكە هەن نیگەرانن لەو هەموو ناعەدالەتیو نابەرپرسیارێتیو بێماناییەی كە ئەم فەرهەنگە هەژارە هەڵگرێتیو كاری لەسەر دەكات.

نەوەیەك لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە داخراوەی ژیان، لەدەرەوەی ئەو دنیا كۆنكرێتییەی كە روانین بچوكدەكاتەوە بۆ خەیاڵێكی بچوكو كۆمەڵە حیكایەتێكی بچوك، دنیابینییەكی دیكەو خەیالگەیەكی فراوانتریان هەیە بۆ شكاندنی ئەو تەوقی حیكایەتانەی كاردەكەن بۆ وێناكردنی خەونو مەوداكانی روانین.

هەروەها ئەو دنیابینییەی کاردەکات بۆ بچوکردنەوەی خەونەکان، کاریش دەکات بۆ بچوکردنەوەی مرۆڤەکان لەکۆمەڵە حیکایەتێکی هاوشێوەدا. ئەم دیاردەیە هەوڵێکی گەورەیە بۆ شکاندنی ستراکچەری حیکایەتەکانو ئەو نادنیابینییەی کە گەمارۆی ژیانی داوە، ئەو بێدەنگییەی کە دروستکەرو دارێژەری قەیرانەکانە.

جیهانبینی مۆدێرن کار لەسەر دوو ئاستی جیاواز دەکات، بەواتایەك بزوێنەری دوو ئاستی بیرکردنەوەیە، ئاستی یەکەم هەڵوەشاندنەوەی داخرانی کولتوریو فەرهەنگییە، ئاستی دووەمیش پەیوەندییە. دنیای داخراوی کۆمەڵگە داخراوەکان دنیایەکە بۆ بچوکردنەوەی ژیانو کولتورو هزرو فەرهەنگو پەیوەندییەکان، دنیای لۆکاڵ کاردەکات بۆ بچوکردنەوەی ئینسانو بچوکردنەوەی خەونەکان، ئەو فەرهەنگەی لەپشتییەوە کۆمەڵێك خەونی گەورە ئامادەگی نەبێت کۆمەڵگەیەکی بچوکە، وەك عەلی حەرب دەڵێت: ئەورۆکە لەبەردەم شۆرشی زانیارییەکاندا ئیمکانیاتێکی بەرفراوان لەبەردەم مرۆڤدا کراونەتەوە، کە لەتوانستە کاریگەرەکاندا بۆ کردەو کارلێکردن بەرجەستە دەبێت، هیچ زیادەرۆییەك نیە لەقسەکردندا گەر بڵێین جیهانێکی نوێ لەگەڵ دیاردەی جیهانگیریدا پێکدێت، هاورێ لەگەڵ دەرکەوتنی بکەری مرۆڤایەتییەکی نوێدا، کە بە رەهەندو خێرایی تیشك یان هزر کاردەکات، بەقەدەر بەکارهێنانی رێگەکانی راگەیاندنی خێراو هەمەرەنگی، یان لەگەڵ ئەو تۆرە پەیوەندییە ئاڵۆزو لەرادەبەدەرانەدا مامەڵەدەکات. مرۆڤی پەیوەندیامێز کە دەماخێکی ئالیو تەکنیکاتێکی ژمارەییو هزریو کارکردن بەرەو گەردوونگەرایی بە وێنەی کیشوەربڕو کۆمەڵگابڕو کولتوربڕی بۆ رەخساوە."

ئـەم ئەزمونــە بەرلـەوەی گەلاڵـەکردنی جیهانبینییـەکی جیـاواز بێـت، بـەرپاکردنی بیرکردنــەوەو روانینێکـی جیــاوازە لــەدەرەوەی ئــەو دنیــا داخراوەی دەسەڵاتە داخراوەکانی ئەو نادنیابینیەی کە دەکەوێتـە نـاوەوەی حیکایەتەکان‌و کرۆکی رووداوەکـان‌و ئـەو کۆنخوازییـەی بـەردەوام لەهـەوڵی پاراستنی نـەریتی داخـراوی ئـەو سـەرزەمینەدایە کەناوی نیـشتیمانە، ئـەو خەیالگەیـــەی کـــەناوی حیکایـــەتی بـــچوکە، ئـــەو دنیایـــەی کـــەناوی دووبارەبونەوەیــە، جیهــانبینی ئاڕاســتەیەکە تــەواو پێــچەوانەی لۆکاڵیــەت‌و هەرێمخوازییــە، تــەواو پێــچەوانەی رەهەنــدە کــورت مــەوداکان‌و هــزرە نەریتییەکانــە، پێـچەوانەی کۆنخـوازی‌و نـەریتخوازی‌و ئەخلاقپەرسـتییە، ئاڕاستەیەکە لەدەرەوەی دنیای چوارگۆشەی کۆمەڵگە داخراوەکان‌و بازنـەی داخراوی هزرو روانین‌و نادنیابینییەکان.

مەودایـەکی دیکـە هەیـە لـەدەرەوەی مـەودا داخراوەکـانی رازیبـوون، لـەدەرەوەی حیکایەتـە گـەورەکان، لـەدەرەوەی نـەریتی روانــین‌و نـەریتی بێباکی، کە مەودای نائومێدییەکانە، کە دنیابینییەکی قوڵترە بـۆ نیگـەرانی، جەوهـەریترە. نائومێـدیی بەرلـەوەی بـارودۆخێکی سـایکۆلۆژی بێـت، پـتر بارێکی مەعریفییە، جیاوازییـەکی دیکەیـە بـۆ رەنگرێـژکردنی کلێـشەیەکی دیکــەی ئــەنتۆلۆژی، ئــەوەی لەنائومێدییەکانــەوە دێــت، ئــەوەی زادەی نائومێدییەکانە زادەی نادیارێکە، کوڕی نیگەرانییەکانـە، لەبەرئـەوە ئـەوەی لەپــشت ئــەم ئەزمونەوەیــە پــتر ئــەو نیگەرانییــە گەورانەیــە لەنــەوەکانی پێــشوو، نیگــەرانی لــە دەســەڵاتە داخراوەکــان، لەجــەنگ، لــە شــەهادەت، لەدەســەڵات، لــەبێباکی، لــە پوچــی، لــە دووبارەبوونــەوەی حیکایەتــەکان، لەحیکایەتە بچوکەکان. . .تاد.

دواجار ئەو نیگەرانییە تەوژمێکی نوێیە بۆ دروستکردنی مەودایەکی دیکەی تێگەیشتن، بەلاّم ئەگەر دنیابینییەکی جیاوازی لەپشتەوە نەبێت نابێتە بەرپاکەری خەیاڵدانێکی جیاواز بۆ روانین، بۆ وروژاندنی زیاترو زیاتری ئەو خەیالگە کۆنکرێتییەی کە پێی وایە لەدەرەوەی پەیامە داخراوەکەی ئەو شتێکی دیکە نازی، لەدەرەوەی ئەو دنیا داخراوەی هیچ روانینێکی دیکەو هیچ نیگەرانییەك بەقەدەر قەدەرەکانی ئەو نین‌و بەقەدەر ئەو رێکەوتە دیاریکراوەی ئەو نین‌و هیچ نادیارێك ناتوانێت رووە تاریکەکانی ئەو هەڵماڵێ‌و مەودایەکی دیکە زیادبکاتە سەر ئەو ناوەندە.

دنیای داخراو دنیایەکە کە ژمارەی مزگەوت‌و بارەگای حیزبەکانی سەدان ئەوەندەی زانکۆو پەیمانگەکان‌و دەزگای راستەقینەی گەنجان‌و ناوەندە رۆشنبیرییەکانێتی.

دنیای داخراو دنیایەکە بۆ رامکردنی ژیان لەچوارچێوەیەکی بچوکی ژیاریدا، دنیایەکە بۆ بەخێوکردنی بەهاو پیرۆزی لەیەکەیەکی بەرفراوانی ترادسیۆنیدا، دنیایەکی فاکتۆلۆژی(راست‌ودروستی) هەستپێکراوە، بۆ دوبارەکردنەوەی روانین‌و خەون‌و وێنە لێکچووەکان. دنیایەکە بۆ بەرهەمهێنانی خەیاڵدانێکی گشگیر بۆ ئیرادەیەك دەستەمۆ، بۆ خەونێك وێکچوی خەونەکانی دیکە، بۆ دنیایەك لۆکاڵ‌و دیاریکردنی سنور بۆ هەر خەیاڵێکی دیکەو روانینێکی دیکە.

فەرهەنگی داخراو دابەشدەبێت بەسەر کۆمەڵێك دابەشکراوی دیکەدا، ئەو پێکهاتە دیاریکراوانەی ئەم ماشێنە گەورەیە پێکدەهێنن کە دروستکاری خودی ئەو دنیایەش‌و بەرهەمهێنەری ئەو روانین‌و وێنانەشن کە لەخۆی کۆپیان دەکاتەوە، ئەو دابەشبوونەش خێزانی کۆنکرێتی‌و

پەیوەندی داخراوی کولتوری، وەك نەریتی داخراوی هاوسەرگیری، ئیرادەی دەستەمۆی مێگەل، پەیوەندی هاوخوێنیو هاوڕەگەزی، دەمارگیری ناوچەییو مەزهەبیو کولتوریو سیاسیو حیزبی، دامودەزگای کارتۆنیو داخراو، ناوەندی رۆشنبیریو کولتوری بازنەیی کە دەسەلاتێکی هەرەمی ئیفلیج کۆنترۆڵی دەکات، سەرەنجامی هەموو ئەو داخرانە بێدەنگیو داگیرکاری فەرهەنگی، کەلاوەیەکی مەعریفی ناتەندروست، خەیاڵێکی بچوكو ونبوونی تاکەکەس وەك ئیرادەو روانینو جیاوازی بەرهەمدەهێنێت..

هاوکات تاکەیەك مەودای دیاریکراو کۆی ئەو رەهەندانە لەخۆی کۆدەکاتەوەو لەپێکهاتەیەکی نەریتیو ئەخلاقیدا جێگیریان دەکات. لەو کۆمەلگەیانەدا کە دەسەلاتێکی داخراو و رۆشنبیرانێکی سونەتی بێشومار دەبنە بیرکەرەوەو داڕێژەری راڤەکردنی دنیا لەمنیگا داخراوەکانی خۆیانەوە دەبنە بەرهەمهێنەری دووبارەکردنەوەی وێنەکانی خۆیان لە کەرنەڤالو فیستیڤالو بۆنەو موناسەبەی ساختەو داگیرکردنی ئەو ئاستە ژیارییەو خاوەنداریێتیکردنی سەرلەبەری هەر روانینێك کە دەکەوێتە بازنەی کەرنەڤاڵەکانیانەوە. ئەو جۆرە لە رۆشنبیر بێئەندازە لەهەوڵی جێگیرکردنی کەلاوە مەعریفییەکانی خۆیدایەو بەردەوام خولیایەکی گەورە بۆ داگیرکردنو مۆنۆپۆلکردنی هزرو دنیابینییە جیاوازەکان لەگەڵیدا دەژیو کاردەکات بۆ بەرپاکردنی خەیاڵدانێکی بچوك لەچوارچێوەیەکی کەرنەڤاڵی دووبارەدا.

دەسەڵاتی خاڵی لەمەعریفە

"بەپێی دروشمی حیزب: ئەوەی رابردوو دەستەمۆ بکات، جڵەوی ئایندەی لەدەستدایەو ئەوەی بەسەر ئێستادا زاڵ بێت جڵەوی رابردووی بەدەستەوەیە."جۆرج ئۆروێل

دەسەڵاتە جاهیلەکانی دنیا تەنها دواکەوتوو نین لەرووی سیاسیو دبلۆماسیەتی مۆدێرنو ئابوریناسیو پلانسازییەوە، بەڵکە جەهلێکی کوشندەشیان هەیە بەدنیای مۆدێرنی رۆشنبیریو دیالۆگی فەرهەنگیو هونەریی شارستانییەکان، ئەوان سەرباری ئەوەی کوشندەیەکی گەورەی رایگشتین، خەونو کوژو بیرۆکەکوژو پرۆژەکوژو هونەرکوژو رۆشنبیری کوژیشن.

ئەوە میلۆدییەکانن دەکەونە گفتوگۆو گواستنەوەی روانینو دنیابینییەکانی کۆمەڵگەیەك لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا، نەوەك دەزگا حیزبییەکانو بارەگا سیاسییەکان، ئەوە تابلۆکانن دەبنە سەرمایەکی رەمزیو شارستانی بۆ وڵاتو دەبنە میراتێکی فەرهەنگی

گەورە بۆ زیندوهێشتنەوەی مێژوو و ئێستامان، ئەوە جەنگەکان‌و شەڕی ناوخۆکان نین دەبنە سەرچاوەی شانازیکردن بە شارستانییەتەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە تەنها شانازی بەخوێن‌و تفەنگەکانیانەوە دەکەن تاسەر کۆمەڵگەیەکی تەندروست نین‌و شەڕانگێزن، دەرئەنجام کۆمەڵگەیەکی وێرانن لەڕووی فەرهەنگی‌و شارستانییەوە.

ئەوە رۆمان‌و شاکارە گەورەکانی شیعرو حیکایەتە جیاوەزەکانە دەبنە زمانحاڵێکی شارستانی‌و هونەری‌و رۆشنبیریی کۆمەڵگەو هەمیشە بەزیندوو دەمێننەوە، بەداخەوە ئەوە پیاوە سیاسیی‌و حیزبییەکان‌و مەلاکان‌و خوتبەبێژو زورناژەنەکانی دەسەڵات نیین کە بەزیندووی دەمێننەوە.

کۆمەڵگەی زیندوو، واتە کۆمەڵگەی ئەکتیڤیستە رۆشنبیری‌و فەرهەنگییەکان، واتە کۆمەڵگەی رۆماننوس‌و هونەرمەندو نوسەرو شاعیرو مۆسیقاژەن‌و قوتابخانە فیکری‌و ئەدەبییەکان، واتە کۆمەڵگەی پڕ لەمیلۆدی‌و بەتاڵ لەبێبایەخی، لێوانلێو لەرۆمانی نوێ‌و کتێبی نوێ‌و شیعری نوێ‌و تابلۆو روانینی مۆدێرن، بەڵام دەبێت خاڵی بێت لەهوتاف‌و دروشمی بێبایەخکردن‌و کەمکردنەوەی نرخی نوسین‌و موزیک‌و وێنەکێشان‌و دنیابینی نوێ.

کۆمەڵگە شارستانییەکان بەرلەوەی شانازی بکەن بە سیاسەت‌و پلانی ئابوریەوە، شانازی بە هونەرمەندە شێوەکارەکانیان‌و رۆماننوسەکان‌و نوسەرەکان‌و فەیلەسوفەکان‌و مۆسیقییەکانیانەوە دەکەن، واتە شانازی بە فەرهەنگ‌و رۆشنبیرییەوە دەکەن، هاوکات

بەجیدی کاردەکەن بۆ گەشەپێدانو بەرفراوانکردنی چالاکییە فەرهەنگیو رۆشنبیرییەکان، ئەوان وەك دەسەڵاتە کوشندەکان بیرناکەنەوە بۆ وێرانکردنی فەرهەنگو دروستکردنی مزگەوت، بۆ کاولکردنی کۆمەڵگەو کردنەوەی بارەگای حیزبو دەزگای سازکردنی موناسەبات، ئەوان هۆڵە رۆشنبیرییەکانیان ناکەن بە تەعزیخانە، لەبری دەیان کەرنەڤاڵی چەواشەکردنی رۆشنبیریو سازشخانەی حیزبی چەندین کەرنەڤاڵی مۆدێرنی رۆشنبیریو فەرهەنگی تیادا سازدەکەن، دەسەڵاتە مۆدێرنەکان لەبری ئەوەی پیاوە حیزبییەکانیان بکەن بە زمانحاڵی رۆشنبیریو فەرهەنگیو قسە لەسەر مۆدێرنە بکەن رۆمانوسو هونەرمەندەکان دەکەن پێشەنگو قسەکەرو سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵو کەرنەڤاڵەکان.

بەڵام ئەگەر باوەڕمان بە فەرهەنگێکی کراوە هەبێت پێویستە کاربکەین بۆ سازدانی روانینێك بەتاڵ بێت لەحیکایەتو موقەدەساتی حیزبی، بەڵام پڕ بێت لەمەعریفەو دنیابینیو روانینی جیاواز، بەتاڵ بێت لەبێدەنگی، بەڵام پڕ بێت لەگوفتارو جیاوازیو دروستکردنی فشار، پێویستە لێوانلێو بێت لەرەخنەو پێشنیارو پڕۆژەی تازە، بەڵام دەبێت بەتاڵ بێت لەنوێنەری بێئیشو بێسەلیقەو کەسانی حیزبیو کۆنخوازو نەریتپارێزو عەقڵ داخراو. دواجار پێویستە ئەم روانینە گەلاڵەکاری دنیابینێکی جیاواز بێتو روحیەتێکی یاخیگەرانەی لەپشتەوە بێت، هاوکات پێوستە ئەو فەرهەنگە مۆدێرنە لەهەوڵی کاڵکردنەوەی ئەو روانینە کۆنزێرڤاتیڤانەدا بێت کە چەندین ساڵە کومەڵگەیان غەرقی

گەندەڵییەکی سەرتاسەری کردووە، هەر لەگەندەڵی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گەندەڵی کولتوری‌و رۆشنبیری‌و سیاسی‌و ژیاری، کە ئاستی روانین لـەو ناوەنـدەدا لەهـەژارترین دۆخـی خۆیـدا دەژی، ئاسـتی تەماشـاکردنی دنیاکـانی دەرەوەی ئـەو فەرهەنگـە ئاسـتێکی کـورت مەودایەو پـڕە لەنەخوێنەوارییـەکی گـەورەوگران‌و تەماشـاکردنێکی جاهیلانەیە.

ئـەوەی ئەوڕۆکـە دەروازەیـەك بـۆ قـسەکردن‌و راڤـەکردن‌و دیالۆگی جیاواز دەخولقێنێت‌و دەرەخـسێنێت ئـەو نەریتـە فـەقیرەی رۆشـنبیری ئێمـە نیـە کـە خوازیـاری کـەمترین قـسەو کـەمترین راڤـەکردن‌و جیاوازییـە بەرامبـەر مـەوداو رەهەنـدەکانی دی‌و سەرسامە لەگۆڕانکارییەکانـداو دەستەوئەژنۆ بەرامبـەر دیاردەکـانی جیهان‌و هزری هاوچەرخ‌و جیهانگیری‌و راڤـەکردنی نـوێ بـۆ دنیـاو دیاردەکـان دانیـشتووەو هیـچی دیـاریکراوی نیـە بیلێـت‌و بیکـات‌و بیریلێبکاتەوە، لـەناوەوەڕا ئـەو ترادسیۆنە ئاستەکانی بیرکردنـەوەو گۆڕان‌و جیاوازییـەکانی خەفـەکردووەو گرفتـاری سەرلێشێواوییەکی گـەورەو خەمـساردییەکی بێئەنـدازەی کـردووە بەرامبـەر بـەخۆی‌و ئەوانی دی‌و هەڵکردن لەگەڵ سەردەمە نوێکانـدا. هاوکات لەدەرەوەڕا خـاوەنی گوتـارێکی جیـاوازی نیـە بـۆ ناسـینەوەو دۆزینـەوەی شوناسـێکی دیـاریکراو بۆخـۆی‌و نەریتـە داخراوەکەی، ئـەو تێکـستە پیرۆزانـەش دەرئـەنجام زیـاترو زیـاتر وەهمـەکانی لـەلا گـەورەتر دەکـات‌و دەیگەیەنێتـە ئاسـتێکی بێئەنـدازەی یۆتـۆپی‌و ئاسـتێکی گـەورەی بێئاگـایی بەرامبـەر دنیـاو دیـاردە فیکـری‌و فەلـسەفی‌و

ژیارییە نوێکان. بۆنموونە نەوەیەك لەرۆشنبیران هەیە بۆ ئەوەی لەوردەکارییەکان و راڤەکردنە جیاوازەکان و قولاییەکان خۆیان بدزنەوە هەڵئەسن بەدابینکردنی کەرەستەگەلێکی میدیایی بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی گەورەو مەسەلەی گەورە(بەلاّم بەبێ رەخنەو بەبێدەنگی)، وەك کێشە نەتەوایەتییەکان، ململانێ سیاسییەکان، ئەمنی قەومی، ئاین، دەسەلاّت، دەوڵەت، شەڕی ناوخۆ...تاد. بەڵێ ئەمەش بەو مانایە نیە کە قسە لەسەر ئەو بابەتانە نەکرێت، نەخێر ئەگەر قسەکردن لەسەر ئەو شتانە خوێندنەوەو ئاگاییەکی مەعریفی جیاوازی لەپشتەوە نەبوو، ئەگەر درۆیەکی گەورە لەدیووە نادیارەکانی ئەو دیالۆگەوە ئامادە بوو، ئەوا بەبێ روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم ئاستە رۆشنبیرییە، کەسانێکی بەناو رۆشنبیرمان دەستدەکەوێت کە بەرژەوەندیخوازن لەرووی سیاسی و ئابورییەوەو تارادەی ئەوپەڕی سەرلێشێواویی میتۆدی وتەزایەکی گەورەی بێئاگایی و گەمژەییمان دەستدەکەوێت، کە مەحاڵە دوورکەوتنەوە لەدەرئەنجامە خراپەکانی بەتایبەتی لەرووی رۆشنبیری و کارگێڕی و خراپ تێگەیشتن لەناعەدالەتی و بێ مافی و زۆرێك لەو رەهاگەراییەی کە دەسەلاّتێکی ناعدیلانە مافی رەوایەتی دیکتاتۆری و ستەمکاری دەبەخشێت بەخۆی و گرنتی بەردەوامبوونی خۆشی دەستەبەر دەکات. بێگومان ئەو ئاستی روانینە دوابەرهەمی بێدەنگییەکانە لەسەر زۆرێك لەوردەکاری و ئەو راڤەکردن و رەخنە پێویستانەی کە نەوەیەك لەنەوەکان ناتوانن خۆیان بدەن لە قەرەی و قسەی جدی لەسەر بکەن.

دەستەواژەیەکی میللیو کۆمەڵایەتی هەیە، بەردەوام لەکاتە جیاجیاکانی ڕخنەو نارێکیدا دووبارە دەکرێتەوە، ئەویش دەستەواژەیەکە لەڕووی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیەوە یەکێکە لەدەستەواژە پڕ ماناو دەلالەتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لەبەرئەوەی دەستەواژەیەکە لەدووسێ وشە پێکهاتووەو مانای تەواوەتیش دەبەخشێت، بەڵام لەم نوسینەدا ناگەڕێین بەدوای مانا دیارو شاراوەکانی ئەم دەستەواژەیەدا، لەبەرئەوەی مەبەستی ئێمە شتێکی دیکەیە، هەرچەندە دەستەواژەی ئەم نوسینە لەڕوویماناو مەبەستەوە زۆر نزیکە لەدەستەواژەی زلی بێ هونەر، بەڵام لێرەدا ئەم بەراوردەناکەین.

دەسەڵاتی بێ فەرهەنگ

حکومەت پێکهاتووە لەچەند وەزارەتو دەزگایەکی گرنگ کەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی هەمەلایەنیان هەیە بەژیانو گوزەرانو فەرهەنگو ڕۆشنبیریی هاوڵاتیانو کۆمەڵگەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە مەبەستی ئەم نوسینەوە حکومەتو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانە، هەڵبەت لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بوارەکانی ڕۆشنبیریو فەرهەنگیو پەروەردەیی کۆمەڵە بوارێکی گرنگن بۆ حکومەتو دەزگاکانی، لەبەرئەوەی بەردەوام لەڕوی زانستیو ئەکادیمیو گۆڕانکاریو گەشەپێدانەوە بایەخیان پێدەدرێت. لەو وڵاتانەدا بەلای حکومەتەوە گرنگە تۆ ڕۆشنبیر بیت یان هونەرمەند یان شانۆکار بیت، سینەماکارو دەرهێنەرو

وێنەکێش‌و گۆرانیبێژبیت، شانازی بە نوسەرو رۆماننوس‌و لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوەو ئەدیب‌و شاعیرو هونەرمەندەکانیانەوە دەکەن، هاوکات هەموو کارئاسانێکیان بۆ دەکەن، بەکردەوە ڕێزیان لێدەگرن بەزوترین کات کتێبیان بۆ چاپ دەکەن‌و ڕیکلامی گەورەی بۆ دەکەن، پاداشت‌و دیاری تایبەتیان پێدەبەخشن، هۆڵە ڕوناکبیری‌و هونەرییەکان دەخەنە خزمەتی ڕۆشنبیران‌و هونەرمەندانەوە وەك دەسەڵاتە نەخوێنەوارەکان چلەی ماتەمینی‌و بۆنەو مەراسیمی حیزبی تیا ناگێڕن‌و کۆبونەوەی ستایشسازی حیزب‌و موجامەلەی تیا بەرپاناکەن، تا کتێبی نوسەرە جیدی‌و سەربەخۆکان وەستابێت، کتێب بۆ پیاوانی حیزب‌و ئەلبومی رەنگاوڕەنگ بۆ سەرکردەکان چاپ ناکەن، پۆستەری دەموچاوی پڕ لەبەختەوەری سەرکردەکانیان بەتیراژی چەند ملیۆنی چاپ ناکەن، بەڵکە هەزاران کەرنەڤاڵ‌و ڤیستیڤاڵی سەربەخۆو جیدی‌و پڕ لەرێزو بایەخ بۆ بوارە جیاجیاکانی هونەر هەر لەهونەری وێنەکێشانەوە بۆ شانۆ، لەڤیستیڤاڵی سینەماوە بۆ پێشەنگای شکۆدارکردنی کتێب، هەرلە بڵاوکردنەوەی ئەلبومی گۆرانییەوە بۆ پەخشکردن‌و بڵاوکردنەوەی رۆمان‌و ئەدەبیاتی نوێ.

ئەوان وەك حکومەتە نەخوێنەوارەکان ڕۆشنبیران ناخەنە پەراوێزەوە، رق لەهونەرمەند هەڵناگرن، ئەوان سەرۆکی حکومەتەکەیان وەك سەرۆکی حکومەتە بێ هونەرەکان بیرناکەنەوە، ئەوان کە لێیان دەپرسن ڕۆماننوسەکان‌و هونەرمەندو ڕۆشنبیرەکانتان کێن، یەکڕا ناوی کتێب‌و بەرهەم‌و ناوی

ڕۆشبیرەکانت بۆ باسدەکەن، بەڵام کاتێك لەسەرۆکی حکومەتو حیزبەکانی ئەم کەلاوەیە دەپرسی چەند کتێبت خوێندۆتەوە.. ؟ دەڵێ هیچ ..کە پێیان دەڵێی گوێت لەچەند ئەلبومی مۆزیکو گۆرانی جاد گرتوە؟ دەڵێت هەر هیچ، چەند کتێبتان بۆ ڕۆشنبیرە جیدیو سەربەخۆکان چاپکردووە؟ دەڵێن نازانم (واتە هیچێکی تر).

کاتێك تۆی نیگەرانو رەخنەگر بەسەردان خۆت دەکەیت بە پەرلەمانی کوردستاندا، یەکڕا سەرنجت بۆ چەند شتێك دەڕوات: ..ئێمە سەردانی پەرلەمانمان کرد، بەداخەوە خۆزگە نەچوینایە. لەبەر ئەم هۆیانە: لەکاتێکدا سەرجەم پەرلەمانی جیهان وەك پێشەنگایەکی شیوەکاری لێهاتووە، دیوارو ڕاڕەوەکانیان بەچەندین تابلۆو پەیکەرو دیواربەندو نەخشەسازی مۆدێرن ڕازێنراوەتەوە، لەبەرئەوەی شوێنێکی زۆر دیارو ئاشکراو مۆدێرنی وڵاتە، هەر سەرکردەیەکی جیهانی، زوربەی شاندە سیاسیو ئابوریو رۆشنبیرییەکان سەردانی پەرلەمان دەکەن، سەرۆك پەرلەمانو ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتانە شانازی بە تابلۆو ئەو بەرهەمە هونەریانەوە دەکەن کە دیوارەکانی پەرلەمانیان ڕازانۆتەوە، ڕێزی خۆیان زیاتر دەبێت، بەوەی بڵێین وڵاتەکەمان هونەرمەندی شێوەکارو پەیکەرسازی بەتوانای تێدایە. لەهەموو پەرلەمانێکدا کتێبخانەیەکی نەتەوەی هەیە، ئەم دیاردەیەش ڕووی گەشی ڕۆشبیری ئەو نەتەوەیە پێشان دەداتو مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگاکەیان خاوەنی حکومەتو پەرلەمانێکن کە ڕۆشنبیریو هونەر لەلای ئەوان جێی بایەخێکی گەورەیە، لەژێر سایەی

دەسەڵاتە دواکەوتوو داخراوو نادیموکراتو نامۆدێرنەکاندا سەرلەبەری دەزگا ڕۆشنبیری‌و هونەری‌و فەرهەنگیەکان لەژێر ڕەحمەتی دەسەڵاتی حیزبو حکومەتو بەرپرسەکاندایە، هەر حیزبەو بۆخۆی خاوەنی دەزگایەکی بەناو ڕۆشنبیریی حەزینە، خۆی بەخاوەنی ڕۆشنبیری دادەنێت، زۆربەی بەرپرسەکان بۆئەوەی ڕووی گەشی ناعەدالەتی‌و نابەرپرسیاریێتی‌و گەندەڵی خۆیان بشارنەوە هەڵدەستن بەدەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو کردنەوەی تەلەفیزیۆن‌و سایتی ئینتەرنێت، زوربەیان خۆیان کردووە بە سەرپەرشتیاری وەرزشی‌و سەرۆکی یانە وەرزشییەکان، هەندێکیان بیر لەوە دەکەنەوە تەلەفزیۆنێك یان ڕادیۆیەك تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ پەخشکردنی کۆبونەوەی تێروتەسەل، مەراسیمی چلەو ماتەمینی، سەردانی تەعزێکان‌و باوەشکردن‌و دەستلەملانکرندی سەرۆك خێڵ‌و عەشیرەتو دیوەخانەکان بۆ پەخشکردنی زەردەخەنە پڕ لە گاڵتەجاڕییەکانیان بەرامبەر کۆمەڵگەو بۆ پەخشکردنی ئەو گۆرانیە بەحساب داواکراوانەی کەخۆیان حەزیان لێیانەو تامەزرۆی ئەوەن ڕۆژی لەڕۆژان ببن بەگۆرانیبێژو کچان ماچیان بۆ هەڵبدەن.

کۆنترۆڵکردن‌و خاوەنداریێتیکردنی دەزگا ڕۆشنیرییەکان لەلایەن حیزبو دەسەڵاتەوە، واتە داگیرکردنی ڕۆشنبیری‌و هونەر، مانای ئەوەیە کە من خاوەنی هەمووشتێکم تۆ خاوەنی هیچ، من شارەزای هونەرو ڕۆشنبیرییم‌و تۆی خوێنەوارو ڕۆشنبیر موحتاجی دەستو مەلحەمەتی منی دەسەڵاتی، مانای ئەوەیە دەسەڵات ئیتر بەمەزاجو

بێ زەوقی خۆی کتێب بۆ نوسەرەکانی خۆی چاپدەکاتو ئەلبومی مۆزیكو گۆرانی بۆ هونەرمەندەکانی خۆی بەزۆرترین تیراژو ریکلام بلاودەکاتەوە. هاوکات ئەو دەزگا حیزبییە بەناو رۆشنبیریانە سەدانجار دیوانە شیعری پڕلەستایشو پڕ لەپیاهەڵدان بۆ شاعیرەکانی خۆیان چاپدەکەن، بەلام هیچ شاعیرێکی تر بۆی نیە دێرێك لەشیعرەکانی بکات بەکتێب لەدەزگاکەی ئەودا.

هاوکات ئەم دەزگایانە پردەکرێن لەدیکتاتۆری بچوكو خنجیلانە بۆ کۆنترۆلکردنو بێبایەخکردنی رۆشنبیریو هونەر، دەسەلات لەم فەرهەنگە هەژارەدا هەڵدەستێت بەدیاریکردنو دەستنیشانکردنی جۆرێك لەنوسەرو هونەرمەند کە بێئەندازە ستایشکارو هوتافکێشو دەربارن، دەبێت بێسنور گوێڕایەڵو بێدەنگ بن، پێویستە گەورەترین قسەنکەرو بچوکترین گوێگربن، دەبێت بەڵین بدەن کەکتێب بۆ نوسەرە جیدییەکان چاپ نەکەن، ئەگەر چاپیشیان کرد پێویستە بەکەمترین تیراژو بێ ریکلامەترین کتێب بێتو بێئەندازە وادەی چاپکردنو بلاوکردنەوەی دوابخرێت.

بەداخەوە سەرلەبەری دەزگا حکومیو حیزبیو رۆشنبیریەکانو وەزارەتو پەرلەمانیش هێندەی پڕە لەوێنەی سەرکردەکان، تابلۆی شێوەکارێك نابینیت ئەو دیوارانە بە رامانو روانینو تەماشاکردن برازێنێتەوە، کتێبخانە بچوکەکانیان هێندەی پڕە لەنامیلکەی حیزبیو رۆژنامەی زەردهەڵگەراوی چەندین ساڵ لەمەوبەرو پڕ لەبۆکس فایلی نەکراوەی تۆزلێنیشتوو، هێندە رۆمانێکی جیدی، کتێبێکی شیعیر یان کتێبی ئەو نوسەرە جیدیانەی کە هەزاران

خوێنـــەریان هەیـــە تیایـــدا بـــەدی ناکـــەیت، ئاســـتی فەرهـــەنگیو ڕۆشـــنبیری پیـــاوە سیاســـیو حکـــومیو بەرپرســـەکانی ئـــەو دەزگـــا ڕۆشـــنبیریو هونەریانـــە لەئاســـتی ســـفری ڕۆشـــنبیری دایـــە، وەك بـــەختیار عـــەلی دەڵێـــت ئاســـتی ڕۆشـــنبیریان لەخوێندنـــەوەی ڕۆژنامەکانی خۆیـان تێناپـەڕێت، هەنـدێکیان بێجگەلـە سەیرکردنی کەناڵـەکانی سـەتەلایت، فرپـان بـەگوێگرتن لـەمۆزیكو هونـەری جیدییەوە نیـەو بێجگەلـەو خولیایـە هیـچ خولیایـەکی دیکـەی وەك خوێندنـەوەی کتێـبو گرنگیـدان بـە ڕۆشـبیریو هونـەریان نیـە، سـەرباری هـەموو ئـەو کەموکوڕییـە گـەورە مەعریفیانـە ڕێگرێکـی گەورەشن لەبەردەم کاری جیدیو شاکاری گـەورەو خـەونی گـەورەو دنیابینی جیاوازدا، هاوکات دەزگاگەلێکی هەژارن لەرووی مەعریفیو ئەکادیمییەوە، دەرەنجام هێندەی کاردەکەن بۆ شێواندنی ئـەو ئاسـتە ژیارییـە ڕۆشـنبیرییە، هێنـدە خـاوەنی پڕۆژەیـەکی جیـدی نـین، پڕۆژەکـانی ئـەو دەزگایانـە هێنـدەی پڕۆژەگـەلێکن بـۆ کـاولکردنی ڕۆشـنبیریو هونـەریو وێرانکردنـی فەرهـەنگو بێبایـەخکردنی ڕوانینـی مـۆدێرن، هێنـدە دەزگاگـەلێك نـین بـۆ بەرهـەمهێنانی گوتـارێکی جیـاوازی مـەعریفیو ڕۆشـنبیری. هێنـدەی پڕۆژەیـەکی گـەورەن بـۆ بێبایـەخکردنی نوسـینو کتێـبو هونـەرو ڕەخنـەو قسەکردن، هێنـدە پڕۆژەیـەکی بچوکی مۆدێرن نـین بـۆ گەڕانـەوەی بایەخو جیدیەت بۆ کارو ئەرکی ڕۆشنبیری.

دەسەڵاتە کۆشندەکان چێژ لـەڕۆتینو داگیرکـردنو خاوەنـدارێتی دەبینن، چێژ لـەوێرانکردنی هونـەرو ڕۆشـنبیری دەبیـنن، شاگەشکە

دەبن کاتێك دەزگا رۆشنبیریو هونەرییەکان دەکەن بە بارەگایەکی حیزبی، تاسەرئێسك شەیدا دەبن بە کردنەوەی سەدان مزگەوتو کەنیسەو بارەگای حیزبی، ئەتریقێنەوە بەوەی کە زانکۆکانو پەیمانگاکانو قوتابخانەکانو دائیرە حکومییەکان پڕبکەن لەدۆستو ئەحبابی حیزب. یەکێك لەهیوایەتە گرینگو پڕبایەخەکانی ئەم جۆرە حکومەتانە مەرگدۆستیە، واتا تامەزرۆی چلەی ماتەمینی سەرکردەو شۆرشگێرو نوسەرو هونەرمەندەکانن، هیوایەتیان ئەوەیە کاتێك کە نوسەرەکان دەمرن، یەکرا دوای مردنیان کتێبیان بۆچاپبکەن، دوای مردنی هونەرمەندەکان پیشانگەی گەورەیان بۆ بکەنەوە، هیوایەتیان ئەوەیە لەریزی پێشەوەی تەعزێکاندا دانیشن، یەکێك لەو ئەخلاقە دواکەوتوانەیان بریتییە لەشکۆدارکردنی رابردوو، سازدانی کەرنەڤاڵو مەراسیمی گەورە بۆ پیاوە تۆزلێنیشتووەکان، هەڵواسینی وێنەی سێ بەچواری رابردووی خۆیان، کردنەوەی سەدان مزگەوتو دیوەخانو دەزگای حیزبی لەلایەن حکومەتو حیزبو سەرکردەکانەوە، کە هەموو ئەم فیعلانە بەڵگەی نەخوێنەوارییەکی گەورەوگرانە بە دنیای مۆدێرنو شارستانیەت. بەڵگەیە بۆ بێبایەخکردنی فەرهەنگو رۆشنبیریو دنیابینی مۆدێرن، هەوڵگەلێکی ناتەندروستو ناشارستانین بۆ کوشتنی خەونو روانینو دنیابینییەکانو چەواشەکردنی کۆمەڵگەو بچووککردنەوەی دنیا بۆ تاکەیەك حیکایەتی دووبارە، بۆ بارەگایەکی حیزبی، بۆ دنیابینییەکی کۆنەپەرستانەی ئیفلیج لەرووی ئەکادیمیو زانستیو فەرهەنگیو ئابوورییەوە.

جەهل و دەسەڵات

دەسەڵاتی داخراو/ دەسەڵاتی کراوە

"لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا هەر تاکەکسێك
دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە
لەگیرفانی خۆیدایە." مارکس

بۆئەوەی قسە لەسەر دیموکراسی بکەین، بۆئەوەی باس لەدنیای مۆدێرنو کۆمەڵگەیەکی کراوە بکەین، بۆئەوەی لەدروشمە رەنگاڵەییەکانی دیموکراسیو مافە مەدەنییەکان دووربکەوینەوە، بۆئەوەی بەخەیاڵێکی ئایدۆلۆژی یان حیزبی یان مەزهەبی ئەو چەمکانە وەرنەگێڕینە سەر دنیای خۆمانو بیکەین بە هوتافکێشانو قسەی زل، دەبێت بەرلەهەرشتێك بگەڕێینەوە سەر جیاکردنەوەی ئەو تێکەڵکردنە نالۆژیکییەی هەردوو چەمکی دیموکراسیو دیکتاتۆریی، بەواتایەك بەبێ تێگەیشتن لەو دنیا داخراوەی کە بەرهەمی ئەو دەسەڵاتانەن لەدنیادا، قسەکردن لەدیموکراسیەت لەگێڕانەوەی حیکایەتێك دەچێت، لەبەرئەوە

بۆئەوەی دوربکەوینەوە لەحیکایەتەکانی دنیای مۆدێرن‌و کەمێك نزیکببینەوە لەلایەنە پراکتیکی‌و کردارییەکانی دنیای مۆدێرن، دەبێت ئەو دروشمە بەتالآنە قبوڵنەکەین کە لەرێی ئایدۆلۆژیاکان‌و حیزبە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە داخراوەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، لەبەرئەوەی بانگەشە بۆ دنیای مۆدێرن هەموو شتێکە بەس دروشم نیە، ئەوەی دەبێتە دروشم‌و هوتافکێشانی بەتاڵ دەبێت بە درۆیەکی گەورەو حیکایەتی رامکردنی کۆمەڵگە.

دیموکراسی لەسەر بنەمای وتوێژی ئازادو قەناعەتپێکردن‌و دیالۆگ دامەزراوە. جەختکردنی دیموکراسی لەسەر دیالۆگ‌و بەتەنها قایلبوون نیە بەجیاوازی بیروڕاو جیاوازی بەرژەوەندییەکان لەزۆربەی پرسە سیاسیەکاندا، بەڵکە ئەوەش دەردەخات کە دەبێ بۆ دەربڕینی ئەو جیاوازیانەو گوێگرتن لێیان رێز دابنێن. کەواتە پێش گریمانەی دیموکراسی قبولکردنی هەبونی فرەیی‌و جۆراوجۆریی کۆمەڵگەو یەکسانی هاولآتیەکانێتی‌و، کاتێکیش ئەو جۆراوجۆرییە دەردەکەوێت کە کێشەکان بە ڕەوشێکی دیموکراسیانە چارەسەر دەکرێن، واتە لەرێگەی وتوێژو قەناعەتپێکردن‌و سازشکردن نەوەك بەداسەپاندنی ملهوڕانەی باوەڕ یان دەرخستنی دەسەلآت.

ئازادیە سەرەتاییەکان

دیموکراسی پارێزەری ئازادییە سەرەتاییەکانە. ناکرێ وتوێژی ئازاد وەك میتۆدێك بۆ دەربڕین‌و چارەسەرکردنی کێشە

کۆمەڵایەتییەکان بەبێ هەبونی ئەو ئازادییانە بەدیبێت کە لەیاسای مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا رەچاو دەکرێت. ئەم مافانە بریتین لە:

ئـــازادی رادەربــــڕین، ئــــازادی کۆڕوکۆبونــــەوەکانو ئاسایـــشی تاکەکەسو ئازادی سەفەرو کۆچکردن، ئـازادی بیروڕاو بیرکردنـەوە، چالاکی فەرهـەنگی، ئـازادی داواکـردنو لێپرسینەوەو دورسـتکردنی فـشارو داکـۆکیکردنو خۆپیـشانداندو رێپێـوانو مـانگرتن، ئـازادی دروستکردن گروپی فەرهەنگیو سیاسیو ئابوریو رۆشنبیری...تاد

دیموکراسـی دەتوانێـت پـشتیوانی پاراسـتنی ئـەم مافانـە بکـات، چـونکە هـەبونی ئەوانــە بـۆ پاراسـتنو مانـەوەی دیموکراسـی زۆر پێویـستەو، ئــەو مافانــەش لەباشــترین دۆخــدا دەســتەبەرکەری گەشـەکردنی تاکـەکانی کۆمـەڵو دەبنـەهۆی دروسـتبونی روحیـەتی بڕیـاردانی بەکۆمـەڵ کـە خۆیلەخۆیـدا پێوەرێکـە بـۆ دیـاریکردنی بەهاداریی بەڵگەهێنانەوەکانو بەڵگە جۆراوجۆرەکانو شکاندنی ئەو تەوقە داخراوەی دەسەڵاتو ناوەندەکانی بڕیار.

هەڵبژاردن وەك گەمەیەکی درێژخایەنو پەکخستنی هێزی رایگشتی

کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە:

سـادەترین وەڵام بـۆ ئــەم پرسـەی سـەرەوە ئەوەیـە کەسیـستمی پەرلەمانی باشترین سیستمە کـە تائێـستا بـۆ کـۆنترۆڵکردنی دەوڵەت گەلاڵە کراوە، ئەویش لەهەلومەرجێکدا کە ڕێژەی دانیشتوان دەگاتە

چەندان ملیۆن‌و خەڵکیش دەرفەتی ئەوەیان نیە بەشێوەیەکی بەردەوام هەموو کاتی خۆیان بۆ پرسە سیاسیەکان تەرخانبکەن. ئەم تیۆرە پێیوایە کە لەم سیستمەدا خەڵکی لەتەك هەڵبژاردنی سەرۆکی حکومەت (سەرەك کۆمار یان سەرەك وەزیران)و هەڵبژاردنی ئەندامانی دەسەلاتی یاسادانان، دەتوانن چاودێری حکومەت بکەن، چونکە پەرلەمان بەکەڵکوەرگرتن لەدەسەلاتی خۆی بۆ پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی یاساکان‌و شێوەی داراییبەندی، دەتوانێت بەردەوام لەرێی خەڵکییەوە چاودێری حکومەت بکات. ئەمەی باسمان لێوەکرد تەنها ستانداردێکی جیهانییەو لەدنیای مۆدێرن‌و لەنێو کۆمەڵگە کراوەکاندا کاریگەری خۆی هەیە، بەلام پەرلەمان لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا یان تەمەڵخانەیەکی گەورەیە، یان دەزگایەکی کارتۆنییە، هاوکات حکومەت‌و دەسەلاتی جێبەجێکردنیش حساب بۆ هاولاتیان ناکەن‌و زیاترو زیاتر لەهەوڵی بچوکردنەوەی ژیانی مەدەنی‌و جیاوازییەکاندان.

رایگشتیی

گەرچی هەڵبژاردن سەرەکیترین ئامرازە کە خەڵکی لەرێگەی ئەوەوە ئازادی بریاردان سەبارەت بە سیاسەتەکانی حکومەت لەسیستمێکی پەرلەمانیدا بەدەست دێنێت. بەلام تاکە ئامرازیش نیە. بۆنمونە خەڵکی لەسیستمە دیموکراسیەکاندا دەتوانن بۆ تێکۆشان لەدژی گۆرین یان نەگۆرینی یاساکان پەیوەندی بە ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانەوە بکەن، یان ببنە ئەندامی حزبە

سیاسیەکانو هەروەها دەتوانن بەتایبەت دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نوێنەرەکانیاندا بسەپێنن. حکومەتەکانیش ئەرکی سەرشانیانە بەنۆبەی خۆیان لەتەك کەسانێکدا کە سیاسەتەکانی حکومەت کاریگەرییان لەسەر دادەنێت، یان لەتەك ژمارەیەك لەخەڵکی وەك نمونەی ئەو کەسانەی کە دەنگیانداوە گفتوگۆو راوێژ بکات. بەکردەوە جگە لەژمارەیەکی کەم لەحکومەتە هەڵبژێردراوەکان ئەوانی دیکەیان لەکاتی دەرکەوتنی رایگشتیدا لەئەماندا نین. رایگشتی بەشێوەیەکی بەردەوام لەرێگەی دەرئەنجامی راپرسیەکان یان لەرێگەی چاپەمەنیو رادیۆو تەلەفزیۆنەوە بەحکومەت دەگەیەنرێت، بەڵام دواجار کارامەبونی تەواوی ئەم کەناڵە کۆنترۆڵکراوانەی خەڵکی بەندە بەکارامەبونی پرۆسەی هەڵبژاردنو راپرسیو گەڕانەوە بۆ رایگشتی، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریدا یان تۆتالیتاری وەك سەردەمی هێتلەرو مۆسۆلۆنیو ستالینو بینۆشیەو سەدام حوسێندا نەك هەر بوونی نەبووە، بەڵکە ئەو دەسەڵاتانە بە وردی کاریان لەسەر کوشتنی فەردانییەتو رایگشتیو رۆحی مرۆڤ کردووە، بەردەوام لەهەوڵی سڕینەوەی جیاوازیو دنیابینییە جیاجیاکاندا بوون.

حکومەتەکان تەنها لەکاتێکدا بەجددی بایەخ بەرای گشتیی دەدەن، کاتێك دەگەنە ئەو باوەڕەی کە بزانن لەکاتی گوێ پێنەدانیان بەم بیروڕایە، لابردنیان لەسەر پۆستەکانیان شتێکی حەتمییە. ئەم گوێگرتنەش کاتییەو هەوڵێکە بۆ چەواشەکردنی هێزە مەدەنییەکان.

قبوڵکردنی جیاوازی

دیموکراسی بەبێ قبوڵکردنی جیاوازییەکان دەرئەنجامێکی پێشکەوتوی شارستانی نابێت، کۆمەڵگای مۆدێرن ئەو کۆمەڵگەیەیە کە یەکتر قبوڵکردنو ئازادی رادەربڕینو رایگشتیو جیاوازییە فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو رەگەزیو نەژادییەکانی تیادا قبوڵدەکرێت، بوارێکی کراوەو بەرفراوانی ژیاری لەئارادایە بۆ سەرجەم چینو توێژو دەستەو گروپە جیاوازەکان، بۆیە بەبێ گفتوگۆو دیالۆگی شارستانیو فەرهەنگی لەنێوان ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییە جیاوازانەدا ئەرکێکی گەورەی مەدەنیو دیموکراسی سەرلەبەری رێکخراوو ناوەندو هێزە مەدەنییەکانە.

ئەورۆکە کۆمەڵگەی عێراقی لەڕووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو مەزهەبیو ئیتنییەوە لەساتەوەختێکی زۆر جیاوازو ئاڵۆزو ناهەمواردا دەگوزەرێ، ئەگەر بەخێرایی بگەڕێینەوە بۆ ئەو فلاشباگە سیاسییەی کە عێراقی سەردەمی دیکتاتۆریەتی پیادا تێپەڕیوە، ئەوا ناتوانین بڵێین دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکی دیموکراتیو مەدەنیو مۆدێرن بووە، لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتەی لەعێراقدا هەبووە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریو تۆتالیتاری بووە، دەسەڵاتێك بووە بۆ بە ئۆردوگاییکردنی کۆمەڵگاو بەزیندانیکردنی کۆمەڵگاو جینۆسایدو مۆنۆپۆلیزەکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابوریو سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئیتنییەکانو دەسەڵاتێك بووە بۆ بچوکردنەوەی کۆمەڵگاو شارستانییەتو ناوەندەکانی ژیان، دەسەڵاتێك بووە بۆ بەزەبر

هێشتنەوەی ئەو هێزە خەفەکراوەی قبوڵنەکردنی جیاوازییەکانو ئەو نابەرابەرییە کولتوریو ئیتنیو مەزهەبییەی کە بە زەبری چەكو زیندانو مۆنوپۆلیزەکردنو جینۆساید راگیرابوو، ئەوڕۆکە پاش روخانی رژێمی دیکتاتۆرو نەمانی ئەو دەسەڵاتە کاریزمییە، ئەو زەبرو زەنگە سیاسیو کولتورییە نەماوە بۆ خەفەکردنو لەناوبردنی جیاوازییەکانو یەکترقبوڵکردن، بەڵام ئەم بارودۆخە هێندە گەشبینانە نییە، پاش خەفەکردنی سەرجەم ئەو جیاوازییە فەرهەنگیو ئیتنیو مەزهەبیانە لەماوەی ئەو (35)ساڵەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرو تۆتاتلیتارییەدا چەند خۆشبەختانەیە بۆ ژیانێکی ئازاد هێندەش بارودۆخێکی ئاڵۆزو ناهەموارە بۆ یەکتر قبوڵکردنو دیالۆگی شارستانیانە، چونکە ئەو دەسەڵاتی زەبروزەنگەی دیکتاتۆری بەزەبرو مەرگو زیندانییکردنو بەماشێنکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگەی عێراقی جیاوازییە ئیتنیو کولتوریو مەزهەبییەکانی خەفەکردبوو، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێت پاش نەمانی ئەو زەبرە سیاسییە هێزە جیاوازە فەرهەنگیو مەزهەبییەکان دێنە ئاراوە، سەرجەم مەزهەبو هێزە کولتوریو ئیتنیو حیزبییەکان دەکەونە ململانێوە، هەڵبەت چەمکی ململانێش لەناوچە داخراو و دواکەوتوەکانی دنیادا، زیاتر گوزارشت لەیەکتر قبوڵنەکردنو نالێبوردەییو دەسەڵاتی زاڵبوونو حساب نەکردن بۆ ئەوی بەرامبەر دەکات. لەبەرئەوە بۆئەوەی ئێمە زیاترو زیاتر ئەو روحییەتی یەکتر قبوڵکردنەو ئەو تێزی ململانێ شارستانییە سیستماتیزە بکەین دەبێت کار لەسەر دروستکردنی ئەو روحیەتە بکەین لەڕێی هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیو هەڵسوکەوتی شارستانیو

یەکتر قبوڵکردن و لێبوردن و دروستکردنی دیالۆگی مەدەنیانەو دیموکراسیانە لەنێوان مەزهەبە جیاوازەکان و کولتورو رەگەزو نەژادە جیاوازەکان. بەڵام ئەم پرۆسەیە لەکۆمەڵگەیەکی داخراودا کە پڕە لەهێزی دۆگماو نادنیابینی و تایەفەگەری و سەلەفیەت و تیرۆرو بازرگانی سیاسی و عەقڵی داخراو و عەشیرەو قەبیلەی تەوتەمی و ناوەندو دەزگای میلیشایی و بوونی سەدان هەزار دیکتاتۆری بچوك مەحاڵە، تادەسەڵات نەگاتە قەناعەتێکی زانستی بەدیموکراسییەت، تا کۆمەڵگەش نەگاتە بارێکی گەورەی بەرپرسیارێتی نە جیاوازییەکان قبوڵدەکرێت، نە دەسەڵاتە داخراوەکانیش بەرەو کرانەوە دەڕۆن.

هاوڵاتیان و دەسەڵات

لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی حکومەدا پەیوەندییەکی هەمەلایەن هەیە، کە پەیوەستە بە جۆری سیستمی حوکم و شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامودەزگاکانیەوە، هاوکات هاوڵاتیانیش بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەستن بەحوکمەت و دامەزراوەکانییەوە.

دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە هاوڵاتیان بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا دابەشبوون، کەسانێك مامۆستان، هەندێکی دیکە کرێکار، خوێندکار، جوتیار، فەرمانبەر، ئەفسەر، پۆلیس، کارمەندی دەوڵەت، سەرباز، پیاوانی ئاینی، هونەرمەند.... تاد؛ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دەوڵەت و دەسەڵات و سیستمی حوکمەوە هەیە، لەبەرئەوە لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کەهەموو یەکێك لەئێمە بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندیمان

بەدەوڵەتــەوە هەیــە. ســەرباری ئــەوە ئێمــە وەك مــرۆڤ بونــەوەرێکی کۆمەڵایەتین، لەبەرئەوە ئێمە لەڕووی کولتوری و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و شارســـتانیەوە پەیوەندیــەکی ئــەوتۆمان هەیــە بــەژیان و گــوزەران و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەوە هەیـە، هاوکـات هـەموو کۆمەڵگەیـەك لـەدنیادا خاوەنی خاك و نیشتمان و زمانی هاوبەشی خۆی و سیستمی بـەڕێوەبردنی خۆیــەتی، ئێمــەش بەشــێکین لــەجیهان، کەواتــە ئێمــە هاوڵاتیــەکی ناوچەیەکی دیـاریکراوین و هاوڵاتیـەکی جیهانیـشین، لەبەرئـەوە هـەموو یــەکێك لەئێمــە خــاوەنی مــافی هــاوڵاتیبون و مافــە شارســتانیەکانە، کــە پێویستە هـەموو هاوڵاتیـەکی شارستانی ئـەو مافانـەی هـەبێت و داکۆکی لێبکـات، هـەروەها دابینکردنــی ئـەو مافانـەش بەپلـەی یەکـەم دەکەوێتـە سەرشانی دەوڵەت و دامودەزگا خزمەتگوزاری و ئابوری و ژیارییەکانی.

لێــرەوە ناکرێــت ئــەوە لەیادبکــەین کــە ئــەو دەوڵەتانــەی رژێمێکــی دیکتاتۆری و ستەمکاری دەیبات بەڕێوە، هاوڵاتیـان تیایـدا بـچوکترین مـافی هــاوڵاتیبونی خۆیــان نیــە، بۆنمونــە تــەواوی هاوڵاتیــان بەشــێوەیەك لەشـێوەکان دەچەوسـێنەوە، ئـەو چەوسـانەوەیەش بەتـەنها بـریتی نیـە لەچەوسـانەوەی جەسـتەیی، بەڵکـە پێکهـاتووە لەچەوسانەوەی ڕۆحـی و دەرونــی و پێــشێلکردنی مافــەکانی تاکەکــەس و هاوڵاتیــان بەگــشتی و ستەمکاری و خەفـەکردنی ڕایگـشتی هاوڵاتیـان و چەوسـانەوەی ئـابوری و فەرهەنگی و چەوسانەوەی شارستانی.

لەبەرئــەوە هــەموو یــەکێك لەئێمــە بەرپرســیارە بەرامبــەر مافــەکانی هــاوڵاتیبونی خــۆی و تــەواوی هاوڵاتیــان، هاوکــات بەرپرسیاریشین بەرامبـەر حکومـەت و گۆڕانکارییـەکان، کەواتـە ئـەو

پـردی پەیوەندیـەی کـە لـەنێوان هاوڵاتیـان‌و دەوڵەتـدا لەئارادایـە وەستاوە لەسەر بەرپرسیارێتی حکومـەت‌و دامودەزگاکـانی بەرامبـەر هاوڵاتیـان‌و دابینکردنـی مافـە بنـچینەییەکانی هاوڵاتیـان‌و ئـەو بەرپرســیارێتیە دولایەنــەی کــە لــەنێوان هاوڵاتیــان‌و دەوڵەتــدا دروسـتدەبێت بۆ بەرهـەمهێنانی پەیوەندیـەکی تەندروسـت‌و شـیاو، لێرەدا ناکرێت ئەوە لەیادبکەین کە ئەگەر حکومەت گوێ لەڕایگشتی هاوڵاتیـان نـەگرێت‌و لـەوەش خـراپتر بـەدەنگ ڕەخنـەو داواکـاری‌و پێویستیەکانی هاوڵاتیانەوە نەچێت‌و خۆی بە بەرپرسـیار نـەزانێت، دەرەنجـام شـتێك نامێنێـت نـاوی پـردی پەیوەنـدی بێـت لـەنێوان هاوڵاتیــان‌و دەوڵەتــدا، هاوکــات ئــەم گوێپێنەدانــەی حکومــەت‌و دامودەزگاکـانی ڕێخۆشـکارێکی باشـە بـۆ لـەدایکبونی دیکتاتۆرەکـان‌و گەندەڵی ئیداری‌و بەڕێوەبردن.

دواجـار دیموکراسـی تـەنیا پرۆسـەیەکی حکـومکردن نیـە، واتـە تەنها بەڕێوبردنێکی کارگێڕیی دەوڵەت‌و دامـەزراوەکانی نیـە، بـەڵکو دیموکراسـی لـەناخی خۆیـدا سیـستمێکی یاساییشە. یاسـا توخمێکـە لەپێویــستیەکانی دروســتکردنی پرۆســەی بــە دیموکراســیکردنی دەوڵــەت‌و دابینکــردن‌و داکــۆکیکردن لەمافــەکانی هاوڵاتیــان‌و دروسـتکردنی ئـەو پـردی پەیوەندییـە مـۆدێرن‌و تەندروسـتەی کـە پێویــستە لــەنێوان هاوڵاتیــان‌و دەوڵەتــدا دروســتبێت. هاوکــات حکومــەتی مــۆدێرن ئــەو حوکمەتــە شــەفاف‌و عادیلەیــە کــە لەهاوسەنگییەکی دروستدا کلێشەیەکی دەستوری‌و یاسـایی‌و مـەدەنی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی هاوڵاتیان‌و پاراستنی مافە مەدەنی‌و سیاسـی‌و

فەرهەنگیو كۆمەڵایەتیو ئابورییەكانی تاكەكەسو كۆمەڵگە. هەر كەموكورییەك هەبێت لەم هاوسەنگییەدا كلێشەكە تێكدەچێتو ئاڕاستەی كاركردنی دەوڵەت یان بەرەو ستەمكاریی یان بەرو ئۆلیگاریشی یان بەرەو دیكتاتۆری ملدەنێت.

ئەو دەسەڵاتەی بەردەوام لەهەوڵی داگیركردنی پانتاییەكاندایە بۆ كۆكردنەوەی هێزەكانو بەكاربردنی ئەو هێزانە لەكارگەلێكی پراكتیكی ژیاریدا بۆ خاوەنداریێتیكردنی سەرلەبەری ژیانو سەرچاوە ئابوریو فەرهەنگیو سیاسییەكان، هەڵبەت ئەو دەسەڵاتە ستەمكارە تەنها لەسەر ئەوە رانەوەستێت، بەڵكە خۆی دەكات بەتەواوی كەناڵە جیاوازەكاندا، بەواتایەك ئەو خۆی دەكات بەناو كۆمەڵگەو دامودەزگاكانداو خۆی دەكات بە ناوەندە هەستیارەكانی بەڕێوەبردنو كارگێڕیو ژیانی رۆژانەی مرۆڤەكانو گروپو كۆمەڵەكان، هاوكات تەواوی كایەو پێكهاتەكانیش بێبەش نابن لەكاریگەرییەكانی هێزو ئەركی پراكتیزەكردنی دەسەڵات لەسەر رووبەرە جیاجیاكانی ژیانو كولتورو ئاینو هۆشیاری گشتیو میدیاكانو سەندیكاو دامەزراوەكانو تاكەكەسەكان. بەمپێیە ئەوەی دەسەڵات دەخاتە بەرگێكی دیكەی راڤەكردنەوە ئەو كلێشە نوێیەی دنیای مۆدێرنەیە بۆ هەژمونگەری دەسەڵاتو دەسەڵاتی هەژمونگەر لەسەردەمی سەرمایەداریو دنیای نویو سەرمایە جیاوازەكان، هاوكات كاتێك باس لەپراكتیزەكردنی دەسەڵات دەكەین لەخانەو پێكهاتەكانو ئەو ئاستە ژیارییەی كە لەبەریەككەوتنێكی سەرتاسەریدا دەگوزەرێت، ناكرێت باس لەدنیابینییە جیاوازەكانو

ئـــەو جیاهانبینییـــە نەکەیـــەن کـــە لـــەدەرەوەی ئـــەو ستراکـــچەرە داخراوانەو لەدەرەوەی دەسەڵاتە نەریتییەکانو لەدەرەوەی کۆمەڵگە داخراوەکـــان روانینێکـــی دیکـــە گەڵاڵەدەکـــەن بـــۆ رەنگرێـــژکردنی ئاستێکی دیکەی شارستانی کراوەتـرو جیاوازتر لـەوەی کـە هەیـە، بەواتایەك رازیبوون بە سنوری دنیا داخراوەکانی خۆت رازیبوونیشە بەو قەدەرەی کە دنیاکانی ترو خەیاڵگەکانی تر لەدەسەت دەدەیت.

بۆ نوسینی ئەم وتارە سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1/ئالان تۆرین ، دیموکراسی چییە

2/ئاسۆ جەبار، کۆمەڵگەی مۆدێرن

3-دیموکراسی چییە، دیڤید بێتهام، کوین بۆیل

رایگشتی و دەسەڵاتی داخراو

"دیموکراسی دەستپێکەری مێژوویەکە کە مرۆڤ تیایدا لەوپەڕی گوماندایە لەبارەی بنەماکانی دەسەڵات، یاساو مەعریفەوە، هەروەها بنەماکانی پەیوەندی یەکێك بە ئەوی دیکەوە لەگشت شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا." رامین جەهانبەگلو

کەواتە تاکەکەس ئەو خودەیە کە هەڵسوکەوتو رەفتاری لەنێوان ویستی ئازادیو پەیوەستبوون بە رۆشنبیریو بانگەشە بۆ عەقڵ کۆدەکاتەوە؛ هەروەها دەبێتە کۆی ئەم سێ بنەمایە: بنەمای تاکەکەسایەتیو بنەمای تایبەتمەندیو بنەمای کۆمەڵگەیەتی.[5]، دنیای مۆدێرن دنیای مرۆڤە جیاوازەکانە، دنیای یەکلایکردنەوەی ئازادییەکانی مرۆڤو بەبەرستەکانی بەردەم هەموو ئەو ئازادییانەیە، دنیای پرسیارە گەورەکانە لەدیموکراسیو مافە مەدەنییەکانی هاولاتیو دنیای خۆشگوزەرانی زیاترو دنیای کاڵبونەوەی سیستمی دیکتاتۆریو تۆتالیتاری، هاوکات دنیای گرنگیدانە بە مرۆڤو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، دنیای پەیوەندیو کرانەوەو تێکەڵاوبونی

---

[5] ئالان تۆرین، ماهیة الدیموقراطیة، ل

فەرهەنگەکانە. هەڵبەت لەڕووی کرداریشەوە دنیای پراکتیزەکردنی سەرجەم ئەو چەمکانەیە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە دیموکراسیو شەفافیەتو کۆمەڵگەی مەدەنیو کرانەوەو قبوڵکردنی جیاوازیو خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ مرۆڤو دڵنیاکردنەوەی لەژیانێکی ئاسودەو تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو تاکەکەسی باشتردا.

ئالان تۆرین لەبارەی پەیوەندییە فەرهەنگیو دیموکراسییەکانی تاکەکەسەوە کار لەسەر کلێشەیەکی دیکە دەکات، هەڵبەت یەکێك لەو تێزە گرنگانەی کە هاوڵاتی دانامالێت بۆ تەنها کۆمەڵە مافێکی دیاریکراو تێزەکەی ئەم بیرمەندەیە، لەبەرئەوەی ئەو پێیوایە خاڵیکردنەوەی مرۆڤ لەهەر گۆڕانو وەرچەرخانێکی گەورەو لەهەر خەونێکی جیاواز بۆ ژیانو شارستانیەت، واتە بەتاڵکردنەوەی کۆمەڵگە لەگۆڕانو داخرانی زیاتری فەرهەنگیو سیاسیو ژیاریو دەڵێ:"دیموکراسی مرۆڤایەتی دانامالێت بۆ تەنها هاوڵاتی، بەڵکە وەك تاکەکەسێکی ئازاد دانیپیادەنێت، بەلام هەروەها وەك تاکەکەسێکی پەیوەست بە کۆگەلە ئابوری یان رۆشنبیرییەکانیش ئیعترافی پێدەکات."[6]

هاوکات قبوڵکردنی جیاوازیو فرەچەشنی سیاسیو روانینو دنیابینی فەرهەنگیی جیاجیا کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی مۆدێرننو تەنها لەکۆمەڵگە کراوەو مۆدێرنەکاندا جێی رێزو حورمەتی زیاترن، بەواتایەك رێزگرتن لەجیاوازییەکانو گەڕانەوەی ئیعتیبارو

---

[6] ئالان تۆرین، ماهية الديموقراطية،

بەهای تایبەتمەندی یەكێكە لەبنەما هەر بنەڕەتییەكانی ژیانی دیموكراسیی و مەدەنی هاولاتیان، هەروەها یەكێكیشە لەرێكخەرە هەرە پڕ بایەخەكانی دەوڵەتی دامودەزگایی و كلێشەسازییەكی مۆدێرنیشە بۆ راگرتنی هێزو تایبەتمەندی لەنێوان هاولاتیان وەك تاكەكەس و دەوڵەت وەك خزمەتگوزارو راپەڕێنەری ژیانی هاولاتیان. هەر بۆیە ئالان تۆرین ئەو رێكخەرە بەمشێوەیە باسدەكات:"سیستمی دیموكراسی بریتییە لەدارشتەیەكی ژیانی سیاسی كە ژمارەیەكی زۆر بەزۆرترین ئازادی تەیار دەكات، هاوكات دارشتەیەكە كە پارێزگاری لەفراوانترین هەمەچەشنی پێویست دەكات و دانیپێدا دەنێت."[7]

هەر لەرێی قبولكردنی جیاوازی و رێزگرتن لەفرەچەشنی و تایبەتمەندییە سیاسی و ئاینی و فەرهەنگی و كۆمەلایەتیەكانەوە، دەگەینە قۆناغێكی دیكەی دیموكراسی و جیاكردنەوەی ئەو تایبەتمەندییە لەدیكتاتوریەت و سیتمی تۆتالیتاری، واتە ئەوەی دەناسرێتەوە لەسیتمی دیموكراسیدا دروشمەكان و هوتافكێشانەكان نیە بۆ دیمكراسی، بەلكە پراكتیزەكردن و وێناكردنێتی لەرووی كردارییەوە لەناو كۆمەلگەو ژیانی تاكەكەساندا.

دواجار دیمكراسیی و گرنگیدانە بە مرۆڤو بەرقەراكردنی مافەكانی تاكەس و رێزگرتن لەجیاوازییەكان، بریتینیین لەزالكردنی ئاینێك لەئاینەكان بەسەر تەواوی كۆمەلگەو فەرهەنگ و مرۆڤەكاندا، بەهەمانشێوە ناكرێت فەرهەنگی یەكێك لەنەتەوەكان

---

[7] ئالان تۆرین، ماهية الديموقراطية،

بالادەست بێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا، "بیرۆکەی ئاینی دەوڵەت، ئەگەر هاتوو بەمانای داسەپاندنی ژمارەیەك لەبنەما ئاکاری‌و فیکرییەکان بوو، ئەوا دەچێتە سەرلوتکەی ئەو هزرانەی کە دەبێتە نەیاری دیموکراسی."[8] ئەو ئاستەنگ‌و گرفتە گەورانەی کە کۆمەڵگە داخراوەکان‌و فەرهەنگە هەژارەکانی گرفتارکردووە تەنها لەتێنەگەیشتنیانەوە بۆ دیموکراسی‌و دنیای مۆدێرنەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکە کێشەی هەرە گەورەی ئەم دەسەڵاتانە لەستراکچەری پێکهاتەی سیاسی‌و حیزبییەوە دێتە ئاراوەو دەبنە خاڵی وەرچەرخانی ناعەدالەتی‌و نەبوونی سەروەری یاساو گەندەڵی لەکۆمەڵگەیەکی وەستاودا، هاوکات ئەو دەسەڵاتانە راڤەکاری‌و شیکاری تایبەتی خۆیان هەیە بۆ چەمکە مۆدێرنەکانی وەك لیبرالیزم‌و دیموکراسی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بازاڕی ئازادو ماف‌و ئازادییەکانی تاکەکەس.. بۆنمونە زۆرجار ئەوان دەگەنە باوەڕێکی رەها دەربارەی ئەوەی دیموکراسی واتە حساب نەکردن بۆ رایگشتی‌و راوبۆچونی هاولاتیان یان بێبایەخکردنی قسەکردن‌و رەخنەو جیاوازی، ئەمەش بۆخۆی لەجەهلێکی گەورەوە بە دیموکراسی‌و دنیای مۆدێرنەوە سەرچاوە دەگرێت، هەڵبەت ئەو دەسەلاتەی بە کردار کار لەسەر بێبایەخکردنی راوبۆچونی هاولاتیان‌و رەخنەی رۆشنبیران‌و ناوەندە جیاوازەکان دەکات دەسەلاتێکی هەمەجی‌و دواکەوتووە، ئێمە لەبەشەکانی دیکەدا پتر ئەو سەرزەمینە پڕ لەجەهلەی ئەو دەسەلاتە هەمەجیانە دەخەینە بەرباس‌و راڤەکاری‌و رەخنە.

---

[8] ئالان تۆرین، ماهية الديموقراطية،

سەرباری ئەوەی تەواوی کۆمەڵگە مافی ژیانێکی باشترو پێشکەوتنێکی گونجاوی هەیە لەخزمەتگوزارییەکی باشترو خۆشگوزەرانێکی شیاودا. تاکەکەسەکانی کۆمەڵگاش بەهەمان شێوە هەموو ئەو مافانەیان بەردەکەوێت کە پێویستەو دەبێت لەلایەن حکومەتو ناوەندەکانەوە یاسایەکی یەکسانو عادیلانەی بۆ دابنرێتو بکرێتە سەرەتای دیموکراسیەتو پێشخستنی کۆمەڵگا. هەندێك لەزانایانی بواری دیموکراسی پێیانوایە؛ دابینکردنی مافەکانی تاکەکەس پێش مافەکانی کۆمەڵگا دەکەوێت، واتە سەرەتایەکە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگاو دروستکردنی هەڵسوڕانێکی شارستانی بۆ تەواوی کۆمەڵگا، بەڵام هەندێکی دیکەیان باس لەوە دەکەن، دەبێت کۆمەڵگە بەتەواوی هاوڵاتیانەوە گەشەی پێ بدرێتو کاری لەسەر بکرێت، دواتر گرنگی بدرێت بە تاکەکەسو یەکبەیەکی هاوڵاتیان، لەراستیدا هەردوو هاوکێشەکە لەڕووی کردارییەوە دروستو شیاوی کارکردنن، بەڵام لێرەدا ئەوە گرنگە ئێمە بە چ شێوازێكو بە چ ئالیاتێك کاریان لەسەر دەکەین.

زامنکردنی مافەکانی هاوڵاتیانو داکۆکیکردن لەو مافانە لەرێیی کۆمەڵێك گۆڕانکاری شارستانیەوە ئەنجامدەدرێت، کە بریتین لە:

<u>هێزە جیاوازەکانی دەرەوەی دەسەڵات:</u> ئەو هێزانەی کە دەکەونە دەرەوەی دەسەڵات کۆمەڵە هێزێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنو کۆمەڵایەتیو پیشەییو کولتووریو رۆشنبیرین، لەدنیای مۆدێرندا سەرلەبەری ئەم هێزانە دەبنە ناوەندگەلێکی چاودێر بەسەر

دەسەڵاتو دابینکردنی مافەکانی هاوڵاتیانو هەروەها دەبنە هێزێکی رەخنەیی بۆ بەرزکردنەوەی رەخنەکان بۆ دەسەڵاتو ناوەندە بەرپرسەکان، بەلاَم لەدنیای دەسەڵاتە داخراوو کۆمەڵگە داخراوەکاندا، کە دەسەڵات سەرلەبەری سەرچاوە سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیو رۆشنبیرییەکان داگیردەکات، کار لەسەر گەندەڵکردنو بێباخکردنو بێدەنگکردنو تالاَنکردنی فەرهەنگو بیرکردنەوەی ئەو ناوەندانە دەکات، دواجار ئەو ناوەندانە نەك هەر نەبوونەتە هێزو فشار، بەڵکە ناوەندگەلێکی بێدەسەڵاتو معاشخۆرو پاشکۆی دەسەڵاتن، بەواتایەك ناوەندگەلێکی کارتۆنینو هیچی تر. هاوکات زۆرجار دەبنە بەربەست لەبەردەم هاوڵاتیانو دەسەڵاتدا، لەبەردەم دەنگی جدیو رای جیاوازدا. ئەم تاکتیكو ستراتیژە جاهیلانەیە تەنها لەکۆمەڵگە هەرە دواکەوتووەکانی دنیادا پیادەدەکرێتو بەرپرسی سیاسی جاهیلو حیزبی کۆنەپەرستو بێئاگای لەپشتەوەیە کاردەکەن بۆ وێرانکردنو ئیفلیجکردنی ئەو هێزانە، ستەمکاری گەورەو پێشێلکاری گەوەری لەپشتەوە ئامادەیە.

1-میدیای ئازاد: دنیای مۆدێرن دنیای گفتوگۆو پەیوەندییە، دنیای جیاوازیو رەخنەو بەدواداچونە، پتر دنیایەکە بۆ رەخساندنی بەرپرسیارێتی. هاوڵاتیان بۆئەوەی دەنگدانەوەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا ببیستنەوە، بۆئەوەی رەخنەو نارەزاییو رای جیاوازی خۆیان دەرببڕن پێویستیان بە میدیایەکی ئازاد هەیە کەبریتین لە: رۆژنامەی ئازاد، تەلەفیزۆنی ئازاد، بلاَوکراوەی ئازاد.....تاد. لێرەدا مەبەست لەوشەی ئازاد، تەنها ناو نیە، هەموو حیزبو لایەنێك دەتوانن

ناوی ئـازاد لـەخۆیان بنـێنو بـاس لـەئازادی رۆژنامـەوانی بکـەن، بـەڵام میـدیای ئـازاد شـتێکی دیکەیـە جیـاوازتـر لەهـەموو ئـەو ناوەندانـەی حکومـەتو گرووپـی ناپـسپۆڕو خزمایـەتیو ناسـیاویو بێئاگاییـەکی لۆکاڵیو نادنیابینییەکی دەستەگەراییو حیزبایەتیو ئاینیو خێڵەکیو عەشرەتیو ئایدۆلۆژی، کە هەموو ئەمانە نـاتوانن ببنـە میـدیای ئازاد، بەڵام دەتوانن ببنە بازرگان یان ئۆرگانی حیزبـی یـان کۆمپانیـا، بـەڵام جیـاوازتر لـەدەزگاکانی حیـزب. میـدیای ئـازاد پردێکـی پەیوەنـدی رەخنەگرانـەو چاودێرانەیە لـەنێوان هاوڵاتیـانو دەسـەڵاتدا، هاوڵاتیـان تـەنها لـەڕێی ئـەو میـدیای ئازادانـەوە دەتـوانن رای خۆیـان بـە ئـازادی دەرببڕن. بەڵام لێرەدا تـەنها ئـەوە گـرنگ نیـە تـۆ وەك هاوڵاتیـەك رای خۆت بە ئازادی دەربڕیت، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە تـا چـەند حکومـەتو دەسەڵات بایەخ بـە رایگشتیو رەخنـەو گازەنـدەکانی هاوڵاتیـان دەدەن، لەوەش گرنگتر دەسەڵاتی رەخنەییو کارامـەیی ئـەو ناوەنـدە ئازادانـەی راگەیاندنـە، هاوکـات لەهـەموی گـرنگتر چـۆنێتی دروسـتکردنی فـشارە لەسەر دەسەڵاتو حوکمەتو ناوەندەکانیان، ئایا هاوڵاتیان چۆن دەتوانن فشار دروستبکەن، چ شێوازێك بەکاردەهێنن بۆ ناچارکردنی حوکمەتو دامودەزگاکانی، دواجار ناچاریان دەکەن چارەسەری کێشەکانیان بکەن؟ هاوکـات دەبێـت میـدیای ئـازاد کۆمەڵـە میکـانیزمێکی مـۆدێرن بەکاربهێنێت بۆ بڕینی دیوارە قورقوشمییەکانی دەسـەڵاتو کردنـەوەی دەرگـا داخراوەکـانو ناوەنـدە کۆنکرێتییـەکانی بەرپرسـەکان. نابێـت میـدیای ئـازاد تـەنها ناوەنـدێك بێـت بـۆ بڵاوکردنـەوەو پیـشاندانو پێشکەشکردن، واتە تـەنها نمایـشگەیەکی هـەرزازانفرۆش بێـت، هاوکـات

دەبێت ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ کۆکردنەوەی روانینە جیاوازەکانو هێزە جیاوازەکانی دەرەوەی دەسەڵاتو پردێکی پەیوەندی رەخنەئامێز لەنێوان ئەوانو دەسەڵاتدا دروستبکات، دواتر دەبێت پەیامێك بێت لەهاوڵاتییەوە بۆ هاوڵاتی، دەرخەری تواناو بیرکردنەوە جیاوازەکان بێت بۆ دروستکردنی گفتوگۆو بەرپرسیارێتی. بەڵام بەبێ سەروەری یاساو دەسەڵاتی سەربەخۆی دادگاو دادوەری گشتی پۆسەیەکی قورسو گرانی لەپێشدایە.

2-گروپی فشار: لە هەموو کۆمەڵگایەکدا گروپی جیاجیا هەیە. گروپی فەرهەنگیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتوریو رۆشنبیریو ئابوریو خزمەتگوزاریو...تاد، بەڵام چۆن هەموو ئەم جۆرە گروپانە پێویستیەکی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیین بەهەمان شێوە گروپەکانی فشاریش یەکێکن لەپێویستیە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگا بۆ هاوڵاتیانو تاکەکەس، کەواتە گروپی فشار چییە؟ هاوڵاتیان بۆئەوەی سەرزەمینێکی لەبار برەخسێنن بۆ کۆکردنەوەی رەخنەو نارەزاییەکانیان دەبێت خۆیان لەرێکخەرێکی کاتی(نا دامەزراوەییدا) یان دامەزراوەییدا رێکبخەن بۆ کۆکردنەوەی دەنگە نارەزاکان یان رەخنەییەکانو فشار لەسەر حکومەتو دامەزراوەکانی دروستبکەن، جاری واهەیە رۆژنامەیەك دەبێتە گروپێکی فشار، هاوکات رێکخراوێکی ناحکومی دەتوانێت ببێتە گروپی فشار، گروپێکی فەرهەنگی یان رۆشنبیری دەتوانن ببنە گروپی فشار، رۆشنبیرانو هونەرمەندانو پیشەوەرانو سەندیکاکانو دەستەو گروپە فەرهەنگیو ئابورییەکانیش دەتوانن ببنە گروپەکانی فشار.

لەراستیدا ئەگەر ئەم گروپانە بەشێوەیەکی مۆدێرن ڕێکخرابن‌و بەئاگابن لەداواکاری‌و پێویستییەکانیان. جائیتر ئەم داواکاریانە داواکاری هاوڵاتیان بێت بەگشتی یان چین‌و توێژێکی تایبەت بێت گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە تۆ بزانیت داوای چی دەکەیت‌و داکۆکی لەچی دەکەیت‌و ڕەخنە لەچی دەگریت‌و چ چارەسەرێك‌و پێشنیارێکت پێیە. ئەم گروپانە دەتوانن بەشێوەی کۆکردنەوەی ئیمزا، یان بڵاوکردنەوەی پۆستەر‌و بەیاننامە، یان لەڕێی بەرزکردنەوەی یاداشت‌و نارەزایینامە بۆ حکومەت‌و دەسەڵات، یان لەڕێی ڕێپێوانی هێمنانە یان لەڕێی کاری هونەرییەوە یان لەرێیی شێوازە جیاجیاکانی خۆپیشاندان‌و مانگرتنەوە فشار دروستبکەن. ئەم گروپانە ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست‌و مۆدێرن ڕێکخرابن ئەوا دەتوانن حکومەت‌و ناوەندە بەرپرسەکان ناچاربکەن کە گوێیان لێبگرن‌و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، ئەگەرنا ئەو گروپانە دەتوانن شێوازی جیاجیای دیموکراسی بگرنەبەر، وەك مانگرتن‌و ڕێپێوانی هێمنانە‌و وەستاندنی کار، هەڵمەتی داکۆکیکردن‌و بەرزکردنەوەی داوای یاسایی...تاد.

<u>3-ڕێکخراوە مەدەنیەکان یان ناحکومیەکان:</u> ڕێکخراوە مەدەنییەکان چین؟ ئەو ڕێکخراوە ناحکومی‌و ناحیزبیانەن کە پێکهاتوون لەکۆمەڵە ئەندامێك بۆ داکۆکیکردن لەمەسەلەیەکی دیاریکراو یان چەند بابەتێکی دیاریکراو یان پرۆژەی دیاریکراویان هەیە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگاو هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان‌و گەشەپێدانی فەرهەنگی یان سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕێکخراویش هەیە دەبێتە پردی پەیوەندی لەنێوان

هاوڵاتیـان‌و حکومەتـدا، هاوکـات لەسـەر کۆکردنـەوەی رایگـشتی کاردەکەن‌و فشار دروستدەکەن. بەگشتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنی کۆمـەڵ رێکخراوێکـی خۆبـەخش‌و کـاراو ئـەکتیڤن‌و موچـەخۆرو بێـدەنگ نـین، دەبێـت چاودێربن بەسـەر دەسـەڵات‌و پەرلەمان‌و حکومەتەوە، هاوکات دەبێت هێزگەلێکی ئامادەو کارا بن بـۆ داکـۆکیکردن لـەهاوڵاتیان‌و گـۆڕینی یاسـاو روبەڕوبونـەوەی ناعەدالـەتی‌و گەنـدەڵی‌و پێـشێلکردنی مافی مـرۆڤو کەمتەرخـەمی دەسـەڵات‌و سـتەمکاری‌و بەشـێوازی ئاشـتیخوازانەو ناتوندوتیژانـەو مەدەنیانە.

لەراسـتیدا هاوڵاتیـان لـەرێی ئـەو سـێ کەناڵـەوە مافـە بنچینەییەکانی خۆیان دەناسن‌و دەزانن پێویستی‌و داواکارییـەکانیان چییەو چـۆن داکـۆکی لەسـەردەکەن، بـەڵام ئـەو کەناڵانـە، واتـە گروپەکانی فـشارو میدیای ئازادو رێکخـراوە مەدەنییـەکان دەتـوانن هاوڵاتیـان هۆشـیاربکەنەوەو کـار لەسـەر رێکخـستنی خۆیـان بکـەن لەرێکخـەرێکی جیـاوازو کـارادا بـۆ داواکردنـی مافـەکانیان‌و دروسـتکردنی پردێکـی پەیوەنـدی مـۆدێرن‌و رەخنـەیی لـەنێوان هاوڵاتیان‌و حکومەتدا.

یەکێك لەمافە هەرە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان بریتییە لەئازادی رادەربڕین، بەواتایـەك هـەموو مرۆڤێك لەکۆمەڵگەدا ئـازادە لـەوەی راوبۆچـون‌و گوزارشـتەکانی خـۆی دەربـارەی هـەر بابـەت‌و بڕیـارو گۆڕانکارییـەك دەربـبڕێـت، هاوکـات ئـازادە لـەداواکردنی مـاف‌و داواکـاری‌و پێداویـستییەکانی خـۆی‌و هـاوەڵانی لـەرێی کەناڵـە

جیاجیاکانەوە، ئەو کەناڵانەش کە هاوڵاتیان دەتوانن بەبێ هیچ سانسۆرو چاودێرییەك لەرێیانەوە رای خۆیان بەئازادی دەرببڕن، بریتین لەکەناڵەکانی رایگشتیو سەنتەرەکانی راپرسی ئازاد، یان میدیای ئازادو کەناڵە جیاجیاکانی، هەروەها گروپەکانی فشارو نێوەندەکانی گفتوگۆ، کە ئەمانە هەموی سەرەتایەکی باشن بۆ گەشەپێدانی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنیو دروستکردنی پردێکی پەیوەندی رەخنەئامێزو گفتوگۆئامێز لەنێوان هاوڵاتیانو دەسەڵاتدا، لەنێوان هاوڵاتیانو سەرلەبەری دامودەزگاو وەزارەتو ناوەندە خزمەتگوزاریو مەدەنییەکاندا.

جەهلی مۆدێرن

" کۆمەڵگەی نادیموکراسیو خێڵەکیو حیزبکوژێر بریتییە لەکۆمەڵگەی شەڕی حیزبە وەك یەکەکان، شەڕی ئەو هێزانەی کە تەنیا قازانجی تەسكو کورتبڕی دەسەلاتو ئابوری لەیەکیان جیادەکاتەوە."بەختیار عەلی

دنیای مۆدێرن دنیایەکە لەدەرەوەی خەیاڵدانی نەوەکانی پێشوو، خەیالگەیەکە بەسەر روانینە جیاوازەکاندا دابەشدەبێتو مەودایەکی دیکەی بەرفراوانی گفتوگۆو تێگەیشتنە، دنیای پاش حیکایەتە گەورەکانەو دنیای جیهانبینیو خولیا جیاوازەکانە، کلێشەیەکی دیکەی ژیانە بۆ دورخستنەوەی مێژوو، هاوکات دنیای گۆڕانکاریو گەشەپێدانو سازکردنی کلێشەیەکی دیکەی روانینو دنیابینییە، بەلام دنیای نەوەکانی پێشوو دنیای پڕ لەموقەدەساتی بەتاڵو پڕ لەرەمزی دوبارەو پڕ لەبۆنەو موناسەبەی هەلاهەلاو پڕ لەکۆلاجی نەتەوە-ئایدۆلۆژیا، دنیایەکی داخراوە، بەواتایەك خەیالگەیەکی بازنەیی دیاریکراوەو تاکەیەك رەهەندی بیرکردنەوەو

تاکەیەك راڤەکردن بۆ دنیاو خولیای ئیرادەیەکە دوبارە، خولیای کۆمەڵگەیەکە لەناو کۆمەڵێك موقەدەساتی بەتاڵدا غەرقی جەهلو دوبارەبونەوەو خۆشاردنەوە بووە.

کەواتە دنیای بەتاڵ چییە؟ دنیای بەتاڵ دنیایەکی داخراوە، دنیایەکە ژیان تیایدا سنوری شارێكو گەرەکێكو کۆڵانێکی بێدەروازەو بێکۆتاییە لەداخرانی زیاترو قۆزاخەسازی فەرهەنگو تاڵانکردی شارستانیو بێبایەخکردنی دنیابینییە جیاوازەکان، لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەم دنیا داخراوە فەرهەنگییە پڕە لەموقەدەساتو دنیای شتە پیرۆزەکانو پڕە لەرەمزو بەها نەریتیو ئەخلاقیو سیاسیو ئاینیو کولتورییە هاوشێوەکان، بەلام ئەگەر بڕوانینە کۆی ئەو ستراکچەرەی کە بیرکردنەوەو هزری ئەو دنیا داخراوە کلێشە دەکات، ئەوا سەرلەبەری ئەو جومگانەت بۆ دەدۆزرێتەوە کە ئەو دنیا دۆگمایە لەکلێشەسازییەکی وەهمیدا گرفتاری دوبارەبونەوەیە، دنیای دوبارە دنیایەکە پڕە لەموقەدەساتو دنیای شتە پیرۆزەکانو رەمزەکان، لەراستیدا بەتاڵە لەموقەدەساتی نوێو لەرەمزی مۆدێرنو بەهای نوێ، ئەوەی بەردەوام لەدوبارەبونەوەکانەوە دەخولقێ بەتاڵە لەهەر روانینێکی جیاواز بۆ جیهانبینیو بینینی دەرەوەی ئیرادەی سەرتاپاگیر، واتە دەرەنجامی دوبارەبونەوە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی دەستپێکردنو وتنەوەی هەمان ئەو دەستەواژانەی کە بەر لەئێستا وترانو کراونو دوبارەی دەکرێنەوە.

دنیای کۆنکرێتی کۆمەڵگە داخراوەکان دەرەنجامی ئەو پەیوەندییە داخراو و دۆگمایانەیە کە لەبازنەیەکی بچوکدا سەرلەبەری ئەوەی لەلای نەوەکانی پێشوو موقەدەسەو رەمزو

بەهایە جارێکی دیکە هەرزان فرۆشدەکرێت، بەواتایەك پانتاییەکە بۆ غەرقکردنی هەموو گۆرانکاریو خەیاڵێکی نوێو روانینێکی دیکە لەدەریایەکدا کە پڕە لەدوبارەبونەوەی بەتاڵو کۆپیکراوی هاوماناو هاوواتا.

دەسەڵاتی بەتاڵ

ئەو دەسەڵاتە داخراوانەی دنیا کە زادەی نادنیابینییەکانی کۆمەڵگە داخراوەکانە، دەسەڵاتێکە بەتاڵە لەهەر گۆڕانکاریەك و وەرچەرخانێکی مۆدێرن، بەڵام پڕە لەدوبارەکردنەوەی خۆیو دۆگماکردنی ژیان، دەسەڵاتێکە پڕە لەموقەدەساتی ساختە، بەڵام بەتاڵە لەهەر روانینێك لەدەرەوەی دنیای داخراوی لۆکاڵەیتو زادگەخوازیو نەتەوەپەرستیو تایەفەخوازیو مەزهەبخوازی، واتە لێوانلێوە لەو جەهلە، دەسەڵاتێکە دەکەوێتە نێو کلێشەسازییەکی یەکپارچەوە، بەواتایەك دەبێتە ماشێنێکی بچوك بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆیو داگیرکردنی پانتاییەکانی دەرەوەی خۆی.

ئەو دەسەڵاتە بۆئەوەی بەردەوام هەستی بەتاڵبونەوە لەخۆیدا بکوژێت، بەردەوام لەهەوڵی گێڕانەوەی حیکایەتەکانو دۆزینەوەی فیگەرە پیرۆزەکانە بۆ هێشتنەوەی هەموان لەحیکایەتێکی گەورەی هاوبەشدا، ئەو بۆئەوەی لەتاکەیەك حیکایەتدا تەواو نەبێت، بەردەوام لەهەوڵی بەرهەمهێنانی حیکایەتی بچوکدایە، ئەو دەسەڵاتەی پڕە لەموقەدەساتو بەتاڵە لەدنیای مۆدێرن، دەسەڵاتێکی هەمەجیو دۆگمایە، ئەو دەسەڵاتەی کە ناتوانێت خۆی فرێبداتە نێو خولیاکانی مرۆڤەوەو کلێشەیەکی نوێ بۆ بایەخدان بەمرۆڤ بەرهەمبهێنێت، دەسەڵاتێکە تەنها

بۆ حیکایەتەکانی خۆی دەژیو دەبێتە ماشێنێکی گەورەی بەرهەمهێنانی دۆگماییو ناعەدالەتیو خۆدوبارەکردنەوەو سازکردنی ستەمخانەیەکی فەرهەنگیو ئابووریو سیاسیو رۆشنبیری.

جەهل و دەسەلات

ئەگەر جەهل ئەو سەرزەمینە بێباکییەی بێهودەیی بێت لەدەرەوەی حیکایەتەکان، ئەوا کەمێك شاعیرانەترە وەك میلان کۆندێرا لەرۆمانی جەهلدا وێنەی دەکێشێ، جەهلێکە لەدەرەوەی حیکایەتەکان، بەلام لێرەدا ئێمە باس لەو جەهلە ناکەین، بەلکە باس لەو جەهلە کلاسیکییە دەکەین کە زادەی حیکایەتەکانو خولقاوی دەستی دەسەلاتێکی رەهاگەرانەو هەمەجیانەی خەیالدانێکە بۆ داگیرکردنی ژیان.

جەهل بەبێ حیکایەتی گەورەو یاداشتنامەی نەوەکانی پێشوو نابێتە جەهل، دەسەلاتی جەهل دەسەلاتێکە جەهلێکی گەورەی هەیە بەرامبەر ژیانی مۆدێرنو دنیابینی جیاوازو گۆڕانکاریو خەیالو خولیای کرانەوە، دەسەلاتێکە دەیەوێت رازیمانبکات بە حیکایەتەکانیو لەسەرزەمینە بەتالەکانی خۆیدا پڕمانبکاتەوە لەموقەدەساتو رەمزی ساختەو بەهای بەتالو ئەخلاقیاتی بێباکیو ئەو دەیەوێت لەزەمهەریرە بەباچووەکانی خۆیدا غەرقی جەهلێکمان بکات تا روانینو خەونەکانی دەرەوەی خۆی زیاترو زیاتر کالببنەوە، لەکۆتاییدا ئەو جەهلە لێوانلێو دەبێت لەعیشوەی بچوکردنەوەی خەیالو خەونو خولیاکانی مرۆڤ.

دنیابینییەکانی جەهل کۆمەڵێك دنیابینی سنوردارن‌و مەودای حیکایەت‌و موقەدەس‌و رەمزە بەتاڵەکان تێناپەڕێنن، ئەو کە تامەزرۆی بەتاڵکردنەوەی ژیانە لەهەر ماناو بەهایەکی مۆدێرن‌و مرۆڤگەرانە، هاوکات بێئەندازە تامەزرۆی پەخشکردنی جەهل‌و نەریتی بیرکردنەوەیەکە لێوانلێو لەبچوکی، ئەو دەسەڵاتە تاکەیەك ستراتیژی هەیە کە جەهلە، دەسەڵاتێکە سادیستە، بۆ بچوکردنەوەی ژیان لەخولیاکانی خۆیدا، بۆ بچوکردنەوەی خەون لەسەرزەمینە بەتاڵەکەی خۆیدا، تامەزرۆی دابەشکردنی رەمزو بەها رزیوەکانە بەسەر تەواوی مرۆڤەکاندا.

ئێمە لەزۆر شوێندا باسمان لەمۆنۆپۆلیزەکردن‌و داگیرکردنی پانتاییە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەکان کردوە لەلایەن دەسەڵاتە داخراوەکانەوە، لێرەدا تەنها بەخێرایی ئاماژە بەوە دەدەین، بەرهەمی ئەو جەهلەی کە دەسەڵاتە داخراوەکان تیایدا دەژین‌و سەرلەبەری ژیان‌و خەونەکان داگیردەکەن‌و دنیایەك وەزارەتی بەتاڵ‌و پەرلەمانتاری تەمەڵ‌و بەڕێوبەری سەلەفی دروستدەکات، ئەو دەسەڵاتە دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی ناعەدالەتی‌و غەرفکردنی جیاوازییەکان لەیەکەیەکی دۆگمایی خولیاکانی خۆیدا. ئەو دەسەڵاتە تەنها لەحیکایەتەکاندا دەژی‌و بەردەوام لەدوبارەکردنەوەی خۆی‌و موقەدەساتەکانیدا دەسوڕێتەوە، دەسەڵاتێکە سیخناخە لەجەهلاو لێوانلێوە لەساختەکاری‌و ناعەدالەتی، بەڵام بەتاڵە لەدنیابینی‌و قبوڵکدنی ئەوی دی‌و خەون‌و خولیای مۆدێرن.

هاوكات دەسەڵاتی جاهل لەرووی سیاسیو فەرهەنگییەوە ئەو دەسەڵاتەیە كە: گرنگی نادات بەڕایگشتی، بەمرۆڤ، جیاوازیو دنیابینییەكانی ئەویدی، تامەزرۆی هەرێمخوازیو تایەفەخوازیو عەشرەتخوازیو میلیشیاخوازییە، دەسەڵاتێكە راوێژكارو پسپۆرە بێئیشەكانی دەیان ئەوەندەی پەرلەمانتارو وەزیرەكانێتی، وڵات پڕ دەكات لەسەدان دیكتاتۆری بچوك وەك بەڕێوبەری نەخوێنەوار، پەرلەمانتاری بێدەنگ، مەلاو خوتبەبێژی حیزبی، شاعیری دەربار، زورناژەنی حیزبی، نوسەری ئیفلیج، رۆژنامەی سەربازی، تەلەفیزیۆنو رادیۆی درۆزنو پەخشكاری وەهمو بەڵێنی ساختە، دەسەڵاتێكە وڵات پڕدەكات لەبۆنەو موناسەبەو فیستیڤاڵی ساختە، باوەڕی بە رێپێوانو نارەزایی نیە، بۆی بكرێت لیژنەی ئیعدام بۆ هەموو هاوڵاتییەكی نارەزا دەردەكات، دەسەڵاتێكە بەردەوام خوازیاری خۆدەوڵەمەندكردنو بازرگانیكردنە بەهەموو شتێكەوە، بەرپرسەكانی ساتێك دەبن بە جەنەراڵو ساتێك بە زەنگینترین پیاوی دنیا ساتێك بە جاهیلترین پیاوی دنیاو ساتێك بە مەلا، بە مامۆستا بە رۆشنبیرو ساتێك بەتاجرو وەرزشەوانو كاپتنو ساتێك بە هارونە رەشید.

حكومەتی فاشل

حكومەتە نادیموكراتیەكانی دنیا سەدەرسەد لەڕووی كردارییەوە حكومەتگەلێكی فاشلو نابەرپرسیارن، ئەو حكومەتەی بەرپرسیارنەبێت بەرامبەر داواكاریو مەینەتییەكانی هاوڵاتیان

حکومەتێکــە تاسەرئێــسك بێئاگایــە بەرامبــەر خــودی ژیــانو گۆڕانکاریو ئەو پێشکەوتنو پێشهاتە سیاسیو ئابوریو کولتوریو کۆمەڵایەتیانەی کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە بەسەر کۆمەڵگەو دەسەڵاتو هاوڵاتیانەوە.

حکومەت و بەرەڵایی

حکومەتــە نادیموکراتییــەکان لــەڕووی کردارییــەوە پێیانوایــە دیموکراسیو ژیــانی مــەدەنی واتــە بــەرەڵایی بــازاڕو بازرگــانیکردنێکی هەمەجیانــە بەســەر هاوڵاتیــانو داهــاتی مــادیو مەعنــەوی کۆمەڵگــە. بۆنمونــە ئــەو جــۆرە حکومەتانــەی کــە ئاســان نیــە دەســەڵاتی حیــزبو میلیشیاو پەرلەمان لەیەکتری جیابکیتەوە، روانینو دنیابینیشیان هێندە بچوکە کە لەئاست داواکاریو داخوازیو بەرپرسیارێتیدا نیـە، لەلایـەك ئـەوان پێیانوایـە گرانـیو بەرزبونـەوەی نرخـی شـتومەك لەبازاڕەکانـدا پەیوەستە بە دیاردەی بازاڕی ئازادەوە کە هیچی لەبارەوە نازانن و جاهلین بەرامبەر هەر دیاردەیـەکی نـوێی دنیـای مـۆدێرن، بـەڵام ئـەم تێڕوانینـە ســەقەتە تــەواو پێــچەوانەی هــەموو بنەمایــەکی زانــستیو ئــابوریو سیاسیە(لەڕاستیدا بەقاڵەکانو کاسپکاران زۆر لەحکومەت زیـرەکترن لـەو بارەیــەوە، لەبەرئــەوەی حکومەتــە نادیموکراتــەکان خــاوەنی دەیــان موستەشاری بێئیشو وەزیرو پەرلەمانتاری تەمـەڵنو خـاوەنی تاکەیـەك لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوەی ئـەکادیمی نـین بـۆ هـەر گـۆڕانو پێـشهاتو دیاردەیەك لەناو کۆمەڵگەدا)، لەڕاستیدا بازاڕی ئازاد بەو مانایە نیـە کـە هەرکەسەو بۆخۆی بەیاسایەکی جەنگەڵی یاری بەبازار بکات، واتە بازاڕی

ئـــازاد بـــەڕەلآیی‌و ئیـــستیغلالکردن‌و نابەرپرســـیاریّتی حکومـــەت‌و دامودەزگاکـانی ناگەیـەنیّت، هاوکـات ناکریّـت ئـەوەش لەیادبکـەین کـە حکومـــەت ئـــەو حکومەتەیـــە کـــە لەتوانایدایـــە ژیـــانی هاولآتیـــان دەولّەمەنـدبکات، نـەوەك سـەرقالّی خۆدەولّەمەنـدکردن‌و زەنگینکردنـی بەرپرسـە حیزبییـەکانی بیّـت بەتـەنهاو سـەرقالّی رازاندنـەوەی خۆیـان‌و بازرگـــانیکردن بـــن‌و لەهـــەولّی خۆدوورخـــستنەوەدا بـــن لەهـــەر بەرپرسیاریّتییەکی کاراو کاریگەر.

لەکاتیّکدا داهاتی مانگانەو سالآنەی تاکەکەس بەرامبەر بەرزبونەوەی نـرخی شـتومەك‌و کالآکـان نیـەو هاوکـات دەیـان هیّنـدەی ئاسـتی خراپـی بـژیّوی هاولآتیانـە، بۆنمونـە ئـەو یاسـا جەنگەڵییـەی بـازاڕ لەکوردسـتاندا هەیە، یاسایەکە بیّگومـان دەیـان بەلگـە لەپـشتییەوە هەیـە کـە حکومـەت خـۆی لیّئەدزیّتـەوەو بەکیّشەی هاولآتیـانی دەزانیّـت نـەوەك بـە کیّشەی یەکەمی خۆی.

حکومەتـــە نـــادیموکرات‌و نابەرپرســـەکان بـــەردەوام لەهـــەولّی دوورخـــستنەوەی کیّـــشەو ململانیّکـــانن لـــەخۆیان، واتـــە حکومـــەت بۆئەوەی داواکارییەکانی تۆی هـاولآتی پەیوەسـت نـەکات بەخۆیـەوە، بـــەردەوام کیّـــشەکانی تـــۆ پەیوەندیـــدار دەکـــات بـــەبازاڕەوە، یـــان دەیگەڕیّنیّتەوە بۆ دەسەلآتیّکی غـەیبانی نادیـارو نابەرجەسـتە، یـان دەیگەڕیّنیّتـــەوە بـــۆ دیاردەیـــەکی شارســـتانی کـــە هیـــچی لـــەبارەوە نازانیّـت‌و غـەرقی جـەهلیّك بـووە بەرامبـەر هـەموو ئـەو دیـاردە نوێیانەی دنیا وەك بازاڕی ئازاد، ئەو حکومەتەی کـە چـەندین سـالّە لەسەر گـومرگ‌و بازرگـانی‌و کۆکردنـەوەی بـاج دەژی، سـەرباری ئـەو

بودجه زۆرەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆی دەردەچێت، تا ئەوڕۆکەش گومرگ و باجی زۆری خستۆتە سەر کاڵاکان و بەکرێدانی شوێنگە تایبەتییەکانی کڕین و فرۆشی، لەڕاستیدا حکومەتی بەرپرس دەبێت ئەم ڕێگەچارانە بگرێتەبەر:

1/کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و بازرگانەکان.

2/کۆنترۆڵکردنی موچەی هاوڵاتیان و سڕینەوەی ئەو ناعەدالەتییە ناشرینەی کە بەهیچ پێوەرێکی شارستانی پێوانە ناکرێت، بێجگە لەپێوەری جەنگەڵی و مشەخۆری کە لەکاتێکدا موچەی وەزیرێک (35)ئەوەندەی فەرمانبەرێکی ئاسایی و بەڕێوبەرێکی گشتی (12)ئەوەندەو هاوکات تەنها خوا ئەزانێت موچەو نەسریەو ئەو بەرەکەتە بەهەشتییەی کە بەرپرسە سیاسییەکان هەیانەو بازرگانیشی پێوەدەکەن، بەلام هاوڵاتیان هەر بێدەنگن، دەرەنجام ئەوانیش دەسکراوەترن لەناعەدالەتی.

3/دانانی سنورێك بۆئەو بەڕلایی بازاڕەو پەشیمانبونەوەی حکومەت لەو قسەیەی خۆی کە ئەم جەنگەڵە بازاڕی ئازادە.

4/کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی حیزبی و بەرپرس و وەزیر و کاروباری حکومی.

5/بەکارهێنانی سیستمی کۆمەڵی هەرەوەزی و سوپەرمارکێتی حکومی و داشکاندنی نرخ.

6/گرنگیدان بە سیتمی خودژیانی و بەربوومی خۆماڵی کە بەهۆی دامەزراندنی بێسەروبەری زۆرێك لەهاوڵاتیان و کردنی زوربەی خەڵکی گوندەکان و دەرەوەی شارە گەورەکان بە

موچەخۆر(وەك فەرمانبەرو پۆلیس‌و ئاسایش‌و ئەندامی حیزبی) کە بەتەواوەتی کاریکردۆتە سەر ئەو داهاتە نەتەوەییەی کە لەڕێی بەربومی کشتوکاڵییەوە هاوسەنگییەکی باش دروستدەکات لەنێوان بەربوومی خۆماڵی‌و هاوردەکاندا، لەبەرئەوەی هیچ مەعقول نیە تەماتە لەمیسرو سوریاوە بۆ ئێمە بێت لەکاتێکدا زەویزارەکانی خۆمان وەك هەمو ناوچەکانی دنیا بەپیتوبەرەکەتن. ناکرێت ئەو راستییەش لەیادبکەین کە چەند پۆلیس‌و ئاسایش‌و مامۆستاو فەرمانبەر گرنگن بۆ وڵات هێندەش جوتیارێك گرنگە، بەڵام ئەم حەقیقەتە سادەیە هیچ بەرپرسێکی حیزبی‌و حکومی بە سەرۆکی حکومەت‌و وەزیرەکانیشەوە هیچی لەبارەوە نازانن.

دەسەڵاتی فاشل

ئێمە لێرەدا باس لەهیچ حکومەتێکی دیاریکراو ناکەین. لەڕاستیدا ئەو حکومەتەی کە هیچ بەرنامەیەکی زانستی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی مۆدێرنی نەبێت بو بەڕیوەبردنی وڵات، بێجگە لەتەمەڵخانەیەکی گەورە هیچی تر نیەو لەجەهلێکی بێوێنەدا دەژی. ئەو حکومەتەی دوردەکەوێتەوە لەبەرپرسیارێتی‌و گرنگیدان بە هاوڵاتیان‌و کۆنترۆڵکردنی بازاڕو داهاتی شاهانەی مەسئولەکان‌و دەیان کێشەو گرفتی نیشتەجێبون‌و نزمبونەوەی ئاستی بژێوی ژیان‌و گوزەران حکومەتێکە تاسەرئێسك غەرقی جەهل‌و فەشەل‌و بێئاگایی بووە. بێگومان هەر حکومەتێك ئەو تایبەتمەندییە ناشرین‌و ناعادیلانەی تیادا بوو حکومەتێکی فاشلە.

لەراستدا دیموکراسی تەنها رێدان نیە بەئازادی بیروڕاو رێپێوانو بەرزکردنەوەی ناڕەزاییو قەدەری گوێگرتن یا گوێنەگرتنی حکومەتو پشتگوێخستنی داواکارییەکان، بەڵکە ئەلفوبێکانی ژیانی دیموکراسیو مەدەنی بایەخدانی حکومەتە بە رایگشتیو ناڕەزاییەکانو بەدواداچونو چارەسەرکردنی بە پەلەی کێشەو گرفتەکانی هاولاتی نەوەك چاوەڕوانیو خۆدزینەوەو نابەرپرسیارێتی.

دیموکراسیو ژیانی مەدەنی هاولاتیان وەستاوە لەسەر دابینکردنی مافەکانیانو وەلامدانەوەی داواکاریو داخوازییەکانیان، لەبەرئەوە دیموکراسیو ژیانێکی نوێی مەدەنی تەنها دروشمو لافتە هەلواسینو هوتافکێشانی تەلەفزیۆنەکانو کۆڕکۆبوونەوە نیە بە عەشایرو رازاندنەوەی سفرە بۆیانو دروستکردنی بێدەنگی. هاوکات پاوانکردنی دەسەلاتو داخستنی سەرجەم دەروازەکانی گفتوگۆو دیالۆگ بەسەر هاولاتیانداو گوێنەگرتنو وەلامنەدانەوەی داواکانیان نیە.

ناشرینکردنی ژبان

بەناوی دیموکراسیەتەوە

"لەبەرئەوەی دەسەلآت لەحەقیقەت دەترسێت، هەربۆیە دەبێت سەرکوتی بکات" هیوبرت دریفۆس/پل رابینۆ

کاتێك دەسەلآتی رەهای حیزب یان گروپێکی سیاسی جاهیل بە دیموکراسی‌و دنیای مۆدێرن دەبێتە دەسەلآتێکی سەروەرو بێقسە بەسەر حکومەت‌و پەرلەمان‌و سەرلەبەری دامەزراوەکان‌و ناوەندەکان، ئەوکاتە قسەکردن لەسەر دیموکراسی‌و ژیانی مۆدێرن‌و کرانەوە بەرووی دنیادا بێگومان دەبێتە درۆیەکی گەورەو هێندەی قسەکردنە لەسەر دیکتاتۆریی هێندە قسەکردن نیە لەسەر روانینێکی کراوە بۆ دنیا.

لەکۆمەلگە نادیمکراسییەکاندا هەزاران رۆژنامەنوس دەبن بە عەریزەنوسی حیزب‌و دەبن بە هوتافکێشی گەندەڵی‌و کار لەسەر جوانکردنی ناعەدالەتی‌و گەندەڵی دەکەن، دەیان شاعیر دەبنە واعیزو خوتبەبێژی دەسەلآت، سەدان بەناو رۆشنبیر دەبنە پێنوسی حیکایەتە بێماناکان‌و سەرگوزشتەی پاڵەوانە کارتۆنییەکان، لەو

کۆمەڵگەیەدا سەدان مزگەوتو بارەگای حیزب دروست دەکرێن وەك موجامەلە لەبری دەزگای رۆشنبیریی سەربەخۆو گەلەری هونەریو گەشەپێدانی زانکۆکان.

کۆمەڵگەی دیموکراسی ئەو کۆمەڵگایە نیە کە کۆمەڵێك حیزبو دەزگا لەهەناوی خۆیداو لەژێر یەك سەقفدا کۆدەکاتەوە، بەڵکە ئەو کۆمەڵگایەیە کە حیزبەکانو دەزگاکانو رۆشنبیرەکانی دەتوانن رۆڵی راستەقینەی ئۆپوزسیۆن ببینن‌و دەتوانن بەڕاستی دیدگایەکی تر بۆ بینینی کێشەکانو بینینی واقیع پەرەپێبدەن.[9]، لەراستیدا لەو کۆمەڵگایەنەدا دیموکراسیەت هەیە کە شتێك هەیە بەناوی هێزە جیاوازەکانو ئۆپۆزسیۆنو هەبونی دەزگاگەلێکی فەرهەنگیو رۆشنبیریی سەربەخۆ کە بە دنیابینییەکی جیاوازەوە دەڕواننە کۆی ئەو دنیا ئاڵۆزەی کە دەکوێتە نێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتو گۆڕانکاریو جیاوازییەکانەوە.

حسابنەکردن بۆ رایگشتیو رای جیاوازو داخستن‌و کۆنترۆڵکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابورییەکان لەلایەن حیزبەوە یەکێکە لەئەخلاقە دیکتاتۆرییەکانو سەرکوتکردنێکی شارستانیو نابەرپرسانەیەو خەیاڵی ناشرینی مۆنۆپۆلیزەکردن‌و داگیرکاری لەپشتەوە ئامادەیە، لەڕاستیدا دیکتاتۆر هەر ئەو زاتە تۆقێنەرو بکوژە نیە کە دەمانکوژێو دەمانترسێنێتو بەندیخانەکانیمان لێپڕدەکات، ئەمە بۆخۆی روانینێکی کلاسیکیانەیە بۆ دیکتاتۆر، بەڵکە دیکتاتۆر دنیابینییەکە گەورەتر لەو دنیابینییە بچوکەی

---

[9] بەختیار عەلی، دیموکراسیەتی زۆرو دیموکراسیەتی کەم...ل23

کۆمەڵگـە، دیکتاتۆرییـەت بەرلـەوەی سـیتمێکی حـوکمکردن بێـت، ئەخلاق‌و میکـانیزم‌و هێـزە، بەواتایـەك ئاکارەکـانی دیکتـاتۆر تـەواو پێچەوانەی ئـەو سیـستامە ئەخلاقییـە گەورەیەیـە کـە دیموکراسـی هـەڵگرێتی، ئـەوە دیکتاتۆرەکـانن کـار لەسـەر کوشـتنی رایگـشتی‌و میدیای ئازادو گروپەکانی فشارو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن.

حیزبەکان بەرلەوەی ببنە دیکتـاتۆر بیر لـەوە دەکەنـەوە چۆن ببنـە دیکتـاتۆر...سـەرەتا سـەرلەبەری سەرچـاوە ئـابوری‌و سیاسـییەکان داگـیرو مۆنۆپۆل دەکەن، دواتر تەواوی راگەیاندن‌و میدیاکان‌و سەرلەبەری دەزگا رۆشـــنبیری‌و فەرهەنگییـــەکان داگیردەکـــەن‌و دەیانخەنـــە خزمـــەت‌و سودبەخشی خۆیانەوەو دەیانکەنە زمانحاڵ‌و راڤەکارو باسکاری خۆیان‌و دەرخـــەری هێـــزو وێنـــەکانی خۆیـــان، ئـــەوە میـــدیاکانن پاڵەوانـــە کارتۆنییەکانمان بـۆ دەکـەن بـە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی‌و بە ژنـەرِاڵێکی رۆمانـــسی‌و بـــە پیـــاوکوژێکی بەهەشـــتی‌و ئیمانـــدارێکی خزمـــەتکارو رۆشـنبیرێکی مـۆدێرن‌و هونەرمەنـدێکی بـێ وێنـە، ئـەوە رۆژنامـەکانن جەنگـەڵت لێدەکـەن بـە باخـچەو شـەرِگەکان بـە بەهەشـت‌و واقـع بـە خـەیاڵ‌و گێرِانـەوەی حیکایەتـەکان‌و فرۆشـتنەوەی موقەدەسـات بـە نرخێکی گران بە تۆو رازیکردنی تـۆ بـە وێنـەی ئـەو دنیایـەی کـە خۆی نیگاری بۆ کێشاوە.

دیکتاتۆرەکان بەرلـەوەی هاوڵاتیـان فرِێبدەنـە نێـو بەندیخانەکانـەوە، سـەرەتا بـە برِیـارێکی دۆزەخیانـە سـەرجەم چـالاکییە مەدەنییـەکان مەحکوم‌و قەدەغە دەکەن، هەر لەرێپێوان‌و خۆپیشاندانەوە تا مـانگرتن‌و رەخنـــەگرتن‌و نـــارەزایی دەربـــرِین لەرۆژنامـــەو میدیاکانـــەوە،

لەکۆمەڵگەیەکیشدا کە خەیاڵو فەنتازیای دیکتاتۆریەت تیایدا گەشەدەکات دەسەڵاتو بەرپرسیارێتی سیاسی تا قیامەت خۆیان بە بەرپرسو ئاغاو واریسی یەکەمی هێزو بەکارهێنانی دەسەڵات دەزانن.

ئەوە حکومەتە نادیموکراتەکانن بەرلەوەی ببنە دیکتاتۆر کار لەسەر بچووککردنەوەی ژیانو هزرو روانینەکان دەکەنو پرۆژەیان بۆ کۆمەڵگە پتر داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ماددیو روحییەکانی کۆمەڵگەیەو داخستنی کۆمەڵگەو ئەو ئاستە ژیاریو فەرهەنگییەیە کە کۆمەڵگەی پیادا تێدەپەڕێت، دەرەنجام کار لەسەر خولقاندنی فەزایەکی جەهەنەمی دەکەن بۆ بچووککردنەوەی ئاستی شارستانیو فەرهەنگیو سیاسیو بچووککردنەوەی پرۆژەو خەونو فەنتازیاکانی مرۆڤو بچووککردنەوەی خواستو ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ ئاستێکی نزمی بژێویو بیرکردنەوە لەگوزەرانو سادەگی.

ئەو دەسەڵاتانەی ستانداردێکی ئەخلاقیو بابەتیو زانستی باوەڕپێکراوی دیموکراسی نێو دنیای مۆدێرن ناکەنە مۆدێلێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سنوردانان بۆ دەسەڵاتی حیزبو گەڕانەوەی شکۆو بڕیار بۆ پەرلەمانو ڕێزگرتن لەرەخنەو نارەزاییو رای جیاوازی هاوڵاتیان بەگشتیو رۆشنبیران بەتایبەتی دەسەڵاتگەلێکی داخراون، واتە هێزگەلێکن بۆ داخرانی زیاترو پەنهانکردنی زیاترو شاردنەوەی ئەو عەقڵە کۆنزێرڤاتیڤو خەیاڵە دیکتاتۆریانە بە ڕوکەشی دیارو کلێشەسازی وەهمی.

ئالێرەوە قسەکردن لەسەر دیموکراسیو کۆمەڵگەی کراوەو مەدەنیو دنیای مۆدێرن لەلایەن دەسەڵاتەوە وەهمێکی گەورەیەو بانگەشەیەکی

بەتاڵـە، تـا دیکتاتۆرەکـان لەخۆمانـدا نـەکوژین نـاتوانین مۆدێرنانـە بیربکەینـەوە، تـا ئـەو خـەیاڵی داگیرکـاریو عەقڵـە فیوداڵـە لەخۆمانـدا نەکوژین مەحاڵە لـە مرۆڤایـەتیو رەخنـەو ئـارەزوو، خەونـەکانی مـرۆڤ تێبگەینو ئەو جیاوازیانە بخوێنینـەوە کـە دەکەوێتـە نێـوان دووڕای وەك یەکـەوە. مـاکس فیبـەر پێمانـدەڵێت: "دەسـەڵات بـە دوو ڕێگـە گەنـدەڵ دەبێت، یەکەمیان گۆڕینی دەسەڵاتە بۆ رۆتین، ئـەوی دیکـەش گـۆڕینێتی بۆ دەسەڵاتێکی ستەمکار"، لێـرەوە کـە بـاس لـە گەنـدەڵی دەکرێـت تـەنها بـاس لەگەنـدەڵی کـارگێڕیو دارایـی ناکرێـت، بەڵکـە بـاس لەلێـشاوێك گەندەڵی دەکەین کە سەرلەبەری دەسـەڵاتو حـوکمکردنو بـەڕێوەبردنو تـەواوی روانـینو کـردارو هـزری گەنـدەڵی حکومەتـە نادیموکراتـەکانو دیکتاتۆرەکان دەکەین، لەبەرئەوە گەندەڵی ماشێنێکی گەورەی کاولکردنو وێرانکردنـی ژیانـە لـەڕێی داگیرکردنـی رووبـەرێکی ژیـاری گـەورە بـە گەندەڵییـەکی سەرتاسـەریو سـازدانی پانتاییـەکی گـەورەی تـاڵانکردنی ژیـان، وەك گەنـدەڵی بـەڕێوەبردنو حـوکمکردن، گەنـدەڵی میـدیایی، حسابنەکردن بۆ میدیای ئازادو رەخنە، گەندەڵی رۆشنبیریو رونـاکبیری، گەندەڵی داراییو خزمەتگوزاریو گەنـدەڵی لەخۆشـگوزەرانیدا، گەنـدەڵی ژیان، گەندەڵی دیموکراسـیو گلاربـونی حیکایەتـەکان، سـەرەنجام هـەموو ئـەم گەندەڵیانــە سەرچـاوەکەی رۆتــینو ســتەمکاریو ئــەخلاقیاتی دیکتاتۆرییـەو دەرەنجـام هـەموو دەسـەڵاتێك دەتوانێـت لەرێگـەی ئـەم گەندەڵییانەوە ببێتە دەسەڵاتێکی تا سەرئێسك دیکتاتۆرو ستەمکار.

کاتێك هاوڵاتیان نـاتوانن سـەرۆکی حکومـەت هەڵبـژێرن، کاتێـك رێیـان پێنادرێـت پێـشوەخت رای خۆیـان دەربـڕن لەسـەرئەوەی کـێ سـەرۆکی

حکومەت بێت‌و کێ جێگرەکەی بێت‌و کێ بن ئەوانەی کە دەبن بە وەزیرو بە ئەندام پەرلەمان، کاتێك حیزب لەرێی لیستی داخراوی خۆیەوە مرۆڤگەلێکی حیزبی تاسەرئێك بێئاگا لەدیموکراسی‌و دنیای مۆدێرن، بەتاڵ لەهەر تێگەیشتنێکی سادە لەمەسەلەی هاوڵاتیبون‌و بەرێوەبردنی حکومەت‌و تێگەیشتن لەوەی کە نابێت دەسەڵاتی موتڵەقی حیزب‌و مەکتەبی سیاسی‌و حکومەت‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمان تێکەڵ بکرێت‌و تەنهاو تەنها حیزب بەوپەری جەهلیەوە بە دیموکراسی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی دەسەلاتی موتلەقی خۆی رۆبکاتە نێو تەواوی دامەزراوە حکومی‌و ناحکومییەکانەوەو بە روانین‌و دنیابینییە هەژارەکەی خۆیەوە تەفسیر بۆ هەموو شتێك بکات‌و خۆی بە بیرکەرەوەو برپاردەرو سەروەر بزانێت.

حکومەتی تۆخکردنەوەی ناعەدالەتی

حکومەتی بازرگانە درۆزنەکان، بازارێتی گەورەی حیزبەکان‌و بەرپرسەکان‌و کۆمپانیاکانیان‌و دەوڵەمەندە چاوچنۆکەکانە، حکومەتی بەنزینفرۆشەکان‌و هارونەرەشیدەکان‌و سەروەرییە کارتۆنییەکان‌و حیکایەتە دووبارەو کوشندەکان‌و حکومەتی فرۆشتنەوەی سەروەرییە بە خەڵك، هەرزانفرۆشکردنی دیموکراسی، بەتالانبردنی ژیان، حکومەتی موستەشارە بێ ئیستیشارەکان، حکومەتی پەرلەمانتارە گوێرایەڵ‌و خەوتووەکانە، حکومەتی بێ پلان‌و بێئاگایی، حکومەتی وەزیرە زۆرەکان‌و بێئاگاییە گەورەکانە، حکومەتی موچەخۆرە بێئیشەکان‌و حکومەتی خولقێنەری

بەرەڵاییەکی گەورەی فەرهەنگیو سیاسیو ئابورییە. سەرەنجام ئەو حکومەتانە دەبنە تەمەڵخانەیەکی گەورەو قومارخانەیەکی گەورەی دیموکراسی کە بە تەنها دیموکراسیەتی تیادا دەدۆڕێت.

کاتێك حکومەت خۆی ناکات بە ساحێبی هیچ شتێك ...کاتێك دەڵێین ئەم وڵاتە خاوەنی حکومەتە، واتە خاوەنی سیستمێکە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك، نەوەك خراپکردنو بێماناکردنی ژیان، ئەوە حکومەتو ناوەندە فەرمییەکانە کۆنترۆڵی بازاڕ دەکەن، نەوەك خولقاندنی بەرەڵاخانەیەکی گەورەی نابازرگانی، نەوەك دروستکردنی جەنگەڵێکی بێ ساحێب لەبری بازاڕێکی کۆنترۆڵکراو بە یاساو ڕێسایەکی دیاریکراو، ئەم مۆدێلە دەگمەنەی حکومەت تەنها لەحکومەت ناچێت، لەبەرئەوەی زۆر بەسادەیی حکومەتی دروستکردنی ئەزمەی کارەباو ئاو و بەنزینو سوتەمەنیو ڕێگەوبانو ئەزمەی خزمەتگوزارییەکانە بۆ هاوڵاتی، حکومەتی بەرزکردنەوەی نرخی شتومەكو خولقاندنی بەرەڵاییەکی گەورەیە بەناوی بازاڕی ئازادەوە، خولقاندنی وەلائێکی بێ مانا بۆ نیشتیمانێکی پڕ لەجەهلی سیاسیو ئابوریو شارستانیو لێوانلێو لەوەهمو خۆشباوەڕی، بەرپاکردنی گەمژەییەکی گەورە بەناوی دیموکراسیو کۆمەڵگەی شارستانییەوە، دەوڵەمەندکردنی بازرگانە درۆزنەکانی ناو حیزبو گۆڕینی بەرپرسی سیاسی بۆ بەرپرسی پارەکۆکەرەوە لەڕێی کۆمپانیای وەهمیو بازرگانیکردن بە ژیانی خەڵکەوە.

کاتێك حکومەت خۆی ناکات بە ساحێبی بەرزبونەوەی نرخی سوتەمەنیو کەمی کارەباو ئاو و بەرڵایی بازاڕو بەرزبونەوەی

نرخی مامەڵەی کەرەستەو هاتوچۆ، کاتێك خۆی ناکات بە ساحێبی ئەو هەموو کێشەو گرفتەی ناو کۆمەڵگە، هەر لەئەزمەی نیشتەجێبونەوە تا بەرزبونەوەی نرخی شتومەك و کەمی موچەو ئەو هەموو ناعەدالەتییەی کە لەموچەی فەرمانبەران و مامۆستا دەکرێت بەرامبەر ئەو موچە بەرزە بێمانایەی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرو پەرلەمانتارەکان و بەرپرس و ئەندام و دۆستانی حیزب و ئەو هەموو پۆستە وەهمییەی لەم وڵاتەدا هەیە، ئەوا ئەو حکومەتە حکومەتێکی بێئاگاو عەقڵێکی دواکەوتوو، کۆنپارێزو نادنیابین دەیبات بەڕێوە، هاوکات حکومەتێکە خۆی و بەرپرسەکان و حیزبەکەی دەوڵەمەندەکات و هاوڵاتیان هەژارترو بێئیشترو بێهیواتر دەکات.

کاتێك حکومەت حساب بۆ رایگشتی و مرۆڤەکان ناکات، حساب بۆ رێپێوان و خۆپیشاندان و نارەزایی هاوڵاتیان ناکات، کاتێك حساب بۆ رەخنەو پێشنیارو مرۆڤەکان ناکات، ئەوا ئەو حکومەتە فرێ بەسەر دیموکراسییەت و ژیانی مۆدێرنەوە نیە، لەجەهلێکی گەورەدا دەژی، جاهیلە بە مرۆڤ و دنیای مۆدێرنی گۆڕانکارییە گەورەکان و دیاردە نوێکان، تاسەرئێسك باوەڕی بە مەرگدۆستی و حیکایەتە بچوکەکان هەیە، حکومەتێکە هێندەی کاردەکات بۆ دەوڵەمەندکردنێکی خێرای خۆی و بەرپرس و حیزبەکەی هێندە کارناکات بۆ جوانترکردنی ژیان، هێندەی کاردەکات بۆ رازاندنەوەی جەهل و تاریکی هێندە پشتیوانی هیچ پێشنیارو رەخنەیەك ناکات، گوێگرێکی خراپەو قسەکەرێکی بێئاگایە. ئەمەش بەو خەیاڵدانە کاریزمییەدا

تێدەپەڕێت کە دەچێتەوە سەر فەنتازیاکانی ئەو دیکتاتۆرانەی کە لەسەرەتاوە دەیانەوێت تەواوی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکەن‌و هەموو ئەو خەونانە بکوژن کە بەناوی جیاوازییەوە روانین‌و دنیابینییەکی دیکەیان هەیە.

سەدەی بیست‌و یەك، سەدەی کرانەوەو رۆشنکردنەوەی ژیانە بە خزمەتگوزاری‌و رێزگرتنی مرۆڤ، سەدەی دابینکردنی ژیان‌و گوزەرانی باشترە بۆ مرۆڤ، نەوەك سەدەی بەرپاکردنی ناعەدالەتییەکی بێ مانا. سەدەی دیموکراسیەت‌و جوانکردنی ژیانە، نەوەك سەدەی ناشرینکردنی ژیان بە گەندەڵی‌و خامۆشکردنی هەر روانین‌و بزافێکی ئۆپوزسیۆنی‌و خولقاندنی ناعەدالەتییەکی بێ ئەندازەی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری، سەدەی رەخنەگرتن‌و حسابکردنە بۆ مرۆڤ.

لەدنیادا ئەو حکومەت‌و حزب‌و بەرپرسانەی پێیانوایە دیموکراسیەت واتە ئێوە رەخنەبگرن‌و ئێمە گوێتان لێناگرین، ئێوە جوێنمان پێبدەن‌و ئێمە وەڵامتان نادەینەوە، ئەوە ئەوپەڕی گەمژەیی‌و جەهلە بە دیموکراسییەت. ئەو حکومەت‌و حیزبەی پێیوایە لەرێی دەسەڵات‌و جەبەروتی پۆلیس‌و ئاسایش‌و دەزگا تایبەتەکانیانەوە هاوڵاتیان بێدەنگ دەکەن، ئەوا ئاستی بیرکردنەوەیان لەئاستێکی زۆر نزم‌و مەرگدۆستیدایە، رەنگە لەرێی ئەم عەقڵیەتەوە ببنە دیکتاتۆر، بەڵام دیکتاتۆرێکی ناشیرینی سەردەمی نەمانی دیکتاتۆرەکان، دیکتاتۆرێکی بازرگان، دیکتاتۆرێکی بچوك‌و گرگن‌و بێ مەعریفەت.

لەڕاستیدا ئەو حکومەتەی کە هیچ بەرنامەیەکی زانستیو ئابووریو کۆمەڵایەتی مۆدێرنی نەبێت بو بەڕیوەبردنی وڵات، بێجگە لەتەمەڵخانەیەکی گەورە هیچی تر نیەو لەجەهلێکی بێوێنەدا ئەژی. ئەو حکومەتەی دووردەکەوێتەوە لەبەرپرسیارێتیو گرنگیدان بە هاوڵاتیانو کۆنترۆڵکردنی بازاڕو داهاتی شاهانەی مەسئولەکانو دەیان کێشەو گرفتی نیشتەجێبوونو نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیانو گوزەران حکومەتێکە بێئەندازە غەرقی جەهلو فەشەلو بێئاگایی بووە.

کاتێك هاوڵاتی دەکەوێتە پەراوێزی هەموو شتەکانەوە، کاتێك خزمەتگوزاری نەگەیشتۆتە خاڵی سفر، کاتێك خۆشگوزەرانی لەوڵاتێکدا بەقەدەر چرکەیەك ناعەدالەتی نیە، کاتێك سیستمی پەروەردەو زانست لەوڵاتێکدا لەجەهلێکی کوشندەدا غەرقی گەمژەییەکی گەورەبووە بەدنیای مۆدێرن، کاتێك ژیان بچوکدەبێتەوە بۆ کۆمەڵێك شەقامی سیاسیو کۆڵانی تەنگەبەری حیزبی، کاتێك سەرلەبەری میدیاکان بە رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفیزیۆنەوە دەبن بە پاشکۆو زمانحاڵێکی هەزاری حیزبەکان، کاتێك تەواوی دەزگا رۆشنبیرییەکان دەبن بە دیوەخانی حیزبو بەناو رۆشنبیرەکانیش دەبن بە فەرزەندە ترسنۆكو بێدەنگەکانی ئەو هەزارییە گەورەیەو بەردەوام سەرقاڵی کەرنەڤاڵی ساختەو فیستیڤاڵی بەتاڵن لەهەر بەهایەکی رۆشنبیری، کاتێك زەمەن دەبێتە زەمنی بێبایەخکردنی قسەکردنو ناشرینکردنی هەموو بەهایەکی رۆشنبیریو فەرهەنگیو ژیاری، ئەوکاتە هەزاران هەنگاو

نزیکدەبینەوە لەدیکتاتۆری و هێدی هێدی ژیان یەکسان دەکەینەوە بە سفر و خەیاڵەکانمان بچوکدەبێتەوەو خەونەکانیشمان بچوکتر. ئالێرەوە هەزاران هەلومەرجی شارستانی و ئابوری و سایکۆلۆژی و سیاسی و رۆشنبیری و فەرهەنگی دێنە کایەوە بۆ نائومێدکردن و بێهیواکردنی تەواوی کۆمەلگە. هەموو ئەو هەلومەرجانەش دەبنە هێزی گەورەی راکێشان بۆ راکێشان و گوێڕایەڵکردنی کۆمەلگە بۆ هەر مژدەو بەڵێنێکی دوور یان وەهمی.

مەریوان وریای قانیع لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەو هەلومەرجانەش کە کۆمەلگا توشی بێهیواییەکی گەورە دەکەن، مژدەی واقیعیانەیان تێدا نیە، لانیکەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی تیادا بزرە، رێگا خۆشکەرن بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرێك کە مژدەی ساختەو هیوای ساختە لەو کۆمەگایانەدا بچێنێت. زۆرجار دیکتاتۆرەکان لەسەر بێهیوایی و نائومێدی خەڵك کاردەکەن. ئەمانە لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە تایبەتەدا دێن بەناوی کۆتایهێنان بە نائارامی و پارچەپارچەیی و نادڵنیاییەوە دەدوێن.[10]

---

[10] مەریوان وریا قانیع، سەرەتایك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دیکتاتۆریەت، گۆڤاری سەردەمی رەخنە(93-94)

مەرگدۆستی & ژیاندۆستی

کۆمەڵێك پێشنیارو رەخنە بۆ دەسەڵاتداران

ئـەم نوسـینە پـتر گوزارشـتێکی میتـافۆریی رەخنەگرانەیـە، شێوازێکە بۆ سادەکردنەوەی رەخنەو پێشنیارو گفتۆگۆ.

":رۆشنبیری رۆشنگەرو ئەقلانیو ئازادیخواز، ئـەو کەسـە نیـە کـە هـزرە بەپیتـەکان دەگۆڕێـت کـە دەربـارەی رۆشـنگەریو عـەقڵو ئازادی بەرهەمهاتووە، بۆ تەنها زانیاریگەلێك کە وەك لەبەرکراوەکان بیلێتەوە، بەڵکە ئەو پەیوەندییەکی رەخنەیی لەگەڵ خـودی خۆیو هزرەکەیدا دادەمەزرێنێت، بەجۆرێك کە ئەوەی بۆ دەرەخسێت کە ئـەوەی ئێـستا لەسـەری بەنـدە بیگۆڕێـت، بەدەوڵەمەنـدکردنی چەمکەکانی دەربارەی ئازادیو ئەقلانیەتو رۆشنکردنەوە"[11]

میتافۆرەکان

بۆئەوەی هیچ خەیاڵێکی شەڕانگێز زەفەرتان پێنەبات، بۆئـەوەی هـیچ دیکتـاتۆرێکی بـچوك لەخەیاڵتانـدا خـەون بـە چەوسـانەوەی

---

[11] علی حرب، اوهام النخبة او نقد المثقف، المركز الثقافي العربي، طبعة الثانية 1998، ل13

هاولاتیو حساب نەکردن بۆ رایگشتیو بێئاگایی لەمیدیای ئازادەوە نەبینێت، بۆئەوەی چیتر ئارەزوی براکوژیو شەڕ لەویژدانتاندا بکوژن، پێویستە هەموو شەوێك بەرلەوەی بخەون گوێ لەمۆیسقا بگرن، گوێگرتن لەهەر سەمفۆنیایەکی کلاسیك یا مۆدێرن، یان واباشترە گوێ لەمۆسیقای سلۆ بگرن، یەکێکە لەو دیاردە نوێیانەی نێو دنیای مۆدێرنو خەیاڵێکە زیاترو زیاتر نزیکتاندەکاتەوە لەخۆتانو روحو چێژوەرگرتن لەسروشت، من بۆخۆم لەو باوەڕەدام کە هەرگیزاوهەرگیز لەسەروەختی شەڕی ناوخۆو ئەو ململانێ ناشرینانەی کە لەنێوان هێزە حیزبیو میلیشیاییەکاندا بەرپادەبێت، خەونی شەڕانگێزیو چێژی مەرگی لەلا گەورەدەکردن گوێیان لەمۆسیقا نەگرتوە، بواری ئەوەیان نەبوو هەفتەی تەنها یەك سەعات گوێ لەشیعر بگرن"بەلآم من مەبەستم لەمۆسیقای جەنگو شیعرەکانی مەرگو ئایدۆلۆژیاو گێڕانەوەی حیکایەتەکانی جەنگ نیە"، هەڵبەت لەپشت هەموو شەڕێکی ناوخۆو هەموو چێژێکی سادییانەی مەرگەوە لەو ساتەوەختانەی کە سەرەتاکانی یەکتر قبوڵنەکردنو کاولکردنی ژیان بوو، سەرباری ئەوەی سایکۆلۆژیایەکی سادیستانەو مەرگپەرستانە لەپشت هەموو چێژێکی مەرگو شەڕەوە ئامادەبوو، هێندەش مارشو نەشیدەکانی جەنگو خرۆشاندن بۆ مەرگ خەیاڵی دۆستایەتی بۆ مەرگ لەلا گەورەدەکردنو هەزاران قوربانی ئەو شەڕە ناشرینانە یەکسان نەبوو بە مردنی کەنارییەك لەقەفەزە تەنهاو تاریکەکانی ئێوەدا، هاوکات سەرباری ئەو هەموو نەزعە سادیستییە کە پڕبوو لەچێژ بۆ

رابـــردوو، لێوانلێـــو بـــوو لەچـــێژوەرگرتن لـــەئازاردانی یـــەکتریو ئەشـکەنجەدانی یـەکتری تامـەرگ، هاوکـات لەپـشت هـەموو چـێژێکی مەرگـەوە، لەپـشت هـەموو شـەڕێکەوە دنیایـەك شـیعرو قەسـیدەی مەرگدۆستو وێنەی کوشتنی یەکتری، مـەجازی پیاوکوشـتنو وەزنو قافییـەی خـوێن ئامـادەبوو کـە هـەموو پیـاوانی شـەڕی نـاوخۆو زەنگینـەکانی مـەرگی دەسـتەوئەژنو لەمـەرگی یەکتریـدا دەخـەوانو زیاتـرو زیاتـر ئەو چێژەی لەلا گەورەدەکردن.

بـەلام گـوێگرتنو لـەو شـیعرانەی کـە لـەروحێکی ژیانـدۆسـتو ڕۆمانسیو عارفانەوە سەرچـاوە دەگرێـت، هـەرگیز بـەراورد ناکرێـت بەو شیعری موناسەبەو مەرگ خۆشویستنەی کە هەندێك لەشاعیرە سادیستەکان چـێژی لێـدەبینو سوتەمەنییەکی کاریگـەر بـوون بـۆ گڕتێبەردانی زیاتـرو زیاتری ئەو چێژە ئیلاهییە بە مەرگ.

ئێوە بۆئەوەی چێژی ئەو خەیاڵی کوشـتنو ئـەو چـێژی مـەرگو ململانیٚ ناشرینانە نەچێتەوە نـاو خەونـەکانتان، پێویـستە گوێ لـە سـوهراب بگـرنو هـەموو شـیعرەکانی سـوهراب بـە فارسـی بکـرنو فارسی زانێکی کوردی ئێران بانگبکەن شـەوانە یـەکێك لـەو قەسـیدە پـــڕ لـــەعیرفانو ژیانـدۆســـتیەتان بـــۆ بخوێنێتـــەوە، کـــەمێك ئێـواران...هەمیـشە ئێـواران شـیعرەکانی حـافزو خـەیام بـۆ یـەکتری بخوێننـەوە، هەنـدێکجار گـوێ لـە بیتهـۆڤن"بەتایبـەتی سـەمفۆنیای ژمارە 9"، گوێ لە مۆسیقاکانی ڤیڤالدیو شتراوس بگـرن، جارناجـار بەیانیان زوو گوێ لەعـەزفی گیتـار بگـرن، ئێـوە پێویـستە کۆمـەڵێك گیتارژەنو تارژەن بکەن بە هاوڕێی خۆتانو ئێواران بەدزیـەوە بـچن

بۆ لایانو بە حورمەتەوە لەحزوری ئەو عازفانەدا دانیشنو بە عیشقەوە گوێیان لێبگرن. ئەگەر کرا زۆرنا ساڵی جارێك لەماڵی فەقیری ئەو عازفانە بمێننەوەو بەیانیان بەعەزفی گیتار و تار کە بۆ سروشتو مرۆڤی دەژەنن نەك بۆ ئێوە هەستن لەخەو و گوێ لەعەزفی ئەو روحو جەستەو خەیاڵو خولیایانە بگرن کە دەمێکە گوێتان لێنەبووە.

بۆئەوەی روانینو دنیابینییەکانتان مەودایەکی فراوانترو کراوەتری هەبێت، پێویستە ئەو نوسینەنانە بخوێننەوە کە رەخنەگرانەو جیاوازن لەهەر حیکایەتێکی دووبارەو سواو، قەسیدەکانی جەمال غەمبارو شیعرو نوسینەکانی ئەنوەر رەشی ئەولاو ئازاد حەمەو دلاوەر قەرەداغیو روانینە پڕ لە موحیبەتەکانی نەوەی نوێی شیعرو رۆشنبیریو رەخنەگرانی ئەورۆکە بخوێننەوە، ئێوە بۆئەوەی جارێکی دیکە دەستنەکەنەوە ملی مەرگو ناوچەوانی خوێن ماچ نەکەنەوە، پێویستە رۆمانی دوایەمین هەناری دونیا بخوێننەوە، ئێوە بۆئەوەی جارێکی تر چاوتان رەنگەکان ببینێتو رۆحتان پاکبێتەوە، پێویستە رۆژانە بۆ ماوەی تەنها یەك چارەك سەیری تابلۆکانی سەروەت ئەنوەر سەوزو حەمە بەهادینو چیمەن ئیسمائیلو ستار قادرو شیلان جەبارو سامان کەریمو ئیسمائیلۆو ئیشە پەیکەرسازییەکانی شوان رەباتیو شوعلە سلێمانو ئاشناو تابلۆ جیهانییەکانی کلاسیكو دنیای مۆدێرن بکەن. ئێوە بۆئەوەی لەشانۆی مۆدێرن تێبگەنو لەو تەوژمە نوێیە تێبگەن پێویستە بچن بۆ هەموو عەرزێکی شانۆیی

گروپی شانۆی (با) و بچن بۆ زۆرێك لەو نمایشە شانۆییانەو بە حورمەتەوە لەسەر ئەو کورسییە شەقوشڕانەی هۆڵەکان دانیشن کە تائەوڕۆکە لەسەر کورسی لەو جۆرە دانەنیشتون.

بۆئەوەی هونەریانە مامەڵە لەگەڵ هاولاتیاندا بکەن، بۆئەوەی کەمێك هەست ناسکانە بڕواننە ژیانی مرۆڤ لەم دەقەرەدا، بۆئەوەی بەشێوەیەکی عادیلانەو دوور لەهەر خەیاڵێکی تەنگەبەری حیزبایەتیو ناوچەگەرێتی بڕواننە دنیاو هەندێك کراوەتر خەیاڵسازو ئامادەباشو خەیاڵی گۆڕان لەلاتان گەورەترو فراواتر بێت، پێویستە هەفتەی جارێك یان دووجار فلمێکی جیهانی ببینن‌و بەتەنها لەگەڵ خۆتاندا سەیریبکەن، بەلاّم با فیلمی ئەکشن نەبێت، یان با ئەو فیلمە ئەمریکیانە نەبێت کە ئەفسانەو پاڵەوانی وەك رامبۆو ئەرنۆلدو دانێل گرین‌و جەنگی شەقامەکان‌و فلیمی ترسناك‌و فلمی سێکس‌و مافیا پێشکەش دەکەن. نەخێر بەڵکە پێویستە سەیری فیلمێك بکەن زیاترو زیاتر ژیانتان لەلا خۆشەویست بکات، حورمەتی ئینسان جوانترو جوانتر بکات، مەرگ تیایدا پتر حاڵەتێکی رۆمانسی‌و مرۆیی بێت، نەوەك حاڵەتێکی سادیستانەو توندوتیژانە بێت. سەیری فیلمی گوزارشتامێزو رۆمانسی‌و مرۆیی‌و شاعیرانە بکەن، وەك سەیرکردنی ئەدۆنیسی شاعیر بۆ فیلمی سینەمایی.

بۆئەوەی زیاترو زیاتر ئاگاتان لەهاولاتیان بێت، توخوا گوێ لەخەڵك بگرن‌و بەجدی وەلامیان بدەنەوە، مەیەڵن جارێکی دیکە پەرلەمان ببێتەوە بە تەمەڵخانەو چیتر لەو بێدەنگییە چێژ

وەربگـرن، بۆئـەوەی بـزانن هاولاتیـان چیان دەوێـت گـوێ لـەو ڕۆشنبیرانە بگرن، یان نوسینی ئەو ڕۆشنبیرە جدیانە بخوێننەوە کە لـەدەرەوەی دەسـەلاتو حیـزبو دامودەزگـا داخراوەکـانی حیـزبو حکومەتەوە دەڕواننە دنیاو ڕەخنەو سەرەنجی زۆر جوانیـان هەیـەو کار لەسـەر دنیابینییـەکی کراوەتـر دەکـەن. زۆر زۆر پێویـستە ئـەو هەفتەنامـە جیاوازانـە بخوێننـەوەو بـەدوای ئـەو کێـشەو گرفـتو ڕێپۆرتاژو ڕەخنانەدا بچنو وەلامیان بدەنەوە، نەوەك خۆتـان بکـەن بـە کـەڕەی شـەربەتو وەك معاویـە وەلامـی کـەس نەدەنـەوە، .. بەناچـاری پێویـستە ئێـوە گـوێ لـەو ڕۆشـنبیرانە بگـرن کـە کتێبـەکانیانو نوسـینەکانیان بـە تیراژێکـی زۆر بلاودەبنـەوەو لـەماوەیکی زۆر کەمـدا لـەبازاڕی کتێبفرۆشـاندا نامێنێـتو ئێـوە ئاگاتان لێیان نیەو فرتان بە دنیـای ڕۆشـنبیریەوە نیـە، گوێ لەوانـە بگرن کە ئاوێنە بۆ دەسەلات دادەنێن بۆئەوەی ڕوخساری حـەقیقی خۆی تیادا ببینێت، هاوکات پێویستە چەند گرنگی بـە شـەهیدەکان دەدەنو بەردەوام دەیانکەن بە دروشمو وێردی سەر لافیتەو کردنـی هەندێکیان بە پالەوانو ئەوانی دیکەش تەنها بـە شـەهید، هێنـدەش پێویـستە گرنگـی بـە زینـدوەکان بـدەن، گرنگیـدان بەوانـەی کـە لەژیاندان دەکاتەوە بە گرنگیدان بە شەهیدان.

هەولبدەن ئەو خەیالی ناوچەگەرێتییەو ئەو خەیالە سەرەتاییو هابیلو قابیلەی زیهنتان لەناوخۆتانو خەیالتانـدا بکوژنو کـەمێك مۆدێرنانـە بڕواننـە دنیـا، ئـەو دنیایـەی ئێـوە تیایـدا دەژیـان کـە درێژبۆتـەوە بـۆ ئێـستاش دنیایـەکی تاریکـە تـاریکتر لەسـەردەمی

تـەیموری لـەنگو گەڕانـەوەی ئـەنفالو کیمابارانێك بـوو بەچـەکی سـوكو بەخـەیاڵی بـچوك. ئێـوە بۆئـەوەی مۆدێرنانـە بیربکەنـەوە پێویـستە دەسـتبەرداری حیکایەتـە بـچوکەکانی خۆتـان بـبنو ئـەو خەیاڵە لەناو خۆتاندا بکوژن کە یەکێکتان پێی وایـە حیکایەتـەکانی شۆڕشی لـەوی دیکـە زیـاترە، لەراستیدا هێنـدەی زینـدوەکان فریـای کوردستان دەکەون، هێندە حیکایەتە مردووەکان فریاتان ناکەون.

شـەهید لـەلای ئێمـە موقەدەسـترە وەك لـەلای ئێـوە، ئێـوە تـەنها دەیانکەن بـە دروشـمو لەشـەڕەکاندا بەکاریانـدەهێنن، بـەلام لـەلای ئێمـە لەروحو نیگەرانیەکانمانداو لەخەونەکانمانـدا دەژیـنو نـابن بەحیکایـەتی بچوك، بەڵکە بەردەوام لەگەڵماندا بیردەکەنەوە. ئێوە هێندەی شـەهیدتان بـۆ مەرگدۆسـتی بـەکارهێنا، هێنـدە بـۆ جـوانکردنی ژیـان بـەکارتان نەدەهێنان، بەلام ئێمە باس لـەژیان دەکـەین بۆ شـەهیدەکانو، باس لـەو ئەمانەتە جوانە دەکەین کە لەگەڵ ئێمـەدا دابەشـیان کـردوە، بـەلام ئێوە لەسـەر ئـەو میراتییـە دەژیـنو ئێمەشـتان لـەناو حیکایەتـەکانی خۆتانـدا غەرقکردوەو دنیابینییـەکانی کۆمەڵگەیـەکتان بـچوککردۆتەوە بـۆ دنیـای تەنگەبەری حیزبایەتی.

دنیـابینی هێزێکـی گەورەیـە بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگەیـەکی کراوەو سازدانی خەیاڵدانێکی گەورەی لێبوردەییو خـەونی گـۆڕانو ڕێزگرتنـی ئینـسان وەك بوویـەکی کاریگـەرو بەشـدار لەژیانـدا، دنیـابینی هێزێکـە لـەدەرەوەی مەرگدۆسـتی، فـشارێکی شارسـتانییە لەژیانەوە بۆ ژیان.

سەرنج:

هیواخوازبن بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنتان هەبێتو کۆمەڵێك رەخنەگر لەدەرەوەی ئێوە رەخنەتان لێبگرنو نارەزایینامەکانی هاوڵاتیان بگەیەننە دەستی پەرلەمانو حکومەت، بەختەوەربن بەوەی کە رۆشنبیرانێك هەن رەخنەتان لێدەگرنو نەفرەت لەهەر خەیاڵێکی ناوچەگەرێتی(واتە بێماناییو خەیاڵی بچوك)و مەرگدۆستی دەکەنو پەشیمانتان دەکەنەوە لەنەرجیسیەتو لوتبەرزی حیزبیو خەیاڵی تەواوکردنی یەکتری، پەشیمانتان دەکەنەوە لەو رۆژانەی کە بە تەوسەوە ماچی ناوچەوانی ئەو رۆشنبیرو شاعیرانەتان دەکرد کە قەڵەمی شەری ناوخۆو ناوچەگەرێتیو میلیشیان کردبووە شانو بە چێژەوە هەموو پێکەوە تەقەتان لەیەکتر دەکردو خەڵکی بێگوناهو پێشمەرگەکان کە ئازیزی هەمومان بوون شەهید دەبوونو ئێوەش کە ئاشتدەبوونەوە بە داوای لێبوردنێکی ساردوسرو بە زەردەخەنەیەکی تاڵو بەدنیایەك مەرامی بچوكو بەدنیاك خەونی گومرگییەوە ئاشتدەبوونەوە.

دواجار من زۆر بە پێویستی دەزانم رۆژانە تەنها دە خولەك راهێنانەکانی (یۆگا)بکەن، بۆئەوەی رۆحتان پاکببێتەوە لەهەر خەیاڵێکی شەرانگێزی، پاکببێتەوە لەهەر خولیایەکی مەرگدۆستیو لەهەر خەونێکی بچوك بۆ ناوچەگەرێتی، با سازگاربێت بۆ رەخنەو قبولکردنی جیاوازی، با هۆشیار بێت بە زانینی هەر غەدرێك کە بەرپرسەکان وەك جاریجاران لەخەڵکی دەکەنو خۆیان زیاترو زیاتر دەوڵەمەند دەکەنو بازرگانی بەسەر منو تۆوە دەکەن، بیرتان نەچێت ئێوە بەرلەوەی سەرۆكو

بەرپرس بن هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەم وڵاتەن، پێویستە کەمێك خەونەکانتان لەخەونەکانی هاوڵاتی بچێت، لەراستیدا حکومەت ئەو حکومەتەیە کە خەڵك دەوڵەمەندەکات، نەوەك بەرپرسەکانی دەوڵەمەندو حیزبەکەی زەنگینترو هاوڵاتیانی هەژارترو بێ ساحێبتر.

لەراستیدا ئەوەی حیزبو حکومەت تائێستاکە وەك خزمەتگوزاری کردویانە بۆ هەرسێ شارەکەی کوردستان ئەرکی سەرشانتانەو ناتوانن بە گران بەئێمەی بفرۆشنەوە، لەبەرئەوەی ئیشی حکومەتو دامودەزگاکانی بێجگە لەخزمەتگوزاریو خزمەتکردنی هاوڵاتیان هیچی تر نیە، ئەگەر خزمەت ناکەن گەندەڵی مەکەن، وێرانی مەکەنو ناشرینی مەکەن. لەراستیدا ئەوە درۆیەکی گەورەیە کە پێتان وابێت کۆمەڵگەو نەتەوەکانی دنیا لەرێی شەڕی ناوخۆو ململانێی بێماناوە گەیشتونەتە پێشکەوتنی شارستانیو دروستکردنی دەوڵەت، ئەم خەیاڵە خەونێکی بچوکی ئەو بەرپرسە بێئیشانەیە کە دەیانەوێت بەڵگەو موبەڕری مێژوویی ناتەندروست بهێننەوە بۆ ململانێی بێماناو شەڕ لەسەر دەسەڵاتو کورسیو گومرگو ناوچەگەرێتی، لەبەرئەوەی لەدنیای مۆدێرندا هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت لەرێی شەڕی ناوخۆوە دەوڵەتو گۆڕان دروستبکات بە کۆمەڵگەو دەسەڵاتێکی هەمەجیو بێئاگا ناوزەد دەکرێنو کەمتر حسابی مرۆڤیان بۆ دەکرێت.

بۆئەوەی کێشەی نیشتەجێبونی ئەو هەزاران هەزار هاوڵاتییە قوڕبۆگیراوەیە چارەسەربکەن، بۆئەوەی ئەو هەموو لاوە رزگاریان بێت لەخانوی کرێو لەساحەبماڵی بێویژدان، خوێنەری ئازیز ئێوە ئاگادارن نیوەی ئەم وڵاتە کرێچییە، بەڵام بەرپرسو ئەندامە بەرزەکانی حیزبیش

دەیان تەلارو خانوی لابەلاو چەند هەزار دۆنمنێك عەرزشیان هەیە بۆ فشقیات، ئای لەو قوربەسرییە، ئای لەو هەموو ناعەدالەتییە، چەندین ساڵە مەرگ بە کۆڵانەکانی شاردا پیاسەدەکاتو لەدەرگای هەمومانی داوە، مەرگ تەنها مردنی ئازیزێك یان شەڕی ناوخۆ یان تیرۆر نیە، مەرگ ئەو هەموو ناعەدالەتییەیە، ئەزمەی سەکەن، گرانی بازاڕو پێداویستییەکانە، مەرگ گرانی سوتەمەنیو بازرگانیکردنە بەسەر تۆوە لەرێی بازرگانیکردن بە سوتەمەنیو بەنزینو کرێی تەلەفونو گرانی بازاڕ بەرامبەر کەمی موچەی مامۆستاو فەرمانبەر. ئێوەی بەرپرسو سەرۆكو عەنتەرو عەبلە، پێوستە لەو شتانە بکۆڵنەوە، پێویستە بەرپرسە نابەرپرسەکانتان موحاسەبە بکەن لەسەر دەوڵەمەندبونی خێراو ئەتەکێتی رۆژانەیان، پێویستە پێیان بڵێن چیتر پۆز بەسەر هاولاتیاندا لێمەدەنو خۆتان مەکەن بەمعارفو زاناو هاوخەمی خەڵك بەدرۆوە کە لەکاتێکدا هەندێك لەبەرپرسەکانتان وەك هارونە رەشید دەژینو زۆرینەی زۆری هاولاتیانیش دنیایەك کێەشمیان هەیە(وەك کێشەی خانوو، گرانی بازاڕ، سەفەرکردن، گوێنەگرتنی وەزارەتو پەرلەمانتارەکان، گرنگی نەدان بەرایگشتیو میدیای ئازاد لەلایەن ئێوەو کێشەی کارەباو ئاو، کێشەی تەندروستیو کرێی خانو، بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنیو بەنزین لەلایەن کۆمەڵێك مشەخۆرەوە، کێشەی گێڕانەوەی حیکایەتەکان لەلایەن ئێوەوەو گوێنەگرتن بۆ هەر جیاوازییەك لەدەرەوەی خۆتان، کێشەی داخرانی رۆشبیریو مۆنۆپۆلکردنی تەواوی ناوەندە رۆشنبیرو فەرهەنگییەکان لەلایەن خۆتانەوە، کێشەی گوێنەگرتن لەنارەزایی هاولاتیانو بەکارهێنانی مۆدێلێکی شەقوشڕی بەناو دیموکراسی کە دەڵێت تۆ ئازادی قسەبکەیت، بەڵام منیش ئازادم کە گوێت

لێناگرمو وەلامـت نادەمـەوەو پێتـان رائـەبوێرم، بەشـێوەیەك موچـەی ئەندامانی حیزبـو بەرپرسانی حیزبـو بەرزدەکەمەوە کە شایەنی بـەراورد نـەبێت لەگـەڵ تـۆی مامۆسـتاو فەرمانبـەردا، هاوکـات پێویـستە موچـەی وەزیرو پەرلەمانتارەکانو بەرپرسە حیزبییەکان هێنـدە بەرزبکەمـەوە کە بـە دووربـین لەسـەرەوە سـەیری ئـەو موچـە بچوکەی تـۆ بکـەن، دنیایـەك بەڕێوبەری گشتی بێئیش لەم ولاتەدا هەیە، دنیایەك بەرپرسـی نابـەرپرس لەم ولاتەدا هەیە، دنیایەك راوێژکارو موستەشاری بێئـیشو بـێ ئیستـشارە لـەم دەڤـەرەدا هەیـە، بـەلام موچـەو ئـەو مەکرەمانـەی وەریـدەگرن دەیـان ئەوەندەی موچەی فەرمانبەرێکی ئاساییە.

بەڕێزان ئەوەی باسی لێوەدەکەن سـەبارەت بـەوەی کـە ئـەم بـارودۆخی گرانییە پەیوەندی بە بازاڕی ئازادەوە هەیە، ئازیزان ئەمە بازاڕی ئازاد نیـە، بەڵکـە بەرەلاخانەیـەکی گەورەیـەو هـیچی تـر، بازاڕێکـە یاسـای جەنگـەڵ دەیبات بەڕێوە، دیارە ئێوە ئاگاتان لەو گرانییە بێمانایـە نیـە لەکوردستاندا، چـونکە رۆژێـك لـەرۆژان پیاسـەیەکتان بـە بـازاڕدا نـەکردووە، سـەعاتێك کرێچی نەبوون، یەك دەقە بـێ نـەوتو بـەنزین نـەبوون، تاکەیـەك چـرکە لەدوای راپەڕینەوە بێ کارەباو ئاو نەبوون.

ئـەو دەسـەلاتەی گرنگـی نـادات بـە میـدیای ئـازادو جیاوازییـەکانی دەرەوەی ناوەنـدەکانی خـۆی دەسـەلاتێکی بێئاگـاو نابـەرپرسو کۆنپارێزە، هاوکات ئەو ناوەندی بڕیارەی خۆی بە خاوەنی هەموو بڕیارەکان دەزانێتو گوێ لەرایگشتی ناگرێتو حـساب بـۆ راوبۆچـونی شـەقامو میـدیای ئـازادو زانکـۆو نـەوە نوێکـانو مـرۆڤ ناکـات، ئـەوا ئـەو ناوەنـدە بەرهەمهێنـەری هەمەجیـەتو بێباکییـە گەورەکانـەو دەسـەلاتێکە کـار لەسـەر بێـدەنگیو

غەمگینكردنی شار دەكات. لەكۆتایدا دەمەوێت لەرێی وتەیەكی كاك رێبین هەردییەوە كۆتایی بەم پێشنیارانەم بهێنم، كە دەڵێ:"ئەو شارانەی هەمەرەنگی ناویان دەكوژرێت و دەچەپێنرێت، شارێكی غەمگینیان لێدەردەچێت كە ئومێد بە ژیان و پاشەرۆژ و گۆڕان لەناویاندا دابەزێ بۆ نزمترین ئاستی خۆی."[12]، كاك رێبین باس لەغەمگینی شارێك و دڵڕەقی گروپێكی تیرۆریست و دەسەڵاتێكی ئاینی و ترادسیۆنی دواكەوتوش دەكات كە روانینیان بۆ ئاین و شەریعەت هێندە بێئاگایانەیە كە نە لەدنیا تێگەیشتون نە لەدینیش تێگەیشتون كە دەسەڵاتێكی پەنهانە لەمزگەوتەكانەوە بۆ غەمگینكردنی مرۆڤ و شار و ژیان، دەسەڵاتێكە باركراو بە جەهل و بەتاڵ لەدنیای مۆدێرن كە لەخێزانەوە سەرچاوەدەگرێت بەرەو مزگەوت و زانكۆ و حیزب و خوێندنگەكان و سەرشەقام و خەیاڵ و ژیان داگیردەكات و ژیان بچوكدەكاتەوە بۆ تاكەیەك حیكایەتی دووبارە. ئەو دەسەڵاتانە ئەگەر حیزب و بەرپرس و دەسەڵاتی بڕیار و حكومەتیان لەپشت بێت كۆمەڵگە تاسەرئێسك غەرقی جەهل و بێباكی و هەمەجیەت دەكەن.

لەراستیدا ئێمە خاوەنی دەیان تەلەفزیۆنی حەزین و بێئاگاین كە پاش رووداونی رووداوەكان دەكەونە باسكردنیان، بەڵام لەهەمووی خراپتر ئەوەیە كە تەلەفزیۆنێكی فەزایی هێندە بێئاگا بێت لەئاست هوشیاری و كەرامەتی ئینسان، ئەو وێنە ناشرینانەی گروپەكەی شێخ زانا وەك خۆی بلاوبكاتەوە، بەڵام دیارە ئەوە نازانن كە تیرۆر هێندەی كوشتنی ئینسانە بە ترس هێندە كوشتنی مرۆڤ نیە بە كردار، لەبەرئەوە دەبێت ئەوە بزانن كە ترس

---

[12] هاوڵاتی، ژ233 چوارشەمە 2005/7/20،ل15

لەسەربڕین تۆقێنەرترە لەخودی کردارەکە. دیارە ئەم کەناڵە ڕاوێژکارو پسپۆڕو سایکۆلۆژیستی تیادا نیە وەك هەموو کەناڵەکانی تری کوردستان، ... پێشنیاری من بۆ ئێوەی هەردوو سەرۆك‌و بڕیاردەرو خاوەن تەلەفزیۆن‌و دەزگا ئەوەیە کەمێك ئاگاتان لەتەلەفزیۆنەکانتان بێت‌و بێجگە لەو شتانەی باسم لێوەکرد پێویستیشە کەناڵەکانتان زۆر گرنگی بدەن بە هەمەڕەنگی‌و گرنگیدان بە مرۆڤو ڕایگشتی‌و ژیانی مۆدێرن‌و خودی هاوڵاتی، با نەبنەوە بە بڵندگۆ بۆ شەڕو دژایەتیکردنی یەکتری‌و گێڕانەوەی حیکایەتە بەباچووەکان‌و بێباکی بەرامبەر هەموو دیاردەیەك‌و با بێدەسەڵات نەبن بەرامبەر ئێوەو حیزبەکانتان. کەمێك فێری جورئەتیان بکەن‌و بەتاڵیانبکەنەوە لەتەقلیسکردنی حیزب‌و دروستکردنی کاریزما. دووریانبخەنەوە لەمەرگدۆستی‌و با کەناڵگەلێکی هەزار نەبن بەژیان‌و دەوڵەمەندنەبن بە کەمتەرخەمی‌و بە گێڕانەوەی حیکایەتکان‌و پەرستنی ڕابردوو، با شەیدای کۆنپارێزی نەبن‌و تا سەرئێسك بێئاگا نەبن لەدنیای مۆدێرن.

ژیاندۆستی خەونێکە لەدەرەوەی خەونە بەباچوەکانی نەریتپارێزی‌و کۆنپارێزی، خولیایەکە لەدەرەوەی خولیاکانی مەرگخوازی‌و سڕینەوەی ئەویدی‌و قبوڵنەکردنی جیاوازییەکان، هەستێکی ناسکە لەدەرەوەی دنیای کۆنکرێتی مەزهەبخوازی‌و حیزبخوازی‌و خودپەرستی، مانایەکی دیکەیە لەدەرەوەی مانا سنوردراوەکانی کۆمەڵگەی داخراوو فەرهەنگی داخراو، ژیاندۆستی فەرهەنگێکە لەدەرەوەی فەرهەنگی گەندەڵی‌و بێمانایی‌و ناشرینکردنی خولیاو و ئارەزووەکانی مرۆڤو فەرهەنگێکی کراوەیە بۆ ڕێزگرتنی مرۆڤ وەك بوویەکی داهێنەرو بیرکەرەوە.

دەسەڵاتی جەهل

"ژیانی ناسروشتیانەی زۆردار، لایەنگرانو وابەستەکانیان، ژیانی دەروونی ئەوان بێزارکەرو پڕە لەترسو دڕندەیی‌و بەتاڵیشە لەئاسایش‌و ئارامی‌و شادمانی. ستەمکاران هەمیشە لەترس‌و وەحشەتدان، ترس‌و لەو رق‌و نەفرەتەی کە لەدڵی یەکبەیەکی خەڵکدا هەیەو ئەوانیش بە چاکی لێی ئاگادارن."جۆن لویس

هەڵبەت لەهەموو دنیادا رێپێوان‌و خۆپیشاندان‌و نارەزایی دەربڕین کۆمەڵە مافێکی مەدەنی‌و ئینسانی مرۆڤەکانە لەهەر کوێیەك بن‌و سەر بە هەر مەملەکەتێك بن، هەموو کەسێکیش ئازادە لەدەربڕینی راوبۆچون‌و رەخنەکانی خۆی، هەر دەسەلاتێکیش رێ لەم مافانە بگرێت بەرلەوەی دەسەلاتێکی دیکتاتۆری بێت دەسەلاتێکی سونەتی‌و نادیموکراتی‌و نامرۆییەو تاسەرئێسك شەرمەزار دەبێت بەرامبەر کۆمەلگەی نێودەولەتی‌و خودی هاولاتیانی خۆشی.

ئەو دەسەلاتانەشی کە لەرێی پۆلیس‌و ئاسایش‌و ئیتلاعاتەوە سوکایەتی بە مرۆڤو شکۆی ئینسانەکانەوە دەکەن‌و پەلاماریان دەدەن‌و جوێنیان پێدەدەن‌و نایەلن رێپێوان‌و خۆپیشاندان سازبدەن

دەسەڵاتگەلێکی هەمەجیو بێئاگاو نادیموکراتنو فرپیان بەسەر دیموکراسیو ژیانی مۆدێرنەوە نیە، ئەو دەسەڵاتانە لەوەش تێناگەن ئەرکی پۆلیس واتە پاراستنی ژیانی مەدەنی هاوڵاتیانو رێزگرتن لەشکۆو حورمەتی ئینسان نەوەك پەلامارданو سوکایەتیکردن بە مرۆڤ. دەرەنجام ئەو دەسەڵاتانە بە خۆیانو دامودەزگا پۆلیسییەکانیانەوە لەجەهلێکی کوشندەدا دەژینو دەبن بە دیکتاتۆر.

هەڵوێستی ئێمەی رۆشنبیر بەرامبەر ئەو هەموو ناعەدالەتیو رەشەکوژییەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە هاوڵاتیانی کوردستان بەرلەوەی ئەرکێکی نیشتمانی بێت دەیان ئەوەندە ئەرکێکی ئینسانییەو هەڵبژاردنی بێدەنگیش بەرامبەر ئەم ئاشوبە سونەتییە لەدنیادا ئەوپەڕی نارۆشنبیرییەو سەرچاوەکەی جەهلێکی گەورەیە.

جەهل تەنها لەتاریکییەوە سەرچاوە ناگرێت، پەنهان نیەو خۆی نەشاردۆتەوە، جەهل زۆر بە ئاشکراو بێشەرم بەسەر شەقامەکاندا پیاسەدەکات، بێشەرمانە مرۆڤ دەکوژێتو بەسەر خیابانەکاندا رایدەکێشێت، جەهل دەستڕێژی گوللە دەکات بە گیانی ئاپورەی ئەو خەڵکە بریندارەداو بێشەرمانە دەیانکوژێت، جەهل تەنها عەمامەی نەداوە بەسەرداو کەواوسەڵتەی ئیمامی عەلی نەداوە بەسەر شانیدا، بەڵکە بەپێی ئایەتەکانی قورئان دەمانکوژێت، فەتوای مەرگ بۆ هەمومان دەردەکات، ئەو دەیەوێت لەرێی پیرۆزییەوە هەموو پیرۆزییەکانی ترو هەموو دنیابینییەکانی دیکە بکوژێت، ئەو

بەناوی پارێزگاریکردن لەئاینی ئیسلام بەقەولی خۆی رۆژنامەکان‌و هەفتەنامەکان دادەخات‌و نوسەرەکانیان رەوانەی دادگاو زیندانە تاریکەکان دەکات، هەر بەوەوە ناوەستێت هەموو ناڕەزاییەکی هاولاتی غەرقی جەهلەکانی خۆی دەکات‌و سیخناخمان دەکات لەگومڕاییی‌و لەشەڕو دژایەتی.

جەهل ناتوانێت ئەویدی قبوڵبکات، ئەو کە باوەڕی بە جیاوازییەکان نیە، هاوکات خەیاڵکوژو مرۆڤکوژو خەونکوژو ئارەزووکوژە، ئەو بۆیە هەموو خواستێکی گۆڕان دەکوژێت‌و فەرامۆشدەکات، لەبەرئەوەی نەك تەنها باوەڕی بە دنیای نوێ‌و گۆڕانکاری مۆدێرن نیە، بەڵکە ئەو پێیوایە هەمو حەقیقەتەکان لەلای ئەوەو حەقیقەتێکی دیکە بونی نیە لەدەرەوەی مەودای داخراوی روانین‌و دنیابینییەکانی، ئەو دەسەلاتە هەمجییەی ئەو، دەسەلاتێکە بۆ فەرامۆشکردنی هەمو کردەو بیرکردنەوەیەك لەدەرەوەی خۆی، جەهل لەو خەیاڵە کوشندەیەدا دەژی کە دەرەوەی خۆی‌و ئەو جیاوازیانە ناکەونە غەبغەبەی جەهلی ئەوەوە کافرو گێرەشێوێن‌و مەلعونن، بەلام تەواو ئەم تێڕوانینە جاهیلانەیە، ئەوە کافرە کە خەیاڵ‌و خەون‌و خولیاو مرۆڤ دەکوژێت، ئەوە مەلعونە کە لەرێی ئایەتەکانی قورئانەوە قەتلوعام دەکات‌و جەستەو روحی مرۆڤێك بەو هەموو شکۆیەوە بەسەر خایابانەکانداو بەبەرچاوی ئەو هەزاران هاولاتیە بێچارەیەوە رادەکێشێ تا مردن.

جەهل بەبێ دەسەلات ناتوانێت بژی، ئەو دەسەلاتەی جەهل بەکاریدەهێنێت‌و باوەڕی پێی هەیە لەتاکەیەك سەرچاوەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکە دەیان سەرچاوەی گەورەی لەپشتەوەیە، ئێمە باسمان لەوە

کردووه که چۆن لەرێی سورەتی ئەنفال‌و سورەتی بەقەرەوە خەڵکی کوردستان ئەنفال دەکران‌و هەموو شەڕەکان‌و کوشتنەکان‌و جینۆسایدەکان کۆمەڵە ئۆپراسیۆنێکی گەورە بوون، بەڵام دەیان ئایەت‌و راڤەکاری ئاینی لەپشتەوە بوو، بە ئەندازەیەك هەموو ئەو ئۆپراسیۆنانە بەناوی ئەنفال(کە سورەتێکی قورئانییە)و بەناوی سەعدی ئیبنی وەقاس‌و قەعقاع‌و خولافەکانی راشیدینەوەو ناوەکانی خوداوە بەرامبەر کورد کراوە، ئا ئەمەیە سەرچاوەیەکی دیکەی جەهل کە قورئانە، تیرۆریستەکانی ئەم دەڤەرەش هەر بەناوی قورئان‌و مزگەوت‌و جیهادەوە خەڵك سەردەبڕن‌و تیرۆر دەکەن.

سەرچاوەیەکی دیکەی جەهل عەسکەرتاریەتە، قەوارەی هێزە عەسکەرتاری‌و سەربازییەکانی دنیای جەهل سەدان ئەوەندەی مرۆڤەکانە، هێزی سەربازی وڵاتە دواکەوت‌و جاهیلەکانی وەك دەسەڵاتی ئێران‌و عێراق‌و سوریاو تورکیا سەدان ئەوەندەی کوشتن‌و زیندانیکردنی ئینسانەکانە. ئەو هێزانە تەنها بۆ بەرگریکردن نیین یان بۆ پاراستنی وڵات نیین لەدوژمنەکانی، بەڵکە هێزی عەسکەرتاری‌و ئیتلاعاتی لەم وڵاتانەدا تەنها بۆ جڵەوکردن‌و لغاوکردنی مرۆڤە، تەنها بۆ زیندانیکردنی عەقڵ‌و روانین‌و دنیابینییە جیاوازەکانە، هێزگەلێکی بێشومارن بۆ بچوککردنەوەی مرۆڤو زەبەلاحکردنی دەوڵەت‌و دەسەڵاتی مەرکەزی‌و دەسەڵاتی مەرجەعی ئاینی.

هاوکات لەتوانادا نیە ئەو دەسەڵاتە سەربازییە لەحیزبە دەسەڵاتدارەکان‌و شوراو پەرلەمان‌و ئیتلاعات‌و هێزەکانی دیکە جیابکەیتەوە، ئەو دەسەڵاتە سەربازییە کە سەرچاوەکەی هەزاران

جەهلە بەدنیاو گۆڕانکارییەکان، دەسەلاَتێکە سەدان نهۆم لەسەرو پەرلەمان و یاساو دامودەزگاو فەرهەنگ و شارستانییەت و هاولاَتییەوەیە.

ئەم راپەرینە جەماوەرییەی کوردەکان لەرۆژهەلاَت، راپەرینێك و نارەزاییەکی ئاسایی نیە، بەلَکە راپەرینێکە دژی بێدەنگی و بچوککردنەوەی مروَڤ، دژی زنجیر لەدەستوپێکردنی ئازادی و سەربەخۆی و شکۆی مروَڤ، دژی دەسەلاَتێکە کە غەرقی جەهل و دوبارەکردنەوەی جەهلە، ئەم راپەرینە کە ئەوڕۆکە زوربەی شارەکانی کوردستانی رۆژهەلاَتی گرتوَتەوە، بەرهەمی ئێستا نیە، بەلَکە گڕوکلَپەی چەندین سالَەی بێتاقەتی و بێئومێدی و نارەزایی و بێدەنگییە بەرامبەر رژێمێکی کۆنەپەرست و کۆنزێرڤاتیف، ئەم راپەرینە پێمان دەلَێت ئەو دەسەلاَتەی گوێ لەهاولاَتیانی ناگرێت و حساب بۆ رایگشتی و ئازادییەکانی تاکەکەس و ئازادی فەرهەنگی و رۆشنبیری و دنیابینییەکان ناکات و جیاوازییەکان قبولَناکات، دەسەلاَتێکی موتلَەق و جاهیلە بەرامبەر ژیان، دەبێت ئەو رۆژەشی لەبەرچاو بێت کە خیابانەکان پڕدەبن لەمرۆڤی نارازی و بێزار لەتۆی دەسەلاَت، کوچەوکۆلاَنەکان پڕدەبن لەگەنج و کیژۆلَەی بێ تاقەت لەجەهل و مشتیان پڕە لەبەرد(سەنگ) و دەیگرنە ناوچەوانی تۆ ئەی جەهل، دەیگرنە پەنجەرە داخراوەکانی تۆ ئەی دەسەلاَتی عەسکەرتاری، بەرد دەگرنە روخساری پۆلاَینی تۆو زامدار دەبیت و لەجێی شەیتان رەجمت دەکەن، ئەو دەسەلاَتانەی بەم ئاقارانەدا دەڕۆن دەبن بە شەیتان و رەجمدەکرێن، تۆی جاهل بەئاسانی

ناتوانیت لەم سەردەمە کراوەیەدا خەڵك بکوژیتو ڕێپێوان بکەی بە خوێنپێوانو بەڵگە بۆ کوشتنی ئینسان بهێنیتەوەو بۆی دەرچیت.

تۆی دەوڵەتی ئێران کە خاوەنی حافیزو سەعدیو خەیامو سوهرابی سپهەریتو تاکەیەك کۆپلەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە زیبایانەت خوێندبێتەوە، چۆن دەتوانیت بێشەرمانە بە بەرچاوی خیابانەوە مرۆڤ بکوژیتو تیربارانی هاوڵاتیان بکەیت، تۆ کە خاوەنی شارستانیو فەرهەنگییەکی گەورەی چۆن دەتوانیت پشت لەو فەرهەنگە زیبایە بکەیتو لەبری خوێندنەوەی قەسیدەیەکی سوهراب بەسەر ئەو ڕێپێوانەدا تیربارانو گولەبارانیان دەکەیتو تۆ لەبری ئەوەی عەتری ئاقاقیا بپرژێنیت بەسەریانداو بە حورمەتەوە گوێیان لێبگریت، باروت بەسەریاندا دەپرژێنیتو لەژێر سێبەری عەسکەرتارییەتو قورئاندا دەیانکوژیت. تۆی دەوڵەت گەر بڵێیت داریوشو هایدەو مەهەستیو گوگوشو حەسەنی یوسف زەمانیو ئەو هەموو ئاوازدانەرو سینەماکارانەی ئێران فەرزەندەی من نیین، درۆ دەکەیت، ئەوانە هەمووی فەرزەندە ڕەخنەگرو نارەزاکانن لەتۆو بەهۆی ئەو دەسەڵاتە موتڵەقەی ئاخوندو مەلاو ئیتلاعاتەوە بۆ چرکەساتێك ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو خاکە، بۆ ئەو شارستانییە زیبایە، تۆ خاوەنی ئەوانیت چۆن دەتوانیت مرۆڤەکانی خۆت بکوژیت، چۆن دەتوانیت مافی ئەو هەموو مرۆڤە پێشێلبکەیتو حساب بۆ شکۆی مرۆڤو نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕای نێونەتەوەیی نەکەیت.

دنیای مۆدێرن دنیایەکە لەدەرەوەی خەیاڵدانی نەوەکانی پێشوو، خەیاڵگەیەکە بەسەر ڕوانینە جیاوازەکاندا دابەشدەبێتو

مەودایەکی دیکەی بەرفراوانی گفتوگۆو تێگەیشتنە، دنیای پاش حیکایەتە گەورەکانەو دنیای جیهانبینیو خولیا جیاوازەکانە، کلێشەیەکی دیکەی ژیانە بۆ دورخستنەوەی مێژوو، بەلام دنیای نەوەکانی پێشوو دنیای پڕ لەموقەدەساتی بەتاڵو پڕ لەرەمزی دووبارەو پڕە لەبۆنەو موناسەبەی هەلاهەلاو پڕە لەکۆلاجی کۆنەپەرستیو دروشمی مۆدێرن، دنیایەکی داخراوە، بەواتایەك خەیالگەیەکی بازنەیی دیاریکراوەو تاکەیەك رەهەندی بیرکردنەوەو تاکەیەك راڤەکردن بۆ دنیاو خولیای ئیرادەیەکە دووبارە، خولیای کۆمەلگەیەکە لەناو کۆمەلێك موقەدەساتی بەتاڵدا غەرقی جەهلو دوبارەبونەوەو خۆشاردنەوە بووە.

کەواتە دنیای بەتاڵ چییە؟ دنیای بەتاڵ دنیایەکی داخراوە، دنیایەکە ژیان تیایدا سنوری شارێكو گەرەکێكو کۆلانێکی بێدەروازەو بێکۆتاییە لەداخران، لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەم دنیایە پڕە لەموقەدەساتو دنیای شتە پیرۆزەکانو پڕە لەرەمزو بەها نەریتیو ئەخلاقیو سیاسیو ئاینیو کولتورییە هاوشێوەکان، بەلام ئەگەر بڕوانینە کۆی ئەو ستراکچەرەی کە بیرکردنەوەو هزری ئەوە، ئەوا سەرلەبەری ئەو جومگانەت بۆ دەدۆزرێتەوە کە ئەو دنیا دۆگمایە لەکلێشەسازییەکی وەهمیدا گرفتاری دوبارەبونەوەیە، دنیای دوبارە دنیایەکە پڕ لەموقەدەساتو دنیای شتە پیرۆزەکانو رەمزەکانە، لەراستیدا بەتاڵە لەموقەدەساتی نوێو لەرەمزی مۆدێرنو بەهای نوێ، ئەوەی بەردەوام لەدوبارەبونەوەکانەوە دەخولقێ بەتالە لەهەر روانینێکی جیاواز بۆ جیهانبینیو بینینی

دەرەوەی ئیرادەیەکی دوبارە، واتە دەرەنجامی دوبارەبونەوە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی دەستپێکردنو وتنەوەی هەمان ئەو دەستەواژانەی کە بەر لەئێستا وتراونو کراونو دوبارەی دەکەینەوە. مرۆڤی مودێرن بێزارە لەدوبارەبونەوەو دەسەڵاتی موتڵەقی دنیای شتە پیرۆزەکانو دنیای داخراوی مژدەو بەڵێنە درۆکان.

دنیای کۆنکرێتی کۆمەڵگە داخراوەکان دەرەنجامی ئەو پەیوەندییە داخراو و دۆگمایانەیە کە لەبازنەیەکی بچوکدا سەرلەبەری ئەوەی لەلای نەوەکانی پێشوو موقەدەسەو رەمزو بەهایە جارێکی دیکە هەرزان فرۆشدەکرێت، بەواتایەك پانتاییەکە بۆ غەرفکردنی هەموو گۆرانکاریو خەیاڵێکی نوێو روانینێکی دیکە لەدەریایەکدا کە پڕە لەدوبارەبونەوەی بەتاڵ.

تەنها لەسیستمە دیکتاتۆرییەکاندا تەواوی راوبۆچونو بیرکردنەوەکان دەبێتە موڵکی یەکەمو رەهاو بێقسەی ناوەندی حوکمو ئەو هەرەمە گەورەیەی کە زانیاریو ئامارەو شفرەو بڕیارەکانی پیادا دێتەخوارێو دامودەزگاکانی دەسەڵات پەیڕەوو پیادەیدەکەن، ئەوەی جێی گفتوگۆو قسەکردن نیە تەواوی ئەو بڕیارو زانیاریانەیە کە لەسەرەوەی هەرەمەکەوە بە نهێنی گەڵاڵەدەکرێو ئاراستە دەکرێت.

هەر دەسەڵاتێك لەدنیادا ئەم شێوازە بەکاربەرێت، ئەوا دەبێتە پەیڕەوکاری مۆراڵی دیکتاتۆری، کاتێك دەسەڵات سەرچاوەکان مۆنۆپۆلیزە دەکاتو بەتەواوەتی داگیریان دەکات، تەنها ئەگەر گەورەترین بانگەواز بۆ دیموکراسیەتو کۆمەڵگای مەدەنی بکات

دەبێــت بــە دیکتــاتۆر هــەر ئــەوە نیــە کــە جینۆساید ئەنجادەدات و تەواوی نیشتمان دەکاتە بەندینخانەیەکی گــەورە، نـــەخیر بەرلـــە هەرشـــتێك دیکتاتۆریـــەت ئـــەخلاق و بیرکردنەوەیــە، ئــەخلاقی مۆنۆپــۆلیزەکردنی سەرچــاوە ئــابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵە ئەخلاقێکی دیکتاتۆرین، ئەخلاقی بێگوێی دەسەڵات بەرامبەر هاوڵاتیان و حساب نەکردن بۆ رایگشتی و پشتگوێخستنی تەواوی رەخنەکان و ئەو گەندەڵییە ئیداری و ئابوری و وزاریانە بەشێکن لەمۆراڵی سیستمی دیکتــاتۆری، هاوکات نــەبوونی سەروەری یاسا و دەسـەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و کوشتنی میدیای ئــازاد و داگیرکردنــی سـەندیکاو رێکخراوەکــانی کۆمەڵگەی مــەدەنی و کــۆنترۆڵکردنی ســـەرلەبەری سەرچـــاوەکانی راگەیانـــدن لەلایـــەن دەســەڵاتی موتڵــەقی حیزبــەوە ســەدان هــەنگاو نزیکماندەکاتــەوە لــە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ستەمکار و وێرانکار.

حکومەتی ناعەدالەتی

ئەنفالکردنی کۆمەڵگەیەك لەڕێی گەندەڵیو ناعەدالەتییەوە

> "کاتێـك بـەهۆی پـشتیوانیکردنی بـچوكو گـەورەکانو لەژێر سایەی زۆرداریێکدا" هەموو سودە ماددییەکان دەچنە بەردەسـت ژمارەیـەکی کـەم، لەچـاوی ئـەم ژمـارە کەمـەدا ستەمکاری هێندە سودبەخشو بەنرخە کە وەك ئازادی وایـە لەروانگەی ئازادیخوازانەوە.."لابۆتی

ئاماژە بە ماشێتی(دوو ملیۆن دۆلار مانگانـەی پەرلـەمانتارو وەزیـرو بریکارو بەڕێوبەرەکانە، تـەنها 100 دۆلار موچـەی مانگانـەی خێزانێکی ئەنفالە) کە لە ژمـارە(20)هەفتەنامـەی ئاوێنـەدا بلاّوکراوەتـەوە، وێـڕای دەستخۆشی لـەو رۆژنامەنوسانەی ئـەم هەواڵە گرنگەیان دەسـتکەوتووە، ئێمەشی دەستکراوەکرد بۆ ئـەوەی زۆر بـە لـۆژیکی رەخنـە لەحکومـەتو دەزگاکـانی بگـرین. هاوکـات مـن خـۆم بەرپرسـم لـەم وتـارە، بۆتـان نیـە جارێکی تر مەحکەمەی کاك ئاسۆس هـەردی بکەنـەوەو سزای یاسایی و دارایی بدەن بە سەریدا.

دنیای تاریکی گەندەڵی هەمان دنیای پەنهان و پڕ لەئاڵۆزی و نهێنی دیکتاتۆرەکانە، دنیای بێبایەخکردنی مرۆڤەکان و بیروڕاجیاوازەکان و دنیابینییەکانی دەرەوەی ئەو دنیا داخراوەیە کە ئێمە ناوی دەنێین گەندەڵی یان هەر ناوێکی دیکە نزیکتر لەدنیای داگیرکاری حیزب و ناعەدالەتی و بازرگانیکردن بە داهاتی نادیاریکراوی کۆمەڵگەو حکومەتەوە، ئەو ناوەندەی پڕە لەگەندەڵیی تەمەڵخانەیەکی گەورەی پارەخواردن و خۆدەوڵەمەندکردن و قۆنتەراتخانەیەکی گەورەوگرانە. دنیای گسك لێدانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیە بۆ چەند کەسێکی دیاریکراوی مشەخۆر، دنیای ناشرینکردنی ژیان و پەنهانکردنی نهێنییەکان و ناشەفافیەت و سیخناخکردنی دەسەڵات و بەڕێووەبردنە بە جەهل و ناعەدالەتی.

گەورەترین گەمژەیی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵگەیەکت هەیە لێوانلێو لەناعەدالەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، دەسەڵاتگەلێکت هەیە سیخناخ لەجەهل و بێباکی و نابەرپرسیارێتی، سەرباری هەموو ئەم شتانە تەلەفیزیۆنەکانیان پڕکردەوە لەخوتبەبێژی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، دنیایەك واعیزی گومڕاکەریان خستۆتەکار بۆ داپۆشین و سەرنانەوەی ئەو هەموو ناعەدالەتی و گەندەڵییەی کە سەرلەبەری حکومەت و حیزب و دامەزراوەکانی گرتۆتەوە. وەك چۆن و ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسە بێئاگاکانیان وەك کۆمەڵێك عەریزەنوس خستۆتەگەڕ بۆ چەواشەکردن و بێبایەخکردنی هەر ناڕەزاییەکی جەماوەری و هەر رەخنەیەکی لۆژیکی و مەعریفی.

خوێنــەرانی ئــازیز ئــەمجارە گەنــدەڵی زۆر بەئاشـكراو زۆر بــەزەقیو زۆر بێــشەرمانە لــەڕێی پەرلــەمانو حكومــەتو وەزیرەكانــەوە خـۆی دەكـات بـەماڵی هـەموو یـەكێك لەئێمـەداو تاسەرئێسك نیگەرانمان دەكات بەو هەموو ناعەدالەتییە ناشرینە- كاتێك دوو ملیـۆن دۆلار دەبێتـە غەنیمـەی مانگانـەو بـەردەوامی سـەرۆكی حكومــەتو جێگرەكـەیو پەرلـەمانتارەكانو وەزیـرو بریكـارو دەسـتەوتاقمی حیزبـەكان، ئەوكاتـە هەستوشـعوری تـۆی هاولاتی بەناخی عەرزا دێتەخوارێ، ئەوكاتەی تـۆ وەك مرۆڤێكـی شایــستەو خــاوەن بڕوانامــە بــە موچــەیەكی كەمــەوە كــە لـە(100)دۆلار زیـاتر نیـەو دەڕوانیتـە موچـەی لەرادەبـەدەری سـەرۆكی حكومـەتو دەســتەوتاقمی دەسـەلاّت، ئەوكاتـە هەسـت دەكــــەیت لەوێرانەیەكــــدا دەژیـــــت بــــەناوی كۆمەڵگــــەوە، قۆنتەراتخانـەیكت هەیـە بـەناوی حكومەتـەوە، پەرلـەمانتارێكی بێــدەنگو بێبــاكو بێــوەی كــە موچــەی مانگانەكــەی دەگاتــە (4)ملیـۆنو (820)هــەزار دینــار، كـە بەداخــەوە لەسـەرەتای دروستبوونی پەرلەمانەوە واتە لەساڵی 1992دوە تاكو ئەوڕۆكە كـە سـەدەی بیـستویەكەو سـاڵی(2006)ە، نـە داهێنانێـكو نـە نارەزاییـەكی توندو نـە هەڵوێستێكی بوێرانـە لـەم پەرلەمانـەوە هاتە دەرەوە، پەرلـەمانتارێكمان نـەبینی لـەدژی شـەڕی ناشـرینو قێزەوەنی ناوخۆ دەستبەرداری پۆستەكەی بێتو بـەدەنگێكی پـڕ لــەنارەزایی دەســت لەكاركێـشانەوەی خــۆی رابگەیــەنێتو واز لەموچـەو پۆسـتو مەكرەمــەكان بهێنێـت، وەزیرێكمـان نـەبینی

رەخنەیـــەكی جیـــدی لەحكومـــەتو بەرپرســــەكان بگرێـــتو دەستبەرداری پۆستو نەسرییە سحرییەكان بێت.

سەرۆكی حكومەت تۆ كە (10)ملیۆن دینار موچەی مانگانەتـە، كە سەرلەبەر بەبێ نەسریەو پارەی حیـزب لەچوار وەرزەكەدا كـە دەكاتە دوازدە مانگ تۆی خواپیاو (120)ملیـۆن دینـار وەردەگریت كە بە نرخی ئەمرۆی دۆلار دەكاتـە(80.536) دۆلارو قسور، واتـە هەشـــت دەفتـــەرو نیـــو دۆلاری جـوان، جێگرەكەشـــت كـــە مـــانگی (7)ملیـۆن دینـــار موچـــەكەیەتی ســالأنە بـــەپێی وەرزەكـــان دەگاتـــە (84)ملیـۆن دینـار، كـە بـە دۆلار سالأنە دەگاتـە (6)دەفتـەر بـەبێ نەسریەی سیحری‌و شتی لەو جۆرە، لەكاتێكدا قوتابییـەكی زانكـۆش ئیمانی دەردێت تا (16) ساڵی خوێندن تـەواو دەكـاتو هەڵیئەدەنـە دەرەوەی شـارو ســـەد دۆلاری هیـــچی ئـــەدەنێ كـــە ســـالأنە دەكاتـــە (12)گەلأی حەزین، ئەوە ئەگـەر كرێچی بێـت كـە بێگومـان نیـوەی ئەم ولأتە كرێچییە، ئەوا دەبێتـە ئەنـدامێكی پلـە نزمـی جەهەنـەم، هیوادارم سەرۆكی حكومەتو جێگرەكـەی عـاجز نـەبن لەبەرئـەوەی ئـەوەی مـن دەیڵـێم حەقیقـەتێكی حەزینـە، بـەلأم ئـەم حوزنـە پـڕە لەناعەدالـەتی‌و نابەرپرسـیارێتی ئێـوە. ئـەوە ئەگـەر بێیـنـە ســەر قسـەكردنو بـەراوردكردنی موچـەی ئێـوە بـەو موچـە حەزینـەی مامۆستاو ئەو هەموو گەنجە تازە دامەزراوەی كە موچەكەیان ناگاتە بـەرپێی هـیچ كـام لـەئێوەی بـەڕێز، ئـەوا مـن ئـەی شـوبهێنم بـە ئەنفالكردنی كۆمەڵگەیەك لەڕێی گەندەڵی‌و ناعەدالەتیەوە.

بەڕێزان کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ئاستی نێوەندی داهاتی ساڵانەی تاکەکەسی ئاسایی تیایدا بەقەدەر لانیکەمی گوزەرانی ژیانێکی ئاسایی بێت، نەوەك داهاتەکەی 20٪ی خواست‌و گوزەرانی دابیننەکات، لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئاستی گوزەران زۆر لەخوار ئاستی داهاتی تاکەکەسەوەمیە، ئەوا خاوەنی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوون‌و هاوکات خاوەن دەسەڵاتگەلێکی ناعادیل‌و گەندەڵ‌و بێئاگان.

کاتێك موچەکەت (67) جار زیاترە لەموچەی مامۆستایەکی دەرەوەی شار، کەواتە تۆو حکومەتەکەت زۆر ناعادیلن، کاتێك موچەی تۆی پەرلەمانتار(32)ئەوەندەو نیوی موچەی دەرچویەکی زانکۆیە لەدائیرەیەکی حەزبی حکومەتدا، کاتێك موچەی تۆی وەزیری تازە(36)ئەوەندەی موچەی فەرمانبەرێکی خاوەن بڕوانامەیە، چیتر هەموتان واتە ئێوەی سەرۆکی حکومەت‌و جێگرو پەرلەمانتارو وەزیرو بریکارەکان ناتوانن باس لەکێشەی خەڵك بکەن‌و بە فیزێکی کاریزمییەوە پێمان بڵێن ئێمە ئاگامان لەهەموو کێشەکانە‌و بە پشتیوانی خواو پێغەمبەر چارەسەری دەکەین، هاوکات چیتر ناتوانن ببن بە خوتبەبێژێکی بە سەلیقەی دیموکراسی‌و راستییەکان ئاواژوو بکەن‌و بەڵێنی وەهمی بە خەڵك بدەن. چیتر هیچ کام لەئێوە ناتوانن ئەو هەموو گەندەڵییە چارەسەر بکەن، ناتوانن زەرەیەك عادیلانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەم وێرانەیەدا بکەن، چیتر ناتوانن خۆتان بکەن بە خاوەنی ئەنفال‌و هەڵبجەو لەبری ئەوان بکرۆزێنەوەو خۆتان بکەن

بە پاڵەوان. لەبەرئەوەی پاڵەوان ئەو کەسەیە کە مرۆڤەکانی تر رزگار دەکاتو ژیانی ئەوانی تر خۆشدەکات، نەوەك تەنها خۆی رزگاربکاتو ژیانی خۆی سەدان قات خۆشتر بکات.

کاتێك حکومەت حساب بۆ رایگشتیو مرۆڤەکان ناکات، حساب بۆ رێپێوانو خۆپیشاندانو نارەزایی هاولاتیان ناکات، کاتێك حساب بۆ رەخنەو پێشنیارو مرۆڤەکان ناکات، ئەوا ئەو حکومەتە فری بەسەر دیموکراسیەتو ژیانی مۆدێرنەوە نیە، لەجەهلێکی گەورەدا دەژی، جاهیلە بە دنیای مۆدێرنو مرۆڤەکانیو بیرناکاتەوە لەخواستو داواکارییەکانی کۆمەلگە، تاسەرئێسك باوەری بە مەرگدۆستیو بێبایەخکردنی ژیان هەیە، حکومەتێکە هێندەی کاردەکات بۆ دەولەمەندکردنێکی خێرای خۆیو بەرپرسو حیزبەکەی، هێندە کار ناکات بۆ جوانترکردنی ژیان، هێندەی کاردەکات بۆ رازاندنەوەی جەهلوگەندەلی هێندە پشتیوانی هیچ پێشنیارو رەخنەیەك نیە، گوێگرێکی خراپەو قسەکەرێکی بێباکە.

ئەو حکومەتو حیزبو بەرپرسانەی پێیانوایە دیموکراسیەت واتە ئێوە رەخنەبگرنو ئێمە گوێتان لێناگرین، ئێوە جوێنمان پێبدەنو ئێمە وەلامتان نادەینەوە، ئەوە ئەوپەری گەمژەییو جەهلە بە دیموکراسیەت، ئەوەی پێیوایە رایگشتیو رای شەقام، راوبۆچونی هاولاتیانێکە دەستی ئیسلامییەکان یان چەپەکان یان دەستی تیرۆری لەپشتەوەیە، زۆر بێئاگایە بەرامبەر گۆرانکارییەکان، زۆر هەژارە بە مەعریفەو رۆشنبیرییەکی سادەی هاولاتیان، بۆ نمونە خۆپیشاندانو نارەزایی جەماوەری کەلارو هەلەبجەو ئاکارێو رێپێوانەکانی خوێندکاران

لەشارەکانی کوردستان، هەموو ئەمانە نمونەی زیندوون بۆئەوەی ئێمە لەڕێیانەوە ئەوە هەڵبسەنگێنین کە دەسەڵات بێ ئەندازە بێباکە بەرامبەر هاولاّتیان‌و سەرباری ئەو بێئاگاییە گەورەیە دەیەوێت هەموو ناڕەزاییەك چەواشە بکات‌و هەموو رەخنەیەك ئاوەژوو بکات.

حکومەتە نادیموکرات‌و نابەرپرسەکان بەردەوام لەهەوڵی دوورخستنەوەی کێشەو ململانێکانن لەخۆیان، واتە حکومەت بۆئەوەی داواکارییەکانی تۆی هاولاّتی پەیوەست نەکات بەخۆیەوەو بە کێشەی خۆی نەزانێت، بەردەوام کێشەکانی تۆ پەیوەندیدار دەکات بەبازاڕەوە، یان بە دەسەلاّتی مەرکەزییەوە، یان دەیگەڕێنێتەوە بۆ دیاردەیەکی شارستانی کە هیچی لەبارەوە نازانێت‌و غەرقی جەهلێك بووە بەرامبەر هەموو ئەو دیاردە نوێیانەی دنیا وەك بازاڕی ئازاد، جیهانگیری، خەسخەسە، کەرتی تایبەت، کرانەوە..تاد. ئەو حکومەتەی کە چەندین ساڵە لەسەر گومرگ‌و بازرگانی‌و کۆکردنەوەی باج دەژی، سەرباری ئەو بودجە زۆرەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بۆی دەردەچێت، تا ئەوڕۆکەش گومرگ‌و باجی زۆری خستۆتە سەر کالاّکان‌و بەکرێدانی شوێنگە تایبەتییەکانی کڕین‌و فرۆش، هاوکات لەهەمووی خراپتر بە دوو حکومەت کۆنترۆڵی بازارە خنجیلانەکانی ئەو سێ شارەیان پێناکرێت.

لەڕاستیدا ئەو حکومەتەی کە هیچ بەرنامەیەکی زانستی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی مۆدێرنی نەبێت بو بەڕێوەبردنی وڵات، بێجگە لەتەمەڵخانەیەکی گەورە هیچی تر نیەو کۆمەڵێك موچەخۆری مورتاحن‌و هیچی تر، ئەو حکومەتەی دووردەکەوێتەوە لەبەرپرسیارێتی‌و گرنگیدان بە هاولاّتیان‌و کۆنترۆڵکردنی بازاڕو

داهاتی شاهانەی مەسئولەکانو دەیان کێشەو گرفتی نیشتەجێبوونو نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیانو گوزەران، حکومەتێکە بێئەندازە غەرقی نابەرپرسیارێتیو فەشەلو بێئاگایی بووە. بێگومان هەر حکومەتێك ئەو تایبەتمەندییە ناشارستانیو ناعادیلانەی تیادا بوو، حکومەتی فرۆشتنەوەی حیکایەتەکانە بە هاولاتیو هیچی تازەی نیە بیلێیتو گوێگرێکی خراپەو حیکایەتخوانێکی بێباكو دەولەمەندە.

لەوانەیە یەکێك لەمەسئولە حیزبییەکان وەلامم بداتەوەو بلێ کاکە موچەی سەرۆکی حکومەتو جێگرو وەزیرەکان لەکەنداو ئەوروپاش بەم شێوەیەو بگرە زیاتریشە، منیش هەر لێرەوە پێی دەلێم برادەر کاتێك موچەی ئەو بەرپرسە حکومیانە لەولاتانی خۆرئاوا لەمە زیاترە کە ئاستی نێوەندی داهاتی مانگانەی تاکەکەس زۆر لەسەرو بژێوی ژیانو گوزەورانەوە بێت، هاوکات سەرجەم مافەمەدەنیو ئابوریو فەرهەنگیەکانی هاولاتیان لەو ولاتانەدا دابینکراوەو موچەی مانگانەی تاکەکەس بەشی ژیانو پاشەکەوتو خۆشگوزەرانی دەکات، بە بێچەوانەشەوە موچەی فەرمانبەرێك یان مامۆستایەك لەم ولاتەدا نەبەشی لانیکەمی گوزەرانی دەکات، نە دەتوانێت پاشەکەوتی بکات، لەکاتێکیشدا کۆی موچەی سالانەی سەرۆکی حکومەت (800) ئەوەندەی کۆی موچەی فەرمانبەرێکی خاوەن بڕوانامەیە، ئازیزان ئائەمەیە ناعەدالەتی، ئائەمەیە کوشتنی مرۆڤ بە دیموکراسیەتێکی وەهمیو ئەنفالکردنی ژیان بەناوی دیموکراسیەتو یەکگرتنەوەو فەنتازیای چاوەڕوانی باشترکردنی ژیان لەرێی تۆخکردنەوەی گەندەلیو شەرعیەتدان بە ناعەدالەتی.

ئەو حکومەتەی گوێ لەهیچ شتێك ناگرێتو پێیوایە حساب بۆ خەڵك ناكاتو رایگشتی خستۆتە ژێر پێیەوەو حساب بۆ میدیای ئازادو رەخنەگرەكان ناكات حكومەتێكی كارتۆنییە، بەتاڵە لەهەر روانینێكی زانستیو ئەكادیمی بۆ دنیا، بەڵام پڕیشە لەنائاگاییو بێباكیو خەمساردیو ناعەدالەتیو تەشریفاتو موجامەلەو وێرانەییو جەهل، بەواتایەك تەمەڵخانەیەكی گەورەوگرانی بەخێوكردنی جەهلو وەهمە.

کۆمەڵگەی بێ ساحێب

"رۆشنبیر بەوەندە ناوەستێ کە سەربەخۆی خۆی لەدەوڵەتو دەزگاکانی، لەدەسەلاتو بەرتیلەکانی، رابگەیەنێ. ئەو بەو شێوەیە رەفتار دەکات کە بەرپرسیاری بەهاو ئازادییەکانی لەئەستۆدایە، ئەو پێیوایە وەك جێبەجێکردنی ئەرکەکەی، دەبێت لەریزی ئۆپۆزسیۆندا بوەستێ‌و چەکی رەخنەگرتن بەکار بهێنێ بۆئەوەی پرۆسەی دەوڵەتو رژێمو دەسەلاتەکان لەشێوەکانی چەوسانەوەو ناعەدالەتی، رووتو ئاشکرابکات. میکانیزمی گەمەکردن بەرووداوو راستییەکان ریسوا بکات، ئەمە ئەرکی رۆشنبیرە.."عەلی حەرب

کۆمەڵگەی بێساحێب یەکێکە لەکۆمەڵگە دەگمەن‌و دانسقەکانی دنیا، دنیایەکی جیاوازی ژیان‌و پەیوەندی‌و گۆڕانکارییە، بەئەندازەیەك کۆمەڵگاییەکی داخراوە لەڕووی سیاسی‌و کولتوری‌و ئابورییەوە، بەواتایەك کۆمەڵگەیەکە زادەی کلێشەسازییەکی کۆنکرێتی‌و سنوردارو بێبەرنامەیە، هاوکات کۆمەڵگەیەکە پڕە لەوەهم‌و خەیاڵ، بەلام خاڵییە لەگۆڕانکاری‌و وەرچەرخانی گەورە، لێوانلێوە لەوەهم‌و فەنتازیای خۆشگوزەرانی‌و خەونی پارچەپارچە، بەلام بەتاڵە لەواقیع‌و حەقیقەت‌و خەونی ڕاستەقینە.

کۆمەڵگەیەکــە لــەڕووی سیاســیەوە لەســەرگەردانییەکی بێئەندازەدا دەژی‌و کەس ساحێبی ڕاوبۆچونی خۆی نیە، شتێك نیـە بەناوی ئازادی ڕادەربڕین‌و مـافی هـاوڵاتیبوون‌و ئاسایـشی تاکەکەسـی، ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە بەرهەمهێنەری لێشاوێك سەرکردەو بەرپرس‌و ریشـسپی‌و پیـاوی حیزبیـە، بـەڵام لێوانلێـوە لەئەنـدام پەرلـەمانی بێــدەنگ‌و وەزیــری بێخــەوەن‌و موستەشــاری بێئـیش‌و پــسپۆری ناکارامەو سەرۆکی بەختەوەرو جێگری مورتـاح‌و سـوپایەکی گـەورە لەعەریزەنوسـی ڕۆژنامـەو ڕادوێـوو تەلەفزێۆنـەکان، بـەڵام خاڵییـە لەبەرپرسیارێتی ڕاستەقینەو شەفافیەت‌و بەدەنگەوەهاتن، هاوکـات خاڵییە لەگوێگرتن‌و وەڵامدانەوەو گفتوگۆو چالاکی.

کەلاوەی ئابوری

کۆمەڵگەی بێساحێب لـەڕووی ئابوریـیـەوە بەرەڵاخانەیـەکی گـەورەی پیاوە چاوچنۆکەکانە، مەزادخانەیەکی گەورەی بێبـاکی‌و رووتکردنـەوەی هاوڵاتیانە، قۆنتەراتخانـەیکی گـەورەی کۆمپانیـا مـشەخۆرەکانە، مێزێکـی رازاوەی خواردنــەوەو کـەیف‌و سـەفاو عیـشوەی بـازاڕی ئـازادو گیرفـان پڕکردنـە. هاوکـات سـەرلەبەری سەرچـاوە ئابوریـیـەکان کەوتۆتـە ژێـر دەسـەڵاتی حیـزب‌و بـەرپرس‌و کۆمپانیـا وەهمیەکانـەوە. بـازاڕ لـەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا ناویان لێناوە بازاڕی ئازاد، بەڵام لەڕاستیدا بەرەڵاخانەیەکی گەورەی بێساحێبی‌و ماڵوێرانییـەکی گەورەیـە بـۆ هاوڵاتیـان‌و مرۆڤـەکان بەگـشتی، بــەڵام بــۆ لــە(5٪)ی کۆمەڵگــە کــە بــەرپرس‌و ئەندامــە

مورتاحـەکانی حیـزب[13] و وەزیـرو ئەنـدم پەرلەمانـەکان‌و سـەرۆکی حکومـەت‌و جێگـرو سـەرۆکی شـارەوانییەکان‌و سـەرۆکی حیزبـەکان بەختەوەرن بەم مۆدیلەی بازاڕ کە وێرانەیەکی گەورەی نـرخ‌و قـۆڵبڕین‌و بێساحێبیەو بەزەردەخەنەیـەکی کوشـندەوە ناویان لێنـاوە بـازاڕی ئـازاد، کۆمەڵگەش بەنیگەرانییەکی کوشندەوە گوێیان لێدەگرن.

دەرەنجام پرۆسەی بێساحێبی لەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا پرۆسەیەکی درێژخایـەنی بێبـاکی‌و کـاولکردنی ژێرخـانی کۆمەڵگەیـە، هاوکـات کۆمەڵگـە نابێتـە سـاحێبی هـیچ شـتێك، بۆنمونـە سـەرلەبەری پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لەفالینەیەکی عەلاگەوە بۆ بلورێکی چرا، لەجلوبەرگـەوە بـۆ هـەموو ئـامێرە کارەبـایی‌و ئەلیکترۆنییـەکان، لەکارەبای ماڵانەوە بۆ سـەرلەبەری پێداویـستیەکانی مـاڵ لـەوڵاتانی دەرەوە دەهێنرێن‌و بەبێ کۆنترۆڵ گیرفانی کۆمەڵگە خاڵی دەکەنەوە، بـەڵام گیرفـانی بـەرپرس‌و بازرگـان‌و حیزبـەکان پڕدەکەنـەوە. بەواتاییەك ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی کوشندەیە بۆ بەرهـەمهێنانی کۆمەڵگەیـەکی بێـساحێب‌و بێبەرهـەم‌و بەکاربـەرو وێـران لـەڕوی ئابوورییەوە.

ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە تەنها بێساحێب نیـە لـەڕووی ئابوورییـەوە، بەڵکـە ئـەم پرۆسـەیە زیاتروزیـاتر لـەڕوی ژیـان‌و گوزەرانـەوە بێساحێبی دەکـات، ئـەم پرۆسـەیە هـەڵگری بەکرێچیکردنی تـەواوی

ئەنـدامی رەخنـەگریی حیـزبیش هەیـە، کـە کۆمـەڵێك کەسـی نـاڕەزاو قـسەکەرن‌و ڕخنـە لەحیزبەکانیان دەگـرن، ژمارەشیان زۆرە، بـەڵام بەداخـەوە حیسابیان بۆناکرێـت‌و بەجـدی گـوێ لەراکانیان ناگیرێـت[13] ئێمـە کـە ڕەخنـە لـەحیزب‌و دەسـەڵات دەگرین رەخنـەکانمان ئەوکەسـە ڕخنەگرانەی ناوحیزب ناگرێتەوە.

هاوڵاتیانە، دەرەنجام نیوەی کۆمەڵگە دەبێتە کرێچیو نیوەکەی دیکە گرفتارو نیگەرانو کەمدەرامەتو دۆشداماو لەبەردەم بێدەسەڵاتیو خۆشباوەریو نائومێدیدا.

پەرلەمانی بێساحێب

لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا پەرلەمان گوێدەگرێتو بایەخ بە راجیاوازەکان دەدات، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی کە دەسەڵاتێکی داخراو تیایدا سەروەرە پەرلەمان بێجگە لەکۆمەڵێك موچەخۆرو بێدەنگ هیچی تر نیین، پەرلەمان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا مۆدێلێکی ناوازەو دەگمەنی پەرلەمانە، بۆنمونە ئەم پەرلەمانە ساڵی چەند جارێك کۆدەبنەوە، کەس خاوەنی ڕاو بۆچوونی خۆی نیە کە دەبێت هەڵقوڵاوی ڕەخنەو نارەزاییو پێشنیارەکانی خەڵك بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەو هەڵوێستو مەزاجی حیزبەکانیانە، ئەگەر لەم جۆرە پەرلەمانەدا کەسانی دڵسۆزو ئەکادیمیو قسەکەرهەبن، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە، بەداخەوە حساب بۆ راوبۆچونە جیدییەکانیان ناکرێت، چەند رەخنەو پێشنیاری جوانیان هەبێت..بەڵام کە دەخرێتە دەنگدانەوە ڕاکانیان رەفزدەکرێت یان دوادەخرێت بۆ کاتێکی نادیار یان پشتگوێدەخرێت، هاوکات ئەم مۆدێلە دەگمەنەی پەرلەمان لەدونیادا خۆی ناکات بەساحێبی کێشەو گرفتو نیگەرانیو نارەزاییو بێزارییەکانی کۆمەڵگە، بۆنمونە لەبری ئەوەی هەزار ئیمزا بۆ چارەسەی کێشەیەك بڕواتە ژورە داخراوەکانیانەوە سەدان هەزار

ئیمـزا بـچێتە بەردەسـتیان..گـرنگ نیـەو هـەر خۆشـیان ناکـەن بەساحێبی، ئیدی هاولاتیان خۆپیشاندان دەکەن، مانـدەگرن، چالاکی مەدەنی ئەنجامدەدەن، نارەزایی دەردەبـرن.. گـرنگ نیـە بەلایانـەوە، گـرینگ ئەوەیـە تـا ئەنـدام پەرلـەمان بـن چـۆن بێـدەنگی خۆیـان بپارێزن، چۆن گوێنەگرن، چۆن وەلام نەدەنەوە، چۆن حیزب لێیـان رازی بێت.

پـشووی ئـەم جـۆرە پەرلەمانانـە پـشویەکی درێـژە، هێنـدە زۆرە کـە گەلالـەکردنی هـەزاران خـەونی تیـا جێدەبێتـەوە، بـەلام پەرلـەمانێکی بێخەونە، هەر ئەندام پەرلـەمانێکیش ببێتـە خـاوەن خـەون خەونەکەی لێدەکرنـەوەو دەیخەنـە ئەرشـیفەوە، ئـەمجۆرە پەرلەمانـە بێـدەنگترین جـۆری پەرلەمانـە لـەدنیادا، خـەوالۆترین شـوێنی دنیایـە، پانتاییـەکی گەورەی بەرهـەمهێنانی نائومێدییـە، سەرچاوەی زانیـاری‌و کۆکردنـەوەی دۆکۆمێنت دەگرێتەوە بۆ حیـزب، بێجگـە لـەحیزب هـیچ سەرچـاوەیەکی زانیاریـان نیـە، ئەگـەر چـەند ئەنـدام پەرلـەمانێکیش لەهـەولی گـۆران‌و ریفۆرمـدا بـن، ئـەوا روتـین‌و خاوەخـاوی پەرلـەمان چـەند سـاڵێك لەبێنەوبەرەی بێباکیدا پرۆژەکانیان دەخەوێنن‌و هەمووشتێك بەبیانووی لابەلاو مەزاجی رۆژانە دوادەخرێت.

کۆمەڵگەی هیلاك‌و نائومێد

دەرەنجـامی ئـەو هـەموو ناعەدالـەتی‌و گەنـدەڵی‌و بێبایەخکردنانـە، کۆمەلگەیـەك بەرهەمـدێت بێئەنـدازە هیلاك لـەرووی ئـابوری‌و سیاسـی‌و فەرهەنگییەوە، کۆمەلگەیەك دەبێتـە بەرهەمهێنـەری لێـشاوێك تاکەکەسـی

نیگەران‌و نائومێد بەرامبەر ژیان‌و گۆڕانکاری‌و چالاکی، بێزار لەقسەکردن‌و ریفۆرم، بێبـاوەڕ بەرامبـەر بەڵێنـە وەهمییـەکان‌و حیکایەتـە دوبارەکـان‌و سـەروەرییە تۆزلێنیـشتووەکانی رابـردوو، دواجـار دەبێتـە بەرهەمهێنـەری لێشاوێك لەئینسانی ناپەیوەست‌و ناپێبەند بە نیشتیمان‌و خاك‌و حیکایەتـە گـەورەکان، نابەرپرسـیار بەرامبـەر سـەرلەبەری گۆڕانکارییـە سیاسـی‌و حکومی‌و ئابوورییەکان، بەڵام بەرپرسیار بەرامبەر بەخۆی، بێهودە لـەنێوان مانەوەو سەفەرکردندا، بێباك‌و خەمسارد بەرامبەر هەڵبـژاردن‌و دەنگدان‌و بۆنەو موناسەبە نەتەوەیی‌و حیزبی‌و نیشتیمانییەکان، هاوکات کۆمەڵگەی هیلاك دەبێتە خولقێنەری کۆمەڵگەیەکی شاراوەو پەراوێز لەناوخۆیدا، ئەم پانتاییـە شـاراوەیەش پـڕ دەبێـت لـەمرۆڤی کەنارکـەوتو و پـەراوێزخراو، گەنجـەکانی ئـەم کۆمەڵگەیـە هێنـدەی سـەرقاڵی خەونـەکان‌و پڕۆژەکـانی خۆیان دەبن هێنـدە بـیر لـەوە ناکەنـەوە بـۆ ساتێك گوێ لەحیکایەتـەکان‌و سـەروەرییەکان بگـرن، بـۆ هەناسـەیەك بەشـداری لەگۆڕانـە سیاسـییەکاندا بکەن.

ئـەو هۆکارانـەی لەپـشت هیلاککردنـی کۆمەڵگـەوەن بـریتین لـە: ناعەدالەتییـەکی بێمانـا، نـەمانی بەرپرسـیارێتی، گەنـدەڵی‌و بـەتاڵانبردنی سـەروەت‌و سـامانی نیـشتیمانی، بـەڵێنی درۆو بێبایـەخکردنی قـسەکردن‌و رەخنـەکان، وەڵامنەدانـەوەی دەسـەڵات‌و سـوککردنی رایگـشتی، درۆکـردن لەگـەڵ جـەماوەردا، نـەبوونی میـدیای ئـازاد کـە توانـای بەدواداچـون‌و کەشفکردن‌و ئابروبرنی بەرپرس‌و وەزیرو سەرکردەکانی هـەبێت، نـەمانی سەروەری یاسا، بەهێزبوونی میلیشیاکان‌و لاوازبـوونی هێـزە مەدەنییـەکانی کۆمەڵگـە، نـەبونی ئۆپۆزسـیۆن‌و زۆربـونی حیزبـی بێئـیش، ناعەدالـەتی

لەموچەدا، موچەی بەرزی پیاوە نزیکەکانی دەسەڵاتو حیزبو کەمی موچەی خاوەن بڕوانامەو خاوەن تواناکان، گرینگی نەدان بەگەنجو پشتگوێخستنی داواکاریو پێداویستیەکانیان، ناشەفافیەتو ئاگادارنەبون لەبودجەی وڵاتو حیزبەکان، خەمساردیو بێگوێیی دەسەڵات بەرامبەر کێشەو داواکاریەکانی هاوڵاتیان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکی شیاو بۆ هاوڵاتیان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤو مافە مەدەنییەکانی هاوڵاتیان، ناعەدالەتی لەخۆشگوزەرانی بەرپرسەکان بەرامبەر نەبونی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان، سیستمی کۆنو وێرانی پەروەردەو فێرکردن، گرینگی نەدان بە فەرهەنگی مۆدێرنو هونەرو رۆشنبیری، گێڕانەوەی حیکایەتەکانو فرۆشتنەوەی سەروەریو یادەوەرییەکان بە هاوڵاتیان، بەڵام بە نرخێکی گران،..تاد هەموو ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ بێبایەخکردنی ژیانو کۆمەڵگە، بۆ وێرانکردنی کولتوری تێگەیشتنو گفتوگۆو گۆڕانکاریو خەونی مۆدێرن.

ڕۆشنبیریی بێساحێب

لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا هیچ شتێك جێی بایەخ نیە، ئەوەش گرفتێکی کوشندەی درێژخایەنی کۆمەڵگەو دەسەڵاتو حیزبو دامەزراوە فەرهەنگییەکانە، بەواتایەك گرنگ نیە لەم کۆمەڵگایەدا چەند ڕۆمانی سەرکەوتو دەنوسرێت، چەند لێکۆڵینەوەو تۆێژینەوەی جیدی ئەنجام دەدرێت، چەند رەخنەی جیدی بڵاودەبنەوە، چەند سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازاد بەپێی مەزاجی دەسەڵات دەدرێنە دادگا، گرنگ نیە چەند شاکاری ئەدەبیو فیکری

بەرهەمدێت، قسەکردنو ڕخنەگرتن جێی بایەخ نیە، تەنها جێی بایەخی خوێنەرانە: نەحکومەت..نە وەزارەتەکان نە دەزگا ڕۆشنبیرییەکان هیچ شتێکی جیدی جێی بایەخیان نیە.

ئەمجۆرە دەسەلاتانە شەیدای نوسینێکن لێوانلێوبێت لەموجامەلە، شەیدای شیعریکن پڕبێت لەستایشو پیاهەڵدانو سەروەری، شەیدای ڕۆمانێکن پڕبێت لەحیکایەتەکانی خۆیانو لەموقەدەساتە وەهمیەکانی خۆیان، شەیدای دامەزراندی دەزگایەکی بەناو ڕۆشنبیرین ببێتە زمانحاڵی خۆیانو پارێزگاری لەناعەدالەتیو گەندەڵیو وێرانەییو کەلاوەکانی خۆیان بکات، شەیدای ڕۆشنبیرێکن ستایشکارو واعیزو خوتبەبێژی حیزبو حکومەت بێت، ڕەخنە نەگرێتو بەبالای ئەواندا هەڵبدات، دەم نەکاتەوە تەنها لەکاتی پاروە چەوەرەکانی حکومەتو دەسەلاتدا دەمبکاتەوە، ئەوان خوازیاری دروستکردنی سوپایەکن لەڕۆژنامەنوسی ترسنۆكو معاشخۆر، سوپایەك لەبەڵێو سەرڕاوەشاندن، سوپایەك لەبێدەنگیو نابینا لەبەردەم ناعەدالەتیو گەدەڵییە گەورەکاندا، خەوتوو لەپێخەفی بێباکیو پیاهەڵدانو معاشی زۆرو ڕۆژنامەی ملەوەنو پاداشتو مەکرمەی سیحری.

ئیشوکاری بەناو ڕۆشنبیریی ئەمجۆرە حکومەتو دەسەلاتانە بریتییە لەفیستیڤاڵی ساختەو مەراسیمی چلەو ڕێزلێنانی وەهمی، کەرنەڤاڵی پارە سەرفکردنو گیرفان پڕکردن، بۆنەو موناسەبەی شەخسیو حیزبیو شکۆدارکردنی سەروەری پیاوە تەپتۆزلێنیشتوەکانی مێژوو، داوەتکردنی ڕۆشنبیرە خەوتوەکانی

ولاّته دوورەکانو رازاندنەوەی مێزی پێکەنینو هۆڵی پڕ لەستایشو چەپڵە رێزان، چاپکردنی کتێب بۆ پیاوە مردووەکان، سازدانی فیستیڤاڵی گەورە بۆ پیاوە شۆرشگێرە وەهمییەکان، شەیدای چلەو تەعزێو مردنی رۆشنبیرەکانن بۆئەوەی کە مردن کتێبیان بۆ چاپبکەن بیکەن بە پیاوەتیو شەهامەت، بەلاّم بە زیندوویی کەس حیسابیان بۆ ناکاتو بگرە رقیشیان لێیانە، شەیدای دروستکردنی بلاك لیستن.. واتە لیستی رەش بۆئەو رۆشنبیرو رۆژنامەنوسو نوسەرانەی کە رەخنەیان لێگرتونو یان سەربەخۆن یان موچەی بێدەنگیو مەکرەمەی هیچ نەوتنو ستایش وەرناگرنو نابنە خوتبەبێژو زورناژەنی ئەوان، پاش دروستکردنی ئەو لیستەی کە ناویان لێناوە بلاك لیست هەڵدەستن بە هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەریان، بۆنمونە کتێبیان بۆ چاپ ناکەن، بڕیاردەدەن چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنیان لەگەڵدا نەکەن یان ئەگەر لەدەستیان دەرچوو بەرنامەکە دادەخەن یان کارەبای لێدەبرن، تا پێیان بکرێت ناویان دەزرێنن، هەرەشەیان لێدەکەنو دژایەتیان دەکەن، هەوڵدەدەن بە هیچ شێوەیەك وەلاّمیان نەدەنەوە، لەو باوەرەدان وەلاّمنەدانەوە لەسەلیقەو لوتبەرزییەوە هاتووە، بەلاّم لەجەهلو بێباکیو نامەعریفەتیو نەخوێندەوارییەکی کوشندەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەکۆمەڵگەی بێساحێبدا وەزیر دەڵێت پارە نیە، پەرلەمانتار دەڵێت ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، بەرێوبەری گشتی دەڵێ کتێبەکەت بخەرە سەرەیەکی درێژخایەنی پڕ لەچاوەروانییو

بێهودەییـەوە وەك سـەرەی بـەنزین، بێـساحێبی‌و نابەرپرسـیارێتی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە گـرینگ نیـە لـەمجۆرە کۆمەڵگایانـەدا دەسـەڵات‌و حیزبـەکان لـەکاتی هەڵبـژاردن‌و بۆنـەو موناسـەبەکانیان دەیان ملیۆن سەرف بکەن بۆ لافیتەو ریکلام‌و پۆستەری دەموچاوی سـەرکردەکایان لـەکاتی زەردەخەنـەو تریقانـەوەدا، بـەڵام نـاتوان شاکارێکی ئەدەبی‌و فیکری چاپبکەن‌و یان هەر نایکەن، گـرینگ نیـە لەسـەروەختی شـەڕی نـاوخۆو یەکترخواردنـدا بودجـەی وڵات تەرخانبکـەن بـۆ باروت‌و یەکترکوشـتن، بـەڵام عـەقڵی ئـەوەیان نیـە کتێبێـك بـۆ (ب.ع)یـان بـۆ(م.و)یـان (ئـا.ف)و (ر.ئـە)و (ب.ح)و (ئا.پەری)و (کۆرش.ق)..چاپ بکەن.

شاگەشـکە دەیانگرێـت کۆنـسێرتی گـۆرانی بـۆ کـچە شۆخوشەنگەکانی دەرەوەی وڵات بگێرن‌و سـەدان هـەزار دۆلاری تیـادا سـەرفبکەن‌و لـەریزی پێـشەوەی هۆڵەکـەدا بەدەموچـاوێکی پـڕ لەبەختەوەرییـەوە دابنیـشن بـۆ گـوێگرتن، بـەڵام پارەیـان نیـە بـۆ پـڕۆژەی رۆشـنبیری‌و هونـەری‌و ئـەو رۆشـنبیرو هونەرمەنـدە جیدیانەی کە رەخنەیان لێدەگرن‌و ئاوێنەیەکیان بۆ دادەنێن تا روی گەشی ناعەدالەتی‌و گەندەڵی خۆیانی تیادا ببینن.

ناعەدالەتی‌و گەندەڵی بێساحێب

سەرباری ئەوەی تەواوی کۆمەڵگە مافی ژیانێکی باشترو پێشکەوتنێکی گونجاوی هەیـە لەخزمەتگوزارییـەکی باشـترو خۆشگوزەرانێکی شیاودا. تاکەکەسـەکانی کۆمەڵگـەش بەهـەمان شـێوە هـەموو ئـەو مافانـەیان

بەردەکەوێت کە پێویستەو دەبێت لەلایەن حکومەتو ناوەندەکانەوە یاسایەکی یەکسانو عادیلانەی بۆ دابنرێتو بکرێتە سەرەتای دیموکراسیەتو پێشخستنی کۆمەڵگە.

بەڵام یەکێك لەو خەسڵەتە هەرە ناشرینانەی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بێساحێب ئەوەیە بەردەوام سەروەری و حیکایەتەکانو ئەمنی قەومی بە گران دەفرۆشنەوە بە هاوڵاتیانو خۆیان دەکەن بە فریشتە، بەڵام روخساری ئاشکرای ئەو دەسەڵاتانە بریتییە لەناعەدالەتییەکی بێمانا و بێبەرابەرو گەندەڵییەکی بێسەروبەریی تەمومژاوی، وەك ناعەدالەتی لەژیانو گوزەراندا، ناعەدالەتی لەداهاتی وڵاتدا، ناعەدالەتی لەبەرزی موچەی پیاوانی حیزبو دەسەڵات بەرامبەر بە کەمی موچەی خاوەن بڕوانامەو رۆشنبیرانو پیشەوەرانو فەرمانبەرانو مامۆستایان، ناعەدالەتی لەخزمەتگوزاریو خۆشگوزەرانیدا، ناعەدالەتی لەپێداویستیو داواکاریدا.

ئەم کۆمەڵگەیە واتە کۆمەڵگەی بێساحێب بەرهەمهێنەری سوپایەك دیکتاتۆری نەخوێندەوارو بچوکە، بەڵام بەرهەمهێنەری لێشاوێك لەهاوڵاتی نیگەرانو بێئومێدە، بەرهەمهێنەری کاولکردنی کۆمەڵگەیە لەرێی ناعەدالەتیو گەندەڵیو رۆتینەوە، هاوکات بەرهەمهێنەری دەوڵەمەندبوونو زەنگینبوونی سەرکردەو حاشیەو بەرپرسو خوتبەبێژە بێسەلیقەو ستایشکارو مەکرەمە خۆرەکانە.

ئائەمەیە کۆمەڵگەی بێساحێبو کە کۆمەڵگەیەکە پڕە لەناعەدالەتیو گەندەڵیو کەسیش خۆی ناکات بەساحێبی، پڕە

لەبێدەنگیو بێبایەخیو کەسیش نابێت بە ساحێبی، پڕە لەکەلاوەو گرانیو وێرانەیی، بەلاّم بێساحەبترین کۆمەلگەی دونیایە.

کۆمەلگەی پڕ لەکێشەو گرفتە، کۆمەلگەیەکە سەرگردان لەرووی ئابوریو سیاسیو بازارو حکومەتو دەسەلاّتو پەرلەمانو بەڕێوەبردنەوە، کۆمەلگەی بێبایەخکردنی قسەکردنو رەخنەو روانینی جیاوازە، کۆمەلگەی خۆشباوەڕی، دەسەلاّتی بەختەوەر، کۆمەلگەی بیساحێب تەنها خاوەنی نابەرپرسیارترینو ناعادیلترین دەسەلاّتە لەدونیادا.

درۆزنترین حکومەتی دنیا

"رەخنە، هەمیشە، سەرەتاکانی ئاخاوتنێکی دیکە، دادەمەزرێنێت" ئەدۆنیس

لێرەدا باس لەحکومەتێکی دیاریکراو ناکەین، بەڵام باس لەهەموو ئەو حکومەتانە دەکەین کە ئەم نوسینە دەیانگرێتەوە.

سەرەتای ئەم نوسینە بەم پرسیارە دەستپێدەکات: درۆزن کێیە؟ .. درۆزن ئەو کەسەیە کە درۆدەکاتو زۆر بەسادەیە راستگۆ نیە، هاوکات بەلاشییەوە ئاساییە، بەڵێن دەداتو نایباتە سەر، دەڵێ ئەمە دەکەمو وائەکەمو ئەوە جێبەجێ دەکەم، بەڵام وانییەو بەڵێنەکانی خۆی ناباتە سەر.

کەواتە حکومەتی درۆزن چۆنە؟ چ جۆرێکە لەحکومەت، چ مۆدێلێکە..؟ پێویستە لێرەدا زۆر بەراشکاوی و زۆر بەسادەیی باس لەم جۆرە حکومەتە بکەین.. حکومەتی درۆزن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزترو قەرەباڵەغتری هەیە، لەچاو حکومەتەکانی دیکەدا، بۆنمونە وەزیرەکانی

زیاترن‌و بەڵام بێ ئیشترن، هێندەی قسەدەکەن، هێندە ئیش ناکەن، هێندەی رقیان لەیەکترییە، هێندە بیرناکەنەوە، هێندەی قسەکەرێکی بێبەرنامەو بێئاگان، هێندە قسەکەرێکی ئەکادیمی‌و پرۆگرامی نیین، سەرچاوەی زانیاری ئەوان تەنها مەرجەعیەتی حیزبەو هیچی تر، فریان بەهیچ داتایەك‌و راپرسییەك‌و وتارێکی رەخنەیی‌و میدیای ئازادەوە نیە، زوربەیان هێندەی خوێنەرێکی خراپی رۆژنامە حەزینەکانی حیزبەکەی خۆیانن، بەهیچ شێوەیەك ئاگایان لەدنیای مۆدێرن‌و گۆڕانکاری‌و لێکۆڵینەووەو دنیابینی‌و روانینە جیاوازەکان نیە، هێندەی کاردەکەن بۆ بەخێوکردنی رق‌و بێزارکردنی یەکتری‌و پۆلێنکردنی دوژمنەکانیان، هێندە روانینیان ناگاتە دەرەوەی ژوورەکانی خۆیان، هیوایەتیان کۆبوونەوەی تێروتەسەل لەخواردن خەو و حەسانەوەیە، هەر لەخۆیانەوە رقیان لە رۆژنامەنوسان‌و نوسەرە جیدی‌و سەربەخۆکانە، جارێکی تریش هەر لەخۆیانەووە رقیان لەخۆپیشاندان‌و نارەزایی خەڵك‌و رەخنەو مانگرتن‌و ئیمزاکۆکردنەوەو چالاکی مەدەنی‌و پێکەنین‌و زەردەخەنەی هاوڵاتیانە.

هاوکات پێکهاتەیەکی دیکەی ئەمجۆرە حکومەتە پەرلەمانە، بەڵام لەحکومەوتی درۆزندا پەرلەمان شتێکی دیکەو مەهامێکی دیکەی هەیە، یەکەمین مەهامی ئەم پەرلەمانە بێدەنگی‌و قسەنەکردن‌و هیچ نەوتنە، دوەمین مەهامی گوێنەگرتن‌و بێئاگاییە، سێیەمین مەهامی کۆبونەوەی بەتاڵە لەبڕیارو گۆڕانکاری، بەڵام پڕە لەموجامەلەی یەکتری‌و یەکتر ناسین، هیوایەتی یەکەمیان زیادکردنی موچەی خۆیانەو زیادکردنی نەسریەی‌و برێ پارە بۆ مەترسییەکان‌و حەسانە، لەم مۆدێلە ناشرینەی حکومەتدا پەرلەمان لەژێر دەسەڵاتی موتڵەقی حیزب‌و بەرەکەت‌و مەکرەمەی

حیزبدایە، هاوکات گرینگ نیە چەند ئەندام پەرلەمان لەکاتی کۆبونەوە ئاشکراو نهێنییەکاندا خەویان لێدەکەوێت یان بێئەندازە باوێشك دەدەن یان نا، هەروەها ئەم جۆرە لەپەرلەمان عوتلەی زۆرو رۆژانی پشوی بێشومار سەرقاڵی کردوون، بەڵێن دەدەن و دواتر وەڵامی هاوڵاتیان نادەنەوە، ئەمڕۆ لیژنە دروستدەکەن و سبەینێ هەڵیدەوەشێننەوە.

ئەندام پەرلەمانەکان کیسەڵیان زۆر خۆشدەوێت، کە دەبن بە ئەندام پەرلەمان بەر لەسوێندخواردن هەر یەکەیان وەك وەزیرەکان پاکێجێکی رەنگاورەنگ لەسەر ژیان و بەخێوکردنی کیسەڵیان دەدەنێ و بەچکە کیسەڵەکیشیان پێدەبەخشن وەك دیاری حکومەت، هاوکات ئەم کیسەڵانەش لەسەر نەسرییەی حکومەت بەخێودەکرێن نەوەك لەسەر موچەی خۆیان.

ئەو وڵاتانەی کە حکومەتێکی درۆزن دەیبات بەڕێوە، ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی هەیە: بەردەوام بەڵێن بە خەڵك دەدەن و نایبەنە سەر، هیوایەتیان ئەوەیە سەرجەم هاوڵاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن و دەنگیایان بۆ بدەن، بەر لە هەڵبژاردنەکان بەچاکەت و پانتۆڵی شەرابییەوە بە بۆینباخی پڕ لەگوڵ و یاسەمینەوە، بە کراسی ئەرخەوانییەوە دێنە سەر تەلەفیزیۆن و بەڵێنی جۆراوجۆرو بریقەدارو ژیانبەخش دەدەن بە هاوڵاتیان، وەك باشترکردنی خزمەتگوزاری، خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان، کردنەوەی هەزاران هۆبەی نیشتەجێبون و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون، هەرزانکردنی تەماتە، بەخۆرایکردنی سێو، هێنانی پرتەقاڵ لە بەهەشتەوە، راکێشانی ئاوی زەمزەم بۆماڵەکان، دابەشکردنی چراو فانۆس لەرێی بایەعییەوە،

دابەشکردنی باوەشێن لەڕێی موختاری گەڕەکەکانەوە، هێنانی هێڵی شەمەندەفەر بۆ بەردەرگای هەموو ماڵێك، دابینکردنی پاسکیلی سیاحی بۆ گەنجەکان، جێبەجێکردنی پرۆژەی موعەلەب بۆ گەنجان، دابەشکردنی ئەستێرە بەسەر ماڵەکانی شاردا بۆئەوەی شار بەردەوام روناك بێت، دانانی بەلوعەی نەوتو بەنزینو غاز لەگەڕەکەکاندا، ....هەروەها.

بەلام دوای هەڵبژاردن، هیچ کام لەم شتانە جێبەجێناکەنو گوێ لەکەس ناگرنو وەلامی کەسیش نادەنەوە.

زۆر باس لەدیموکراسی دەکەن، بەلام فریان بەسەر دیموکراسیەتو مافی مرۆڤو کۆمەلگەی مەدەنیو لیبرالیەتو بازاڕی ئازادو دنیای مۆدێرنەوە نیە، نە بەرنامەیان هەیە بۆ باشترکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵك نە بەرنامەشیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دەتوانین بەمجۆرە حکومەتە بڵێین حکومەتی قەزاوقەدەر، واتە لەڕێی قەزاوقەدەرێکی ئیلاهیو رێکەوتنەکانەوە دەبن بە حکومەتو دەسەلات بەڕێوەدەبەن.

شەفافیەت نەك هەر نیە، بەڵکە کەس نازانێت بودجەو داهاتی دەوڵەت چەندەو بۆچی خەرج دەکرێتو بۆچی بەکاردەهێنرێت. کەس لەتوانایدا نیە دەسەلاتی موتڵەقی حیزبو هەژمونەکانی لەحکومەتو پەرلەمان جیابکاتەوە، ئەوەی حیزب پێی باشە حکومەتیش پێی باشە، ئەوەی هاولاتیان پێیان باشە حیزبو حکومەت پێیان خراپە، ئەوەی هاولاتی بیری لێدەکاتەوە حکومەت بیری لێناکاتەوە.

بـارودۆخی هاولآتیـان لەسـایەی ئـەم جـۆرە حکومەتـەدا بـەم جۆرەیە: داهاتی مانگانەو سالآنەی تاکەس لەئاستی سفری ژیاندایـە، چـونکە ناتوانێـت قرشـێکی لێ پاشـەکەوت بکات، گرفتـاری دنیایـەك کێـــشەی ســـەخیفە، وەك کێـــشەی نـــەبونی خزمەتگوزارییـــە پێویـستەکان، کێـشەی نیـشتەجێبون، گرانـیو بـەرەلآیی بازاڕەکـان، لەکاتێکدا ئاستی خزمەتگوزاری لەو ولآتانـەدا کـە خـاوەنی ئـەمجۆرە حکومەتەن لەئاستی سفرو خوارتردایە، ئاستی مـۆدێرنی مەنهـەجی خوێندن نەگەیشتۆتە سفر، ئەوە ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەلآیەتیو مرۆیی نەك هەر سفرە بگرە هەر نیە تا ئاستی هەبێت.

ئـەو ناعەدالەتیـە ناشـرینەی کـە لـەژێر سـایەی حکومـەتێکی درۆزنـدا لەئارادایـە، ناعەدالەتییـەکی بێمانـاو قێزەونـە، بەواتایـەك ناعەدالەتییەکـە لەهـەممو روویـەكو پانتاییەکـدا، وەك ناعەدالـەتی لەموچـەدا کـە لـە95٪ی هاولآتیـان چـەندینجار لـەخوار بـژێوی ژیانیانەوەیـە، بـەلآم لـە 5٪ی مرۆڤـەکان کـە وەزیـرو پەرلـەمانتارو سـەرۆکی حکومـەتو جێگـرو رێگـرو موستەشـارو بـەرپرسو پیاوماقولّو خـاوەن کۆمپانیاکـانی نـاو حیـزبو پیـاوی حکومـەتو حیزب سەدان قات لەسەرو هاولآتیانەوە موچەو نەسریەی سیحریو مەکرەمەی بەختەوەری وەردەگرن.

چەوسـانەوەی ئـابوری لـەم جـۆرە کۆمەلگەیەدایـە، چەوسـانەوەیەکی ناشـرینو بێئەنـدازە قێزەونـە، لەسـەردەمی دیکتاتۆرەکانـدا دەسـەلآت بەهـەموو هـەژموونی خـۆیو دنیـابینی خۆیـەوە مرۆڤـەکان لـەڕێی چەوسـانەوەی سیاسـیو فەرهـەنگیو ئابوورییـەوە وێرانبکـات، هەرچـەندە

دەسەلاتە نامۆدێرنو جاهیلەكانیش بەهەمان ئاراستە كاردەكەن بەلام خراپترو وێرانتر دەكارن مرۆڤەكان لەخراپترین چەوسانەوەدا ژیانو گوزەرانیان وێرانبكەن، لەراستیدا چەوسانەوە هەر چەوسانەوەیە، ئەو چەوسانەوەیەی كە دیكتاتۆرەكان ئەنجامی دەدەن هیچ جیاوازییەكی نیە لەگەڵ ئەو چەوسانەوە ئابوورییەی كە حكومەتە نادیموكراتو ناعادیلەكان ئەنجامیدەدەن.

ستراتیژی چەوسانەوەی ئابوری وێرانكردنی دەروونو سایكۆلۆژیای مرۆڤی لەپشتەوەیە، كاتێك تۆی مرۆڤ لەڕووی ئابوورییەوە دەچەوسێیتەوە بارودۆخی دەروونیشت وێران دەبێتو پتر نیگەرانو نائومێدو تورە دەبیت(بەداخەوە ئەم تێزە هیچ سەركردەیەكو هیچ وەزیرێكو هیچ پەرلەمانتارێكی تەقلیدی نایزانن)، هاوكات تا چەوسانەوەی ئابوریت لەسەر بێت كێشە كۆمەلایەتیو فەرهەنگییەكانت هێدی هێدی كەڵەكە دەبنو لەڕووی فەرهەنگیو شارستانییەوە وێران دەبیت، هاوكات ئاستی كاریگەریو ئەكتیڤبوونی فەرهەنگی مرۆڤەكان دەگاتە بنبەستو داخرانی كولتوری.

لەراستیدا ناشیرنترین مۆدێلی چەوسانەوە، چەوسانەوەی ئابورییە.

رایشگتیو ناڕەزایی هاولاتیان

ئەوەی لەژێرپێی ئەم مۆدێلەی حكومڕانییەدایە، رایگشتیو میدیای ئازادو رەخنەو ناڕەزایی هاولاتیانە، هەر حكومەتێكیش بەم شێوازە بیریكردەوە ئەوا دەسەلاتێكی كۆنكرێتیو نافەرهەنگیو ناشارستانییە.

جەهلی ئەوان بە دیموکراسیو دنیای مۆدێرن لەئاستێکی کوشندەدایە، کۆمەڵێك موچەخۆری دەوڵەمەندنو فریان بەدنیاوە نەماوە، کاتێکیش نوسەرە جیدیو سەربەخۆکان رەخنەیان لێدەگرن، پیاوانی حیزبو حکومەت لەوپەڕی جەهلی خۆیانەوە دەڵێن ئێمە عەفوی عامانمان بۆ هەموو کەسێك دەرکردووە کە رەخنەمان لێدەگرن، ئەم وتەیە قسەی سەدام حسێنە، بەلاّم تائێستاکە هەندێك بەرپرسو سەرۆكو راوێژکارە بێئیشو بێ راوێژەکان بەکاریدەهێنن.

هەروەها کاتێك هاولاّتیان نارەزایی دەردەبڕنو بەشێوەیەکی شارستانی داوای مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، پێیان دەڵێن گێرەشێوێن، تابوری پێنج، دەستی لەپشتەوەیە، خەتەرن بۆ سەر ئەمنی قەومی، لەبەرئەوە پێویستە بەرلەوەی گوێیان لێبگیرێت زەبروزەنگ بەرامبەریان بەکاربهێنرێت، واتە بەر لەخۆپیشاندان بیانگرینو لەکاتی خۆپیشاندانیشدا تەقەیان لێبکرێتو بیانترسێنینو لێیان بدەینو بە پۆشاکی مەدەنییەوە خۆمان بکەین بەناویانداو قۆڵبەستیان بکەینو فرێیان بدەینە بەندیخانەکانو لێیان نەپرسینەوە، ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەسەردەمی ستالینو هێتلەرو مۆسۆلۆنیو بینۆشێو سەدام حوسەینەوە بە میرات بۆ سەرجەم ئەو دەسەلاّتە جاهیلو نافەرهەنگیو داخراوانە ماوەتەوەو تائەوڕۆکە کاری پێدەکرێت، لەکاتێکدا کولتورێکی ناشیرنی ناشارستانیو دیکتاتۆریانەیە.

حکومەت تۆڵە دەکاتەوە

لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

"کەسێك کە دەست لەچارەنوسی ئەوانیتر وەردەدات،
هەرگیز چارەنوسی خۆی نادۆزێتەوە."پاولۆ کۆیلیۆ

لەم پارچە خاکەدا لەنێوان هاوڵاتیانو دەسەڵاتدا شتێك لەئارادا نەماوە بەناوی پەیوەندیو متمانەو دڵنیایی، دەسەڵاتی کورد لە سەرۆك کۆمارەوە بۆ سەرۆکی هەرێمو لەوێوە بۆ سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتێکی بێئاگاو کەمتەرخەمو بێباکن بەرامبەر هاوڵاتیانو داواکاریو پێشنیارو رەخنەو بۆچونەکانیان، هاوکات دەسەڵاتێکە بێئەندازە گوێی خنیوە بەرامبەر رەخنەو بۆچونەکانی رۆشنبیرانو رەخنەگرە سەربەخۆکان، بەداخەوە ئەمەش بۆخۆی کاریگەرییەکی خراپی کردۆتە سەر تێگەیشتنی حکومەتو دەزگاکانی لەهاوڵاتیانو بێباکیو نابەرپرسیارێتی دەسەڵات بەرامبەر کێشە ئابوریو شارستانیو فەرهەنگیو هەنوکەییەکانی هاوڵاتیان.

وەك مەریوان وریا قانع دەڵێت: كاری ئەم حكومەتو حیزبانە بێبایەخكردنی قسەكردنە، ...منیش دەڵێم ئەو دەسەڵاتانەی كە قسەكردنو رەخنە لەلایەن بێبایەخە دەسەڵاتگەلێكی بێبایەخنو فریان بەدنیای مۆدێرنو مەعریفەو شارستانیەتەوە نەماوە.

ئاشكرایە لەسەروەختی خۆپیشاندانەكانی شاروشارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان پێویستییەكی شارستانی لەئارادابوو بۆ دروستكردنی كەمپەینێك بۆ داكۆكیكردن لەداخوازییە رەواكانی هاولاتیانو رەخنەگرتن لەحكومەتو دەزگا نهێنییەكان بۆئەوەی چیتر مافی مرۆڤو مافە مەدەنییەكانی هاولاتیان پێشێل نەكەنو حساب بۆ رایگشتیو رەخنەو داواكارییەكانی هاولاتیان بكەنو بەرێزەوە گوێیان لێبگرنو هەر بەرێزەوە وەلامیان بدەنەوە، لەبەرئەوە سەرەتا چەند رێكخراو و گروپی فشار كە پێكهاتبوون لە(رێكخراوی ئاسودە، گروپی رەخنە، رێكخراویDHRD، رێكخراوی راسان، رێكخراویLCDO، رێكخراوی گەشەپیدانی كۆمەلایەتی) كەمپەینێكیان بەناوی كەمپەینی رایگشتییەوە دروستكرد، هاوكات پاش گفتوگۆكردن لەگەڵ رێكخراوەكانی تردا ژمارەی ریكخراوەكانی ناو كەمپەینەكە زیادیكرد بوو بە (18) رێكخراوی كۆمەلگەی مەدەنی، ئەم كەمپەینە چەندین رۆشنبیرو رۆژنامەنوسو هونەرمەندو مرۆڤدۆستی لەناوەو دەرەوەی ولات كردبە هاوپشتیوانی خۆیو بەرگریان لەمافە رەواكانی هاولاتیان دەكرد، هاوكات كەمپەینەكە سەردانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیان كردو سەردانی وەزیری ناوخۆیان كردو سەردانی زووربەی

گرتوخانـەکانیان کـردو لەنزیکـەوە ئاگـاداری رەوشـی زیندانییـەکان بـوون‌و فـشارێکی مـەدەنیمان دروسـتکرد بـۆ ئـازادکردنی گیراوەکـان، هاوکـات ئـەم کەمپەینـە دەقـاودەق داواکـاری‌و نـارەزایی هاولاتیـانی گەیاندە حکومەت‌و رەخنەی جیدی لەحکومـەت‌و هێزەکـانی نـاوخۆ گرت.

لەڕاستیدا ئەمـە ئـەرکێکی سەرشـانی رێکخـراوەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنییـە، مـن کـە بخـۆم لەیـەکێك لـەو رێکخراوانـەدا کاردەکـەم‌و دۆسـت‌و هـاوڕێی هـەموویانم، بـەلام ئێـستاکە مـن وەك خـۆم رەخنـە دەگرم، واتە وەك ئاسۆ جەبار، بەداخەوە حکومەت بەشێوازێکی زۆر ناشارسـتانی بیردەکاتـەوەو بڕیـاردەدات، لەبەرئـەوە ئـەم حکومەتـە پێیوایە نابێت کەس نارەزایی هەبێت، پێویستە هاولاتیان شوکور بن بەبەشی خواو کەس ورتەی لێـوە نەیـەت، ئـەوەی ورتەشـی لێوەهـات سزا بدرێت، لەڕاستیدا جێگری حکومەت پاش ئەوەی ئەحبابـەکانی بـۆی دەگێڕنـەوە کـە کێبـوون ئـەو رێکخراوانـەی کـە بەشـداری کەمپەینەکـەیان کـردووە هەڵدەسـتێت بـەبڕینی منحـەی پێـنج لـەو رێکخراوانە کە پارەیەکی کەمیشە کـە دابینکـراوە بـۆ لایـەنی کـەمی کرێی خانووی رێکخراوەکان. ..بڕوانە ئەم بڕیارە ناشرین‌و هەزیلەی جێگری حکومەت‌و وەزارەتی هـەرێم بـۆ کاروبـاری دارایـی‌و ئـابوری، کە لە نوسراوەکەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروبـاری دارایـی‌و ئابوریدا هـاتووە: "تکایــە بــۆ بــەردەوامبوونی منحــەکانتان ســەردانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن بۆ بڕیاردان لەسـەری"، ئـەم بیرکردنەوەی حکومەت ئەوپەڕی قوربەسەری‌و نەگبەتییـە کـە پێـی

وایە ئەوەی رەخنەی لێدەگرێت دوژمنێتیو پێویستە وەك بەڕێز (فەتاح زاخۆیی/و. رۆشنبیری پێشوو)لەسەر کار لایبەرنو وەك رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی(بەتایبەتی: وەك رێکخراوی ئاسودە، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ، رێکخراوی ژیانی نوێ، رێکخراوی راسان، رێکخراوی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.) منحەکانیان ببڕێت،... ئافەرین حکومەت بۆخۆتو بیکردنەوەو بڕیارت، بەڕاستی ئازاو بەجەرگی، هیوایەتت ئەوەیە کەس نارازایی نەبێتو کەس رەخنە لەئیشە جوانەکانت نەگرێت، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە زۆر کۆنە بەڕێز، هیواداریین رۆژێك لەڕۆژان بایی دینارێك لەو موچە بێسنورەی تە مانگانە وەریدەگرن بە حەزینی مۆدێرنانە بیربکەنەوە، بەڕاستی حکومەتێکی کەئیبو حەزینیت.

بەڵام کاتێك حکومەتو حیزبو بەرپرسەکان هەرگیز بیریان ناکەوێتەوە کە زۆر ناعادیلو کەمتەرخەمن بەرامبەر هاوڵاتیانو پێشێلکردنی مافە مەدەنییەکانیان، بەداخەوە یەکڕا بیر لەوە دەکەنەوە تۆڵە لەهاوڵاتیانو ئەو ناوەندە نارازیانە بکەنەوەو سزایان بدەن. بەداخەوە کاتێك دەبینن هاوڵاتیانو رەخنەگران رەخنەو نارەزاییو روانینو دنیابینییەکی جیاوازیان هەیە، یەکڕا دەزگا نهێنییەکانیانو ئینشانوسو راپۆرتنوسەکانیان داوەت دەکەنو پاش نانخواردنێکی تێروتەسەل لێیان دەپرسن: ئەوانە کێبوون رەخنەیان لەئێمە دەگرت، ناوی سیانیان چییە، پیشەیان چییە، چۆن بیردەکەنەوە، خەون بەچییەوە دەبینن، ژمارەی ماڵەکانیان چەندە، لەچ رێکخراوێك یان شوێنێك کاردەکەن، بۆ چ رۆژنامەیەك دەنوسن،

موچەخۆری حکومەتن، حیزبین یان سەربەخۆن، چیان بەرامبەر بکەین، ئێمە پێمانوایە ئەگەر کاری حکومیان هەیە با لەسەرکار لایان بەرین، ئەگەر نوسەرن با کتێبیان بۆ چاپ نەکەین‌و هەوڵبدەین بیانکەین بە پیاوی خۆمان، ئەگەر رێکخراوە سەربەخۆکانن با ئەو منحە بچوکەی هەشیانە لێیان ببڕین‌و خانوی کرێیان دەستنەکەوێت بۆئەوەی چیتر رەخنە نەگرن‌و بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە(لەکاتێکدا کۆمەڵێك رێکخراو هەن کۆشك‌و تەلاریان بۆ دروست دەکەن‌و نەسرییەی سیحریان دەدەنێ، بەلاَم پاشکۆی خۆیان‌و هوتافکێشی دەسەلاَت‌و حیزبن).

ئەو دەسەلاَتە داخراوەی کە زادەی نادنیابینییەکانی کۆمەڵگە داخراوەکانە، دەسەلاَتێکە بەتاڵە لەهەر گۆڕانکارییەك‌و وەرچەرخانێکی مۆدێرن، بەلاَم پڕە لەدووبارەکردنەوەی خۆی‌و دۆگماکردنی ژیان، دەسەلاَتێکە پڕە لەموقەدەساتی ساختە، بەلاَم بەتاڵە لەهەر روانینێك لەدەرەوەی دنیای داخراوی لۆکاڵەیت‌و زادگەخوازی‌و نەتەوەپەرستی‌و تایەفەخوازی‌و مەزهەبخوازی، واتە لێوانلێوە لەو جەهلە، دەسەلاَتێکە دەکەوێتە نێو کلێشەسازییەکی یەکپارچەوە، بەواتایەك دەبێتە ماشێنێکی بچوك بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆی‌و داگیرکردنی پانتاییەکانی دەرەوەی خۆی. ئەو دەسەلاَتە بۆئەوەی بەردەوام هەستی بەتاڵبوونەوە لەخۆیدا بکوژێت، بەردەوام لەهەوڵی گێڕانەوەی حیکایەتەکان‌و دۆزینەوەی فیگەرە پیرۆزەکانە بۆ هێشتنەوەی هەموان لەحیکایەتێکی گەورەی هاوبەشدا، ئەو بۆئەوەی لەتاکەیەك حیکایەتدا تەواو نەبێت،

بـەردەوام لەهـەوڵی بەرهـەمهێنانی حیکایـەتی بـچوکدایە، ئـەو دەسـەلآتەی پـڕە لەموقەدەسـاتو بەتاڵـە لـەدنیای مـۆدێرن، دەسەلآتێکی دۆگماو بێ بەرهەمو وێرانە لەڕووی مەعریفییەوە، ئەو دەسەلآتەی کە ناتوانێت خۆی فڕێبداتـە نێو خولیاکانی مرۆڤـەوەو کلێشەیەکی نوێ بۆ بایەخـدان بـەمرۆڤ بەرهـەمبهێنێت دەسـەلآتێکە تـەنها بـۆ حیکایەتـەکانی خـۆی دەژیو دەبێتـە ماشـێنێکی گـەورەی بەرهەمهێنانی دۆگمایيو ناعەدالەتيو خۆدووپارەکردنەوەی بێماناو ناتەندروستو ناشارستانی.

لەهـەموو دنیـادا رێپێـوانو خۆپیـشاندانو نـاڕەزایی دەربـڕین کۆمەڵە مافێکی مەدەنيو ئینسانی مرۆڤەکانە لەهـەر کوێیـەك بنو سـەر بـە هـەر مەملەکـەتێك بـن، هـەموو کەسـێکیش ئـازادە لـە دەربڕینی راوبۆچونو رەخنەکانی خۆی، هەر دەسـەلآتێکیش رێ لەم مافانە بگرێت بەرلـەوەی دەسـەلآتێکی دیکتـاتۆری بێـت دەسـەلآتێکی سونەتيو نـادیموکراتيو نامرۆییـەو تاسەرئێـسك شـەرمەزار دەبێـت بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتيو خودی هاولآتیان.

ئـەو دەسەلآتانەشـی کـە لـەڕێی پـۆلیسو ئاسـایشو دەزگـا نهێنییەکانی حیزبەوە سوکایەتی بـە مـرۆڤو شکۆی ئینـسانەکانەوە دەکەنو پەلاماریان دەدەنو جوێنیان پێدەدەنو تەقـەیان لێدەکەنو نایـەڵن رێپێـوانو خۆپیـشاندان سـازبدەن دەسـەلآتگەلێکی بێئاگـاو نادیموکراتنو فریان بەسەر دیموکراسيو ژیانی مۆدێرنەوە نیە، ئەو دەسـەلآتانە لـەوەش تێناگـەن ئـەرکی پـۆلیس واتـە پاراسـتنی ژیـانی مـەدەنی هاولآتیـانو رێزگـرتن لەشـکۆو حورمـەتی ئینـسان نـەوەك

پەلاماردانو سوکایەتیکردن بە مرۆڤو تەقەکردن لەهاولاتیان.

دەرەنجام ئەو دەسەلاتانە بە خۆیانو دامودەزگا پۆلیسییەکانیانەوە لەجەهلێکی کوشندەدا دەژینو دەبن بە دیکتاتۆر.

لەبەیاننامەی یەکەمی کەمپەینەکەدا ئەم چەند دێرە دەخوێنینەوە:

دیموکراسیەت واتە گوێگرتن لەرایگشتیو قبولکردنی جیاوازییو گرنگیدان بەمرۆڤ، بەپێچەوانەشەوە نادیموکراسیەت واتە گوێنەگرتن لەرایگشتیو بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژی هاولاتیان.

ئاشکرایە کە لەماوەی پێشوداو تائەورۆکە چەندین خۆپیشاندانو نارەزایی هاولاتیان لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجام دراوە، هەر لە خۆپیشاندانی شاری کەلارەوە بۆ سوتاندنی بەنزینخانەکانی ئاکرێ و دواتر سوتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەو نارەزایی ئەو شارەو خۆپیشاندانی کفریو چەمچەماڵو دەربەندیخانو ناحیەی شۆڕش پێکەوە تەقینەوەی دەنگی نارەزاییو بێزاری هاولاتیان بوو بەرامبەر بە سەرەتاییترین مافی ژیانیان لە کەمی کارەباو ئاو و کێشەی نیشتەجێبوونو کەمی خزمەتگوزاریو گرانی بازاڕو ناعەدالەتیو گەندەڵیو بێکاری، هاوکات گوێنەگرتنو خەمساردی دەسەلاتو پەرلەمانو حکومەت بەرامبەر خواستو داواکارییەکانی هاولاتیان، سەرباری وەلامنەدانەوەی حکومەت.. هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش بە شێوەیەکی زۆر ناشارستانیو نامەدەنیانە لەهەموو ئەو شوێنانە بەگوللەو شەقو زللەو چەندین شێوازی دیکەی بەکارهێنانی توندوتیژی مامەڵەیان لەگەڵ

هاوڵاتیانـدا کـردووه کـه لەدەرئـەنجامی ئـەم مامەڵە ناشارستانییەی حکومەتو دەزگاکانیدا تائەوڕۆکە چەند کوژراو و بریندارو گیراو و کەمئەندامی لێ کەوتۆتەوە..

بۆیـە ئێمـە وەك کۆمـەڵێك گـروپو ڕێکخـراوی مـەدەنیو نـاحکومی سـەرباری نارەزاییمـان بەرامبـەر شـێوازی توندوتیژانـەی مامەڵـەکردنی حکومەت لەگەڵ هاوڵاتیاندا، هاوکات پشتیوانی خۆشمان رادەگەیـەنین بـۆ نـارەزاییو داواکارییـەکانی هاوڵاتیـان لەسـەرجەم شـارو شارۆچـکەکانی هەرێمی کوردستان..

لەبەرئەوە داواکارین لەرێی ئەم بانگەوازەوە بەهەماهەنگیو بە پـشتیوانی هەمووولایـەك کەمپـەینێکی شارسـتانی دروسـتبکەین بـۆ بەدەنگەوەهاتنی نارەزاییو داواکارییەکانی هاوڵاتیانو لێپرسینەوەو لێپێـچینەوە لەحکومـەتو دەزگاکـانی لەبـەکارهێنانی توندوتیـژیو تەقـەکردن لەخۆپیـشاندەرانو هاوکـات بـە هـەمومان هەوڵبـدەین حکومەتو دەزگاکانی پاشگەز بکەینەوە لەکارە ناشارستانییەکانی کە بـریتین لەگوێنـەگرتنو خەمـساردیو وەڵامنەدانـەوەی داواکارییـە هـەرە رەواکـانی هاوڵاتیـانو بـەکارهێنانی زەبـروزەنگو کوشـتنو گرتنو تەقەکردن لەخۆپیشاندەران.

لەراسـتیدا ئـەم بەیاننامەیـە بێجگـە لەکۆمـەڵێك رەخنـەی دروستو واقیعی لەدەسەڵات هیچ شتێکی تیادا نیە تا حکومەت لێی بترسێت، هاوکـات ئـەم کەمپەینـە ئۆپۆزسـیۆنێکی سیاسـی نیـە تـا رۆژێك لەرۆژان بێتە سەر حوکمو جێگە بـەو برادەرانـە لێژ بکـات، کەس باسی حکومەت روخاندنیشی نەکردووە، وەك هەندێك لـەئێوە

بیری لێدەکەنەوەو شەو دێتە خەوتان، لەبەرئەوەی کەس تاقەتی روخاندنی ئێوەی نیە، بەلاّم دیارە حکومەت پێیوایە: پێویستە هەموان بلێّین بەلێ بۆ کارەکانی حکومەت، هاوکات کەس بۆی نیە بلێ نەخێر یان نارەزایی هەبێت. ئەوەی نارەزایی هەبێت نایەلێن کاربکات و دنیایەك بەربەستی ماددیو سیاسیو مەدەنی بۆ دروستدەکەین.

لەکۆتایدا ئاماژە بە نوسینێکی بەختیار عەلی دەکەین کە دەلێ: "ئابووری مولکی کۆمەلگایەو مولکی حیزب نیە، هەر کاتێکیش ئابوری حکومەت لەئابوری حیزب جیانەکرایەوە، قسەکردن لە دیموکراسییەت، نوکتەیەکی گەورەیە."

سەرووەت و جەنەڕاڵەکان

ئـەم نوسـینە هێنـدەی رەخنەیـەکی تونـدە لەدەسـەلات هێنـدە بیرخەرەوەیـەکی رۆمانـسی نیـە، هێنـدەی وێنـاکردنی ژیـانی شێوەکارێکی مۆدێرنـە لـەدنیای ناعەدالەتییـە کوشـندەکاندا، هێندە بەسەرکردنەوەیەك نیە.

پیاوە سپییەکە.. ئەو کە ماڵێکی هە ەو لەباران، سەرزەمینێکی هەبوو لەخەیاڵ، ئاسمانێکی هەبوو لەتابلۆ، خاوەنی هیچ نـەبوو، بێجگە لەدیـەو زامـۆو بـابۆو نـامۆو تابلۆکـانیو هاوڕێکـانی خـۆی، حەسـرەتی ئـەو، تەنهاییـەکانی ئـەو زۆر لـەوە گـەورەتر بـوو کـە لـەماڵێکی بەتەکلیفـدا، کرێخانوەکەی پیاوێکی سیاسی بیکـات بـە مەکرەمـە، ئـەو لـەوە گـەورەتر بوو ستایش بۆکەس بکات، ئەو نەیدەویست جەنەڕاڵێك بە لای ماڵەکەیدا تێپەڕێتو سەرومت ببینێت کە خانوی نیە، کە کرێـچییە، ئـەو بۆئـەوەی جەنەڕاڵـەکان ژیـانو گـوزەرانی ئـەو نـەبینین بـەردەوام سـەرقاڵی وێنەکێشانو شاردنەوەی تابلۆکانی بوو لەژێر پێخەفـە وەنەوشـەییەکەیو راخەری ماڵەکەیدا.

جەنەراڵەکان تازە بیریان دەکەوێتەوە کە پیاوێك هەبوو.. ناوی سەروەت ئەنوەر سەوز بوو، ماڵی نەبوو، تەنها تابلۆکانی ماڵی ئەو بوون، ئەو پیاوەی خاوەنی موڵكو ماڵو سەروەتو درۆنەبوو، ئەو خاوەنی هونەرێکی جاد، تەنهاییەکی عارفانە، ئەو بەچاوی خودا، روانینی بوزا ئەپروانیە دنیا، ئەو دنیابینییەی ئەو زۆر لەخەیاڵی جەنەراڵەکان، لەخەیاڵی بازرگانەکان، لەخەیاڵی ئەو مەلا خوتبەبێژەی کە بووبووە خاوەنماڵو دەیان خانووی هەبوو گەورەتر بوو، سەروەتیش کە یەکێك بوو لەکرێچییەکانی، لەلای پارکی ئازادییەوە کە خواش نەیدەبینی.. جەنەراڵەکانیش نەیاندەبینی.

تازە بەتازە جەنەراڵەکان بیریان دەکەوێتەوە، سەروەتو مناڵەکانی لانەیەکیان هەبێت، هەر هی خۆیان نەبێت، هەر خاوەنی هەبێت، ئێوە لەکوێ بوون کاتێك پیاوە سپییەکە زیاد لەچوارساڵ لەکێڵگەکانی میندا گەمەی بەقەدەرەکانی مەرگ دەکرد، لەبری پیاسەیەك بەو باخی زەیتونی خەیاڵەدا؛ یا پیاسەیەك بەژێربارانەدا، ئەو دەی..ن سەعاتو هەزاران رۆژ پیاسەی بەناو مەرگدا دەکرد، ئێوە لەکوێبوون کە سەروەتو سامان پیشانگەیەکی تایبەتیان لەسەر حسابی خۆیان بۆ ئێمە دەکردەووە.. من جەنەراڵێکم نەبینی لەپیشانگاکانی سەروەتدا دەستبەرێت بۆ تابلۆیەكو بەنرخێکی هەرزان لەسەروەتی بسەنێتو لەتەلارە کریستاڵیەکانی خۆیاندا هەڵیبواسن، ئێوە لەکوێبوون..کاتێك سەروەت ئێواران هەمیشە ئێواران بەتەنها لەباخی گشتییەوە تا شەقامی سالم سەریکی لەمۆزەخانەکە دەداو ئەگەر پیشانگەی تیادابوایە، هێدی هێدی بەژێربارانەدا پیاسەی دەکردو لەچاخانەی سەهۆڵەکە چایەکی لەگەڵدا دەخواردینەوە، ئێوە لەکوێ بوون

کاتێـك سـەروەت عەسـرێك لەزسـتانی ئـەو سـاڵەدا کـە ئێـوە سـەرقاڵی گەرماییـەکانی شـەڕی نـاوخۆ بـوون سـەروەت پاڵتۆیـەکی زەیتـونی بـە (8)هەشـت دینـار کـڕی ..ئێـوە تـەنها ئـەو دڵـە دەوڵەمەنـدەی سـەروەتان دەبینی، ئێوە ئـەوەتان نـەدەبینی کـە ئـەو پیاوە سپییە مینـاتۆرێکی یـەك سانتیمیشی بۆ دیکتاتۆر دروستنەکرد، بەڵام سەدان هونەرمەند لەعێراقدا وێنەی سێ بەچواری سەدامیان دەکێشاو بە عێراقدا هەڵئەواسرا.

پیاوە سپییەکە هەر رەخنەی دەگرت، بەبێدەنگی لەگەڵ هاوڕێکانیدا نارەزایی دەرئەبڕی‌و رەخنەی لەهەموتان دەگرت، ئەو نەیدەزانی حونجەی ستایش‌و ئـەلف‌و بێـی ملکەچـی، ئـەو دەیـوت ئـەم پارچـەخاکە مـوڵکی هەمومانــە، بــەڵام ئێـستا هاوڕێیــان مــوڵکی ئێمــە نیــە، تــەنها مــوڵکی جەنەڕاڵەکانە‌و موڵکی بازرگانەکانی شەڕی ناوخۆیە، ئـەو نەیـدەتوانی ئـەو مەکرەمە‌و بەرەکەتە ناشرینانەی جەنەڕاڵەکان قبوڵبکات، جەنـەڕاڵەکانیش رقیــان لێیبــوو، ئاواتــەخوازبون تاهەتاهەتایــە ســەروەت‌و منداڵــەکانی لەکرێچیدابن، تا دنیادنیایە سەروەت خاوەنی ماڵێك نەبێت تا تابلۆکانی بە ئیسراحەت تیادا بخەوێنێت، تـا دنیادنیایـە ساحەب مـاڵ پێـی بڵێـت تـەنها یـەك مـانگ مۆڵەتت بـۆ دائـەنێم مـشورێکی خـۆت‌و منداڵەکانت بخۆ، دەنـا تابلۆکانت بەم زستانە فرێئەدەمە دەرەوە‌و لەسەر شەقامەکان لەژێر بارانـدا رەقئەبنەوە، ئێوە لەکوێ بوون بەڵێ ماوەیەك سەرقاڵی شـەڕی نـاوخۆ بـوون، دەی ئەوە قەدەرێکی ناشرین بوو، بۆ کوشـتنی جوانییـەکان بـۆ جوانکردنی مـەرگ بـۆ دوورکەوتنــەوە لـەهاوڵاتیان، بـەڵام ئـەوەتان بیرنـەچێت ئـەو دەســەڵاتەی هــەنگاوێك دووردەکەوێتــەوە لــەهاوڵاتیان دەیــان هــەنگاو نزیکدەبێتەوە لەدیکتاتۆری، بەڵام ئەی دواتر بیرتان نەکەوتەوە..

دابینکردنی شوقەو ماڵ بۆ هاوڵاتیان ئیشی حکومەتە نەك حیزب، ئیشی پرۆگرامی نەهێشتنی ئەزمەی سەکەنە، نەوەك ئیشی دایكو باوکێکی میهرەبانی درەنگوەخت.. ئێوە زۆر درەنگ بیرتان دەکەوێتەوە ئەم وڵاتە چ خەراباتێکە، ئەندامەکانی خۆتان دەیان تەلارو کۆمپانیاو بەنزینخانەیان هەیە، بەڵام سەروەت کرێچی بوو..ئەو کە تابلۆکانی دەدا بەشانیداو لەپاریس‌و ئیتالیاو ئەڵمانیاو سلێمانی‌و لەئاسمان بەشداری پیشانگەکانی دەکردو پیشانگەی تایبەتی دەکردەوە، ئێوە لەکوێبوون.. تازە ئێوە فریای ئەو پیاوە نەکەوتن، فریای رۆح‌و دڵی ناسکی ئەو پیاوە نەکەوتن، ئێوە دوای مردنی ئەو پیاوە سپییە لەخەیاڵتاندا بوو بە نەخۆشخانەکانی دنیادا بیگێڕن‌و پیشانی دەیان پسپۆری پزیشکی بدەن‌و چاکی بکەنەوە، جەغار سەدجار جەغار ئێوە درەنگ بیرتان کەوتەوە.

من وەك هاوڕێیەکی سەروەت زۆر نیگەرانم بە درەنگ وەئاگاهاتنەوەی ئێوە، نیگەرانم بەوەی کە ناتوانن رێز لەمرۆڤەکان بگرن، رێز لەهونەرمەندو رۆشنبیران بگرن، بابۆ گیان، دییە، زامۆ گیان نیگەران مەبن بەم خەراباتە، لێرە رێزی ئینسان بەقەدەر تابلۆیەکی سەروەت نییە، تابلۆییەکی پیاوە سپییەکە لەهەموومان جوانترە.

ئەو شوقەیەی کە مام جەلال‌و هێرۆخان تازە بەتازە بۆ ئێوەیان کڕیووە، دەمێکە هەقی خۆتانە، زیاتر لەوەتان قابیلە، بەڵام من نیگەرانم بەم خەراباتە...

جەلاد ... کۆمەڵگە سەگ نیە!

"مللانێی نێوان رۆشنبیرو سیاسی، یان لەنێوان
قمشەو حاکم..بەتەنیا مللانێ نییە لەنێوان
(مەعریفە) و (دەسەلات)دا، بەلکو ململانێیە
لەسەر رەوایی، واتە لەسەر مۆنۆپۆلکردنی هەق
بۆ درکاندنی راستییەکان." عەلی حەرب

ئەوە جەلادەکانن کۆمەڵگە وەك ئاژەڵ سەیردەکەن، کەرامەتی مرۆڤ دەخەنە ژێر پێیانەوە، ناعەدالەتی بەرپادەکەن و گەندەڵی دەکەن بە دینی خۆیان، ئەوە جەلادەکانن براکان دەکوژن، تەلارەکان بەرزدەکەنەوەو ژیان لەخەڵك دەکرنەوە، ئەوە ئەوانن دەست دەگرن بەسەرلەبەری سەرچاوە ئابوری و فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا، ئەوە ئەوانن دەزگا نهێنییەکانیان دەکەن بە زیندان و تەعزیبخانەیەکی گەورە بۆ ئەو کەسانەی رەخنەیان لێدەگرن و سریان هەڵدەماڵن، تەنها جەلادەکان هەرەشە لەرۆژنامەنوسان و رۆشنبیران دەکەن و قسەی سوکیان پێدەڵێن، تەنها جەلادەکانن خاوەنی جورئەتێکی غەیبانین بۆ جوێندان بە کۆمەڵگەو سوکایەتیکردن بە شکۆی مرۆڤ.

کاتێك جەهل دەگاتە ئەوپەڕی بێمانایی، کاتێك جوێنفرۆشیو زمانپیسی دەگاتە ئەوپەڕی قێزەونی، کاتێك دەمڕاستێکی حیزب دەبێتە زمانحاڵی سەرۆکی حیزبو دەسەڵاتو لەقولاّیی دڵییەوە جوێنو قسەی ناشرین بەتەوای کۆمەڵگە دەڵێت، ئەوکاتە بێدەنگی ئێمە بەرامبەر ئەم عەنتەریاتە دەربەگخوازییە، بەلگەیە بۆ قبوڵکردنی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤو خەمساردیو ترسنۆکی کۆمەڵگە بەرامبەر دروستبوونی دیکتاتۆرەکان.

سەرۆ قادر زمانحاڵی حیزبێکی تەمەن زیاد لەپەنجا ساڵ لەکۆڕێکدا بە ئێمە دەڵێت: (کۆمەڵگە سیفەتی سەگی وەرگرتووە، وەختێك نانیان دەدەیتێ پێت ناوەڕن..)، کاك سەرۆ دیارە تۆ زۆر جەریئی، زۆر جوامێریت، کە بەم شێوازە زۆر ناشرینو قێزەونە جوێن بە کۆمەڵگە دەدەیت، دیارە زۆر پاڵەوانو بەشەهامەتی وەك پاڵەوانێکی دەمو قەڵەم خوێناوی شەڕی براکوژی ئیهانەی تەواوی کۆمەڵگە دەکەیت، هاوڵاتیان باش دەزانن کە سەدامو ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی بەو هەموو دیکتاتۆریەتو خوێنڕێژیو جینۆسایدو کیمابارانەوە جورئەتین نەبوو بە تەواوی کۆمەڵگە بڵێن سەگو بە خەڵکی لادێکانیش بڵێت بێشەهامەت.

تۆ تەنها قسەت بە کۆمەڵگە نەوتووە، بەڵکە تۆ قسەت بە مەحویش وتووە، ئەم قسە ناشرینەت هەمومان دەگرێتەوە، نالیو سالمو بێخودو مەولەویو سەرجەم شاعیرانی کلاسیكو نوێ دەگرێتەوە، سەرجەم ڕۆشنبیرانو نوسەرانو ڕۆمانوسەکانو چیرۆکنوسەکانی ئەم ولاّتە دەگرێتەوە، سەرجەم هونەرمەندو

رۆژنامەنوس و کاسبکارو شارنشین و گوندنشین و مامۆستاو مەلاو خوتبەبێژو قەشەو قورئان خوێن و سۆفی و موریدو شێخ و مسکێن و فەرمانبەرو کرێکارو تەواوی هاوڵاتیان و قوتابی و فێرخوازو کوڕو کچانی ئەم وڵاتە دەگرێتەوە، هاوکات پیاوی سیاسی و و تەواوی حیزبەکانیش دەگرێتەوە لەبەرئەوەی هەمووتان زادەی ئەم کۆمەڵگەیەن و لەم کۆمەڵگەیەدا لەدایکبوون و دەژین خۆ لەمەریخەوە نەهاتون ئەی جوێنفرۆش و فەیلەسوفی پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤ.

دیارە حکومەت و پەرلەمان و حیزبەکەت خەوتون، هەر تۆی جوێنفرۆش بەخەبەریت و بەدەنگێکی زۆڵاڵتر لەشەڕی قێزەوەنی براکوژی هەڕەشە لەکۆمەڵگە دەکەیت، بەدەنگێکی پڕ لەسوکایەتیکردن مافی تەواوی مرۆڤەکان دەخەیتە ژێر پێتەوە، تۆ خاوەنی دەسەڵاتێکی کوشندەیت، کوشندەتر لەهەر دڕندەیەك کە نێچیرەکانی هەلاهەلا دەکات، ناشرینتر لەهەر دەسەڵاتێکی دنیا، تۆی خەونکوژ بەم قسە جوانانەت خوازیاری تەواوی کۆمەڵگە بکوژیت، بەم هەڵوێستە جەلادیانەتەوە دەتەوێت تەواوی کۆمەڵگە بکەیت بە سەگ و خۆشت وەك باقی سەرکردە مشەخۆرەکانی حیزب بە زەنگینترین پیاوی دنیاو خۆت کردووە بە فەیلەسوفی جوێندان بە کۆمەڵگەو هەڕەشەکردن لەرۆژنامەنوس و رۆشنبیران و هەفتەنامە سەربەخۆکان.

سەرباری ئەو ناعەدالەتی و گەندەڵییە قێزەوەن و زەبەلاحەی لەم وڵاتەدا خولقاندوتانە، سەرباری ئەوەی لەقێزەوەنترین شەڕی

ناوخۆدا هەزاران گەنجی ئەم ولاتەتان بەخۆڕاییو بەهۆی مەرامە خوینڕێژییەکانی خۆتانەوە دا بەکوشتو بە زەردەخەنەیەکی پڕ لەخوێنەوە سەرکردەکانتان دەستیان لەملی پڕ لەباروتو خوێنی یەکتر کردەوە، کە دەبێت هەموو سەرکردە بەشدارەکانی شەڕی ناوخۆ بدرێنە دادگای نێودەوڵتی، بە شەهامەتێکی پڕ لەخوێنەوە دێیتو دەڵێیت: (میللەتی کورد میللەتێکی نەخۆشەو بەمەرجێك دەنگت دەداتێ مەعاشی بدەیتێ)، نابرادەر ئەوە تۆ نیتو حیزبەکشت نیە، سەرۆکەکەشت نیە کە معاش دەدات بە کۆمەڵگە، ئەو پارە زۆرەی لەگیرفانو بانقو فونتەراتخانەکانی ئێوەدایە، لەکۆمەڵگەتان دزیوەو، ئەو تەلارانەی بەرزی دەکەنەوە، سەرجەم داهاتی ئەم ولاتەیە لەمیللەتی دەدزنو خۆتانو ژیانتانی پێدەڕازێننەوە، ئەوە ئێوە نین کۆمەڵگە بەخێودەکەن، ئەوە کۆمەڵگەیە ئێوەی موحتاجو سواڵکەر بەخێودەکات.

ئەگەر یەك زەڕە ڕۆشنبیر بویتایە، تۆزقاڵێك سیاسی بویتایە، هێندەی دەنکێ گەنم ئاگات لەم کۆمەڵگەیە بوایە، بەئەندازەی چاوی هیلاکی جوتیارێکی ماندووی گوندەکان سەرنجی ژیانی ئەم کەلاوەیەتان بدایە کەخۆتان سازتان کردووە بۆ کۆمەڵگە، بە لوتبەرزییەوە بە کۆمەڵگەت نەدەوت: (بریا کۆمەڵگەی کوردی وەك سەگ بوایە.)

تۆ چیت ئەی جەنەراڵی شەڕی براکوژی، دیارە سەرۆکی حیزبەکەت زۆر لێت ڕازییە، وا تۆی کردووە بە فەیلەسوفی حیزبو بیریارو خاوەن عەقڵی حیزب، دیارە مەکرەمەکانی پیاوە گەورەکانی

حیزبەکەت کوێریکردویت بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە بووبووە لانەی ئێوە، ئەوە خەڵکی لادێکان بوون کون بەکون ئێوەی دەشاردەوەو لەدەمی منداڵەکانی خۆیان دەگرتەوەو دەمی ئێوەیان پڕ دەکرد لەسکی برسی خۆیان، ئەوە ئەوان بوون دەبوون بە پێشمەرگەو شەهید دەبوون بۆئەوەی ئێوەی جوێنفرۆش بە زیندووی بمێننەوە.

دیارە سەرۆکی حکومەت ئیجازەیەو سەفەریکردووە بۆ دەرەوەی وڵات، دیارە ئەندامانی پەرلەمان رایانکردووە بۆ وڵاتێکی ترو ئاگایان لەقسە جوانەکانی تۆ نیە، دیارە ئەو پیاوە حیزبیانەی شەوانە تەلەفیزیۆنەکانی خۆیان پڕدەکەن لەقسەی زل‌و گوێکانی ئێمە پڕدەکەن لەبەڵێنی وەهمی سەفەریان کردووە بۆ مەریخ‌و رۆژنامەو هەفتەنامەی هاوڵاتیان پێناگات بۆیە کەس وەڵامت ناداتەوە.

ئافەرین سەرۆ قادر جوامێرو پاڵەوان، تۆ زۆر جەریئی وا بە شەهامەتێکی زۆرەوەو زۆر ئازایانە هێرش دەکەیتە سەر رۆژنامەنوسان‌و کۆمەڵگەی کوردی، بەداخەوە ئێمەی مرۆڤ نەك هەر لێت قبوڵناکەین، بەڵکە راپێچی دادگات دەکەین، پێویستە لەسەر ئەم قسە جوانانەت بۆ هەتاتایە زیندانیبکرێت‌و سەرجەم سەروەت‌و سامانەکەت دەستیی بەسەردابگیرێت‌و دابەشبکرێتەوە بەسەر هاوڵاتیاندا.

دەبێت سەرۆکی حیزبەکەت بە رەسمی داوای لێبوردن لەهاوڵاتیان بکات‌و داوای لێبوردن لەرۆشنبیران‌و خەڵکی گوندەکان بکات.

لەکاتێکدا ئـەم پارچـە خاکـەتان وێرانکـردووەو کردوتانـە بـە کەلاوەیەکی گەورە لەڕێی ناعەدالـەتی‌و بێگـوێی‌و نابەرپرسیارێتی‌و ناشـــەفافیەت‌و دیکتاتۆریـــەت‌و ســـەتەمکاری‌و هەڕەشـــەکردن لەرۆژنامەنوســـان‌و رۆشـــنبیران‌و گاڵتـــەکردن بـــە موقەدەســـاتی هاوڵاتیـــان‌و شـــکاندنی کەرامـــەتی مـــرۆڤ، ســـەرباری هـــەموو ئـــەم ناحەقیانە بە کۆمەڵگەش دەڵێن سەگ‌و بەخەڵکی لادێکانیش دەڵێن بێ شەهامەت.

شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ

ئەوەی کۆمەڵگە دەکات بە سەگ جارێ لەدایک نەبووە

"راستە دەسەڵاتی رۆشنبیر جۆرە دەسەڵاتێکی ترە، واتە دەسەڵاتێکی ماددی یان ئابوری نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی رەمزییە، واتە دەسەڵاتی قسەکردن‌و نوسینی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی شمشێرو پارەدا. بەڵام دواجار ئەویش هەر دەسەڵاتە." عەلی حەرب

دەبێت دەسەڵات خزمەتکارێکی گوێڕایەڵ بێت، نەوەك دەوڵەمەندێکی بێدەنگ، دەبێت داکۆکیکارێکی یاسایی بێت بەرامبەر ئەو بەرپرس‌و مشەخۆرانەی مافی مرۆڤ پێشێلدەکەن‌و کەرامەتی مرۆڤ دەخەنە ژێر پێیانەوە، نەوەك قسەنەکەرێکی بێئاگا، دەبێت رەخنەگرێکی ئازا بێت لەناعەدالەتی‌و گەندەڵی‌و ناحەقی‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نەوەك موچەخۆرێکی بێدەنگ‌و بێ پلان‌و بێ خەونی گۆڕانکاری.

دەسەڵات دەبێت ئەو راستیەش بزانێت کە ئەوە کۆمەڵگەیە حیزبەکان‌و حکومەت‌و سەرۆکی حکومەت‌و سەرۆکی حیزبەکان بەخێو دەکات، ئەوە حیزب‌و حکومەت نیە کۆمەڵگە بەخێو دەکەن،

دەسەڵات بەبێ کۆمەڵگە کارتۆنێکی بەتاڵی دەم رەشەبایە، دەسەڵات بەبێ رەخنەگرتن لێی دەبێتە دیکتاتۆرێکی ستەمکارو خوێنرێژ، دەسەڵات بەبێ رەخنەو پێشنیارو میدیای ئازادو رایگشتی دەوارێکی هەلاهەلای دەم قەدەرەکانە.

فەیلەسوفی جوێندان بە کۆمەڵگەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو پێشێلکاری کەرامەتی ئینسان سەرۆ قادر کاسێتی قسە ناشرینەکانتیان بەدیاری بۆ هێنام، زۆر سوپاسی ئەو ئازیزەش دەکەم کە ژیانی خۆی خستە مەترسییەوەو لەهەولێرەوە بەدەستی خۆی بەدنیایەك نیگەرانیو بێتاقەتییەوە هات بۆ لامو وتی ئەم کاسێتە پڕ لەجوێنە بۆ تۆی خۆشەویست. لەبەرئەوە پاش گوێگرتن لەئەلبومی جوێنەکانت خوێنەران ئاگادار دەکەمەوە کە دەقاودەق وتووتە: (کۆمەڵگە سیفەتی سەگی وەرگرتوو، وەختێك نانیان دەدەمیتێ پێت ناوەڕن)، لەبەشی تری کاسێتەکەدا دەڵێیت: (میللەتی کورد میللەتێکی نەخۆشەو بەمەرجێك دەنگت دەداتێ مەعاشی بدەیتێ)، هەروەها بەدەنگێکی زولاڵیش دەڵێیت (خەڵکی لادێکانی ئێمە بی شەهامەتن..)، باس لەگەنجیش دەکەیتو دەڵێیت: گەنجانی ئێمە یەکی دە معاشیان هەیە، ...گەنجی ئێمە لە نەخوێنەوارترینیانەوە بۆ گەنجێکی خوینەوار پرۆژەیان نیە.

زمانی هەڕشەکردن لە رۆژنامەنوسان و رۆشنبیران

ئەوەی هەڕەشە لەرۆشنبیرو نوسەرو تەواوی هاولاتیانو هەفتەنامەی هاولاتیو دەنگە جیدییەکان دەکات بۆئەوەی بێنو داوای لێبوردن لەبەرێزتان بکەن جارێ لەدایك نەبووە، ئەوەی پێی

وایە لەڕێی جەبەروتی حیزبو دەسەڵاتی کاریزماو ئەو دیکتاتۆرە بچوکانەی نێو ناخی خۆیەوە ئیهانەی مرۆڤ دەکاتو کەرامەتی مرۆڤ دەخاتە بەر رەحمەتی قسە ناشرینو هەڕەشەکانییەوە تەواوی کۆمەڵگە دەکات بە ئاژەڵ، رێخۆش دەکات بۆئەوەی بەکردار مافو کەرامەتیان پێشێل بکات، خۆیو بەرپرسە ناعادیلو مشەخۆرو گەندەڵەکانی دیکە دەستکراوەتر دەکات بۆ ئەنجامدانی ناعەدالەتی زیاترو گەندەڵی تابینەقاقاو هەڕەشەکردن تا ئەوپەڕی ترساندنو تۆقاندنی تەواوی کۆمەڵگە.

ئەوانە کێن مرۆڤ وەك ئاژەڵو سەگ سەیر دەکەن؟

ئەوە تیرۆریستەکانن ئینسان وەك ئاژەڵ سەیردەکەنو دەیانکوژن، ئەوە جوندول ئیسلامو جەلادەکانی ئەلقاعیدەو شێخ زاناکانن بەرلەوەی مرۆڤەکان بکوژن بەرلەوەی ئینسانەکان وەك کارژۆڵە سەرببڕن، بەرلەوەی خۆیان بتەقێننەوە، بەرلەوەی خەڵك بفرێننو لەتوپەتی بکەن تەواوی مرۆڤەکان وەك ئاژەڵ سەیردەکەن، رونتر ..ئەوە تیرۆریستەکانن بەکۆمەڵگە دەڵێن سەگو سەریان دەبڕنو بەدڵێکی فراوانەوە پارچەپارچەیان دەکەن، هاوکات تاکە مرۆڤێك کە توانای سەربڕینی ئاژەڵی هەیە مرۆڤە، مرۆڤ بەرلەوەی ئەو گیانلەبەرەی بەردەمی سەربیبڕێت دەڵێت ئەمە ئاژەڵە من سەریدەبڕم، هاوکات وەك ئینسان بەزەییشی پیادا دێتەوە، بەڵام تیرۆریستەکان بەرلەوەی مرۆڤ سەربڕن پێی دەڵێن ئاژەڵو هەزارانی

جوێنی سوکی وەك (سەگ، هیچو پوچو کافر، بێ ئەخلاق، بێ کەرامەت، وەك سەگ ئەوتۆپێنین، بێ شەهامەت)ی پێدەدەنو دواجار دەیکوژن، کاتێك تیرۆریستەکان مرۆڤێك سەردەبڕن بەلاشەکەی دەڵێن وەك سەگ تۆپانمان، ئەمەیە سایکۆلۆژیاو بیرکردنەوەی مرۆڤی تیرۆریستو جەلادو جوێنفرۆش. هاوکات لەشەڕی ناوخۆکانیشدا زمانحاڵو بەرپرسەکانی راگەیاندنی حیزبەکانو زورناژەنەکانی شەڕی براکوژی بەداخەوە بە جەستەی پیرۆزی شەهیدەکانیان دەوت کەلاك.

لەنوسینەکەی پێشوودا باسم لەوە کرد کە سەدامی دیکتاتۆرو رژێمەکەی چەند جەلادو دیکتاتۆرو ستەمکار بوون جورئەتو شەهامەتیان نەگەیشتبووە سنورێکی قێزەوەنو ناشیرن تا بەتەواوی کۆمەلگە بڵێن سەگو بێ شەهامەت. بەلاّم دیکتاتۆرەکان وەك تیرۆریستەکان لەزیهنو بیکردنەوەو خەیاڵی خۆیاندا کۆمەلگە وەك سەگ سەیردەکەن، بۆیە دەزگا نهێنییەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ کوشتنو زیندانیکردنو جینۆسایدکردنی شۆرشگێڕو گوندنشینو شارنشینەکان، هاوکات لەبەرنامەی هەموو دیکتاتۆرێکدا تەعزیبخانەیەکی گەورە هەیە بۆ هەڕەشەکردنو تەعزیبدانو کوشتنو لەسێدارەدانی ئەو مرۆڤانەی بەرلەوەی بیانکوژن پیاندەڵێن (ها دولە کلاب)، واتە(ئەمانە سەگن بۆیە دەیانکوژینو بەناشرینترین شێوە تەعزیبیان دەدەین.)

ئەم کۆمەلگەیە گەر بێساحێب نەبێت، ئاوا دەمڕاستێکی حیزب شوڵی لێهەڵناکێشێتو بەکامی دڵ جوێن بە کۆمەلگە نادات، ئەگەر

ئێمەی مرۆڤ خاوەنی سەروەری یاساو پەرلەمانێکی قسەکەرو سەرۆك حکومەتێکی خەمخۆرو جێگرێکی نابەختەوەرو سەرۆك هەرێمێکی بە دەسەلات بووینایە، ئەوا بەمشێوەیە پاڵەوانێکی جوێنفرۆشی شەڕی ناوخۆ بەتەواوی کۆمەڵگەی نەدەوت سەگ.

ئەگەر ئێمە خاوەنی دەسەڵاتی یاساو دادگای سەربەخۆو کۆمەڵگەی مەدەنیو رێکخراوی راستەقینەی گەنجانو ژنانو سەندیکاو گروپەکانی فشار بوینایە، ئەگەر ئێمە خاوەنی چەندین ئۆپۆزسیۆنو گروپی رۆشنبیری قسەکەر بوینایە، ئاوا پیاوێکی تاسەرئێسك جاهیل بەدنیای مۆدێرنو گفتوگۆی شارستانی بەدەنگێکی زولاڵ جوێنی بە سەرتاسەری کۆمەڵگە نەدەدا.

کێ داوای لێبوردن لەکێ بکات، سەرۆ قادر لە چاوپێکەتنێکدا دەڵێت ئەوانەی شتیان لەسەر نوسیوم با بێن داوای لێبوردنم لێبکەن من لێیان خۆش دەبم، بەڕێز ئەم حەرەکەیە کۆنە، ئێمە نەك داوای لێبوردن لەتۆ ناکەین بگرە دەبێت خۆتو سەرۆکی حیزبەکەت داوای لێبوردن لەکۆمەڵگەی کوردیو لەئێمە بکەن، هەرچەند ئێمە لێت نابورینو دەبێت بە سزای یاسایی خۆت بگەیت، سەرۆ قادر لەرۆژنامەی میدیادا بە ماشێتێکی گەورە دەڵێت: پێنج ملیۆن جار داوای لێبوردن لەکۆمەڵگەی کوردی دەکەم ئەگەر بەهەڵە لێم تێگەیشتبن../بەڕێز کەس بە هەڵە لە تۆ تێنەگەیشتووە، خۆ تۆ هیگڵو مارکسو فۆکۆو جاك دریداو ئالان تورینو مالکۆلم برادبریو جۆن ستیوارت میل نیت کەس لێت تێنەگات، قسە ناشرینەکانت زۆر روونو ئاشکران هیچ فەلسەفەیەكو فیکریکی

تیادا نیە، تۆ بە تەواوی کۆمەڵگە دەڵێیت سەگو بەخەڵکی لادێکانیش دەڵێت بێ شەهامەت، ئەمە فەلسەفە نیە.

سەرۆ قادر تۆ بەچییەوە ئەنازیت وا بە لوتبەرزییەکی بێمنەتانەوە هەڕەشە لەئێمەی نوسەرو رۆژنامەنوسو هەڕەشە لە(هەفتەنامەی هاولاتیو کوردستان راپۆرتو کوردستان دەیلی نویز، چاودێر، کوردستان پۆست)دەکەیت، بەڕێز سەردەمی هەڕەشەو چاوسورکردنەوەو خۆگێفکردنەوە بەسەرچووە، تۆ ئەگەر کۆمەڵێك ئەندامی حیزبەکەت لەپشتە، ئێمە تەواوی کۆمەڵگەمان لەپشتە، تۆ شانازی بە دەسەڵاتی جوێنو هەڕشەکردنو پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە دەکەیت، ئێمەش شانازی بە ئینسانە پاکەکانو کۆمەڵگەو رۆشنبیرانو نوسەرانو گەنجانو فێرخوازانی زانکۆو پەیمانگاکانەوە دەکەین، تۆ شانازی بە سەروەری کەسانی دیکەوە دەکەیتو لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بەتەواوی کۆمەڵگە دەڵێت: سیفەتی سەگی وەرگرتووە/ ئێمەش شانازی بە دنیایەك خوێنەری جیدیو رێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گەنجانی شارو لادێو قەزاو ناحییەکانەوە دەکەین.

تۆ لەرۆژنامەی میدیادا بەخۆت وتووە : (وەك کەری نیوە زەڕم لێدێت) ..ئەم کولتورەت لەکوێوە هێناوە، بەحەقەت بەڕێزیتو شایەنی ئەوە نین رەخنەتان لێبگیرێت، بەڕێز تۆ هەڵگری کولتورێکی هەژاریت لەرووی مەعریفیو شارستانیو فەرهەنگییەوە.

هەر لەرۆژنامەی میدیادا سەرۆ قادر سەبارەت بەبوونی ئەو هەڵمەتە لەدژی ئەو لەسلێمانی دەڵێت: (نەوشیروان مستەفاو کوتلەی ئەوی لەپشتە)،

بەڕێز یەکەمجارتان نیە تۆو ئەمسالەکانتان هەر ناڕەزاییەکی مەدەنی رووبدات دەڵێن دەستی لەپشتەوەیە، هەرچییەك ماندەگرێت هەرچییەك خۆپیشاندان و رێپێوان ئەنجامدەدات پێیان دەڵێن دەستی لەپشتەوەیە یان خەترن بۆ سەر ئەمنی قەومی کە هیچیشی لەبارەوە نازانن، بەهەرحاڵ ئەم ناڕەزاییە مەدەنییەی دژی سوکایەتیکردنەکەی بەڕێزتان دە هەزوار ئیمزایان کۆکردۆتەوە پیاوی کەس نین و خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیانن و کە پێکهاتوون لەفێرخوازانی زانکۆو پەیمانگاکان و دەرچوانی زانکۆو مامۆستاو فەرمانبەرو کاسبکارو کتێبفرۆش و رۆژنامەنوس و رۆشنبیر، هاوکات گوندنشین و قەزانشینەکانیشی تیادایە، واتە هەموو ئەو ئینسانانەی تیادایە کە بەشێکن لەم کۆمەڵگەیەی کە بەڕێزت پێمان دەڵێت سەگ و بێ شەهامەت. هەروەها ئەو 18 رێکخراوە سەربەخۆیەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە داوای یاسایمان لەسەر بەڕێزت داوەتە دەستە دادوەری گشتی بریتین لەو رێکخراوانەی کە زوربەمان ئەندامین لەرێکخراوی نێودەوڵەتی ئەمنستی ئینتەرناشیناڵ و پەیوەندییەکی زۆر کاریگەرمان هەیە لەگەڵ UN و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکاران لەمافە مەدەنییەکانی هاوڵاتیان.

<u>پاڵەوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ سەرۆ قادر... ئەزانی لە پێشەوا شێخ سەعیدی پیرانەوە بۆ شۆڕشگێڕی گەورە قازی محەممەدو تا شێخ مەحمودی نەمرو پێشەوا مەلا مستەفا بەرزانی و هەموو ئەم سەرکردە بەڕێزانەو بەرپرسەکانی دەوروبەریان نەیانتوانییەوە بۆ چرکەیەك ئیهانەی کۆمەڵگە بکەن و جوێنیان بە کۆمەڵگە نەداوەو تا ئەوپەڕی رێزگرتن لەشکۆی مرۆڤ رێزیان لەهەموو کەسێك گرتووە، هەروەها سەرۆکی حیزبەکەشت بەڕێز</u>

مەسعود بەرزانی هێندەی من ئاگادار بەو کە لەگەڵیشیدا دانیشتووم پیاوێکی زۆر بەڕێزە ئێمە جارێکیان لەبەردەمی خۆیدا بە ئامادەبوونی ئەو 18 رێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆیەی کە ئێستاکە داوای یاسایمان دژی تۆ پێشکەشی دادگا کردووە، بەڕێز مەسعود بەرزانی بەڕێزێکی زۆرەوە گوێی لێگرتین و فەرمووی منیش لەگەڵتاندام بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و ناعەدالەتی و ناشەفافیەت. ئەم نوسین و رەخنانەی ئێمە دژی پارتی دیموکرات نیە، بەلام تۆ دەخوازی پارتی دیموکراتی تێوە بگلێنیت، ئەو خەیاڵەی بەڕێزتان لەخەیاڵی تاوانبارێکی خەیاڵپلاو دەچێت، لەبەرئەوەی هیچ کام لەئەندامانی حیزبەکەت رۆژێك لەرۆژان بەدرێژایی 60 ساڵ بە کۆمەڵگەیان نەوت سەگ و بە خەڵکی لادێکانیشیان نەوت بێ شەهامەت، ئەگەر تۆ خەون بەوەوە دەبینیت رۆژێك لەرۆژان سەرۆکی حیزبەکەت یان حکومەت یان ئەندامانی حیزبەکەت پشتت بگرن و دەستخۆشیت لێبکەن بەوەی کە بە کامی دڵ و بەدەنگێکی زولاڵ بە تەواوی کۆمەڵگەت وتووە سەگ، زۆر غەڵەتی ئەی پیاوە حەزینە دڵڕەق و جوێنفرۆش و قین لەدڵ و نابەرپرسەکە. ئێمە زۆر لەتۆی جوێنفرۆش زیرەك ترین، زۆر بەئاگاترین لە فێڵ و پەلوپۆهاویشتنەکانی تۆ.. بەلام ئێمە رەخنەیەکمان هەیە لەبەڕێز مەسعود بەرزانی، ئەویش دەبوایە کاك مەسعود بەدەستی خۆی تۆی تەسلیمی دادگا بکردایەو شکاتی لێبکردیتایە، چونکە کاتی خۆی بەڵێنی بە ئێمە دا کە هەر کەسێك ناهەقی و گەندەڵی و ناعەدالەتی بکات بەرامبەر ئەم کۆمەڵگەیە خۆی دەیداتە دەست دادگا.

خوێنەرانی بەڕێز، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مرۆڤدۆستان و ماف پەروەران، شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ و

سوكايەتیكردن بەشكۆی مافەكانی مرۆڤ یەكێكە لەو تاوانە گەورانەی كە دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەكرێت، بەداخەوە بەرپرسە مشەخۆرەكان سەرباری ناعەدالەتیو گەندەڵی سوكایەتی بە شكۆی مرۆڤو سەروەری یاساوە دەكەن، كاتێك بەرپرسێكی حیزبی كە لەپۆستی بەرپرسی راگەیاندنو ئەندامی سەركردایەتی (PDK)بە كۆمەڵگە دەڵێت سەگو بەخەڵكی لادێكانیش دەڵێت بێ شەهامەت. لەراستیدا كەمنین ئەو بەرپرسە حیزبیانەی كە مافی مرۆڤیان خستۆتە ژێرپێیانەوە، كە دژایەی كۆمەڵگە دەكەنو هەڕەشە لەرۆژنامەنوسانو نوسەرو رۆشنبیرە سەربەخۆكان دەكەن.

لەبەرئەوەی دەسەڵات ئەم كومەڵگەیەی پڕكردوو لەناعەدالەتیو گەندەڵیو بێ ساحێبیو گرانی بازاڕو وەڵامنەدانەوەی حكومەتو پەرلەمان بۆ داوكارییەكانی خەڵكو رەخنكانی رۆشنبیران، ئاشكرایە رۆژانە هاولاتیان لەدڵی خۆیانداو بەدەنگی بەرز رەخنە لەدەسەڵاتو حكومەت دەگرن، ئەوەش رای ئازادی هاولاتیانەو مافی هەموو تاكەكەسێكی كۆمەڵگەیە بەرامبەر ئێوەی ناعادیلو گەندەڵو خەمساردو بێ گوێو مورتاحو بەختەوەر، چونكە تەواوی كۆمەڵگە بەرەو هەژارییەكی گەورەوگران دەڕواتو ئێوەی حیزبیو دەسەڵاتدار بەرەو دەوڵەمەندبوونێكی زیاترو دەستكراوەتر بۆ خاڵیكردنەوەی بودجەی وڵاتو داگیركردنی سەرچاوە ئابورییەكان، بەڵام ئێوەی دەسەڵاتدارو زمانحاڵی حیزب هەرگیز بۆتان نیە جوێن بە تەواوی كۆمەڵگە بدەنو هەڕەشە لە رۆشنبیرانو رۆژنامەنوسانو میدیای ئازاد بكەن، لەبەرئەم خالانە:

1-ئێـــوەی دەســـەڵاتدار لـــەترۆپکی ناعەدالـــەتیو لەچـــڵەپۆپەی گەندەڵیـدانو کۆمەڵگـە لەهـەژارترین دۆخـی خۆیدایـە لـەرووی ئـابوریو شارستانیو رۆشنبیریو سیاسییەوە.

2-ئێـوەی حـاکمی موتڵـەقی حیزبـی لەبینـەقاقای دەوڵەمەنـدبونو زەنگینبونـدانو کۆمەڵگـە لـەرۆخی هـەژاریو گرانـی بـازاڕو نـەبوونی خزمـــەتگوزاریو ئەزمـــەی ســـوتەمەنیو بـــێ کارەبـــاییو ئەزمـــەی نیشتەجێبووندایە.

3-ئێوە گوێ لەهیچ کەسێکی دڵسۆزو خـەمخۆر نـاگرنو نابـەرپرسو خەمـساردن بەرامبـەر تـەواوی کۆمەڵگـە، بـەڵام ئـەوە کۆمەڵگەیـە گـوێ دەگرێتو قسە دەکاتو رەخنە دەگرێتو بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات.

4- ئەوە ئێوەن مافی مرۆڤ پێشێلدەکەنو کەرامەتی مرۆڤتان خـستۆتە ژێر پێتانەوە، بەڵام کۆمەڵگە لەبەرئـەوەی وشیارە بـە پرنـسیپەکانی مـافی مرۆڤ مافی ئێوەی ناعادیلیـان پێـشێل نـەکردووە، هاوکات تائێستاش هیچ هاوڵاتییەك لەبەردەم رۆژنامەنوسو تەلەفیزیۆنەکاندا بـە ئێوەی نـەوتووە سەگو بێ شەهامەت.

هەڕەشەو کاڵفامی

ئەگەر تۆی جوێنفرۆش هەڕشە لەو رۆژنامەنوسو هەفتەنامـەو سایتانە دەکەیت کە رووی گەشی جوێنو سوکایەتیکردنەکانی تۆیـان خستۆتە روو بۆ رایگشتی، ئەوا من پێت دەڵێم تۆ ئەگـەر حیزبێکـت لەپشتە، ئێمە هەموو کۆمەڵگە بەرگریمان لێدەکات، تۆ ئەگەر چەند پارێزەرێکت هەیە دیفاع لە جوێنو سوکایەتیکردنەکانی تـۆ دەکـەن،

ئێمە چەندین حاکم‌و پارێزەری سەربەخۆ داوا یاساییەکانمان بەرزدەکەنەوە بۆ دادگایکردنی تۆی جوێنفرۆش، تۆ ئەگەر لەشیرن خەیاڵی ئەوەدای کە سەرۆکێکت لەپشتە ئێمە چەندین نوسەرو رۆشنبیرو هونەرمەندو کاسبکارو خوێندکارو فەرمانبەرو تەواوی هاوڵاتیانمان لەپشتە، تۆ ئەگەر چەند رۆژنامەیەکی حەزینی حیزبی کە خۆت‌و تاقمەکەت پارەتان بۆ هەڵڕشتون بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیان بەوەی کە بەرێزت پەپولەیت‌و ناحەقی بەرامبەرت کراوە یان نوسەریت‌و خەڵك رقیان لێتە، بەداخەوە ئەم چەواشەکاریانە کۆن‌و سواون، هاوکات ئێمە خاوەنی چەندین رۆژنامەو هەفتەنامەو سایت‌و بلاوکـ راوەی سەربەخۆین، تا حەرفێك بلاودەکەیتەوە ئێمە سەدان وتارو کاری رۆژنامەگەری لەسەر قسە جوانەکانت دەکەین ئەی فەیلەسوفی سوکایەتیکردن بەمافەکانی مرۆڤو پێشێلکاری کەرامەتی مرۆڤ.

مەلاو پەشیمانی

ئەوە بەعسییەکان بوون ئەنفالیان دەکردو کیمیاییان دەکرد بەسەر هەڵبجەداو هەندێك مەلاو خوتبەبێژی جاهیل بەدین‌و دنیایان دەهێنایە سەر تەلەفزیۆن‌و وایان لێدەکردن دەست بنێن بە قورئانی پیرۆزداو سوێندبخۆن‌و بڵێن ئەوە رژێمی سەدام نەبوو کیمیایی کرد بەسەر هاوڵاتیانی هەڵەبجەدا ئەوە ئێرانییە کافرەکان بوون جینۆسایدیان کردو خەڵکی بێ دیفاعی گوندەکانیان کوشت‌و ئەنفالیان ئەنجامدا، ئائەمە بوو کولتوری بەعس. ئێستاش سەرۆ

قادرو تەلەفزیۆنەکانی مەلایەك دەهێننەوە سەر تەلەفزیۆن‌و پەشیمانی دەکەنەوە، دەقاودەق ئەم ئەتوارە میراتی بەعسییەکانەو بۆ بەبەرپرسە جوێنفرۆش‌و جەریئەکان ماوەتەوە.

له رۆژنامەی میدیاو گۆڤاری گولاَندا سەرۆ قادر دەڵێت چەند کەسێك چەند قسەیەکی منیان لە سیاق دەرهێناوە، بەڕێز تۆ ئەزانی سیاق چییە، ئەزانی قسەکردن‌و گفتگۆی شارستانی‌و مەعریفی چییە، کێ زۆج ئەکەی ئێمە کاسێتەکەمان لایەو دەقاودەق بە دەنگێکی زولاڵ بە کۆمەڵگە دەڵێیت سەگ‌و بەخەڵکی لادێکانیش دەڵێیت بێ شەهامەت، ئیتر سیاقی چی‌و فەلسفەی چی، بەڕێز تۆ بەخۆت دەڵێیت : (لەکۆڕەکەدا کە قسەکەیان پێبڕیم وەك کەری نیوە زەڕم لێهات)، تونەو خوایەت ئەم قسەیە تۆ ئەیکەیت، ئەمە مەعریفەتە تۆ هەتە، ئێمە لەتۆ ناترسین ئەی پیاوە ئازاکەی حیزب، هیچ هەڕەشەیەکی تۆی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەت دینارێك ناکات لای ئێمە، هیچ سەرکردەیەکی حیزبەکەشت رووی نایەت پشتگیری‌و بەرگری لەتۆی جوێنفرۆش بکات، هەر کەسێکیش بەرگریت لێبکات وەك تۆی جوێنفرۆش‌و پێشێلکاری مافی مرۆڤ سەیری دەکەین.

دەسەڵاتی زۆردار و
پەرلەمانی کارتۆنی

"تەواوی مرۆڤایەتی مافی ئەوەی نییە، دەنگی نارەزایی
تاکەکسێك سەرکوت بکات."جۆن ستیوارت میل

ئەو دەسەڵاتانەی باس لەدیموکراسیەت دەکەن، فرِیان بە دنیای مۆدێرنەوە نیەو رایگشتییان خستۆتە ژێرپێیانەوە، ئەو دەسەڵاتانەی تەلەفیزیۆنەکان پرِدەکەن لەهاشوهوشی سیاسیو ژێراوژێر مافی مرۆڤ پێشێلدەکەنو کەرامەتی مرۆڤ دەخەنە ژێر پێیانەوە، ئەو دەسەڵاتانەی بە کردار پێیانوایە دەبێت حکومەت دەوڵەمەند بێتو کۆمەڵگە لە نزمترین ئاستی هەژاریدا بێت، ئەو دەسەڵاتانەی پێیانوایە دەبێت حکومەتو پەرلەمانو حیزبەکان لێورێژ بن لەبەختەوەریو کۆمەڵگەش پرِبکەن لەناعەدالەتیو گەندەڵیو بێساحەبی، دەرەنجام دەبنە دەسەڵاتگەلێکی فاشیلو زۆردارو نابەرپرسیارو ناعادیلو گەندەڵ.

ناعەدالەتی تا بینەقاقا و گەندەڵی تاسەرئێسك

کاتێك ناعەدالەتی دەگاتە ئەوپەڕی جەهل بە کۆمەڵگەو دنیای مۆدێرن، کاتێك گەندەڵی و بەفیرۆدانی سەروەت و سامانی ئەم پارچە خاکە لەلایەن بەرپرسی نابەرپرس و حکومەتی ناحکومەت و پەرلەمانی نا پەرلەمانەوە بەخۆڕایی سەرفدەکرێت بۆ هەوس و ئارەزووەکانی پیاوانی دەسەڵات، ئەوکاتە قسەکردن لەسەر رایشگتی بێهودەییەکی گەورەیە، ئەوە دیکتاتۆرەکانن لەپێناو داگیرکردنی سەرلەبەری سەرچاوە ئابورییەکان و کڕینەوەی بەختەوەری و فرۆشتنەوەی ناعەدالەتی بە خەڵك، ئەوە دەسەڵاتە ستەمکارو زۆردارەکانن ژیان بە هەرزان لەخەڵك دەکڕنەوەو بەگران پێی دەفرۆشنەوە، دەنگی خەڵك بە هەرزان دەکڕن و بە گران دەرخواردیان دەدەنەوە، ئەوە ئەوانن پێیانوایە دەبێت تا قیامەت لەسەر تەختی دەسەڵات بن و شەیدای سازکردنی دۆزەخێکی گەورەی ناعەدالەتی و گەندەڵین، ئەوە دیکتاتۆرەکانن ئەخلاق کاڵ دەکەنەوەو عەنتەریات تۆخ دەکەنەوە، ئەوە ئەوانن تا ترۆپکی گەندەڵی دەست لەیەخەی کۆمەڵگە بەرنادەن و ژیان دەکەن بە کەلاوەو فەرهەنگ و رۆشنبیریی بێمانا دەکەن و دیموکراسیەت لەقۆنتەراتخانەکانیاندا هەراج دەکەن و لەڕێی حیکایەتە کوشندەکانی سەروەرییە کارتۆنییەکانیانەوە کۆمەڵگە دەخەسێنن.

هاوڕێی زۆر ئازیزمان کاك مەریوان وریا لەستونەکەی خۆیدا بەناوی(مایەپوچبوونی ئەخلاقی) مەسەلەیەکی زۆر گرینگ

دەوروژێنێت کە لەرۆژنامەی نەیشندا کە رۆژنامەیەکی ئەمریکییە، رۆژنامەنوسێك بەناوی مارك ماکینۆنە، باس لەپەتای گەندەڵییەکانی کوردستان دەکات لەرێی پرۆژەی (شاری خەونەکان)ەوە کە لەهەولێر ئەنجامدەدرێت، دوابەدوای لێکدانەوەی ئەو راپۆرتە کاك مەریوان دەڵێت: "سیاسییەکانی کورد ئەوەندەی وەك هێزێکی مافیاییەکی رێکخراو دەردەکەون، وەك سیاسی میللەتێکی ژێردەستەو چەوساوە وێناناکرێن، بەڵکو وەك "شاری خەونی" دەستەیەك سیاسیو بەرپرسی نامەسۆل دەبینرێت کە ئامادەن بۆ بەدیهێنانی خەونە تایبەتەکانی خۆیان ئاگرێکی گەورە لەولاتەکە بەربدەن، ئەمەش تێکشکانێکی ئەخلاقییە بۆ مەسەلەیەك کە بەشێکی گەورەی شەرعیەتی خۆی لەسەر ئەو هەموو ناهەقیو ناشرینیانە کە دوژمنانی کورد بەرامبەر بە کورد ئەنجامیانداوە." رۆشنبیرانو خوێنەرانو سەرجەم ئەو ئینسانانەی بیردەکەنەوە، شاری خەونەکان نمونەیەکی گەورەی ناعەدالەتییو گەندەڵییە، هاوکات ناشرینکردنی ژیان لەرێی ناعەدالەتیو گەندەڵییە بێسەروبەرەکانی حیزبو حکومەت هەنگاونانە بەرەو دیکتاتۆریەتێکی ستەمکارانەو وێرانکارانە. کاتێك حکومەت بریاردەدات نزیکەی (5)ملیۆن دۆلار دابینبکات بۆ کرینی سەیارەی کەشخە بۆ وەزیرە بێئیشەکانو پەرلەمانتارە بێدەنگو خەوتووەکان، ئالێرەوە بە رۆژی نیوەرۆ گەندەڵیو ناعەدالەتی دەگاتە بینەقاقای حکومەتو قورقوراگەی پەرلەمان، ئالێرەوە بێدەنگی بەرامبەر نەبونی خزمەتگوزاری بۆ هاولاتیانو هەبوونی

بەختەوەرییەکی بەهەشتی بۆ بەرپرس و سیاسییە لەکارکەوتووەکانی ئەم پارچە خاکە، قوربەسەرییەکی گەورەیە، هیچ نەوتن بەرامبەر تێکشکانی سەرجەم بەها ئەخلاقییەکان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەزیندانییەکانی دەزگای زانیاری و پاراستن و دەزگاکانی ئاسایش لەشارەکانی کوردستان و قسە نەکردن و دادگایی نەکردنی دەمڕاستێکی پاڵەوانی حیزب کە بە کۆمەڵگە دەڵێت سەگ و بێ شەهامەت، نەگبەتییەکی گەورەو گرانە.

کاتێك بەرپرسێکی حیزب بە ڕۆژنامەنوسێك دەڵێت وەك سەگ ئەو تۆپێنم، کاتێك بەنهێنی و ژێراوژێر بەرپرسە گەندەڵ و پیاوکوژەکان هەڕەشە لەنوسەرو هەفتەنامەکان و سایتەکان دەکەن، ئەوکاتە بێدەنگی ئێمە بەرامبەر ئەو هەموو ناهەقی و کاولکردنەی ژیان یەکسانە بە سفر. ئەوکاتەی گەنجانی ئەم وڵاتە بەدنیایەك نیگەرانی و تف لێکردنەوە لەدەرەنجامی بێئیشی و گەندەڵی و ناعەدالەتی و کرێی ناشرینی خانوو و بەهۆی بێبایەخکردنی توانا و بڕوانامەو خەونەکانیان لەلایەن حکومەت و پەرلەمان و حیزبەکانەوە وڵات بەجێدێڵن بۆ لۆبیەك لەبەرپرسی گەندەڵ و وەزیری ناعادیل و پەرلەمانتاری دەوڵەمەند و بەرپرسی جوێنفرۆش و جێگری مورتاح و سەرۆکی بەختەوەر.

پەرلەمان چیە؟

پەرلەمان لەبەرئەوەی دەزگایەکی هەڵبژێردراوی میللەتە کاری سەرەکی یاسادانانە، لەسیستمی پەرلەمانیدا ئەرکی چاودێریکردنی

حکومەت لەڕووی یاسایی‌و چاودێریکردنی دارایی دەگرێتە ئەستۆ، هاوکات ئەو دەسەڵاتەشی هەیە کە متمانە لەوەزیری ناعادیل‌و گەندەڵ یان ناچالاك‌و کەموکوڕ بسەنێتەوە، واتە پەرلەمان لەتوانایدایە لێپێچینەوە لەگەڵیاندا بکات‌و لەسەر کاریش لایان بەرێت، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بەرگری لەو وەزیرە کردو بووبە رێگر لەبەردەم پەرلەماندا، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت وەزارەتەکە هەڵوەشێنێتەوە، لەمەش زیاتر پەرلەمان دەتوانێت سەرلەبەری حکومەتەکە هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە ئیشی پەرلەمانە.

سەرۆکی پەرلەمان بێ چەندوچون مانای چییە؟ ئەگەر نازانی مانای چییە با من لەڕووی زمانەوانی سایکۆلۆژی‌و رۆشنبیریی‌و فەرهەنگییەوە بۆت شیبکەمەوە:

چەمکی بێ چەندوچون، واتە جەختکردنەوە لەسەر شتێك کە قسەی تیادا نیە، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کەس بۆی نییە قسە بکات لەسەر ئەو شتەی کە منی سەرۆکی پەرلەمان مەبەستمە، واتە کەس بۆی نیە رەخنە لەم بڕیارە بگرێت، کەس بۆی نیە بڵێت وانابێت، یان بڵێت ئەمە هەڵەیە، باشتێ کەمتر بێت یان زیاتر. ئەم قسەیەی بەڕێزتان زۆر لەقسەی دیکتاتۆرەکان دەچێت، بەلام تۆ دیکتاتۆر نیت، هەرچەند خۆت بۆخۆت پیاوێکی بەڕێزیت، بەلام رەخنەت لێدەگرین، لەبەرئەوەی بەڕێزی‌و موحتەرەمیت ئەوە ناگەیەنێت ئێمە رەخنەت لێنەگرین، ئەوەشمان بیرنەچێت کە تەنها دیکتاتۆرەکان جورئەتی ئەوەیان هەیە بە خەڵك بڵێن ئەم قسەیەی من دەیەکەم بێ چەندوچون وایە.

ئەم چەمکە هێندەی چەمکێکە بۆ زیندوهێشتنەوەی رەهاگەرایی‌و یەقینخوازیی دەسەڵاتدارانە هێندە چەمکێکی دبلۆماسی یان یاسایی نیـە، لەبەرئـەوەی سیاسـییەکان تـەنها لـەکاتی تەنگـەژەو شـەڕو ململانـێ گەورەکاندا بە خەڵك دەڵێن: بێ چەندوچون، مافی خۆمانـە، کـەس بـۆی نیە بڵێت نەخێر وا نیە، ئێمە بڕیار دەدەین‌و ئێوەش تەنها گوێگرن..تاد. هاوکات کەسە یاساییەکانیش پاش قەناعەت‌و تووێژێکی یاسایی گـەورە، پاش ئەوەی بڕیاری گونجاوی یاسایی بـۆ کەیـسەکان دەدۆزنـەوە، ئەوکاتـە بڕیـاری موتڵـەق دەدەن، بـەڵام ئێـوەی بـەڕێز پـاش هـیچ لێکۆڵینـەوەو تاتوێکردنێك، بەبێ هـیچ لێـدوانێکی راڤەکارانـە بڕیـار دەدەیت‌ودەڵێـت:(سـێ دەفتـەرو (700) دۆلار دەدرێـت بــە هــەر یەکـە لــەو ئەنــدام پەرلەمانانە بۆ کڕینـی سـەیارەو بـێ چەنـدوچـون مـافی خۆیانـە). دواتـر هەور لەهەفتەنامەی ئاوێنەدا بە ماشێتێکی گـەورە نوسـراوە (نزیکـەی 5 ملیـۆن دۆلار دەدرێـت بـە ئۆتۆمبیـل بـۆ وەزیـرو ئەنـدام پەرلەمانـەکانی کوردستان_ئاوێنە.ژ61).

ئەمـە حکومـەت‌و پەرلەمانـە خاڵـە یـان دوو مـەعرەزی سـایارەیە، لەکوردستاندا یەك مەعرەزی سەیارە نادۆزیتەوە تێکڕا (151)سـەیارەی کەشخەی تیادابێت، هیچ مەعرەزێکی سەیارە لەکوردستاندا لەیـەك رۆژدا بەیـەك هەناسـە (151)سـەیارەی نەفرۆشـتووە. بەداخـەوە ژمـارەی سەیارەکانتان لـەدەنکی تـەزبیحی هەنـدێك پەرلـەمانتاری دنیـا زیـاترەو لەخەیاڵی هەموو وەزیرەکان زیاترە.

ئێـشی پەرلـەمان لەهـەموو دنیـادا یاسـادانان‌و بڕیـاردان‌و هەڵوەشـاندنەوەی بڕیـارە هەڵـەکانی حکومـەت‌و حیـزب یـان

داکۆکیکردن لەداواکاریو پرۆژەی هاولاتیان، پەرلەمان لەهەموو جیهاندا داکۆکیکارێکی یاساییە لەهاولاتیانو ناڕەزاییو رەخنەی کۆمەلگە لەحکومەتو حیزبو بەرپرسەکان، نەوەك داکۆکیکارێکی سەرسەخت لەمافە مادییەکانی خۆی، ئەمە ئیشی پەرلەمانە، بەڕێز پەرلەمان قۆنتەراتخانە نیە، واتە ئێوە بە مەترەکاری ئیش ناکەن، بە دوو مانگ جارێك کۆدەبنەوە، زۆرجار پشوەکانتان هێندە درێژە حکومەتێکی تیادا دەروخێ، ئایا ئێوەی پەرلەمانتار کاتێك یاسایەك دادەڕێژن بە مەترەکاری دەیکەن، ئایا ئێوە تا ئێستاکە چیتان کردووە؟ توانیوتانە داواکاریو ناڕەزایی خەلك بکەن بە پرۆژەگەلێکی جیدیو کاری گەورەی بۆ بکەن بۆ ناچارکردنی حکومەتو لایەنە بەرپرسەکان بۆ گرینگیدان بە هاولاتیان لەرووی خزمەتگوزاریو خۆشگوزەرانیو دابینکردنی مافە مەدەنییەکانی هاولاتیانو رێزگرتن لەشکۆی مرۆڤ، بەڕێزم لەراپەرینەکەوە تا ئێستا لەم پارچە خاکەدا مافی مرۆڤ بە چەندین شێواز پێشێلدەکرێتو کەرامەتی مرۆڤ لەژێر پێی گەندەلیو ناعەدالەتیو ناحەقیدایە، بەلام ئەفسوس یەك پەرلەمانتاری ئازا نەیتوانی حەرفێك بلێت. بێدەنگی ئێوە بەرامبەر ناحەقیو نەهامەتیو هەژاری کۆمەلگە هێندە گەشاوەیە کە بەهیچ پێوەرێکی مۆدێرن ناپێورێت ئێمە لەنوسینەکانی پێشودا باسمان لەموچەی زۆری پەرلەمانتارەکانو وەزیرو سەرۆكو جێگری حکومەت کردوە، کە بەداخەوە ئەم حکومەتو پەرلەمانە هێندەی کاردەکات بۆ تۆخکردنەوەی ناعەدالەتیو گەندەلی هێندە

بیرناکاتەوە، هێندەی کاردەکەن بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆتان، هێندە کەسانێکی قسەکەرو داکۆکیکارو بوێر نین بۆ دادگاییکردنی لێشاوێك بەرپرسی گەندەڵو نابەرپرسو مشەخۆرو جوێنفرۆش.

موچەی دەرچویەکی زانکۆ ناگاتە بەرپێی مەلحەمەتی موچەی زۆروزەوەندەی پەرلەمانتارێك، لەکاتێکدا مامۆستایەکی دەرەوەی شار سەد دۆلاری هیچ وەردەگرێت، کارمەندێکی خزمەتگوزاری شارەوانی(110000) سەدودە هەزار دیناری ئەم دراوە جوانەی عێراق وەردەگرێت، دەرچویەکی زانکۆ پاش ئەو هەمو خوێندنو شەو نەخونییە (157000)سەدوپەنجاو حەوت هەزار دیناری ئەم پارە حەزینە وەردەگرێت، بەلاّم ئێوەی تاسەرئێسك بەختەوەر لەمعاشی زۆروزەوەندەدا خەوتوون، هاوکات ئێوەی بێدەنگ بەرامبەر ئەو هەموو ناعەدالەتییە ناشرینەی کە لەم ولاّتەدا حیزبەکانتان خولقاندویانە بەنیازن پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران بکەن بە مەعرەزی سەیارات، ئێمەی مرۆڤ بۆ نەگبەتی هاولاّتیان دەنگیان بە ئێوەدا، بۆئەوەی تۆزقالێك بەرگری لەهاولاّتی بکەن، ببنە دادگایەکی عادیل بۆ دادگایکردنی بەرپرسە گەندەڵەکانو ئەو پیاوە حیزبیانەی بوونبە دەرەبەگو هەزاران دۆنمی ئەم ولاّتەیان داگیرکردووەو کردویانە بە گوندی گەشتیاری بۆخۆیان، مەسبەحی گەورەو حەمامی تورکیو باخچەی پاشایان تیا دروستکردوە، بۆ حەزو ئارەزووە شەرابییەکانی خۆیان، ئێوە بەم بێدەنگییە کوشندەیە هەندێك لەمەسئولەکانتان دەستکراوەتر کرد بۆ ئیهانەکردنو شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ، ئێوەی بێدەنگ دەمی پڕ

لەجوێنی سەرۆ قادرتان کردەوە بۆئەوەی بەتەواوی کۆمەڵگە بڵێت سەگو بەخەڵکی لادێکانیش بڵێت بێ شەهامەتو بە گەنجیش بڵێت گەنجی ئەم کۆمەڵگەیە یەکی دە موچەیان هەیە.

تەرخانکردنی (3) ملیۆنو (415) هەزار دۆلار بۆ کڕینی سەیارەی کەشخە بۆ (111)ئەندام پەرلەمان، هاوکات بەگشتی تەرخانکردنی 5 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی مۆنیکا بۆ (40)وەزیر کە یەکی (41)هەزار دۆلاریان بەردەکەوێتو ئەوەی دیکەشی بۆ ئەندام پەرلەمانەکان کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە. ناحەقییەکی گەورەیەو شێوازێکی دیکەی ناعەدالەتییەو شەرعیەتدانە بە فیرۆدانی سەروەتوسامانی ئەم وڵاتە بۆ کەمالیات، لەبری ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بڵێت نیو ملیۆن دۆلارم تەرخانکرد بۆ کرینی کتێبو دروستکردنی کتێبخانەیەکی گەورەو بۆ پەرلەمان بۆئەوەی ئیتر پەرلەمانتارەکان دەستبکەن بە کتێب خوێندنەوەو ئاگایان لەبواری رۆشنبیری بێت، لەبری سەیارە کڕین بودجەیەك تەرخان بکەن بۆ کڕینی تابلۆی شێوەکارە بەتواناکانی کوردستانو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی پێبڕازێننەوە، بەداخەوە ئەم بڕە پارەیە باڵەخانەیەکی گەورەی (20)نهۆمی پێ دروستدەکرا بۆ کەمکردنەوەی ئەزمەی نیشتەجێبوونو رزگارکردنی کۆمەڵێك کوڕو کچی ئەم وڵاتە لەکرێی سەخیفی کرێچێتیو نەهامەتیو بێجێی، ئەو بڕە پارەیەی ئێوە وەریدەگرن بەلایەنی کەمەوە (5370)کتێبی (300)لاپەڕەیی پێ چاپدەکرا، دەزگایەکی گەورەی سەربەخۆی رۆشنبیری پێ دروستدەکرا، نەخۆشخانەیەکی گەورەی پێ دروستدەکرا، مەکتەبێکی دواناوەندی پێ دروستدەکرا بۆ قەزاو ناحییەکان یان بۆ ئەو گوندە دووردەستانەی کە

تەنها خوا ئاگای لێیانە، ناڵێم مزگەوتێکی پێ دروستدەکرا لەبەرئەوەی ئەم حکومەتـە هیوایـەتی دروسـتکردنی مزگەوتـە لەژیانیـشیاندا یـەك رکـات نوێژیشی تیاناکەن.

ئافەرین سەرۆکی پەرلـەمانو حکومـەتی هـەرێم بـۆ خۆتـانو بڕیـارە جوانەکانتان، لەکاتێکدا پەرلەمانتارانی ولاتە مۆدێرنەکان هەنـدێکیان بـە پاسکیل یان بە تەکسی یان بە سەیارەی حکومەت هاتوچۆ دەکـەن، بـەلام پەرلەمانتارو وەزیرەکانی ئێمە دەبێت بـە گەشـخەترین سـەیارە هاتوچـۆ بکەن، چونکە زۆر قسەکەرن، زۆر داکۆکیکارن لەنەهامەتییـەکانی خـەلك، زۆر گـوێ لـەهاولاتیان دەگـرن، چـونکە تائێـستاکە چـەندین وەزیـرو بەرپرسی حیزبیتان راپێچی دادگا کردووە لەسەر گەندەڵیو ناعەدالەتیو داگیرکردنـی سـەروەتو سـامانی گشتی. یـاخوا نۆشـی گیانتـان بێـت ئـەو معاشە زۆرو ئەو سەیارە گەشخانە.

مـن وەك نوسـەرێك رێـزی زۆرم بـۆ چـەند پەرلـەمانتارێکی قسەکەرو ئیشکەرو خاوەن هەڵوێست هەیـە کـە بـە پەنجەی دەسـت دەژمێـردرێنو کەسـانێکی بێـدەنگ نـینو خـەمی تـەواوی کۆمەڵگەکەیانە. بەلام بەتونـدی رەخنـە لـەو پەرلەمانتارانـە دەگـرم کـە چـەندین سـاڵە بێجگـە لەپاڵدانـەوە حـەرفێکیان نەدرکانـدووە، دێڕێکیان نەوتووە، هەندێك لـەو پەرلەمانتارانـە بێجگە لەباوێـشکی دووردرێـژ یـەك چـرکەیان لێـوە نـەهاتووە، هەنـدێکیان بێجگـە لەسـەیرکردنی بەرنامـە تـەرفیهیو گاڵتـەئامێزەکانی تەلەفزیۆنـە حیزبییەکانی خۆیان دێڕێکیان نەخوێندۆتەوە، لاپـەڕەی کتێبێکیـان بە عیشقەوە هەڵنەداوەتەوە.

ئێوەی پەرلەمانتارو سەرۆك پەرلەمان كاتێك دەتوانن شوقە بۆخۆتان بكڕنو سەیارەی كەشخە بخەنە ژێر خۆتانەوە كە توانیبێتان لانیكەمی ئەزمەی نیشتەجێبوونتان چارەسەر کردبێت، خۆتان دەزانن و شوكور وشیارن بەوەی نیوەی خەڵكی هەرێمی كوردستان كرێچینو داهاتی مانگانەی هاولاتیان بەشی لە (30٪)ی ژیانو گوزەران ناكاتو بەشی دابینكردنی خزمەتگوزارییە پێویستییەكان بۆخۆیان ناكات كە حكومەت دابینی ناكات، دیارە ئێوە تەنها بیر لەدەوڵەمەندبونی خۆتانو هەژاربونی كۆمەڵگە دەكەنەوە، دیارە گاڵتە بە شعوری خەڵك دەكەن.

بەداخەوە ئێوەی خاوەن سەیارەی كەشخە لەساڵی 1992 ەوە تائێستاكە كە (16)ساڵی رەبەق دەكات نەتانتوانی دەستوری حكومەتی هەرێم بێ چەندوچون تەواو بكەن، نەتانتوانی كاری جیدی بكەن بۆ جێبەجێكردنی ماددەی (140)، سەدانجار ئیمزای نارەزایی هاولاتیانمان بۆ ناردن وەك سكالاو نارەزایی لەباری قورسی ژیانو كەمی موچەو ئەزمەی نیشتەجێبوونو بەرەلایی بازارەكانی كوردستان، بەلام بەداخەوە هەر باستان نەكرد، وا بزانم هەر بیرتان چۆتەوە، ئەو هەموو ناحەقیو گەندەڵییە بەرامبەر ئەم كۆمەڵگەیە دەكرێو سەدانجار لەرۆژنامەو هەفتەنامەو سایتەكانی ئینتەرنێتدا پێمان وتن ئەو بودجە خەیاڵییەی كە مانگانەو ساڵانە تەرخانكراوە بۆ معاشی زۆروزەوەندەی سەرۆكی حكومەتو جێگرو وەزیرو ئەندام پەرلەمانەكان كە كاتی خۆی هەفتەنامەی ئاوێنە كەشفی كرد، ئەگینا هاولاتیان هەر نەیاندەزانی (لە هەفتەنامەی ئاوێنەدا ئەم پەرەگرافەم بلاوكردەوە: كاتێك موچەی تۆی سەرۆكی حكومەت

(67) جار زیاتره لەموچەی مامۆستایەکی دەرەوەی شار، کەواتە تۆو حکومەتەکەت زۆر ناعادیلن، کاتێك موچەی تۆی پەرلەمانتار (32)ئەوەندەو نیوی موچەی دەرچوویەکی زانکۆیە لەدائیرەیەکی حـــەزینی حکومەتـــدا، کاتێـــك موچـــەی تـــۆی وەزیـــری تـازە(36)ئەوەنـدەی موچەی فەرمانبـەرێکی خـاوەن بڕوانامەیـە، کەواتە ئـەم کۆمەڵگەیـە پـڕ لەناعەدالـەتیو خەمساردی بەرامبـەر داواکارییەکانی هاولاَتیان).

ئێوە بەو موچە زۆرەشەوە نەوەستان ئێستا وەك پەرلەمانتارانی عێـــراق پـــارەی مەترســـیش وەردەگـــرن، هاوکـــات بودجەیـــەکی (3)ملیـۆنو (415) هـەزار دۆلاریـش تـەرخان دەکـەن بـۆ کڕینـی سەیارەی کەشخە بۆئەوەی بەسەر شەقامەکانی شاردا پیاسەبکەنو بـە پێکەنینـــەوە بڕواننـــە نەهامـــەتیو هەژارییـــەکانی هاولاَتیـــان، بۆئەوەی بە مورتاحی بڕۆن بەرەو هۆڵی پڕ لەبێدەنگی پەرلـەمانو هیـچ نـەڵێن بـۆ باشـترکردنی ژیـانی خـەڵكو بڕیـاردەرکردن لەسـەر گەشەپێدانی ئابوریو سیاسەتو فەرهەنگی کۆمەڵگە، بۆئەوەی قسە نەکـەن لەسـەر کێـشەی نیـشتەجێبونو کـەمی داهـاتی مانگانـەی هاولاَتیـانو ئەزمـەی سـوتەمەنیو کـەمی موچـەی گەنجـە خـاوەن بڕوانامەکانو زۆری موچەی خۆتان، بۆئەوەی هیـچ نـەڵێن دەربـارەی ئەوەی هـەردوو حیزبـی دەسـەلاَتدار سـەرلەبەری دەزگـا رۆشـنبیریو فەرهەنگییـەکانیان داگیرکـردوەو کتێـب بـۆ هـیـچ نوسـەرێکی جیـدی چـاپ ناکـەن، ئەگـەر بۆشـی چـاپ بکـەن تـا دەبێـت بـە کتێـب بـە چاوەڕوانی ئیمـانی دەردێـنن، هاوکات وەزارەتێکی بـەناو رۆشـنبیری هەیە کە لەوەتەی ئەو ئەندامـە بـەرزەی حیـزب بـووە بـە وەزیـر دە کتێبـــی جیـــدی چـــاپ نـــەکردووە بـــۆ رۆشـــنبیرە ئەکادیمیـــستو

ڕەخنــەگرەکان، ئائەمەیــە نەگبــەتیو قوربەســەری بــەڕێوەبردنو حوکمکردنو پەرلەمانو وەزارەتەکان.

بەداخــەوە ســەرۆکی پەرلــەمانو پەرلــەمانتارە بــەڕێزەکان، بــۆ نەگبــەتی تۆزێــك دڵمــان بــەئێوە خــۆش بــوو بــەرگریمان لێبکــەنو گوێمــان لێبگــرن، بــەڵام ئێــوەش بــەم بێدەنگییــە پــڕ لەخامۆشــییەوە بونەتــە ڕێخۆشــکەرێکی بەختــەوەر بــۆ دروســتبونی دیکتــاتۆری ئابوریو جوێنفرۆشی حیزبیو دەرەبــەگی ڕۆشــنبیریو پێــشێلکارانی مافی مرۆڤو شکاندنی کەرامەتی ئینسان.

ئەفسوس نەتانتوانی بە دەنگێکی زوڵاڵ بەرپرسێکی تاسەرئێسك گەندەڵو وەزیرێکی تــا بینــەقاقا شــەلاڵ لەبێئیــشیو کەمتەرخــەمی ڕاپێچی پەرلەمان بکەنو لەرووی یاساییەوە سزای بدەنو سەروەتو سامانە خەیاڵییەکەی دابەشبکەنەوە بەسەر خەڵکدا.

جەغار..سەدجار جەغار بــۆ ئێــوەی پەرلــەمانتار کــە بــەدەنگێکی زوڵاڵ بڕیار دەدەن موچە بۆ خۆتــان زیــاد بکــەنو بــڕی (3)ملیــۆنو (415)هەزار دۆلاریش تەرخان بکەن بۆ کڕینی سەیارەی کەشــخەو بــە دەنگێکــی پــڕ لەجەبەروتــەوە دەڵــێن: ئــەم پارەیــە لەبودجــەی پەرلەمان دابینکراوە بۆئــەوەی پەرلــەمانتاران ئۆتــۆمبیلی پێبکــڕنو مافی بێ چەندوچونی خۆیانە....

پەرلــەمانتار دەبێــت خزمــەتکارێکی گوێڕایــەڵ بێــت، نــەوەك دەوڵەمەندێکی بێدەنگ، دەبێت داکۆکیکارێکی یاسایی بێت، نــەوەك قــسەنەکەرێکی موحتـــاج، دەبێـــت ڕەخنـــەگرێکی ئـــازا بێـــت لەناعەدالەتیو گەندەڵیو ناحەقیو پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نەوەك موچەخۆرێکی بێدەنگو بێ پلانو بێ خەونی گۆڕانکاری...!

حکومــەت دەبێــت خزمــەتکارێکی بەســەلیقەو گوێڕایــەڵێکی مرۆڤدۆســت بێــت، نــەوەك دەوڵەمەنــدێکی بــێ ئاگــاو خــەمخۆری کەمالیات، دەبێت بەڕێزەوە حساب بۆ رایگشتیو رۆژنامەو نوسەرو رۆژنامەنوسان بکاتو لەڕووی مەعریفیو یاساییەوە لێیـان بترسێت، نەوەك خۆی بکات بە پاڵەوانێکی چاونەترس لەرەخنـەو پێشنیارو میـدیاکان، لەراسـتیدا ئـەو حکومـەتو دەسـەڵاتانەی حـساب بـۆ رایگـشتیو رەخنـەکان ناکـەن حکومەتگەلێکی فاشیلو نابـەرپرسو بێگویو نەخوێنەوارن.

دواجـار ئــەم پەرلەمانــە بەختــەوەرترین پەرلــەمانی دنیایــە، بەختەوەرێکی بێدەنگ، بەختەوەرێکی دەوڵەمەند، بەختەوەرێك کە ئاگای لەکۆمەڵگە نیەو تەنها خەمی خۆشییەکانی خۆیەتی....

لەکۆتایدا بەختیار عەلی پێمان دەڵێت:"رۆشـنبیر دەبێـت سنوری یاســاکان گــەورە بکــات بــۆ دابینکردنــی ئــازادی زۆرتــر، ســنوری یاساکانیش تەسکبکاتەوە بەجۆرێك پلەوپایەی سیاسی نەبێتە مایەی دادگایینەکردنی هیچ کەس. هۆشیارییەك دروستبکات کۆمەڵ لەسەر بچوکترین برِ لەسامانی خۆی بتوانێت یەخەی لێپسراوەکانی بگرێت، هەموو ئەوانە بەرێتە بەر دادگا کە لەمافی خۆیان زیاتر دەفرێنن."

"زۆرداران ســێ جــۆرن: هەنــدێکیان لەلایــەن خەڵکــەوە هەڵدەبــژێرێن، هەنــدێکی دیکــەیان بــەزۆری تفــەنگو قــشوونی عەسکەران لەسەر کورسی دادەنیشن، گروپێکی تریشیان ستەمکاریان بە میرات بۆ دەمێنێتەوە." ئاتین دۆلابۆتی

ڕۆشنبیری کوشندە

-جیهانبینی، هێز، کۆنخوازی

-ڕۆشنبیری کوشندە/ حیکایەتی کوشندە

جیهانبینی، هێز، کۆنخوازی

"بەجیهانیگەرایکردنی مرۆڤ، لەرێی تۆڕەکان و ڕێگەکانی ڕاگەیاندنەوە دەروازەگەلێکی بۆ ڕزگاربون لەبازگەکانی باوەڕو بەندیخانەکانی شوناسە داخراوەکان کردەوە."عەلی حەرب

جیهانبینی مۆدێرن هێزێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دنیای داخراو و ڕوانینی داخراو، هاوکات کۆنخوازیش هێزێکی نەریتپارێزە بۆ داخستنی ڕوانینو داگیرکردنی جیاوازییەکان، جیهانبینی مۆدێرن هێزێکە بۆ گۆڕانو بەرپاکردنی جیاوازیو خولقاندنی فەزایەکی کراوە، بەڵام کۆنخوازی هێزێکە بۆ بەرپاکردنی دوبارەبونەوەو ڕەنگرێژکردنی نەریتو ئەخلاقیاتی مۆنوپۆلیزەکردن. ئەم شێوازە لەجیهانبینی دیاردەیەکی نوێو تەوژمێکی کاریگەرترە، بۆ بەرهەمهێنانی هزرێکی دیکەو خەیاڵدانێکی دیکە، مرۆڤێك بەرهەمدەهێنێت کە دەکەوێتە دەرەوەی حیکایەتە بچوکەکانو دەرەوەی ئەو دنیا داخراوەی کە دنیابینییەکانو ڕوانینەکان بچوکدەکەنەوە، واتە هزرێکی جیاوازی پاش حیکایەتە گەورەکانە.

خەیالگەیەکی دیکەی ئەو ناوەندە داخراوەی نەریتی بیرکردنەوەی نەوەکانی پێشوو دەشکێنێت، روانینێکی دیکەی ئەو سەرزەمینە بێدەنگەی مرۆڤە گوێڕایەڵەکانو خەیاڵدانە داخراوەکانو ئەو کولتوری سەرسامییە داغڵی گفتوگۆ دەکات، واتە ئەم تەوژمی جیهانبینییە بەرلەوەی تەوژمێکی کرداری بێت، تەوژمێکی مەعریفیو خەیاڵدانێکی جیاوازە بۆ دۆزینەوەی سەرزەمینێکی دیکەی تێڕامانو گەلاڵەکردنی تیکستێکی کراوەی رەخنەییو دۆزینەوەی ئاراستەیەکی دیکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دنیا نەریتییەی کە بیرکردنەوەکانو خەونەکان بەئەندازەیەکی کاریگەر ناشرینو وێران دەکات. کەواتە جیهانبینی هێزێکی دیکەیە لەدەرەوەی پێوانە نەریتییەکانو لەدەرەوەی ئەو پانتاییە داڕێژراوەی ئایدۆلۆژیاو هزری باوی روانین، فەلسەفەیەکە بۆ کردنەوەی پانتاییەکی جیاوازی هزرو خەیاڵدانێکی نابەراوردکاری لێوانلێو لەپەیوەندیو بەریەککەوتن، کاردەکات بۆ دامەزراندنی کلێشەسازییەکی ناتایبەتمەندی کراوە.

روانینێك لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە داخراوەی ژیان، لەدەرەوەی ئەو دنیا کۆنکرێتییەی کە روانین بچوکدەکاتەوە بۆ خەیاڵێکی بچوكو کۆمەڵە حیکایەتێکی بچوك، دنیابینییەکی دیکەو خەیالگەیەکی فراوانتری هەیە بۆ شکاندنی ئەو تەوقی حیکایەتانەی کاردەکەن بۆ وێناکردنی خەونو مەوداکانی روانین. هەروەها ئەو دنیابینییەی کاردەکات بۆ بچوکردنەوەی خەونەکان، کاریش دەکات بۆ بچوکردنەوەی مرۆڤەکان لەکۆمەڵە حیکایەتێکی هاوشێوەدا. ئەم دیاردەیە هەوڵێکی گەورەیە بۆ شکاندنی ستراکچەری حیکایەتەکانو ئەو نادنیابینییەی کە

گەمارۆی ژیانی داوەو سازکردنی ئەو کلێشە کولتورییەی کە دروستکەرو داڕێژەری قەیرانەکانە.

جیهانبینی مۆدێرن کار لەسەر دوو ئاستی جیاواز دەکات، بەواتایەك بزوێنەری دوو ئاستی بیرکردنەوەیە، ئاستی یەکەم هەڵوەشاندنەوەی داخرانی کولتوری‌و فەرهەنگییە، ئاستی دوەمیش پەیوەندییە. دنیای داخراوی کۆمەڵگە نەریتییەکان دنیایەکە بۆ بچوکردنەوەی ژیان‌و کولتورو هزرو فەرهەنگ‌و پەیوەندییەکان، دنیای لۆکاڵ کاردەکات بۆ بچوکردنەوەی ئینسان‌و بچوکردنەوەی خەونەکان، لەکاتێکدا ئەو فەرهەنگەی کە کۆمەڵێك خەونی گەورە لەپشتییەوە ئامادە نەبێت کۆمەڵگەیەکی بچوکە، فەرهەنگێکی داخراوە، شارستانیەتێکە لەپەراوێزی خۆی‌و دنیادا، وەك عەلی حەرب دەڵێت: ئەوڕۆکە لەبەردەم شۆرشی زانیارییەکاندا ئیمکانیاتێکی بەرفراوان لەبەردەم مرۆڤدا کراونەتەوە، کە لەتوانستە کاریگەرەکاندا بۆ کردەو کارلێکردن بەرجەستە دەبێت، هیچ زیادەڕۆییەك نیە لەقسەکردندا گەر بڵێین جیهانێکی نوێ لەگەڵ دیاردەی جیهانگیریدا پێکدێت، هاوڕێ لەگەڵ دەرکەوتنی بکەری مرۆڤایەتییەکی نوێدا، کە بە مەوداو خێرایی تیشك یان هزر کاردەکات، بەقەدەر بەکارهێنانی رێگەکانی راگەیاندنی خێراو هەمەڕەنگی، یان لەگەڵ ئەو تۆڕە پەیوەندییە ئاڵۆزو لەرادەبەدەرانەدا مامەڵەدەکات. مرۆڤی پەیوەندیامێز کە دەماخێکی ئالی‌و تەکنیکاتێکی ژمارەیی‌و هزری‌و کارکردن بەرەو گەردوونگەرایی بە وێنەیەکی کیشوەربڕو کۆمەڵگابڕو کولتوربڕی بۆ رەخساوە."[14]

---

[14] علی حرب، حدیث النهايات،2001،ل10"

ئەم ئەزمونە بەرلەوەی گەلاڵەکردنی جیهانبینییەکی جیاواز بێت، بەرپاکردنی بیرکردنەوەو روانینێکی جیاوازە لەدەرەوەی ئەو دنیا داخراوەی دەسەڵاتە داخراوەکانی ئەو نادنیابینیەی کە دەکەوێتە ناوەوەی حیکایەتەکان و کرۆکی رووداوەکان و ئەو کۆنخوازییەی بەردەوام لەهەوڵی پاراستنی نەریتی داخراوی ئەو سەرزەمینەدایە کە ناوی نیشتیمانە، ئەو خەیالگەیەی کە ناوی حیکایەتی بچوکە، ئەو دنیایەی کە ناوی دوبارەبونەوەیە، ئەو رووبەرە نادیارەی کە ناومان لێناوە یادەوەری و مێژووی ئەم تەوژمە ئاراستەیەکە تەواو پێچەوانەی لۆکالێیەت و هەرێمخوازییە، تەواو پێچەوانەی رەهەندە گورتمەوداکان و هزرە نەریتییەکانە، پێچەوانەی کۆنخوازی و نەریتخوازی و ئەخلاقپەرستییە، ئاراستەیەکە لەدەرەوەی دنیای چوارگۆشەی کۆمەڵگە داخراوەکان و بازنەی داخراوی هزرو روانین و نادنیابینییەکان.

ئەوەی لەپشت ئەم ئەزمونەوە کاردەکات نە تێکستێکی ئەدەبییە، نە خەیاڵدانێکی شیعرییە. بەڵام ئەم ئەزمونە بەبێ ئەو خەیاڵدانە جیهانبڕو کولتوربڕەو بەبێ ئەو نیگەرانیانە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەو هیچی تر، بەبێ ئەو خەونانە ستراکچەرێکی بەتاڵەو کلێشەیەکی دیکەی ئەو دنیا داخراوەیە کە سەرزەمینێکە بۆ بچوکردنەوەی مرۆڤەکان، بۆ بچوکردنەوەی دنیابینییەکان.

نائومێدی و نیگەرانییەکان

مەودایەکی دیکە هەیە لەدەرەوەی مەودا داخراوەکانی رازیبون، لەدەرەوەی حیکایەتە گەورەکان، لەدەرەوەی نەریتی روانین و نەریتی

بێباکی، کە مەودای نائومێدییەکانە، کە دنیابینییەکی قوڵترە بۆ نیگەرانی، جەوهەریترە. نائومێدیی بەرلەوەی بارودۆخێکی سایکۆلۆژی بێت، پتر بارێکی مەعریفییە، جیاوازییەکی دیکەیە بۆ رەنگرێژکردنی کلێشەیەکی دیکەی ئەنتۆلۆژی، ئەوەی لەنائومێدییەکانەوە دێت، ئەوەی زادەی نائومێدییەکانە زادەی نادیارێکە، کوری نیگەرانییەکانە، لەبەرئەوە ئەوەی لەپشت ئەم ئەزمونەوەیە پتر ئەو نیگەرانییە گەورانەیە لەنەوەکانی پێشوو، نیگەرانی لەدەسەڵاتە داخراوەکان، لەجەنگ، لەشەهادەت، لەدەسەڵات، لەبێباکی، لەپوچی، لەدوبارەبونەوەی حیکایەتەکان، لەحیکایەتە بچوکەکانو لە مەرگدۆستی...تاد.

دواجار ئەو نیگەرانییە تەوژمێکی نوێیە بۆ دروستکردنی مەودایەکی دیکەی تێگەیشتن، بەڵام ئەگەر دنیابینییەکی جیاوازی لەپشتەوە نەبێت نابێتە بەرپاکەری خەیاڵدانێکی جیاواز بۆ گەڵاڵەکردنی روانینگەلێکی ناترادسیۆنی، بۆ وروژاندنی زیاترو زیاتری ئەو خەیالگە کۆنکرێتییەی کە پێیوایە لەدەرەوەی مانیفێستە داخراوەکەی ئەو شتێکی دیکە ناژی، لەدەرەوەی ئەو دنیا کلۆمدراوە هیچ روانینێکی دیکەو هیچ نیگەرانییەك بەقەدەر قەدەرەکانی ئەو نینو بەقەدەر ئەو رێکەوتە دیاریکراوەی ئەو نینو هیچ نادیارێك ناتوانێت رووە تاریکەکانی ئەو هەڵماڵێو مەودایەکی دیکە زیادبکاتە سەر ئەو ناوەندە.

جیهانگیری بەرهەمی جیهانبینییە

واتە جیهانگیری بریتییە لەو دۆخە ئێستاییەی لەمرۆدا جیهانی تێکــەوتووە، دۆخێــك کــە تیایــدا بەشــە جیاوازەکــانی جیهــان لەهەلومەرجێکی چڕو بەهێزو هەمەلایەنی توانای پەیوەنـدیکردن‌و پێکەوەبونـدان. جیهـانگیری جیهانـە لـەدۆخی سـەفەرو گواستنەوەو کۆچ‌و بەناویەکداچـونی ئینـسان‌و ئـابوری‌و کولتـورو یاسـاو نـۆرم‌و بەهاو کێشەو گرفت‌و مەترسییەکان بەیەکدی، بریتییە لەو پرۆسە تــەکنیکی‌و کۆمەلاّیــەتی‌و کولتورییــەی کــە مانایــەك بــۆ دووری ناهێلێتەوەو شتەکان بە جوڵەیـەکی خێرا لەیەکدی نزیکدەکاتـەوە. هــەموو ئەمانــەش بەســەریەکەوە کاریگــەریی گــەورە لەســەر ژیـانی سیاســی‌و ئــابوری‌و کولتــوری‌و ئــەخلاقی کۆمەلگــە جیاجیاکــان بەجێـدێلێت.[15] ئـەو دنیـا داخـراوەی کـە دنیاکـانی دیکـە ناکەونـە چوارچــێوەی روانینەکانییــەوە دنیایــەکی ســنورداره، خــاوەنی خەیاڵدانی بچوك‌و کۆمەلێك حیکایەتی لۆکالییە، بەلاّم ئەو دنیایەی لــەڕێی دنیابینییــەکی دوورمــەوداوە دنیاکــانی دیکــە قبولّـدەکات‌و جیاوازییە فیکری‌و رۆشنبیری‌و کولتورییەکان قبوڵدەکات، دنیایـەکی ناســنوردارەو مــەودای حیکایەتــە بــچوکەکانی تێپەڕانـدووە، ئــەو کۆمەلگەیەی بەدیار وێنە بچوکەکانی خۆیەوە، بـەدیار دنیـای شتە پیرۆزەکـانی خۆیـەوە بـچوکدەبێتەوەو بەشـدار نابێـت لـەو جیهانـە گەورەیـەدا کـە بـە نـاو جیهانگیرییـدا تێدەپـەڕێت، کۆمەلگەیەکـە دەکەوێتــە پــەراوێزی شارســتانییەوە، ئــەو نەتەوەیــەی بــەدیار

---

[15] مەریوان وریا قانیع، شوناس‌و ئاڵۆزی، 2004، ل23-24

سەرزەمینی رەمزە سواوەکانی خۆیەوە خەیالگە لەسەر خەیالگە کەڵەکە دەکات‌و ناتوانێت دەستکاری ترادسیۆنی باوی روانین‌و کولتور بکات، خەمسارده بەرامبەر ئەو دیارده نوێیانەی جیهانی نوێی گرتۆتەوە، کۆمەڵگەیەکی نەخۆشەو دەبێتە خاوەنی فەرهەنگێکی بچوك، هێندەی چاوێکی گەورەیە تەنها بۆ تەماشاکردنی دنیا، هێندە سەرزەمینێکی گەورەی تەماشاکراوو بەشدار نیە، ئەم روانینەش زادەی تەماشاکردنێکی بێدەسەڵات‌و هەستکردنێکی قوڵە بە هەوابەرزییەکی کولتوری وێران‌و تاریکتر لەهەر بەشێکی فەرهەنگی دنیا کە ناکەوێتە سەر نەخشەی گۆڕان‌و تێگەیشتن‌و گەلاڵەکردنی پرۆژەیەکی فەرهەنگی‌و رۆشنبیری‌و شارستانیی پەیوەندیامێز.

ئەگەر جیهانگیری بۆخۆی خاوەنی مێژوییەکی درێژ بێت، ئەوا جیهانبینیش هەڵگری مێژوییـەکی دورودرێژترە، بەواتایەك بەرلەوەی جیهانگیری ببێتە مۆدێلێکی کولتوریی سەرتاسەری، جیهانبینی دەبێتە ئەو فلاشباکە گەورەیەی کە بە خەیاڵدانەکانیدا تێدەپەڕێت، هاوکات ئەو داینەمۆ گەورەیەی جیهانگیریش هزری مۆدێرنەیە، واتە ئەوە نوێگەرییە خەیالگەکانی جیهانبینی بەپیت دەکات‌و سەرزەمینە فیکری‌و کولتورییەکانی بۆ دەرەخسێنێت.

هەڵبەت هەر رۆشنبیر یان بیریار نیە دەکەوێتە بەردەم نوێگەری‌و ئەو دیارده بەرفراوانەی جیهانگیری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاری تێدەکات‌و کارتێکراو دەبێت پێیان، واتە هەر ڕوناکبیر نیە دەستی تازەگەی لەیەخەی گیردەبی‌و دەیخاتە نێو

تەمومــژو ئاڵۆزیــەکانی خۆیــەوە، بــە واتایــەك، بەڵکــە تــەواوی مرۆڤایــەتی کەوتۆتــە نێــو ئــەم بارودۆخــەوە کــە دیاردەی نوێگــەری خولقاندویێتیو ڕاستەوخۆ ئێمە لەناویدا دەژینو پیایدا تێدەپەڕینو دەگەڕێینەوە بۆیو بونەوەرێکی کارتێکراوین، هاوکات تــەواوی ئــەو ئاسـتە ژیاریـیـە بـە کولتـورو فەرهـەنگو ئـاینو هۆشـیاریو دنیـای سیاسەتو تەکنۆلۆژیا، لەوپەڕی ئـامێری سـەرەتاییەوە بـۆ ئەوپـەڕی پێــشکەوتوو، تــەواوی سیــستمی ئــابوری جیهــان لــەدنیاو ناوچــە جیاوازەکانــدا (تــەواوی تــەکنۆلۆژیای جــەنگو ململانێــی ســەربازیو جیهانییەکان، بە تەواوی مرۆڤایەتییەوە ڕاستەوخۆ کەوتونەتە ژێـر فشاری تازەگەرییەوەو بە تەواوەتی گـەر لەسـەدەی نۆزدەشـەوە بێـت تـا ئـەم سـەروەختە نوێگـەری کـاریتێکردوو بـە ئاقـارێکی دیکـەدا بردوینی).

سەرباری ئەوە هەرچـەند نوێگـەری گوزارشـت بێـت لەدنیایـەکی نوێو تەکنۆلۆژیاو ئاسودەگی نوێ، هاوکـات فاشـیزمو دیکتاتۆریـەتو جینۆسـایدی نـوێ نـەوەی دوەمــی نوێگـەرین، بەواتایـەك نوێگـەری تــەنها ڕوویــەکی جــوانو پــڕ ئاشــتیخوازیو ئاســودەگی نیــە، بەڵکــە خاوەن ڕوویەکی ناشرینو دژوارو پڕ کوشتاریشە، بەمانایـەکی دیکـە نوێگـەری بـارێکی نائاسـایی دەخاتـەوە لـەنێوان چـێژو شـەڕانگێزیدا، لەنێوان پێشکەوتنو وێرانکردندا. لەلایەك شەڕانگێزی لەکولتورێکی نوێــوە دێتــە ئــاراوە، بەڕادەیــەك زۆر گرانــە ناسینەوەی؛ بۆنمونــە لەکاتێکدا شەڕانگێزی لەبەرگی ئاینیدا دەبێتە چەند پارچەکراوێکی مەزهـەبی دژ بەیـەكو نـاکۆك لەگەوهـەردا، لەکاتێکدا تـەواوی ئـەو

دژایەتیانە لەسەردەمی نوێداو بە کولتورێکی نوێو بەخەونی نوێوە خۆی ڕادەگەیەنێو بەرگێکی دیکەی پەیوەندیو ڕاڤەکردن دەپۆشێ، لەهەناوی تازەگەریشدا شەڕانگێزی خۆی بەخێودەکات. لەکاتێکدا تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی بە دیوێکدا دەبێتە کارخانەی دروستکردنی نوێترین وزە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، بە دیوێکی دیکەشدا هەر هەمان کارخانەی وزەی ئەتۆم بۆمبای ئەتۆمی دروستدەکاتو هیرۆشیماو نەکازاکی پێ کاول دەکات. لە کاتێکدا، لەم سەردەمەدا لێکۆڵینەوەکان لەبواری کیمیاداو دۆزینەوەی مادەی نوێو تایبەتمەندیەکانی ئەو مادانەو گونجاندنو بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو پێشکەوتن بەکاردەبرێ، لەلایەکی دیکەوە هەمان تاقیگەو هەمان کەرەستە هەڵدەستێت بە دروستکردنی بۆمبی کیمیاویو لەجەنگی دوەمی جیهانیو جەنگی ئێراقو ئێراندا بەکاردەهێنرێو هاوکات کوشتارگەکانی دوو جەنگی جیهانی پێ سازئەکرێ، ئەم نمونانەی کە باسمان لێوەکرد، تەنها دیاریکردنی ڕووەکانی نوێگەری بوو بۆ ئاشنابوونو تێگەیشتن لەوەی کە لەم سەردەمە ئاڵۆزەدا ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بەو کولتورە هەزارەی ڕوانینی خۆمانەوە، بەو تاك ڕەهەندییەی تێگەیشتنەمانەوە لەنوێگەری تێبگەینو بگەڕێین بەدوای شوناسێکی تایبەتدا بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی شیاوو ڕاڤەکردنێکی سەرەتاییو قوڵ بۆ ئەو دیاردەیە کە پەیوەندی بە تەواوی ژیانو شارستانیەتەوە هەیە.

ئالان تۆرین لە کتێبی "ڕەخنە لەنوێگەری" دەنوسێ: بیرۆکەی نوێگەری پەیوەندییەکی ئەوتۆی هەیە بە عەقلانیکردنەوە.

وازهێنان لەیەکێکیان واتە ڕەتکردنەوەی ئەوەی دیکەیان، بەڵام ئایا دەتوانرێت نوێگەری بۆ عەقڵانیکردن کورتبکرێتەوە؟ ئایا مێژوی پێشکەوتنی عەقڵە، واتە مێژوی پێشکەوتنی ئازادیو ئاسودەگیو سڕینەوەی نەریتەکانو پێبەندیو فەرهەنگە نەریتییەکانە؟ ئەوەی هزری خۆرئاوایی، لەبەهێزترین ساتەوەختی تەماهیبونیدا لەگەڵ تازەگەریدا جیادەکاتەوە، بریتیە لەئیرادەی گواستنەوە لەخولێکی سنورداری پرۆسەی بە عەقڵانیکردنەوە بۆ بیرۆکەی کۆمەلگەیەکی عەقلانی پتر سەرتاپاگیر"[16] . ئەگەر عەقڵانیەتی خۆرئاوا وەرچەرخانێکی دیکەی شارستانیەت بێت لەتەواوی خۆرئاواو و دنیادا، ئەوا بەلایکەمەوە لەدیاردەی نوێگەری دێرینترەو فەلسەفەیەکە بۆ خستنەوەی دەرئەنجامێکی وەك نوێگەری، لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر دوا دەرئەنجامی عەقڵانیەت، وەك ئالان تۆرین باسی لێوەدەکات تەواوی ئازادییەکانو هاتنەکایەی ئاسودەگیو بەختەوەری بێت بۆ فەرهەنگو مرۆڤایەتی، ئەگەر لەکردارو داواکاریشدا بێت، هەر مۆرکی عەقڵانیەتە، هاوکات ئەگەر عەقڵانیەت تەنها ڕەتکردنەوەی نەریتو پێبەندی بێت بە فەرهەنگە نەریتییەکان، ئەوا بەر لەهەرشتێك، عەقڵانیەت دروستکردنی نەریتێکی دیکەی ڕوانینو مامەڵەکردنە لەگەڵ دنیاو جیهاندا، بەڵام مامەڵەکردنێکی جیاوازو نوێ، بەئەندازەیەك کە تیایدا زۆرێك لەجیاوازیەکانی خۆی، سەرباری جیاوازیی ڕەوتی بیرکردنەوەو کردەی مامەڵەکردنی ڕەوتە عەقڵانیەکانی ئەو

---

[16] ئالان تۆرین،النقد الحداثة،ترجمة: انور مغيث، درا المجلس الاعلى للثقافة-لا 30.

سەروەختە، تا ئەم کاتەش، لەڕێی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی نەریتی باوی ڕوانین و کورت مەودایی ڕاڤەکردنی دنیا لەڕێی تاکەیەك تەفسیر و تاکەیەك فەلسەفەوە. بەهەرحاڵ ئەو خاڵەی یان ئەو جومگەیەی نوێگەری بە عەقلانیەتەوە.. یان بە عەقلانیکردنەوە دەبەستێتەوە نەریتشکاندنی عەقلانیەتە، بەواتایەك کاتێك عەقلانیەت هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی مەودایەکی دیکە بۆ ڕوانین، کاتێك لەڕێی کۆمەڵە ڕەهەندێکی دیکەوە دنیا دەخوێنێتەوەو داوای کۆمەڵێك مافی دیکە دەکات بۆ مرۆڤایەتی و ئازادییەکی عەقلانیش بەرهەم دەهێنێت لەگەڵ تازەگەریدا یەکدەگرنەوە. هاوکات کۆمەڵێك خاڵی وەرچەرخانی کردەیش دروستدەکەن بۆ هێشتنەوەی ئەو پەیوەندیانە. دوابەدوای دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە ئالان تۆرین بەردەوام دەبێت و دەڵێ: بەر لەهەرشتێك پێویستە ئەم چەمکە بۆ نوێگەری و تازەکردنەوە بەو شێوەیە وەربگرین کە دروستکاری کۆمەڵگەی عەقلانییە ئەم چەمکە هەندێکجار کۆمەڵگە وەك سیستەم و بیناکراوێك وێنادەکاتە سەر حیسابی، هەندێك جاری دیکە وا لەعەقڵ دەکات ببێتە ئامرازێك بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس و چێژ وەرگرتنیان، هەندێك جار وەك چەکێکی ڕەخنەیی دژی سەرجەم شێوەکانی دەسەڵات بەکاریدەهێنێ بۆئەوەی ئەو "سروشتی مرۆڤایەتی"یەی کە دەسەڵاتی ئاینی تێکومەکانی داوە ئازاد بکات."[17] لەدیاردەیەکی گەورەی وەك تازەگەریدا زۆرێك لەچەمکەکانی ژیان و یاساو چەمکە ژیارییەکانی

---

[17] هەمان سەرچوە، لا 30

نێـو كولتـوری بیركردنــەوەو هـزری كردەیـی ژیـان دەگۆڕێـت یـان بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر تێكەڵدەبن بۆ بارێكی دیكەو فەزایـەكی دیكـە، لەكاتێكـدا لیبیـدۆ لەگـەڵ شـەڕانگێزیدا تێكـەڵ دەبێـت، سەرلەبەری بیركردنەوەو ڕوانینـەكانی مـرۆڤ دەكەونـە نێـو دۆخێك لـــەقۆناغی گەشەســـەندنی ســـۆزە هەســـتیارەكانو عـــەقڵی شەڕانگێزییەوە، لەكاتێكدا بـە ئەندازەیـەك پێشكەوتنی تـەكنۆلۆژیا دەكەوێتە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لەلایـەكی دیكـەوە هـەمان ئەو تەكنۆلۆژیاو پێشكەوتنە دەكەوێتە كوشتنی ئەو ڕۆحەو تـەواوی شارستانیەتیش دەخاتـە بـەردەم مەترسییەكی گـەورە...بەبێئـەوەی لەبابەتەكە دوربكەوینەوە. نزیك لـەم ڕوانینـەوە، بیریـار جان پۆڵ گادامێر دەڵێ: "گۆڕانی كۆمەڵگە بۆ سوپایەكی پیشەسازی مەحكومە بەڕێگەیەكی دەسەڵاتگەرایی"[18] هەڵبەت ئەو میراتـە فەرهەنگییـەی لـە دەسـەڵاتەوە، یـان لەتـەواوی میكانیزمـەكانی دەسـەڵاتەوە بـۆ عەقڵانیـــەت بەجێـــدەمێنێت، هـــەمان ئـــەو میراتـــە لـــەقۆناغی عەقڵانیەتـدا ناگاتـە تاكەیـەك مـەوداو تـەنها بەیـەك پانتایـشدا تێناپـەڕێو لـەڕێی یـەك كەناڵیـشەوە مامەڵـە لەتـەك كۆمەڵگـەو تاكەكەسو دامەزراوەكاندا ناكات، بەڵكە هەماهـەنگ لەتـەك تـەواوی جیاوازیـــەكانی خۆیـــدا، هـــاوڕێ لەتـــەك زۆرێـــك لـــەڕوانینو ڕاڤەكردنەكانیـدا بـە تـەواوی ئـەو میراتـەوە مامەڵـە دەكـاتو لـە بازنەیـەكی دیكەی ژیانـدا، كـە جیاوازییـەكان، ڕەخنـەكان تیایـدا دەژین، دەیانخاتەگـەڕو كـارلێكی دیكـەیان بـۆ دروسـتدەكات، هاوكـات

---

[18] لە ئامازەیەكی ئالان تورنەوە بۆ گادامێر وەرگیراوە- لە كتێبی ڕەخنە لەمۆدێرنەکەری.

لەوێـدا، واتـە لـەو پانتاییـە بەرفراوانـەی زانـینو دەسـەڵاتدا گەورەدەبنو گەشەدەکەن. دوورنەڕۆین دواجار نوێگەری؛ دەبێتـەوە بە خـاوەنی یەکـەمی سـەرجەم ئـەو میراتـە کولتوریو عەقڵانییـەی دەسـەڵاتو عەقڵانیـەتو سـەرلەبەری مێـژووی ڕەتکردنـەوەی نەریتـەکانو ئـەو فەرهەنگـە نەریتیانـەی کـە دنیـا بەیـەك دیـودا دەبیـنن و تـەواوی گۆڕانکارییـەکانیش لەیـەك ئاسـتدا دەخـەملێنن. فۆکـۆ لـە کتێبـی "چـاودێریکردنو سـزا"دا دەڵـێ: "تاکەکـەس هەڵکەوتەیـەکی دروسـتکراوە بـەهۆی تـەکنۆلۆژیای تایبـەت بـە دەسەڵاتو ناوی لێدەنێت دیسپلین."[19]

دواجـار ئـەو پەیوەندییـەی نێـوان نوێگـەریو عەقڵانیـەت تـەنها پەیوەندییەکی ڕێژەییە، هەڵبەت ئەمەش ئەوە ناگەیـەنێت لـەنرخو بـەهای عەقڵانیـەت یـان نوێگـەری کەمبکەینـەوە، بەڵکـە بـەهاکانی نوێگەری هیچی کەمتر نیە لەدەستکەوتەکانی عەقڵانیەتو مێـژووی هزری مرۆڤایەتی لەساتەوەختی ڕەتکردنەوەی هەنوکەی دیاریکراوی میراتـی کـۆنو نـەریتی بـاوی ڕوانینـی کۆمەڵگـەو ئـاین. لەلایـەکی دیکەوە ئەوەی مرۆڤایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساتەوەختی دابڕان یـان دەیخاتە نێو دڵەڕاوکێیەکی کوشندەوە کاتێك پەیوەندییـەکانی خـۆی یان جومگەی پێکەوەگرێدانی بەو میراتەی پێش خۆیەوە، کە بەدەر نیـە لـەمیراتی بیروبـاوەڕی نـەوەکانی پێـشخۆی تازەگەرییـە، یـان بەرئەنجامەکانی خودی نوێگەریو عەقڵانیەتە لەدنیای ئەوڕۆدا.

---

[19] میشێل فۆکۆ، چاودێرکردن و سزا، لا196، لە کتێبی (ڕەخنە لە نوێگەری) وەرگیراوە .

جیهـانبینی مـۆدێرن بەرلـەوەی هەڵکەوتەیـەکی نێـو ئاسـتە ژیارییـەکانی مرۆڤایـەتی بێـت، بەرلـەوەی پانتاییـەکی گـەورەی دروسـتکردنی جیهـانگیری بێـت، سـەرەتا فـەنتازیاو خـەیاڵێکی ئەفسانەیی بـوو، کۆمـەڵێك حیکایـەتو خولیـای دورمـەودا بـووە بـۆ گەلاڵـەکردنی روانینێکـی فـەنتازی بـۆ دنیـا، بڕینـی سـنورەکانو دورکەوتنـەوە لەدنیای داخراوی ماڵو هەرێمی ژیانی ئاسایی‌و زادگە، دروسـتکەری روانـینو خەیاڵگەیـەکی گـەورە بـوو بـۆ مرۆڤایـەتی، لەبەرئەوە ناکرێت ئێمـە بـە کەسایەتییەکی وەك کولۆمبـوس بڵێین تەنها پیاوێکە لەمێژودا، بەڵکە فەرزەندەیەکە لـەدەرەوەی مێـژوو و لەدەرەوەی ئەو دنیا سنوردارەی پێی دەوترێت جوگرافیا، لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنەی کولتورێك لەکولتورەکان دائەڕێژێت، ئەو بەرلەوەی زەریاکان ببڕێتو سنورەکان بەجێبهێڵێت خەیاڵدانێکی جیهانی ئـەو دنیابینییـە سەرسـامەی بـۆ دروسـتدەکات کـە دەچـێتەوە نێـو سـەرزەمینێکی دیکـەی روانینـی ئەفـسانەیی‌و رووبـەرێکی دیکـەی دەرەوەی حیکایەتەکانـە. ئەگـەر مرۆڤـی مـۆدێرن کۆلۆمبـۆس‌و هاوڕێکـانی وەك کەسـایەتی لەمێـشکی خـۆی دەربکـاتو زیـاتر وەك روانینو سـەرەتای فەلـسەفەیەکی سـەرەتایی بِۆ دنیـابینی تێیبگـات، ئـالێرەوە دورخـستنەوەی مـەوداکانی روانـین دەبێتـە مـۆدێلێکی جیـاوازی شارسـتانی کـە لەتوانایدایـە رەهەنـدەکانی بیرکردنـەوە والأبکـات بەسـەر پانتاییـەکی بـەرفراوانی روانینـدا، ئـەوە تـەنها تەکنولۆژیا نیە مرۆڤایەتی هاندەدات بۆ دۆزینەوەی دیکەو روانینـی دیکە، بەڵکە ئەوە خـەیاڵو خولیاکانـە، ئـەو فەلـسەفەی روانینـە کـە

دنیاکــان لەیــەکتری نزیکدەکاتــەوەو رەمزەکــانو پیرۆزییــەکانی نیشتیمان دەخاتە بـەردەم مەترسی کالبونـەوەو تێکـەڵبوون بـەدنیا، مەریوان وریا لەم بارەیەوە دەنوسێ: هەمیشە لەپاڵ خەونو خولیـاو ئارەزووی مرۆڤدا بۆ کۆکردنەوەی جیهان لەماڵێکدا، ترس لەهێرشی هەمان جیهـان بـۆ نـاو ئـەو ماڵـە لـەئارادا بـووە، لـەپاڵ ئـارەزوی بـە هـاولاتیبونی جیهانیـدا تـرس لەکێـشەو گرفـتو نەهامەتییـەکانی تێکـەلاوبون بـــە نـــەناسو نـــەزانراو ئامـــادە بـــووە. شانبەشـــانی پێکەوەبونو خەونی سەرتاسەریو جیهاننیشتیمانی، ترس لەنەمانی سنور، ترس لەکەوتنە نـاو پانتـایی بێـسەرەتاو بێکۆتـاییو بێمـەودا، تـرس لەنەناسـراو، تـرس لەدەسـتدانی دڵنیاییـە سـادەکان هەمیـشە بەشێك لەرۆحو وێناکردنەکانی مرۆڤ بووە[20]..، هاوکـات خـودی ئـەو جیهانبینیەش یان خولیای جیهانگیریش مەترسییەکی گەورەیـە بـۆ تەواوی ئەو کەرەسـتەو خەیاڵە لۆکاڵیانـەی کـە دەیانـەوێت روانـینو فـــەنتازیاکانی دنیـــابینی لەچوارگۆشـــەیەکی کۆنکرێتـیــدا بـــەناوی نیـــشتیمان یـــان نەتـــەوە یـــان کولتـــورەوە بەندبکـــەنو تێکـــەڵی شوناسـێکمان بکـەن خـاڵی لـەروانین، بـەتاڵ لەهـەر دنیابینییـەکی دوورمـەودا، ئـەو ترسـە تـەنها ترسـێکی کـاتی نیـە، بەڵکـە ترسـێکی خۆرسکە، سـەردەمانێکە ئـەم خولیـاو ترسـە لەگـەڵ مرۆڤـدا دەژیـن، ترسی لەدەستدان بەرەنجامی ترسە لەتێگەیشتن لەنەزانراو، هاوکـات بـەرەنجامی دوورکەتنەوەیـە لـەکولتوری بـاو، خـەیاڵی لەقاڵبـدراو، ترسـە لەدەسـتدانی نـەریتو ئـەخلاقی مامەڵـەکردن لەگـەڵ ژیـانو

---

[20] شوناسو ئاڵۆزی، ل20

دنیای شته پیرۆزەکانو هیماو بەها کۆمەلایەتیو کولتورییەکان، بەلام دنیای مۆدێرن دنیایەکی بێرەحمە، بەواتایەك دنیاکە بۆ ئاوێتەبونو نزیکبونەوە، دنیایەکی گەورەیە بۆ بچوکردنەوەی نیشتیمانو کولتورو کۆمەلگەکانو ونکردنی شوناسە نەریتییەکان، دنیای مۆدێرن دنیای حیکایەتە بچوکەکان نیە، رەنگە دنیای تاکەیەك حیکایەتی گەورەی بێکۆتایی تەواوی مرۆڤایەتیی بێت، بەلام دنیای حیکاتە گەورە لابەلاکانیش نیە، دواجار دنیای ئەو حیکایاتانەیە کە دەتوانن گوێ لەحیکایەتەکانی ئەوانی دی بگرنو بەشداربن لەتێگەیشتنو گۆڕانکاریو کالکردنەوەی ئەو مێژووە دوورودرێژە نەریتیو ئەخلاقیو کۆنپارێزییەی کە دنیا بەسەر دوو مەودای داخراوی بێقسەدا دابەشدەکات، واتە دابەشکردنی دنیا بەسەر قەدەغەو ئاساییدا، حەرامو حەلالدا.

کۆنخوازیو نادنیابینی

بەلام دنیابینییە جیاوازەکان شانبەشانی ئەو کۆنخوازیو نەریتپارێزییە بەردەوامبونی خۆیان وەرگرتووە..ئەوەمان لەبیرنەچێت کۆنخوازی بۆئەوەی لەسەردەمە نوێکاندا نەمرێ، فۆرمی جیاجیا دروستدەکاتو رێگاو شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەباتو وێنەی جۆراوجۆر لەسەر خۆیو ئەو میراتییە کولتورییە دروستدەکات. ئەوڕۆکە نەوەکانی پێشوو بەو کەرەستە کۆنانەی خۆیانەوە لەبێئاگاییەکی گەورەدا دەگوزەرێن، لەخەیالێکی پڕ لەیادەوەریدا دەژین، لەئاکامێکی سەرتاسەریدا ئێستاو ئایندەو مێژوویان پێکەوە گرێداوە، خاوەنی

خەیاڵدانێکن بۆ بەخێوکردنی بێمانایییەکان، بۆ تۆکمەکردنی ناوەندو سەرتاسەرییەکان، بۆ دانانی ئەو کۆڵەکانەی کە کۆنخوازی لەسەری رادەوەستێ. بۆ داگیرکردنی پانتاییەکانی بیرکردنەوەو تێڕوانینی نوێ، بەلایکەمەوە هزرێکی تاریك لەدیوە نادیارەکانەوە ئامادەیە بۆ داگیرکردنی ئێستاو دووبارەکردنەوەی خۆی.

کۆنخوازی نایەوێت لەئێستادا نەژی، نایەوێت لەئێستاو داهاتوو خۆی دابڕێت، خوازیار نیە تەنها لەمێژوویەکی تاریكو لەشارستانییەتێکی دووردا بگوزەرێ، بێزارە لەبێمانایییەکانی خۆیو شەیدای ژیانێکی نوێیە لەئێستادا، بەلام بەهەمان کەرەستەو هزرو عەقڵی پێشووەوە، بەهەمان خەیاڵو رامانو بێئاگایییەکانی خۆیەوە دەیەوێت لەئێستادا ئامادەگییەکی هەمەلایەنی هەبێت، دەکارێ لەسفرەوە دەستپێبکاتەوە، دەیەوێت تا دوایەمین ژمارە لەگەڵ نەوە نوێکاندا گوێزی خۆی بژمێرێو کەرەستە کۆنەکانی فەنتازیا داغڵی ئێستا بکاتەوە. بەلام ئەو دنیابینییە جیاوازەی لەدەرەوەی ئەودا دەژی بەلایکەمەوە جیاوازییە هەرە جەوهەرییەکانی ئەو دەدۆزێتەوەو شوناسیی واقعی ئەومان بۆ دەردەخات. هەڵبەت ئەوە دنیابینی مۆدێرنە کە لەتوانایدایە دنیا داخراوەکانمان بۆ کەشفبکاتو کاردەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو بۆشایییەی گەورانەی کە لەنێوان دنیاکەی تۆو روانینەکانی ئەوانیدیدا لەئارادایە، کاردەکات بۆ بەستنەوەی ئێستا بە هەنوکەکانی روانینەوە، بەستنەوەی هەنوکەکانی روانینیش بە ستارکچەرێکی کراوەترەوە، کە سەرلەبەری کایەو پێکهاتەکانی لەپانتاییەکی بەرفراوانی روانینو هەنوکەدا بگوزەرێت.

فەزای کراوە

کارکردن لەفەزایەکی کراوەدا، شوناسێکی دیکەو خەیالگەیەکی دیکەی هەیە، هێمایەکە بۆ رەتکردنەوەی داخران و شکاندنی وێنە دووبارەکانی ئەو سەرزەمینە زەمەنییەی کە ناوی شوێن و جوگرافیای بیرکردنەوەو خەونەکانە، جیاوازی ئەو جیهانبینییە لەسەرەتاوە لەو فەزا کراوەیەوە دەستپێدەکات کە خاڵییە لەهەر فیگەرێکی وەستاو بێجگە لەکارئەکتەرەکان، خاڵییە لەهەر مەودایەکی زەمەنی دیاریکراو، لەراستیدا خۆیبۆخۆی ئەم کارکردنە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی مەودایەکی دیارکراو بۆ روانین، هێندەی ئیشکردنە لەعەقڵدا ئیشکردن نیە لەشوێندا، هێندەی جیاکردنەوەی زەمەنە لەپێکهاتە کۆنکرێتییەکانی و دابەشکردنەوەی بەسەر روانین و فەرهەنگ و دنیابینییەکاندا هێندە ژیانکردنە لەگەڵ زەمەنی ئاسایدا، بەواتایەك ئەزمونێکە بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی جیاوازو، دنیابینییەکی جیاواز لەرێی تێکستێکەوە کە لەخەیاڵدانی ئێمەدا مەودایەکی کراوەترو نابەرجەستەی پەیوەندیامێزی دروستکردووە.

نۆستالژیا و بێهودەیی

کۆکردنەوەی ئەم دوو چەمکە لەیەك وتاری دیاریکرودا خۆی بۆخوی کارێکی قورسە، لەبەرئەوە هەریەك لەم دوو چەمکە سەر بە چەند قوتابخانەیەکی فیکری و فەلسەفی جیاوازن، هەرچی نۆستالژیایە بەرهەمی کارکردەیەکی هزری واقع و ئەدەبی کلاسیکە،

هەروەها ئامادەگی بەردەوامی ئەم چەمکە لەهزری مۆدیرنەدا کلێشەیەکی دیکەو رەنگێکی دیکە وەردەگرێت، دەبێتە تێزێکی دیکە لەخەیاڵدانی ئەدەبیو لەهزری هاوچەرخدا، نۆستالژیا کە سۆزێکی گەورەیە بۆ رابردوو، بۆ نیشتیمان، بۆ عیشق، بۆ خەونەکان. هەموو ئەمانە لەکلێشەو مەودای جیاجیادا لەدنیای هاوچەرخدا بەفۆرمێکی دیکەو بەدنیابینییەکی دیکە دەردەکەون، ونبونی ئەم دنیابینییە، ونبونی یادەوەریو ئەو حیکایەتانەیە کە لەپشت هەر روانینێکی نۆستالژیەوەیە، بەڵام ئەزمونی دنیای داخراو لێوانلێوە لەنۆستالژیاو، پڕە لەگەڕانەوە بۆ ئەو خەونانەی کە گرێدراون بەو سۆزو نیگەرانیانەوە، هاوکات دەرچوون لەحیکایەتەکان دەرچوون نیە لەنوستالژیا، هەروەها دوورکەوتنەوە لەیادەوەری یەکلایکردنەوەی ئەو نیگەرانیانە ناگەیەنێت، بەڵکە پتر کارکردنە بۆ هەڵپەساردنی ئەو دنیایەی کە دەکەوێتە نێوان یادەوەریو سۆزو نیگەرانییەکان. هاوکات ئەوەی دەکەوێتە نێوەندی دڵەڕاوکێو بێهودەییەکانەوە گەڕانەوەیە بۆ ئەو زاکیرە داخراوە، پتر ئەو هێزی راکێشانەیە کە لەدەرەوەی دنیابینییەکانو لەدەرەوەی ترادسیۆنی نوێی ئەو ئاستە ژیارییە کاردەکات بۆ رامکردنی زەمەنو شوێنو مرۆڤو پانتاییەکان. دەرئەنجام ئەو خەیاڵگەیە دەگەڕێت بەدوای دۆزینەوەی جوگرافیایەکی داخراودا بۆ دابەشکردنی هێزو روانینی خۆی بەسەر زەمەنو گۆڕانکارییەکاندا.

مۆدێرنەو جیهانبینی

نوێگەری لەڕاڤەکردنێکی هەرە سەرەتاییدا تەواوی ئەو ڕەخنە نوێیانەیە کە ئاڕاستەی دنیای کۆنو کولتوری نەوەکانی پێشوو دەکری، هاوکات کۆمەڵێك ڕوانینی نوێیە لە وەرچەرخانێکی درێژخایەنی عەقڵی مرۆڤایەتیەوە هاتۆتە گۆڕێ، کەمتازۆر زۆرێك لەبیریارانی ئەو دیاردەیە دەیگەڕێننەوە بۆ دۆزینەوەی کەرەستە هەرە کاریگەرەکانی پرسیارو گومانی مرۆڤایەتی لەمێژووی دێرینو نوێی سەرهەڵدانی شارستانیەت، بۆ سەروەختێك کە تیایدا زۆرێك لە چوارچێوە دیاریکراوەکانی شوناسو ڕاڤەکردنی دنیا کەوتونەتە بەر مەترسی هەڵوەشاندنەوەو فرە شوناسی، هەڵبەت بە دیوێکدا ئەو پرسیارانە کۆمەڵێك ڕەخنەی جدیش دێنێتەکایەوە، کۆمەڵە ڕەخنەیەك کە تەواوی نەریتی باوی ڕوانینو بۆچونو تێگەیشتنەکانی مێژوی دێرینی بیرکردنەوەو عەقڵ دەخاتە بەر مەترسی هەڵوەشاندنەوەو ڕاڤەکردنو گۆڕانکاریو ململانێوە، ئەوەی نوێگەری لەدیاردەکانی دیکەو لەڕوانینەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەو ئاستی جیهانبینیەیە کە شانبەشانی نوێگەری هزرو ڕوانینەکان فەزایەکی کراوەی گفتوئامێزو پەیوەندیامێز دروستدەکات بۆ بەرهەمهێنانی ئاستێکی ژیاری کراوەتر لەپانتاییەکی بەرفراوانی ڕوانیندا، بەڕای "ئۆکتـــــافیۆ پاز"،نوێگەری ڕەخنەیەکی سەرتاسەرییە لە تەواوی پێکهاتەو کەرەستەکانی ژیانو ژیاریو گۆڕانکاریو عەقڵی بیرکەرەوەی مێژوو، بۆیە لەکتێبی "شیعرو کۆتاییەکانی سەدە"دا دەنوسێ: "سەرەتا نوێگەری بەو سیفەتە

دەستیپێکرد کە ڕەخنە بوو لەئاینو فەلسەفەو ڕەوشتو یاساو مێژوو، ئابوریو سیاسەت، ڕەخنە دیارترین سیفاتی جیاکەرەوەی بوو، هاوکات سەرجەم ئەو شتانەی سەردەمی نویٚ نوێنەرایەتی دەکات دروستکراوی ڕەخنەیەکە، بە واتایەك لێپێکهاتوی میتۆدێکە لەگەڕانو خوڵقاندنو فرماندا. چەمکە بنەڕەتییەکانی سەدەی نویٚ پێشکەوتنو گەشەکردن، شۆڕش، ئازادی، دیموکراسی، زانستو تەکنۆلۆژیا کە لەبنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ ڕەخنە".[21] ئەو ڕاڤەکردنەی ئۆکتافیۆپاز، سەرەتایەکە بۆ تێگەیشتن لەچەمکی نوێگەریو هاوپەیوەندی لەتەك ڕەخنەو عەقلانیەتی بیری مرۆڤایەتی. بەگشتی ئەو دنیایە بەسەر دوو بازنە، یان دوو پانتایی جیاوازو دژاودژدا دابەشدەکات، لەلایەك دنیایەك هەیە هەڵکەوتەی ژیانو بیرکردنەوەو مێژووی ئێمەیە کە تیایدا کولتورو بیروباوەڕو دابونەریتو ئاینو سەرەتاکانی تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤی تیادا کۆبۆتەوە، ئەگەر ئەو دنیایە، دنیای دێرینی ئێمە بێت، ئەوا لە بارێکدا واقعو ڕابردوو سەرچاوەی مەرجەعی گەڕانەوەی ئێمەیە بۆ ژیان، ئەگەر لێرەدا بەناچاری بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵێك چەمك، کە دەتوانین لەڕێیانەوە ئەو دنیایەی پیٚ ڕاڤەبکەینو زۆرێك لەو ڕەگەزە دیارو نادیارانەی هەڵوەشێنینەوە.

کەواتــە ڕەگــەزە هــەرە دیارەکــانی کولتــوری کۆمەڵایــەتی کۆمەڵگەیەك لەتەواوی جیـاوازی کۆمەڵگـەکانی دیکـەدا، لـە پێناسـە گـشتییەکەیدا بریتیـە لەتـەواوی ئاگـایی گـشتی کۆمەڵگەیـەك،

21 ئۆکتافیۆ پاز- شعر والنهایات القرن. و: ممدوح عدوان-دارالمدی- لا31

لەهۆشیاری گشتییەوە تائەوپەڕی ڕەگەزە نادیارەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوڕەگەز یان هاوکولتور، لەو نێوەندەشدا دابونەریتو یاساو بیروباوەڕی گشتیو ڕەمزو فەنتازیاو نمایشی هاوتائامێزی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەك، هەڵبەت ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمە دەوروژێنێت، بەتایبەتی لەنێوەندی زانینەوە بۆ نێوەندی نوێگەریو جومگەی بەیەکەوە بەستنەوەی نوێگەریو ڕەخنە، سەرباری ئاڵۆزی جیاکردنەوەی ئەو چەمکانە لەیەکتریو پۆلێنکردنیان لەڕووی ئەکادیمیەوە، پەیوەندییەکانی ئەو نێوەندە مەعریفییە پەیوەندیگەلێکی دابڕاو نیەو بەدەر نیە لەکۆی پڕۆسەکەو هاوکات خاڵی دەستپێکردنو سەرەتایەکیشە بۆ گەڵاڵەکردنی پەیوەستنامەیەکی شارستانیی جیهانی کەتەواوی کۆمەڵگەکانی دنیا دەگرێتەوە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو پەیوەستنامە مەعریفییەوە کە عەقلانییەت لەنێوان نوێگەریو ڕەخنەدا گەڵاڵەیکردوەو دەرئەنجامەکانی کەمتازۆر لەخۆرئاوادا دەرکەوتون، بەڵام کۆمەڵگەیەك نیە لەدنیادا لەدەرەوەی ئەو مەجرایە بگوزەرێو لەپەراوێزی کاریگەرییە نادیارەکانی تازەگەریدا بژی. بەختیار عەلی لەنوسینێکیدا دەربارەی نوێگەری دەڵێت: "وشەی نادیار وشەیەکە دەشێت چەندەها مانای جیاواز جیاوازو قاڵبو سنووری جیاجیا لەخۆبگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان نادیارو نوێگەری پەیوەندییەکە هێشتا دیارینەکراوە، لەبەرئەوە هەر دەقێك کە لەتاریکییەوە دێت، هەر ئایدیایەك کە لەبەرگی نادیاری دۆزراوەدا خۆی دەخاتە ڕوو..مافی ئەوە

دەدات بەخۆی ناوی تازەگەر بەسەر خۆیدا ببڕێت. تا ئەمڕۆ هیچ زانیاریەکمان دەربارەی نادیار نییە، لەبەرئەوە هەموو دەقێك، هەموو نوسینێكو هەموو نوسەرێك دەتوانێت بێتو بڵێت من لەنادیارەوە هاتووم، من کوڕی تاریکییەکانی ناو نادیارمو لەو تاریکییەوە سەرمهەڵداوە. لەم جۆرە ڕۆشنبیریانەدا کە ململانێی زانستی تیایدا ونو بەرتەسکە، دەشێت هەموو پارچەکان هەموو بەشەکان ناوی تازەگەر لەخۆیان بنێن، کە نوێگەری زەمەنێك بێت تیۆریزە نەکرابێت. هیچ سنورێکی بۆ دیارینەکرابێت، مانا مەعریفییەکانی ونبێت، سیفەتێك نەبێت بەرهەمە دێرینەکانی جیابکاتەوە... سیستمێکی پێوانەیی نەبێت نوێگەری لەتەقلیدو ئاسایی جیابکاتەوە هەموو یەکێك لای خۆیەوە بۆی هەیە ناوی تازەگەر بەسەر ئەزمونی خۆیا ببڕێتو واقیعی حاڵیش (لە ڕۆشنبیری ئێمەدا) هەروایە"[22]، نادیار ئەو خاڵی پەنهانەیە کە گەڕانەوەیە بۆ پانتاییەکی بێکۆتای نادیاریکراو لەزانینو پشکنینو دۆزینەوە، لەبەرئەوە کارێکە لێوانلێو لەفەنتازیاو حیکایەتی جۆراوجۆر، تەواوی ڕوانینو بۆچونەکانمان دەخاتەوە نێو گومانێکی سەرتاسەرییەوە، هاوکات ئەوەی لەپەنهانەوە ئاڕاستە دەکرێ، ئەوەی لەنادیارەوە دێتە ئاراوە، ئەو دیارە نیە کە لەبەرچاوی ڕوانیندا ڕووتدەبێتەوەو تەواوی ڕوەکانی خۆی بۆ جیاوازییەکانی دەرەوەی خۆی ئاشکرادەکات، ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نادیار، بەڵام نادیار سەرباری ئەوەی لەپەنهانەوە هاتوەو شوناسێکی دیاریکراوی نیە، لەتواناشیدایە

---

22 بەختیار عەلی، دیارو نادیار (2)ئیمپراتۆریەتی وەهم، مانای نوێگەریو...، گۆڤاری ڕەهەند،ژ5/ 1998-لا35-36.

بگەڕێتەوە بۆ نادیارو لەوێشەوە خۆی جارێکی دیکەو لەزەمەنێکی دیکەدا بەرەو دەرەوەی پەنهان ئاڕاستەبکاتەوەو لەتەواوی ڕوناکییەکانی سەردەمی نوێدا خۆی دوبارەبکاتەوەو پەیوەندییەکی دانەبڕاوی دیکە لەگەڵ تەواوی دەرکەوتوەکانی دیکەدا بخاتەوە سەر نەخشەی روانینو دنیابینییەکانی خۆی، کلێشەسازیەکی تازەگەرانەی دیکە لەزەمەنێکی دابڕاوی خۆیدا بهێنێتە ئاراوەو بەسەردەمی نوێدا تێپەڕێتەوە. گەر لێرەدا نوێگەری وێنەی کلێشەسازێکی خەیاڵی یان واقعیی بێت، ئەوا دەکرێ پرسیار لەو بکەین، ئایا نوێگەری ڕەتکردنەوەی سەلەفو بیروباوەڕی نەوەکانی پێشووە؟ یان هەماهەنگیەکی دۆستانەیە لەتەك تەکنۆلۆژیاو عەقلانیەتی پێشکەوتن؟ ئایا نوێگەری تەنها وێناکراوێکی خەیاڵییە بەرامبەر فەرهەنگیی نەریتی باوی ڕوانینو تەفسیرکردنی دنیا، ئایا پەیوەندییەکانی نوێگەریو عەقلانیەت دەکەونە کوێی ئەو دەرئەنجامو کارلێکردنەوە؟ ئایا نوێگەری زەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، ئایا خاوەن فەلسەفەیەکی دیاریکراوە کە سیفاتەکانی بناسینەوە، ئایا قۆناغێکی دابڕاوە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی، ئایا ئەو ساتەوەختە زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتوی ڕەخنەییە لەسەرەتای گومانەوە تائێستا "وەك هنری لۆڤیڤەر نوێگەری دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەخنەو ململانێی نێوان کۆنو نوێ"؟ کەواتە ئایا نوێگەری تەنها ڕەخنەیە لەکۆنو سواوو باوو نەریتو دنیابینی نەوەکانی پێشوو؟ تەواوی ئەم پرسیارانە بەرەو کلێشەسازییەکی دیکەمان دەبات کە سەرەتاکانی تازەگەرییە لەرووبەرێکی نادیاریکراوی مێژوودا، هاوکات بەردەوامبونێکی بێهودەشە لەعەقڵەوە بۆ نوێ، لە کۆنەوە بۆ تازە، لەواقعەوە بۆ خەیاڵو

وێنـاکردنی دنیایـەکی دیکـەو خـەیاڵێکی دیکـە بـۆ ژیـانو گـۆڕانو پێشکەوتنو گواسـتنەوەی چـەمکەکان لـەقۆناغێکی ناهەسـتیارەوە بـۆ قوناغێکی هەسـتیار، لەرووبەرێکەوە بـۆ رووبـەرێکی دیکـەی روانـین، ئۆکتـافیۆ پـاز سـەبارەت بـە نوێگـەریو ئـەو رەخنانـەی پـشتیوانی لەنوێگەری دەکـەن، کـە لەپێـشدا ئاماژەمـان پێدا، دەڵـێ:"هاوکـات ئـەو رەخنەیـە کۆمـەڵێك رەخنـەی دیکەشـی گرتـەخۆ، رەخنـە لـەجیهان، رابـردوو و ئێـستا، رەخنـە لـەرەهاکانو بـەها ترادیـسیۆنیەکان، رەخنـە لــەدامودەزگاکانو دابونــەریتو ســۆزو هەســتگەراییو سێکــسگەری: لەرۆسـۆ، دیـدریۆ، شـەدرلۆدو لاکلـۆ، سـاد، رەخنەیـەکی مێـژوویش لــەجیبۆنو مۆنتــسیکۆ، دۆزینــەوەی(ئــەوی دی) لەچـینو فـارسو هیندەسورەکان، هاوکات گۆڕانکارییەکی دیدگایی لەگەردونو جوگرافیاو فیزیـاو بایلۆژیـادا. لەکۆتاییـدا نوێگـەری رەخنەیـەکی بەرجەسـتەبووە لــەرووداوە مێژوویەکانــدا: شۆڕشــی ئــەمریکیو شۆڕشــی فەرەنــسیو بزووتنەوە سەربەخۆییەکان لەکۆلۆنیالەکانی ئیسپانیاو پورتوگـاڵ"[23].

گــەر لێــرەوە بگەڕێینــەوە بــۆ کاریگــەرە هــەرە دیارەکــانی روانینــی مرۆڤەکان بۆ رابردوو، بـۆ مێـژوو، بـۆ شوێنەواری کاریگـەری قۆنـاغی ئاستە ژیارییەکان لەمێژوودا، لەو گەڕانەوە مێژووییەی ئۆکتافیۆ پاز بۆ نوێگـەری تێدەگـەین، کەواتـە پێکهاتـە هـەرە دیارەکـانی ئـەو دنیایـە، ســـەرەتاکانی بیروبـــاوەڕی مرۆڤایـــەتی گەڵاڵـــەدەکات، هەڵبـــەت جوگرافیایــەکی نادیــاریکراوی مەعریفیــشە، لەرێیــەوە مرۆڤــەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە، سەرچاوەکانیش تەنها مێژوویەکی دوورنین،

---

23 ئۆکتاڤیۆ پاز- شعر والنهایات القرن. ترجمە: ممدوح عدوان-دار المدی- ص31

کە گەڕانەوە بۆی زەحمەت و گران بێت، ڕەنگە ئەو سەرچاوە کولتوریانەی مرۆڤایەتی بەگشتی لەئاستێکی سروشتی وادا دەهێڵێتەوە، کۆمەڵێك پەیوەندی هەڵکەوتەی ژیان و مامەڵەکردن و تێگەیشتن و ململانێ بخولقێنێت. کەواتە دنیای ئەو پەیوەندییە جیاوازانە کۆمەڵە بەرجەستەکراوێکی مرۆییە، هاوکات گەڕانەوەیەکی زۆر ڕۆحی و خەیاڵی مرۆڤەکانە بۆ تەواوی ئەو سەرچاوانە؛ بۆنمونە ئاین پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوریە کە تیایدا کۆگەڵێ ترادسیۆنی ئەخلاقی، نەریتی، ڕوانینگەرایی کۆدەبنەوە، سەرباری ئەوە پەیوەندیەکی زۆر ڕاستەوخۆیان هەیە بەڕەچەڵەکەوە، یەکێك لەو سەرچاوانە گەر زیادەڕۆیی نەبێت، ڕەچەڵەکە، ئەم چەمکەش زۆر نوێ نیە، بەڵکە زۆر دێرینە، بەڵام بەردەوام ئامادەگییەکی مێژوویی و کردەیی کولتوری هەیە لەکۆی ساتەوەختە ئارام و گۆڕاوەکانداو دەمانکاتەوە بە بونەوەرێکی ئامێراساو پڕماندەکاتەوە لەنۆستالژیا بۆ رابردویەك کە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە تێکەڵەیەکی ئاڵۆزو جیانەکەرەوەیە.

کۆنخوازی و نەریتپارێزی

کۆنپارێز بۆئەوەی خۆی بەکوڕی هەموو سەردەمەکان بزانێت، بۆئەوەی لەهەموو بارودۆخەکاندا خۆی دوبارەبکاتەوە، بۆئەوەی خۆی بکات بە ماڵی هەموو زاراوەکانداو جارێکی دیکە بە خەیاڵی خۆی و بە ڕوانینی خۆی تەفسیریانبکاتەوە؛ هەڵئەسێت بە بەکارهێنانی شێوازی خاوەنداریێتی و خۆی بە خاوەنی سەرلەبەری

هەبووەکان، سەرلەبەری روانینەکان دەزانێت‌و خۆیدەکاتەوە بە سەرچاوەی دنیابینییەکان. خاوەنی فەلسەفەیەکە بۆ بەرجەستەکردنەوەی دنیا لەفەرهەنگەکەی خۆیدا، هاوکات خۆی بەخاوەنی رۆشنبیری‌و کولتورو فەرهەنگی گشتی‌و جیاوازییەکان دەزانێت، خۆی بە دایکی هەموو گروپەکان‌و هەموو روانینەکان دەزانێت، خۆی دەکات بە مەرجەعی شارستانی‌و روناکبیری‌و ئاستە جیاجیاکانی دنیابینی، ئەو دەیەوێت بڵێت هەموو ئەو روانینانەی تۆ لەهەگبەی روانینەکانی منەوە هاتونەتە دەرەوە..(هەڵبەت هەموو وێناکراوەکانی کۆنپارێزیی درۆیەکی گەورەو فەنتازیایەکی داخراوی لەپشتەوەیە)، ئەو ئەگەر لەتوانایدا بوایە دەیوت: هەمووتان لەمنەوە سەرچاوە دەگرن‌و لەمندا کۆتایتان دێ.. لەمنەوە بیردەکەنەوە بە مندا تێدەپڕن‌و لەمنیشدا خەیاڵتان تەواو دەبێت...ئەو دەیەوێت بڵێت ئەم سەردەمە نوێیە من خولقاندومەو منم خاوەنی هەموو سەردەمەکان (کۆنپارێز هێندەی لەمەرگی خۆی‌و کاڵبونەوەی خۆی دەترسێت، هێندە لەتەوژمی نوێ‌و دنیابینی نوێ ناترسێ، بەڵام مەرگی ئەو لەنادنیابینییەکانی‌و گەندەڵییە مەعریفییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ).

گەورەترین بێئاگایی لەوێوە دەستپێدەکات، کە کاتێك دەگەینە باوەڕێکی دیاریکراوی رەها بۆ دنیاو دروستکردنی وێنەیەکی بەرجەستە وەك وێناکراوێکی ئایدیایی‌و فەزایەکی داخراو بۆ خۆمان‌و روانینمان‌و کلێشەیەکی تایبەت بۆ تاکەیەك چەشن‌و نەخشەی دنیابینی دروستدەکەین، لەوە خراپتر ئەوەیە کاتێك

دەگەینە باوەڕێکی تەواو سەبارەت بەوەی شتێك لەشتەکان، فەزایەك لەفەزاکان، دنیایەك لەدنیاکان کۆتاییان هاتووە، بەو نیازو مەبەستە داخراوەی خۆمان کە دەبێت هەموو شتێك پەیام و پێغەمبەرێکی هەبێت، دەبێت سەرلەبەری هزرەکان و بیرکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکان و داهێنانەکان ئاڕاستەیەکی دۆگماتیکی سنورداریان هەبێت و گوزارشت لەفەزایەکی دیاریکراو و دنیایەکی داڕێژراو بکەن لەبناغەوە تا کلێشە واقیعی و فەنتازی و رەمزییەکانی، هاوکات دەربڕی تاکەیەك گوزارشت و تاکەیەك قسەبێت، گەر قسەی دیکەش هەبێت، دەبێت دوبارەبوەکانی خۆی بن. مەعشەرەکانی ئەم بیرۆکەیە بەتوندی داکۆکی لەدوبارەبونەوەی خودو کولتورو کەلەپورو رەگەزەکانی یادەوەری و تێڕوانین و چەمکەکان دەکەن. لەپاڵ ئەو داکۆکییەدا ستراتیژێکی خەتەرناك خۆی مەڵاس داوە، ئەو ستراتیژە پەرجوویەك نیەو رێکەوتێکی نەشازی دابڕاویش نیە لەنێوەندی بیرکردنەوەی کۆی بنەما پەیڕەوسازییەکانی پێوانەیەکی هەمیشەیی بۆ بینینی دنیاو گوزارشتەکان، بۆئەوەی خۆمان لەدوبارەبونەوەی ئەو پەیامە رزگاربکەین، دەبێت بەرلەهەر شتێك، بەرلەهەر خەیاڵێکی جیاواز مەوداکانی دوبارەبونەوە، روانینەکانی، پەیامەکانی، پێوانەکانی، پێبەندیەکانی و خەیاڵدانەکانی دوبارەبونەوە بناسین و شوناسەکانی دیاریبکەین. گەمژەییە لەو باوەڕەدابین دنیای پڕ دوبارەبونەوە بەدوای جیاوازی و ئەفراندندا ناگەڕێ، لەبەرئەوەی بونەوەرەکانی ئەو دنیایە سەرقاڵی کردنەوەی دەروازەگەلێکی داخراون کە بەسەر رووی خۆیان و دنیادا

دایانخستووه، بەڵام کەرەستەگەلێکی کۆن و سواو بەکاردەبەن، هەڵبەت ئەم خەمەش وەك ئەو گەشتە دێتە پێشچاو کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات: من زۆر دەرەنگ بەشەمەندەفەرێکی بوخاری سەدەی نۆزدە دەگەمە ولاتێکی دیکە، بەڵام بە فڕۆکەیەکی تیژڕەو ئەوەندەم پێناچێ، هەرچەند گرنگ نیە من بەچی دەگەم و تۆ بەچی دەڕۆی، بەڵکە ئەوەی مەبەستە تۆ لەکاتی ئەو سەفەرەدا خواردن دەخۆی، یان کتێب دەخوێنیتەوە، یان ئەڕوانیتە سروشت و دەستت لەملی کیژێك دایەو پڕاوپڕی لەعیشوە. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە تۆ لەو سەفەردا بیردەکەیتەوە یان تەنها خواردن دەخۆی، روانینەکانت دابەشدەکەیتەوە بەسەر خەون و خولیاو ئارەزووەکانتدا یان بەدرێژایی ئەو سەفەرە دەخەویت، وەك ئەو موسافیرەی کە خەیاڵی بچوکترە لەسەفەرێك و خاوەنی تاکەیەك خەون نیە.

دوبارەبونەوە کەرەستەگەلێکی جۆراوجۆرو هەمەرەنگ بەکاردەبات بۆ خزمەتکردنی دنیا داخراوەکەی خۆی، کە مەوداکانی خۆی بەسەر تەواوی پانتاییەکاندا رایەڵ دەکات و هەناسە بۆ هیچ جیاوازییەك ناهێڵێتەوە، لەو فەزایەدا مەوداکان سەرەتاو کۆتاییان هەیە، رەهەندەکان لەقۆناغی وێکچوو، لەسەرزەمینی وێکچوودا دوبارەدەبنەوە، تەنها ئاوێنەیەك هەیە بۆ روانین و پێچەوانەکردنەوەی تاکە مۆدێلێکی روانین، بوونەوەرەکانی ئەو مەودا بەرفراوانەی کە دوبارەبونەوە حوکمی تیادا دەکات، جیاوازی و هەمەرەنگیەکان قبوڵناکەن، هیچ بوونێکی دیکەو روانین و کایەیەکی

دیکەو جوڵەو ئەکشنێکی دیکە جێی بایەخو سەرنجیان نیە، بێزارن لەزۆری ئاوێنەکان، لەبەرئەوەی روبەرەکانی ئەو مۆدێلە کەشف دەکاتو دوورونزیك لەچەند لایەکەوە دەریاندەخات، دوبارەبونەوە تاکەیەك پەیامو تاکەیەك مەبەست ئاراستەی دەکات، کەرەستەکانی کەرەستەگەلێکی سەرەتایین بۆ جوڵاندنی ژیانو مامەڵەکردن بە رەگەزەکانەوە، کەس نیە رەگەزو کەرەستەکانو وێنەکانیان نەناسێتەوەو ئاشنایان نەبێت. دەرئەنجام دوبارەبونەوە کاردەکات بۆ بەرجەستەکردنی دنیایەکی داخراو و نەریتامێز، کە تیایدا سەرلەبەری هەبوەکان لەبەرجەستەکراوێکی نەریتیدا دەپارێزرێنو هەموو جیاوازیەكو هەموو روانینێك دەکەوێتە دەرەوەی مەوداکانی ژیانەوەو نزیکترە لەهەر مەودایەکی ئاسایی بێبایەخ. بەڵام لەپاڵ ئەو دنیایەدا، لەپاڵو ئەو مەوداو روانینو ئاوێنە داخراوانەدا دنیایەکی دیکەو مەودایەکی دیکەی روانین مەزراکانی ئەو واقیعە داگیردەکاتو خەیاڵدانێکی بەرفراوان بۆ بوونو دنیابینی دەخولقێنێ، کەرەستەکانی ئەم دنیا جیاوازە کەرەستەگەلێکی جیاوازن لەقەبارەو کارو ئەرکو فەنتازیاو رەمزو مانادا، کە ستراکتۆرێکی گەورەتریان لەپشتەوەیە، ئەو ستراکتۆرە کلێشەی پەیامێك یان ئامانجێك یان ستراتیژێك نیە، دنیایەکی دیکەیە، بەڵام پڕاوپڕە لەجیاوازیو نوێخوازە بەمانا فەرهەنگیو فەلسەفیو روحییەکان، بەڕاستی ئەوەی پێیوایە رۆحی مرۆڤایەتی بێبەشە لەگەشەکردنو دەرکەوتنی شێوازە نوێکانی فەلسەفەو دیاردەی نوێگەریو پۆست مۆدێرنیزمو تەواوی کایە فەلسەفیو هزرییە

هاوچەرخەکانی دنیا، زۆر بێئاگاو داخراوانە دەڕوانێتە سەرلەبەری تێڕوانینو خەیاڵو ئەنتۆلۆژیا، لەبەرئەوەی مرۆڤ سەنتەری کۆی گەشەسەندنەکانو کۆی گۆڕانکارییەکانو کۆی فەلسەفەکانی ژیانو هزری مرۆڤایەتییەو هێزێکە بۆ خولقاندنی ئاستێکی دیکەی شارستانیو ئاستێکی دیکەی ترادسیۆن. ئەوەی جیهانبینی مۆدێرن لەکۆنخوازیو نەریتپارێزی جیادەکاتەوە ئەو توانا و توانستە هزرییەیە کە کاردەکات بۆ بەرپاکردنی پانتاییەکی بەرفراوانی هزری رەخنەیو سڕینەوەی ئەو نەخشە سنوربۆکێشراوەی روانین کە مەودای حیکایەتەکانو ئاستی نەریتی کۆمەڵگە تێناپەڕێنن.

ڕۆشنبیری کوشنده/

حیکایەتی کوشنده

"گرنگ نیە تۆ نوسەریت یان نا، تێکستت هەیە یاخود نا، خاوەنی بەرهەمێکی راستەقینەیت و کاریگەرێکی لەسەر لایەنێك لەلایەنە کولتورییەکانی ئێمە جێهێشتووە یاخود نا... ئەوە گرنگە حیزب وەك کادیرێکی ڕۆشنبیریی دەتناسێت و دەسەلاتت دەداتێ و میدیاکانت دەخاتە بەردەست و دەتکاتە ئەو کەسەی کە لەسەر داهێنان بڕیاربدەیت."[24]، ڕۆشنبیر بەرلەوەی بونەورێکی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سیاسی بێت، پێویستە بوونەرێك بێت خاوەنی دنیابینی و روانینە جیاوازەکان بێت، جیاوازتر لەهەر کایەو پێکهاتەیەکی ترادسیۆنی، بارگاوی بەدنیای گۆڕانکاری و دیاردە نوێکان، ئەوەی ڕۆشنبیر لەپێکهاتەو ستراکچەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە پتر ئەو روانین و جیاوازیانەیە کە لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە داخراوانە ڕاڤەکاری و دنیابینی خۆی هەیە، سەرباری ئەم سەرەتایە، ڕۆشنبیر

---

[24]-(بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە، ل37)

دروستکەری پرسیارو گومانە بۆ هەر دیاردەو گۆڕانێك‌و ستراکچەرێکی داخراو یان ئەو ناوەندو پانتاییە قفڵدراوانەی کە قسەکردن لەسەری وێکچووی شکاندنی موقەدەسات‌و دنیای شتە پیرۆزکانە یان قەدەغەکراوەکانە.

دروستکردنی دیالۆگ‌و بەرهەمهێنانی نێوەندی کراوەتر بۆ روانین‌و بەرپاکردنی گفتوگۆو ئیلتیزام بەرامبەر هەر شتێك کە لەناوەوەرا تەواو پەیوەستە بە ژیان‌و فەرهەنگ‌و ئاستی ژیاریی نادیاریکراوی کۆمەڵگە، ئەو رۆشنبیرانەی خۆیان بەدوور دەگرن لەهەر رەخنەو گفتوگۆو هەڵوەشانەوەو راڤەکارییەك بۆ دەسەڵات‌و کۆمەڵگەو فەرهەنگ‌و دیاردەو گۆڕانکارییەك‌و ئەو ئاستە رۆشنبیرییە ئیفلیجەی ناوەندە رۆشنبیرییەکان، ئەوا ئەو رۆشنبیرە هیچی کەمتر نیە لەو کارمەندە تەمەڵانەی کە بەیانیان هەر لەخۆیانەوە دەچن بۆ دەوام‌و پاش نیوەڕوانیش هەر لەخۆیانەوە دەگەڕینەوە بۆ ماڵەوە. هاوکات ئەو رۆشنبیرە وەك سیاسییەکان دنیایەك کەموکوڕی مەعریفی‌و رۆشنبیری هەیە بۆ شاردنەوەی ئەو حاڵەتەو بەشدارە لەحیکایەتەکانداو بۆتە واعیزو خوتبەبێژیان‌و دنیای لێبووە بە مزگەوتێکی سیاسی گەورەو هەموو رۆژێك لەلای ئەو رۆژی هەینییەو رۆژێکی دووورودرێژەو نابڕێتەوە. بەڵام خاوەنی دنیابینییەکی جیاوازو روانینێکی رەخنەگرانە نیە.

یەکێك لەو رۆشنبیرە رەخنەگرانەی کە بە دنیابینیەکی رەخنەگرانەوە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو تاوتوێکردنی ئەو دنیا رۆشنبیرییەی ئێمە دەکات‌و دەیان پرسیارو گفتوگۆی جدی لەو بوارەدا

دروستکردووه مەریوان وریا قانیعە، بەداخەوە ئێمە وەك چۆن هیچ شتێك ناكەوێتە نێوەندی بایەخدانی ئێمەوەو لەبێباكییەكی زۆر حەزین‌و لەتەمەڵخانەیەكی زۆر گەورەی رۆشنبیری‌و ژیاریدا دەگوزەرێین‌و بەتاكەیەك حیكایەتی سیاسی‌و نەتەوەیی رازین‌و ئاستی دامەزراوەیی رۆشنبیری ئێمەش لە ئاستێكی هەژارو لەناكاریگەرییەكی بێشوماردا دەژین‌و هیچ گفتۆگۆو دیالۆگێكی جیدی رۆشنبیری‌و فەرهەنگی لەئارادا نیە ئەو خەیاڵ‌و خەونە بچوكانە هەڵداتە دەرەوەی كاركردنەوەو بەدنیابینییەكی جیاوازەوە گرنگی‌و بایەخی ئەو نوسین‌و كتێب‌و دنیابینیانە وەك خۆیان بكەونە نێو گفتوگۆو پێبەندی‌و بەرپرسیارێتییەوە. رۆشنبیرانی رەخنەگر بەتەواوی جیاوازی‌و دنیابینیانەوە لەلای دەسەڵات‌و دەزگا فەرهەنگییەكان‌و حكومەت‌و دامەزراوەكانی كە گرفتاری نەخوێنەواری‌و بێباكین‌و كەمتەرخەم‌و نابەرپرسیارن، نەبونەتە سەرمایەیەكی رۆشنبیری‌و نەتەوەیی كە جێی بایەخی حكومەت‌و ناوەندە رۆشنبیرییەكان بن‌و نوسین‌و روانینەكانیان بەهەند وەربگیرێت‌و كاریان لەسەر بكرێت، لەراستیدا ئەم خەمەی من لێرەوە سەرچاوە دەگرێت كە بڵاوكردنەوەی نوسین‌و رەخنەی جیاواز ناكاتە شڵەژانی ئەو ناوەندە داخراوە ساختانەی دەسەڵات‌و ئەو پانتاییە پڕ لە گەمژەیی‌و سیخناخ بە جەهلانەی دامەزراوە رۆشنبیری‌و فەرهەنگییەكان، هەڵبەت تەرویجكردن‌و بازاڕ پەیداكردن بۆ جەهل لەئاستێكی بەرزی سیاسی‌و رۆشنبیری‌و حكومی‌و رۆشنبیریدا هیچی كەمتر نیە لەو روانینە سەلەفی‌و هەمەجییەی نێو كۆمەڵگە هەرە دواكەوتوەكانی وەك ئەفغانستان‌و عێراق‌و ئەو كۆمەڵگە سەرەتاییانەی

که رەهەندی بیرکردنەوە تیایدا سنورەکانی ئەو حیکایەتو ئەفسانەو سروتە ئاینیو کۆمەلآیەتیانە تێناپەڕێنێتو دنیابینی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە داخراوترە لەو ستراکچەرە کۆمەلآیەتیو فەرهەنگیو سیاسیانەی خۆیان کە ناکەونە سەر نەخشەی رۆشنبیریو بایەخدان بە مرۆڤو جیاوازییەکان.

لە راستیدا لەو کۆمەڵگایەنەدا کە رۆشنبیرە رەخنەگرو جدییەکانی جێی بایەخو بەرپرسیارێتی نین لەلایەن کۆمەڵگەو حکومەتو ناوەندەکانەوە بەسەربەخۆیی، کۆمەڵگەیەکی نەخۆشو خاوەن حکومەتێکی فاشلن و بە جدی خاوەنی دامەزراوەی فەرهەنگیو ناوەندی رۆشنبیری سەربەخۆو ئازاد نیینو لەئاستێکی هەژاری شارستانیدا داغڵی دنیای مۆدێرن بوونو سات لەدوای سات بەتاڵ دەبنەوە لەروانینو پڕدەبن لەجەهل، خاڵیدەبنەوە لەدنیابینیو لێوانلێو دەبن لەخامۆشیو بێباکیو مەرگدۆستی، ئەو دەسەلآتەی گوێ لەرۆشنبیرە رەخنەگرەکانی ناگرێتو بە حورمەتەوە ناکەوێتە گفتوگۆو وەلآمدانەوەیان دەسەلآتێکە تاسەرئێسك بێئاگایەو تا ئەوپەڕی جەهل دەسەلآتێکی جاهیلو بەرهەمهێنەری خامۆشییەکی گەورەوگرانە، هاوکات ئەو دامەزراوە رۆشنبیریانەشی کە پاشکۆی ئەو دەسەلآتو ناوەندی هێزانەن هیچیان کەمتر نیە لەو دەسەلآتە جاهیلەو لەروانینێکی داخراو و نابەرپرسیاردا دەژین، لەراستیدا تەنها هۆکارەکان لەدەسەلآتەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکە لەو جەهلو بێباکییە گەورانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو دەزگاو کەسایەتییە رۆشنبیریو حیکایەتخوانانە لەسەرەتاوە کاری بۆدەکەنو لەڕێی

میکانیزمی خەیاڵکوشتن‌و خەونکوشتن‌و دیالۆگ کوشتنەوە ئەو جەهلە سەرتاسەرییە وەبەرهەمدەهێنن‌و هەزاران خوێنەری کوشندەو بێئاگات بۆ دروستدەکەن.

مەریوان وریا لەگفتوگۆیەکدا دەڵێ: "ئەو رۆژگارە بەسەرچوو کە رۆشنبیر هەڵگری گوتارێکی سیاسی سادە بێت‌و پێی وابێت کە گوتی کورد چەوساوەیە ئیدی نوقسانییە فیکرییەکانی داپۆشیوە. ئەمڕۆکە بۆئەوەی بتوانیت وەك رۆشنبیر کاری فیکری‌و مەنهەجی راستەقینە بکەیت، بۆئەوەی بە کایەی رۆشنبیری‌و بەرۆڵی رۆشنبیران قورساییەکی رەمزی ببەخشیت، دەبێت سەرقاڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بیت بۆ کایەی رۆشنبیری تا بتوانیت بەپێی مەرجە ناوەکییەکانی کاری فیکری‌و زانستی‌و مەنهەجی بنوسیت. کاتی ئەوە هاتووە فیکرو خوتبەی ناو مزگەوت، فیکرو نوسینی ناو دەزگای راگەیاندنی حیزبی‌و رۆشنبیرو ئەکتیڤیستی سیاسی لێکجیابکەینەوە"[25]جیاکردنەوەی رۆشنبیر لەو ژانرە سیاسی‌و ئاینی‌و فەرهەنگییانەو سەیرکردنی لە گۆشەنیگایەکی دیکەو باسکردنی لەدەروازەیەکی کراوەترو دەرهێنانی لەحیکایەت‌و ئەو ناوەندە داخراوانەو روتکردنەوەی بۆ بونەوەرێکی سەربەخۆی جیاواز لەهەر دنیایەکی کورتمەوداو دانانی لەمەودایەکی نەفەس درێژترو لەبوارێکی مەنهەجی‌و هزری جیاوازدا کارێکی هێندە قورسە بە ئەندازەیەك کە تۆی خوێنەرو چاودێر بەسەر ئەم ناوەندە ئاڵۆزەی رۆشنبیرییەوە کەمتر دەتوانیت رۆشنبیر لەسیاسەتمەندارو خوتبەبێژو پیاوماقوڵ‌و حیکایەتخوان

---

[25] (مەریوان وریا، بەختەوەری‌و بێدەگی، ساڵی 2003، ل84)

جیابکەیتــەوە، وەك چـۆن ئەســتەمە دەزگایــەکی ڕۆشــنبیری لــەدیوەخانی سـەرۆك خێـڵ جیابکەیتــەوە، وەك چـۆن نــاتوانین جیاوازییــەکی ئــەوتۆ بدۆزینەوە لەنێوان مزگەوتو بارەگایەکی حیزبو دەزگایەکی ڕۆشنبیریدا.

دیوەخانی ڕۆشنبیری

هاوکـات ئــەو بازنــە داخــراوەی سیاســەتو ڕۆشــنبیریو دیوەخــان ئاوێزان بەهەر ترادسیۆنێکی داخـراو لەحیکایـەتو خۆدوبارکردنــەوەو نائــەکتیڤیو بێبــاکیو تەمەڵخانــە کــە هــەوڵێکی گەمژانەیــە بــۆ بــچوکردنەوەی دنیــا لەیــەك ڕوانینــی ســواوداو غــەرقکردنی هــەر دنیابینییـــەکی جیـــاواز لەپانتاییـــەکی بـــەرفراوانی جـــەهلو سونەتگەراییداو پارچەپارچەکردنی هەر فەنتازیایەك لە حیکایـەتێکی کۆنو دوبارەو هەزیلدا.

بەختیار عەلی زۆر نیگەرانتر دەڕوانێتە ئـەو نێوەنـدە ڕۆشـنبیرییە بــچوکەی کــە دنیــای لەحیکایــەتو خەیاڵــە بــچوکەکانی خۆیــدا بــچوکردۆتەوەو دەڵــێ: " کێــشەکە لەدامەزرانــدنی دەزگــاو گرتنــی فیــستیڤاڵو خەلاتکردنــدا نیــە، هــەموو ڕۆشــنبیرەکانی دونیــا ســالانە پێویستیان بە گرتنی چەندین فیستیڤاڵو بەخشینی چەندین خـەلاتی ئەدەبی هەیە، ئەمەیان قسە هەڵناگرێت، بـەڵکو ئـەوەی دەبێتـە گرفـت ئەوەیـە کـە ئـەو دەزگایانــەی حیـزب دروسـتیاندەکات، ئـەو ژێرخانـە مەعریفییــەیان نیــە بتــوانن ئــەو پرۆســانە ببــەن بــەڕێوە. مەبەســتی ســەرەکی پــشت ئــەم دەزگایانــە ئەوەیــە کــە پرۆســەی هەڵــسەنگاندنی تێکست، دروستکردنی نوسەر، دروستکردنی ناووناوبانگ بۆ ئامێرەکانی

حیزب مۆنۆپۆلیکەن."[26] ئەم وتارەی بەردەستان هێندەی دروستکردنی گفتوگۆو تاوتوێکردنی روانینو دنیابینییەکانی بەختیار عەلیە لەڕێی کتێبی (خوێنەری کوشندە)وە هێندە خوێندنەوەیەکی سەرپێیو بەپەلە نیە بۆ کتێبێك کە کەوتۆتە بەردیدەی خوێنەران، نەخێر، ئەکرێ لێرەوە ئێمە باس لەو کورتکردنەوەیە بکەین کە کاری دەزگاکانو ناوەندە رۆشنبیرییەکانی ئەم دەڤەرەیە لەجوگرافیای مۆنۆپۆلکردنو وێرانکردنی هەر روانینێکی جیاواز لەڕێی جەهلو ساختەکارییەوە.

لەم کۆمەڵگەیەدا سەرلەبەری دەزگاو ناوەندە رۆشنبیرییەکان بەسەر دەسەڵاتو حیزبەکاندا دابەشبوون، هاوکات شتێك نیە بەناوی میدیای ئازادەوە، لەکاتێکدا تەواوی میدیاکان لە تەلەفزیونی ئاسمانییەوە بگرە تا لۆکاڵییەکانو رادیۆو رۆژنامەو هەفتەنامەو وەرزنامەو ساڵنامە بەسەر دیوەخانەکانی حیزبدا دابەشبوونو بوونەتە دیوەخانۆچکەی ئەو دیوەخانسازە گەورانەی کە خۆیان بەرهەمدەهێننەوەو کۆپیکراوی یەکترینو لەهەزارییەکی بێ ئەندازەدا رووبەرێکی بەرفراوانی دواکەوتویی داگیردەکەنو بێباکانە لەپەراوێزی دنیاو گۆڕانکاریو فەرهەنگی مۆدێرنو هزری مۆدێرندا دەژین.

ساڵانە لەوڵاتە دواکەوتو و نابەرپرسیارو نادیموکراتەکانی دنیادا دەیان فیستیڤاڵو کەرنەڤاڵو بۆنەو موناسەبە سازدەدرێت، لەکاتێکدا کێشەکە لەسازدانو پێشکەشکردنیدا نیە، بەڵکە کێشەکە لەجەوهەری ئەو چالاکیو بڵاوکردنەوانەدایە، کە لەپشت ئەو کەرنەڤاڵانەوە دەیان

---

[26]- (خوێنەری کوشندە، ل36)

کەسی نەخوێنەوار، دەیان پسپۆری بێئاگاو نادنیابین و سەلەفی ئامادەگییەکی بەردەوامیان هەیە، هاوکات لەناوەڕۆکی ئەو فیستیڤالانەدا میکانیزمێك هەیە بۆ بەرهەمهێنانی جەهل و بێئاگایی زیاترو بێبایەخکردنی تێکستی جدی و ڕەخنەگرانەو سووککردنی نوسین و خوێندنەوەو بواری ڕۆشنبیری و بێبایەخکردنی هەر ژانرێکی ئەدەبی و فیکری لەڕێی نەخوێنەوارییەکی گەورەوگران و حیزبایەتییەکی کوێرانەو سەلەفییەتێکی مۆدێرنەوە، هاوکات دەیان هەوڵی مۆنۆپۆلیزەکراو هەیە بۆ بەرهەمهێنانی خوێنەری کوشندەو ڕۆشنبیری کوشندە لەڕێی هەزاران حیکایەتی بچوکی کوشندەوە.

دابەشکردنی دیوەخانەکان بەسەر چەندین دیوەخانی بچوکی هاوشێوەدا دەکاتەوە هەمان ئەو دیوەخانە گەورانەی کە زادەی ئەو هەژارییە فەرهەنگییەن و ڕوانینیان ناگاتە دەرەوەی سنوری ئەو ئایدیا بەبەردبووانەی کە تروسکایی گۆڕان تیایدا خامۆشترە لەهەر خەیاڵێکی کەرنەڤاڵی هەژار، بۆنمونە دەرکردنی ئەو هەموو ڕۆژنامەو هەفتەنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە، سەرباری ئەوەی (٩٩٪)لە سەدا نەوەدونۆی بێجگە لەکۆمەڵە دیوەخانێکی بچوکی ئایدۆلۆژی و حیزبی و بەرەکەتی ئەوان هیچی دیکە نین و هەر بەرهەمی خەیاڵ و خولیای حیزبەکانن و زادەی فەرهەنگێکی کراوە نیین و لەبازنەیەکی داخراوی کانزایی ڕزیودا دەخولێنەوە، هاوکات بەرهەمهێنەری سەرلێشێواوییەکی گەورەن بۆ خوێنەران و دروستکارێکی ڕاستەوخۆی ئەو خوێنەرە کوشندەیەن کە بەختیار عەلی باسی لێوەدەکات. دابەشکردنی ڕۆشنبیری لەلایەن حیزب و دیوەخانەکانەوە بۆ دەیان ژووری بچوکتری ئەو

دیوەخانانە بێجگە لە بەرهەمهێنانی جەهلێکی کوشندەو بەرپاکردنی فەزایەکی گەورەی بێباکی هیچی تر نین، ئەو هەوڵە جدیانەشی کە لەو نێوەندانەدا جیاوازییەکانی خۆیان دەپارێزن، لەفەزایەکی وا داخراودا راستەوخۆ گرفتاری ئەو دیوەخانانەن‌و بەردەوام بەدەست ئەو قەیرانی داخران‌و بێباکییە گەورانەوە دەناڵێنن. هەڵبەت ناوەندەکانی دەسەڵات ئەم فەزا بێسەروبەرو بێباکییە بە میدیای ئازاد ناودەبەن‌و وەك هەڵپەیەکی دیموکراسی بە هاوڵاتیانی دەفرۆشنەوە، دیموکراسی تەنها ئازادی رادەربڕین نیە، بەڵکە گوێگرتنیشە لەراوبۆچونە جیاوازەکان، وەڵامدانەوەو بەدواداچونە، ئیعترافکردنە بە سەربەخۆیی دەزگاکان‌و ناوەندە رۆشنبیرییەکان‌و گرنگیدانە بە فەرهەنگی کرانەوەو دیالۆگ‌و بایەخدان بە مرۆڤو رەخنەو شەفافیەت‌و بەرپرسیارێتی.

کۆمەڵگەیەکی شاراوە

لەراستیدا کۆمەڵگایەك هەیە لەدەرەوەی ستەمکارییەکانی دەسەڵات، دنیایەکی دیکە هەیە، خەیاڵێکی دیکە هەیە، نەوەیەکی دیکە هەیە کە باوەڕی بە ئایدۆلۆژیا داخراوەکان‌و سەرزەمینە وەهمییەکانی ترادسیۆن‌و فەرهەنگی بچوککردنەوەی ژیان نەماوە، لەگەڵ حیکایەتە گەورەکاندا نازی، ئەو داخرانە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌و شارستانیانەی کە بە پانتاییە وەهمییەکانی ئەو کولتورە هەژارانەدا تێدەپەڕێت کە خاوەنی کۆمەڵگایەکی بێ خەون‌و بێ ئیرادەو بێ پرسیارن، کە خاوەنی فەرهەنگێکن قبولکردنی ئەوی دی‌و جیاوازییەکان بەقەدەر تاکەیەك فەنتازیای ئەو دنیابینییە نیە کە لەکۆنخوازی‌و نەریتخوازییەوە

سەرچاوە دەگرێت. هاوکات ئەم نەوەیە، واتە نەوەی دەرەوەی وەهمەکانو بەڵێنو مژدە ساختەکانو نەوەی پاش کەرنەڤاڵە نەبڕاوەکانی کۆنخوازیو نەریتپارێزی، پتر خەمی گۆڕانو کرانەوە بەڕووی دنیادا داگیریکردووە، بەلام سەرجەم ئەو خەمانە دەروازەگەلێکی سەرەتایین بۆ دەرچوون لەداخرانو کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەو تەوقە کۆمەلایەتیو سیاسیو ئایدۆلۆژیو کولتوریو ئاینییانەی کێشراوە بەدەوری نەوەکانو کرانەوەکاندا. پتر خولیایەکە خوازیاری خۆبەتاڵکردنەوەیە لەهەر ترادسیۆنێکی بچوكو لەهەر حیکایەتێکی گشتگیر، ئەم خولیایە چەند پڕە لە پاشەڕۆکانی ئەو کەلاوە فەرهەنگیو نەریتییەی کۆمەلگەو ئارەزووە خەفەکراوەکانی وێرانەیەکی سایکۆلۆژیو ژیاری، هێندەش خاڵیە لەهەر حیکایەتێك کە دەچێتەوە سەر نۆستالژیایەکی کوشندە بۆ رابردوو، خەمێکی نەبڕاوە بۆ مێژووییەکی بێ سەرچاوەو ئامادەکردنەوەی رەمزو پیرۆزیو کەرەستەو ماناکانی رابردوو لەئێستاداو شەڕکردن لەگەڵ زەمەنو گۆڕانکاریو دیاردە نوێکانی دنیای مۆدێرندا بە چەكو کەرەستەگەلێکی کۆنو بەتاڵ لەهەر مەعریفەیەکی شیکاریو راڤەکاری بۆ ئێستاو سەرلەبەری ئەو دیاردە نوێیانە، واتە نەوەیەك هەیە چیتر ترادسیۆن ناتوانێت سەرلەبەری خەونەکانی لەتاکەیەك حیکایەتدا کۆبکاتەوە، سەرلەبەری خولیاکانی لەدەیان دیوەخانی کۆپیکراودا رامبکات، چیتر حیکایەتە گەورەکانی کۆمەلگەو نەتەوە ناتوانن لەرووبەرێکی بەرفراوانی مژدەبەخشیدا بەخێویبکەن. هاوکات ئەم نەوەیە لەبەردەم دوو ئاستی لێکدژو ناهەوسەنگی رۆشنبیریدا دەژی، لەنێو خەیاڵی

بچوکی ناوچەگەرێتیو رووبەرە نادیاریکراوەکانی دنیابینیدا، لەبەردەم قەدەری فەرهەنگیو رۆشنبیریی نەوەکانی پێشوو بەرابەر رەخنەی نەوەیەك لەدەرەوەی ئەو ناوەندە داخراو و ئەو دەزگا هەزارنەی کە کاریان بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی بەکاربەرەو هیچی تر.

بەختیار عەلی پێمان دەڵێت: "ئەو ملیۆنەها دۆلارەی لەبواری رۆشنبیریدا خەرجکراوەو رژاوەتە ئەم کەناڵانەوە هێندەی رژاوەتە گیرفانی نوخبەیەکی رۆشنبیری مشەخۆرەوە، کە لەئاستی داهێنانو مەعریفەدا بچوکترین جێدەستیان دیار نییە، نەرژاوەتەوە خزمەتی پرۆژەیەکی داڕێژراوەوە کە عەقڵو خەیاڵێکی داهێنەرانەی لەپشت بێتو بە دەوڵەمەندبوونی رۆشنبیری ئێمە تەواو بێت. دیارە هەندێك لەم دەزگایانە هێندەی دەزگای بڵاوکردنەوەی جەهلن، رۆڵی پۆلیسی رۆشنبیری دەبینن، دەزگای شەرعیەت بەخشینن بە نەخوێندەواری هیچی تر نیین، نە پرۆژەیەکی رۆشنبیری جدیان پێیەو نە لەداهاتوشدا هیچ شتێك لەم دەزگایانەوە دێتە دەرێ شتێك لەژیانی رۆشنبیری ئێمە بگۆڕێت. هێزی هەڵسەنگاندنو خوێندنەوە لەم دەزگایانە چەندین جار لەخوار زەوقو گەشەی فیکری بڕێکی زۆری خوێنەرانەوەن."[27]،

هەڵبەت ئەوەی بەختیار عەلی هەڵیدەوەشێنێتەوە ئەو ستراکچەرە داخراوەیە کە کاریان مۆنۆپۆلکردنی ئەو ناوەندە رۆشنبیرانەیەو داخستنی بەردەوامی رووبەرەکانی روانینو دنیابینی فەرهەنگێکە کە ئەگەرەکانی داخستنی سەدئەوەندەی ئومێدەکانی کرانەوەیەتی، ئەو بونیادە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پتر بونیادێکی کۆنکرێتی فەرهەنگییەو

---

[27]-خوێنەری کوشندە.ل36

روانـــین تیایـــدا مەودایـــەکی کـــورت‌و بـــچوکی هەیـــە، ئـــەو بونیـــادە دابەشکراوێکی هەرەمی حیزبە، خەیالگەیەکی کۆمیتەییـە، هـەرەمێکی گـەورەی جەهلـە لەسـەرەوە تـا خـوارەوە، جـەهل تـەنها رووبـەرێکی دیاریکراوی نەفامی‌و نەخوێنەواری‌و بێئاگایی نیە، بەڵکە پـتر هێزێکە بۆ داگیرکردنـی رووبـەرەکانی روانـین، چەکێکە بـۆ پاراستنی نـەریت‌و مۆراڵی بچوك‌و حیکایەتی بچوك‌و فەرهـەنگی لۆکاڵی، هاوکات لەپـشت ئەو جەهلە گەورەیەوە دنیایـەك حیکایـەتی بچوك ئامادەیـە، دنیایـەك خولیای دەربەگی ئامادەیە، دنیایەك میرزای رۆشنبیریی بەناوی شیعرو رۆشنبیری‌و هزرو فەلـسەفەو ئەدەبـەوە قسەدەکەن‌و بوونەتـە واعیـزو مەلای رۆشنبیری‌و دەروێشی حیـزب‌و سۆفی تەریقـەتی سونەتگەرایی رۆشنبیریی.

جـەهل بـەبێ حیکایـەتی گـەورەو یاداشـتنامەی نـەوەکانی پێـشوو نابێتە جەهل، دەسەڵاتی جەهل دەسەڵاتێکە جـەهلێکی گـەورەی هەیـە بەرامبەر ژیانی مۆدێرن‌و دنیابینی جیاوازو خەیاڵ‌و خولیای کرانـەوە، دەسـەڵاتێکە دەیـەوێت رازیمانبکات بـە حیکایەتـەکانی‌و لەسـەرزەمینە بەتاڵـەکانی خۆیـدا پڕمانبکاتـەوە لەموقەدەسـات‌و رەمـزی سـاختەو بـەهای بـەتاڵ‌و ئـەخلاقیاتی بێبـاکی‌و ئـەو دەیـەوێت لەزەمهـەریرە بەباچووەکانی خۆیدا غەرقی جەهلێکمان بکات تا روانین‌و خەونەکانی دەرەوەی خۆی زیاترو زیاتر کاڵببنەوە، لەکۆتایدا ئـەو جەهلە لێوانلێو دەبێت لەعیشوەی بچوکردنەوەی خەیاڵ‌و خەون‌و خولیاکانی مـرۆڤ لـە بازنەیـەکی داخـراوی شارسـتانیدا دابـڕاو لەهـەر پارچـەیەکی دیکـەی فەرهەنگی بێبەش لەهەر دنیابینییەکی جیاواز.

بەختیار عەلی لەسەر ئەو دەزگا رۆشنبیریو حیزبیانە لەڕێی سەرنجێکی رەخنەگرانەوە کار لەسەر دابەشکردنی ئەو جەهلە دەکات کەبەسەر رووبەرە بەرفراوانەکانی فەرهەنگی کۆمەڵگەو ئەو ئاستە ژیارییەدا دابەشدەبنو مۆنۆپۆلی زۆرێك لەو ناوەندو دەزگایانە دەکەنو دەبنە هێزێکی بەکاربەر بۆ بەکاربردنی جەهل بەدنیایاك شێوازو بەدنیایەك خەیاڵی بچوکەوە. "ئەو دەزگایانە خۆیان جۆرێکن لەخوێنەری کوشندە، بەلام لەدەرەوەش جۆرە خوێنەرێکی دیکە پەروەردە دەکەن کە ئەوانیش وەك خۆیان لەخزمەتی مەرگی فەرهەنگو داهێناندان. ئەوەی ئەم دەزگایەو خاوەنەکانیان ناتوانن بیشێوێنن، ئەوەی خۆیان لەژیانی رۆشنبیریو فیکری ئێمەدا ناتوانن بیکوژن، بەجۆرە خوێنەرێکی جاهیل دەیکوژن کە پێشتر لەکارخانەکانی راگەیاندنی حیزبیو رۆشنبیری تەقلیدیدا گەورەبووە، ئاستی چەشەو رۆشنبیری ئەم خوێنەرە بە ئەندازەی ئاستی چەشەو رۆشنبیری ئەو تاقمە بلیمەتەیە کە ئەمرۆ ژیانی رۆشنبیری ئێمە دەبەن بەرێوە."[28] خوێنەری جدی کە هێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی روانێکی دیکە لەدەرەوەی ئەو ستراکتۆرە داخراوەی روانینی کۆنکرێتی بۆ دنیا، هێزێکی فەرهەنگی جیاوازو پشکنەرە، بەدوای جیاکردنەوەی دەقی زیندووە لەدەقی مردوو، هەڵوەدای خوێندنەوەی نەنوسراوەکانی نێو دێڕەکانە، خوێنەرێکە لەپشت روانینەکانی نوسەرەوە، لەپشت خەیاڵدانەکانی نوسینەوە بەدوای دنیابینییەکی دیکەو شاراوەیەکی دیکەو پەنهانێکی دیکەدا دەگەڕێت، خوێنەری جدی لەڕێی سەرزەمینە

[28] (خوێنەری کوشندە ل39)

وەهمییەکانی ئەو دەزگا رۆشنبیریانەوە رامناکرێت، خوێنەرێکە هێندەی غەرقی دەریاکانی راڤەکردنو هەڵوەشانەوە دەبێت، هێندە لەسەر رووی ئەو دەریایە بە کۆمەڵێك روانینی بچوکەوە سواری ئەو یەختە نابێت تا کەنارەکانی ئەو جەهلەی کە لەسەرەتاوە هەلگری کەرنەڤالێکی وەهمییەو تاکۆتایی هەر جەهلە، بەلام خوێنەری کوشندە پەروەردەی ئەو جەهلە گەورەیەیە کە دنیا لە روانینەکانی ئەودا دورگەیەکی بچوكو داخراوە، سەرزەمینێکی بەلێنپێدراوی جەهلە، خەیالگەیەکی بچوکە بۆ سەرسامییە بچوکەکان، بەلام ئەوەمان لەیاد نەچێت خوێنەری کوشندە ئەو دەزگاو ناوەندە رۆشنبیرییانە بەرهەمیدەهێنن کە غەرقی جەهلو دنیابینییەکی بچوکبوونو کار لەسەر رامکردنی رۆشنبیریی دەکەن لەژوورە تاریکەکانی خەیاڵدانو روانینە کورت مەوداکانیاندا. خوێنەری کوشندە ئەو سیاسەتمەندارو ئەو سەرکردانەش دەگرێتەوە کە هیچ بەهایەکی جوانی کتێبو تێکست لەلای ئەوان نیە، "بەشی هەرە زۆری سیاسییە بالاکانی ئێمە کەسانێکن لەباشترین حالەتدا سەرچاوەکانی رۆشنبیریان لەخوێندنەوەی رۆژنامەو تەماشاکردنی هەندێك سایتی ئینتەرنێت تێناپەرێت، تێکستو داهێنان شتێك نیین نرخێکیان لەلای ئەمانە هەبێت. هەندێك لەوانە بە ساڵ کتێبێك ناخوێننەوە"[29]، لەڕاستیدا ئەم نوسینەی من هێندەی دروستکردنی گفتوگۆو رەخنەیە هێندە رامکردنی کتێبێك نیە، لەبەرئەوەی لەراستیدا رامکردنو خوێندنەوە بۆ ئەم کتێبەی بەختیار عەلی دەیان وتارو گفتگۆ هەڵدەگرێت، هەڵبەت منیش نامەوێت زۆر

[29] خوێنەری کوشندە/ل37"

بەسادەیی بەسەر ئەو کتێبەدا تێپەڕم، زۆر بەساکاریی بیخوێنمەوە وەك ئەو رۆشنبیرە بێئیشانەی ناو زۆرێك لەو دەزگا رۆشنبیریانەی هێندەی بەرهەمهێنەری نەخوێنەوارییەکی کوشندەن هێندە بەرهەمهێنەری گفتۆگۆ نین، هێندەی کار لەسەر سوککردنو فەرامۆشکردنی دەقو کتێبە جوانەکان دەکەن، هێندە کار لەسەر فراوانکردنی روانینو رەخنەو دنیابینییەکان ناکەن.

جەهلو دنیابینی

دنیابینییەکانی جەهل کۆمەڵێك دنیابینی سنوردارنو مەودای حیکایەتو موقەدەسو رەمزە بەناڵەکان تێناپەڕێنن، ئەو کە تامەزرۆی بەتاڵکردنەوەی ژیانە لەهەر ماناو بەهایەکی مۆدێرنو مرۆڤگەرانە، هاوکات بێئەندازە تامەزرۆی پەخشکردنی جەهلو نەریتی بیرکردنەوەیەکە لێوانلێو لەبێئاگاییو ،ەمساردی بەرامبەر هەر گۆڕانو روانینێك لەدەرەوەی خۆی، ئەو دەسەڵاتە تاکەیەك ستراتیژی هەیە کە جەهلە، دەسەلاتێکە سادیستە، بۆ بچوکردنەوەی ژیان لەخولیایەکی چێژبەخشی بێ مانادا، بۆ بچوکردنەوەی خەون لەسەرزەمینە بەتاڵەکەی خۆیدا، تامەزرۆی دابەشکردنی رەمزو بەها رزیوەکانە بەسەر تەواوی مرۆڤەکاندا. خولیاکانی ئەو بۆ هەر ئاستێکی رۆشنبیری لەبچوکردنەوەو سوکردن زیاتر هیچی تر نییەو سەرزەمینێکە لەتاکەیەك دەروازەی روانینەوە دەستپێدەکاتو بەهەمان دەروازەش کۆتایی دێت.

ئێمە لەزۆر شوێندا باسمان لەمۆنۆپۆلیزەکردنو داگیرکردنی پانتاییە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکان کردوە لەلایەن دەسەڵاتە

داخراوەكانەوە، لێرەدا تەنها بەخێرایی ئاماژە بەوە دەدەین، دەرەنجام بەرهەمی ئەو جەهلەی کە دەسەڵاتە داخراوەکان تیایدا دەژین‌و سەرلەبەری ژیان‌و پڕۆژەو خەونەكان داگیردەكەن‌و دنیایەك وەزارەتی بەتاڵ‌و پەرلەمانتاری تەمەڵ‌و بێدەنگ‌و بەڕێوبەری سەلەفی دروستدەکات، ئەو دەسەڵاتە دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ بەرهەمهێنانی ناعەدالەتی‌و غەرقکردنی جیاوازییەکان لەیەکەیەکی دۆگمایی هاوشێوەو ئاراستەکراودا. ئەو دەسەڵاتە تەنها لەحیکایەتەکاندا دەژی‌و بەردەوام لەدووبارەکردنەوەی خۆی‌و موقەدەساتەکانیدا خاڵیدەبێتەوە، دەسەڵاتێکە سیخناخە لەجەهلاو لێوانلێوە لەساختەکاریی فەرهەنگی‌و ناعەدالەتی، بەلام بەتاڵە لەدنیابینیەکی کراوەو قبولکردنی ئەویدی‌و خەونی گۆڕان‌و خولیاو روانینی مۆدێرن‌و سازکردنی کلێشەسازییەکی شارستانی بۆ دروستکردنی گفتوگۆو پانتاییەکی گەورەی بەرپرسیارێتی.

ستراکتۆری کایەو پێکهاتەکان بەسەر تەواوی پانتایی‌و دروستکراوە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌و ژیاری‌و کولتوری‌و ئاینییەکاندا دابەشدەبن، پانتاییە ژیارییەکانی ئەو سەرزەمینە چالاکانە داگیردەکەن، ستراتیژی کارکردنی ئەو بوونەوەرە ئایدۆلۆژییانە ستراتیژێکی کورتبین‌و وەهمێکی دوورمەودایە، خەونێکە لەئێستادا ناژی، ئەمەش بەو مانایە نیە کە بۆ داهاتوو دەژی، بەڵکە ڕوویەکی ئەو مەترسییە مێژوو و سەروەرییەکانە، رووەکەی دیکەی یۆتۆپیایەکی نەبڕاوەیە. ئایدۆلۆژیایەك نیە لەدنیادا بەبێ یۆتۆپیا بژی (بەپێی تێڕاوانینەکانی هۆرکهایمەر)، خەونێك نیە یۆتۆپیایەکی گەورەی

لەپشتەوە نەبێت، فەنتازیایەك نادۆزیتەوە یۆتۆپیا كارخانەیەكی بەرفراوانی فەنتازی بۆ دروست نەكردبێت.

لێرەدا ئەو ستراكتۆرە دەكەین بەچەند پێكهاتەو هۆبەیەكەوە، پێكهاتەی فەنتازیای نەوەكانی پێشوو؛ ئەم پێكهاتەیە پێكهاتووە لە: كولتوری نەوەكانی پێشوو، خەیاڵدانی فەرهەنگی مێگەل‌و دەستەو كایە ژیارییەكانی پێشخۆی، هۆبەی مێژوو، هۆبەی دابوونەریت، هۆبەی گەلاڵەكردنی روانین. هەریەكێك لەم هۆبەو كایانە دەبنە پێكهێنەری بەشێك لەو ستراكتۆرەی كە كۆنترۆڵی كایەو پێكهاتەكانی كردووە، هەرچەندە گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئەو نێوەندانە گەڕانەوەیەكی جیاواز دەبێت، بەو مانایەی بەهەمان كەرەستەكانی پێشوو، بەهەمان ئەو ئامرازی راڤەكردنانەی لەسەرەتادا بەكارمان بردوون نایەین ئەو راڤەكردن‌و شیكاریانە بۆ ئەو پێكهاتانە گەلاڵەبكەین.

لەراستیدا تاكەیەك حیكایەتی گەورە ناتوانێت كۆمەلگایەك لە كۆمەلگاكان، شارستانییەك لەشارستانییەكان بۆ هەمیشە گرفتاری فەنتازییەكی گەورە بكات، لەبەرئەوە كۆمەڵێك حیكایەتی گەورەو بچوك لەپشت ئەو ترادسیۆنەی ژیانەوە ئەو خەیاڵ‌و فەنتازیایانە گەلاڵەدەكەن. لەكاتێكدا سەروەرییەكانی نەتەوە تێكەڵ بە سەروەرییەكانی ئایدۆلۆژیاو كایە سیاسییەكان دەبێت، هاوكات حیكایەتی نەوەكانی پێشوو تێكەڵ بە حیكایەتەكانی كولتورو فەرهەنگ‌و كۆمەلگاو كایە سیاسییەكانی دەبێت، لەكاتێكدا كۆمەلگای داخراو لەرێی ستراكتۆری حیزب‌و دەسەڵاتە لۆكاڵییەكانەوە بەردەوام لەبەرهەمهێنانی ئەو نوستالژیا پڕ لەحیكایەتانەدان كە لەبۆشاییەكی بێئەندازەدا كار لەسەر

ئامادەکردنەوەی رابردوو دەکرێتەوەو رەمزو دنیای حیکایەتە بچوکەکان بە ئێستا دەفرۆشرێتەوە، بوونەوەرە بچوکەکانی ئایدۆلۆژیا لۆکاڵییەکانیش لەهەوڵی پەخشکردنی ئەو حیکایەتانەدان، لەڕاستیدا کەناڵەکانی پەخشکردنی ئەو حیکایەتانە لەتاکەیەك کەناڵدا بەندناکرێت، بەڵکە لەڕێی کەناڵگەلێکی هەنوکەییەوە ئەو کارانە ئەنجامدەدرێت، بۆنمونە دەسەڵاتە بچوك و لۆکاڵییەکان لەکۆمەڵگا داخراوەکاندا سەرزەمینی هاوشێوە دەخولقێنن بۆ دوبارەکردنەوەو کۆپیکردنی خۆیان، بێگومان کۆمەڵگا دەبێتە ئەو سەرزەمینە وەهمییە بۆ ئایدۆلۆژیاو تاك ئاڕاستەیی بیرکردنەوەو روانین بۆ دنیا، هاوکات کایەو پێکهاتەکانی وەك دەزگاو ناوەندو ئاستە ژیاری و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاش بە زانکۆو پەیمانگاو سەندیکاو دەزگا مەدەنیەکانیشیەوە دەبن بە کەناڵە بچوکەکانی بەخێوکردنی کاریزماکانی دەسەڵات و حیکایەتەکانی و دەبنەوە بە بەرهەمهێنەری ئەو سەرزەمینەی کە بەتاڵە لەگوڕان و دنیابینی نوێ بەڵام پڕە لەوەهم و خۆشباوەڕی و بەرهەمهێنانی جەهل.

لە فەنتازیایەکی دیکەشدا، کایەکی دیکە بەناوی فەنتازیای تەقلیدییەوە پێکهاتەیەکی نەریتی چەند نەوەیی و چەند کەناڵی بەرهەمدەهێنێت: کۆمەڵگاو کولتورو ئاین و خێزان و مزگەوت و دامودەزگاکان و سیستمی پەروەردەو سەندیکا پیشەیی و فێرکارییەکان و رادیۆو تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی دەسەڵات بەگشتی دەبنە هۆکارگەلێکی شیاو بۆ بەرهەمهێنان و بەکارخستنی حیکایەتەکان. لەنێوان ئەم دوو فەنتازیایەدا، لەنێوان بێسەروبەری ئەو حیکایەتانەدا، لەنێوان کولتورە

سەرسەختەكانی داخران‌و حیكایەتەكانی‌دا، لەنێوان خەیاڵی نەوەكانی پێشوو و فەنتازیای بونەوەرە بچوكەكانی‌دا، نەوەیەك دەژی، دابڕاو نیە لەئاستە ژیاری‌و كولتوری‌و فەرهەنگییەكانی كۆمەڵگاو، لە پەراوێزی ئەو حیكایەتانەشدا نیە، بەڵكە كەوتۆتە نێوەندی بەكاربەری ئەو حیكایەتانەوە، ئەو نەوەیە بونەوەرێكی بچوك‌و هەزیلی نێو ئەو حیكایەتانە نیە، بەڵكە كارئەكتەرو حیكایەتخوانی ئەو مەودا فەنتازییەن كە لەسەرچاوگەلێكی بەرفراوانەوە كار لەسەر بەستنەوەی رابردوو دەكەن بە ئێستاوەو خەمی ئەوان دابەشكردنەوەی زەمەنە بەسەر حیكایەتەكانداو بەخشینەوەی شوناسێكی مێژوویی بە ئێستاو كرپینەوەی ئایندەو درێژكردنەوەی یۆتۆبیای ئایدۆلۆژی‌و وەهم‌و بەرهەمهێنانی خۆشباوەڕی.

نەوەیەك هەیە لەنێوان داخرانی كۆمەڵگاو دەروازە ڕەنگاڵەییەكانی گرانەوەدا، سەرسامە لەنێوان هەزارەی شارستانی‌و فەرهەنگی بەرابەر دنیای مۆدێرنی پەیوەندی‌و گۆڕانكاری‌و دیاردەی نوێ، بێئومێدە لەحیكایەتی نەوەكانی پێشوو، بێهیوایە لەو هەموو وەهمەی كە روانین‌و دنیابینییەكانی پڕ دەكەن لەفەنتازیای بەتاڵ‌و موقەدەسات‌و تابۆی ساختەو وێناكردنەوەی رابردوو، بەڵام بێئەندازە سەرسامە بەرامبەر وێنەو وێناكراوەكانی ئەوڕۆی مۆدێرنەو جیهانگیری‌و فەنتازیای تەكنۆلۆژیاو چێژو سیحرەكانی ئێستای ژیان‌و سێكس‌و سەفەرو گەشت‌و خۆشگوزەرانی.

نەوەیەك هەیە بەجیدی دەیەوێتماڵەكەی، قوتابخانەكەی، شەقامەكانی، ژیانی كەسێتی خۆی، فەنتازیاكانی بەڕووی ئەو

حیکایەتانەدا دابخات، دەکارێ لەو خەیاڵە دابڕاوە خۆی قوتاربکاتو هەڵبێت، نەوەیەکت هەیە لەبەردەم ئارەزووە فەرامۆشکراوەکانو واقعی گرانەوەی دنیادا دۆشداماوە، ئەو بونەوەرە لەناوەوەڕا کەرەستەگەلێکی کولتوریو کۆمەڵایەتیو ئاینی لەترادسیۆنێکی هەژاردا بەندیانکردوە، لەدەرەوەڕا هێزە بچوکەکانی کایەو پێکهاتەکان لەترادسیۆنی چێژو ویستدا ئارەزوو داواکارییەکانی فەرامۆشدەکات. لەئەنجامی ترازانی ئەو ئاستە ژیارییەدا، کە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆنتراکتە وەهمیانەیە کە لەنێوان مرۆڤو کۆمەڵگەدا دەبەسترێت، لەنێوان مرۆڤو ترادسیۆنو فەرهەنگو ژیاندا واژۆ دەکرێت، کە لەنێوان مرۆڤو ئەو ئاستە شارستانییە وێرانەدا دەبەسترێت، لەئەنجامی خەیاڵەکانی دەرەوەو کۆنی کەرەستەو ئامڕازو یۆتۆبیاکانی کۆمەڵگای داخراو، نەوەیەك هاتۆتە ئاراوە، جیاوازتر لەنەوەکانی دیکە، سەرسامتر، خاڵیتر لەحیکایەت، بەڵام پڕتر لەگۆمڕایی، بەتاڵ لەسەروەریو موقەدەساتو رەمزو بەهای فەرهەنگیو نەتەوەیی، بەڵام لێوانلێو لەپرسیارو تەماشاکردنی ئەویدی. ئەو نەوەیە بەکردەوەو زۆر راستەوخۆ تەواو پابەند نیە بە مۆراڵێکی دیاریکراوەوە کە لەناوەندە داخراوەکانی ترادسیۆنەوە سەرچاوەی گرتبێت، تاڕادەیەك پابەند نیە بە شوناسی نەتەوایەتیو وڵاتو نەتەوەو ئاستی ژیاری کۆمەڵگاوە، بەڵام کارتێکراوەو غەرقی سەرلەبەری ئەو کاریگەرییانەیەو لەپەراوێزی ئەکتیڤیستە کۆمەڵایەتیو کولتورییەکاندایە، سەرسامە لەبەردەم ئەو کولتورەدا، ناکەوێتە بۆتەی هیچ حیکایەتێکی گەورەوە، بێئومێدە لەحیزبو دامودەزگاو پاشکۆکانی، بێئومێدە لەو ترادسییۆنە کۆنەی

ژیان، بێئومێده لەخودی ژیانو گۆڕانکاریو چالاکییەکانی، بێئومێده لەو نوێنەرایەتییەی دامودەزگا تایبەتییەکانی وەك ڕێکخراوە حیزبییە بەناو خوێندکاریو لاوانیانەی موزایەدە بە تەمەنو خولیاو ئەو ئاستە ژیارییەی ڕوانینەکانو دنیابینییەکانەوە دەکەن، بەلایکەمەوە بێئومێده لەئایدۆلۆژیاو حیکایەتەکانیو دەسەڵاتو دەزگاکانی، بێئومێده لەکۆمەڵگاو کولتورو ئاینو هێزەکانی. بەختیار عەلی پێیوایە:" وشەی نەوە لەگەڵ هەستێکی قوڵدا بە تاریکی دەستپێدەکات، لەگەڵ ئەو هەستەدا کە دڵنیا دەبین ((بینینی ئێستامان)) چیتر سودێکی نیە بۆ تێپەڕینو پەڕینەوەو تێگەیشتنو ماناداں بە ژیان. نەوەی نوێ هەمیشە لەتاریکییەوە دێتە دەرێ، تاریکییەك کە لەبنەڕەتدا دەرئەنجامی کۆنبونو کاڵبونەوەو تاریکبونی ماناو سیستەمو تامو ئارەزوەکانە. بۆئەوەی نەوەیەك دروستبێت، تورەبون، تاریکی، گۆڕان، بەشدارینەکردن، هاوارکردنو، هەستکردن بە پوچی، نەهلستییەت، ئانارشیەت، کەمبونەوەی چێژی ژیان، گەڕانو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شتێکی دی سەرەتای هەرە گەورەن، بەڵام هەموو ئەوانە سەرەتان، سەرەتان بۆ دروستبونی شتێکی دی کە دەشێت هەرگیز دروست نەبێت"[30]. لەرێی ئەم تێڕوانینەوە، لەرێی ئەم وێناکردنەوە بۆ نەوەی نوێو تاریکییەکانی ناوەو دەرەوەی ئەو نەوەیە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو وێرانەیەی کە یادەوەرییەکانی نەوەیەکی گەورەی هەڵکۆڵییەوە،

---

[30] (بەختیار عەلی، کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی؟ بەشدارییەك لەو گفتوگۆیانەدا کە دەربارەی (شوێنی گەنجان لە کۆمەڵگادا) سازدەکرێت.ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(101) دووشەممە 2002/2/2.ل9)

دەگەڕێینــەوە ســەر ســتراکتۆری ئــەو تاریکییــە بەرفراوانــەی بووەتــە باکگراونــدی ئــەو نەومیــەی کــە هەنوکــە باســی دەکــەین‌و دنیاکــەی راڤەدەکــەین، تاریکییــەکان‌و تاریکاییــەکان زۆر لــەوە گــەورەترن کــە بــە وتاریك یان لێکۆڵینەوەیەك یان بە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی ببڕێتەوەو دۆسێکەی دابخرێت. ئایا ئــەوە تــاریکی نیــە نەومیــەك لەئێــستادا دەژی؛ بــەڵام زادەی ســەردەمە تاریکــەکانی ســەرکوتکردن‌و ســتەمکاری‌و وێرانەییەکانی کۆمەڵگایەکە لەپەراوێزی دنیادا؟ ئایا ئــەوە تــاریکی نیــە نەومیــەك رازی نیــە کلیلــی دەرگــا کلۆمــدراوەکانی کۆمــەڵگاو کولتــورو فەرهــەنگ‌و مــۆڕاڵی خەســاندنی ئارەزووەکــان تەســلیمبکاتەوە. بــەڵام نائومێــدی لــەم کۆمەڵگەیــەدا تــا ئەوڕۆکــە لــەقۆناغی تەماشــاو سەیرکردندایە، نەگەیشتۆتە قۆنــاغی سەرسامییەکی گەورەو قۆنــاغی تێگەیشتن‌و دروستکردنی پرسیاری گەورەو خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ رابردوو و بۆ ئێستا.

ئەو حیکایەتە گەورانەی کۆمەڵگاو دەسەڵات‌و ناوەندە وێرانەکەی کولتــوری داخــراوی کۆمــەڵگا دەبنبــە پانتاییــە بەرفراوانــەکانی ئــەو خامۆشی‌و خەڵوەتگە سەرتاسەرییە، لەلایــەك ترادسیۆنی ئــەو مۆڕاڵە گشتگیرە داخراوە دەبێتە زادگایەکی تاریك‌و سەرچاوەیەکی داخــراو بــۆ هەنوکــە ژیارییــەکانی تاکەکــەس‌و پەیوەنــدی مــروڤ بــە پێکهاتــە زیندووەکانــەوە، لەلایــەکی دیکــەوە ئــاین دەبێتــە ئــەو خەیاڵدانــە سەرتاسەرییە بۆ داخرانی دنیای نوێ‌و فەلسەفەیەکی دیکەی ژیــان، دەبێتــە ســتراکتۆرێکی تــاریکتر لەکۆمــەڵگاو خێــزان‌و ناوەنــدە سیاســی‌و ئــابوری‌و حیزبــی‌و کۆمەڵایەتییــەکان. بێگومــان لــەدنیادا بێزارییــەکان

دەبنە سەرەتایەکی گەورە بۆ گەلاڵەکردنی گومانو پرسیارگەلێکی جیاواز لەتاریکییەوە بۆ سەرزەمینێکی دیکە لەدەرەوەی یۆتۆپیا تاریکەکانی نەوەکانی پێشوو، لەدەرەوەی کۆمەلگا، حیزب، دەسەلات، کولتور، ئاین، مۆراڵی گشتیو ترادسیۆنی باوی ڕوانین.

لەڕاستیدا گەمژەییەکی گەورەیە گەر بمانەوێت بەو کەرەستەو ئامرازە کۆنانەی بیروڕوانینو مۆراڵەوە مامەڵە لەگەڵ دنیای نوێی ئەو ئاستە ژیارییەدا بکەین کە لەهەنوکەدا تەواوی ژیانو چێژو ئارەزووەکانی ئێمەی سەرسامکردوە، تەمەڵییەکی گەورەیە گەر لەڕێی ئەو ترادسیۆنە تاریکەی خۆمانەوە فەنتازیایەك گەلاڵەبکەین بۆ خەملاندنی یۆتۆبیایەکی دیکە بە مەبەستی کرانەوەو بەکاربردنی کەرەستەکانی مۆدێرنەو ژیان لەگەڵ ئاستە هەنوکەییەکانی جیهانگیرییدا، نەفامییەکی گەورە لەئارادایە ئەگەر دەسەلاتو حیزبو ناوەندە حکومییەکان لەو باوەڕەدابن لەڕێی کەناڵە حیزبیو سیاسیو پاشکۆییو ناوەندە هەزیلەکانیانەوە مامەڵە لەگەڵ دنیای مۆدێرنو نەوەی ساتەلایتو ئینتەرنێتو وێنەو بەها نوێکاندا بکەن.

هەرچەند ئاشنایەکانی ئێمە بە دنیا داخراوەکەی خۆمان لەزیادبوندا بێت هەر کەمە، بێگومان شەڕی نەوەی نوێ لەسەر دەسەلاتو ململانێی هێزەکان نیە، ئەو شەڕە لەتاریکییەوە بۆ ئێرە دێ، لەتاریکییەوە سەفەر دەکات بەرەو خەونێك لەدەرەوەی ئەو خەونە مێگەلیانەی کە کۆمەلگە لەتاکەیەك وەهمدا کۆدەکاتەوە، کۆمەڵە چێژێکی دیکەیە، جیاوازتر لەو چێژەی کە لەتاریکییەوە دێ، بەرەو ئەفسانەکانی سەفەر، تاڕادەیەك سەفەرێکە بە ناو نائومێدیدا،

سـەفەرێکە بـۆ تێگەیـشتن لەفەرامۆشـبون‌و بێبایـەخی، تێگەیـشتن لەخەسـاندن‌و چـەپاندن‌و حەرامـەکان، لەراسـتییدا لەتاریکاییـە سەرتاسـەرییەکاندا دنیایـەك قـسەو گفتوگـۆ لەسـەر حـەرام‌و قەدەغەکراوەکان دەکرێت، دنیایەك قسە لەپوچییەکان‌و وێرانەییـەکان دەکرێ، نەخێر دنیایەك جوێن ئەدرێ بـە دەسـەڵات‌و کۆمـەڵگاو هێـزو حیزب‌و ئاین، لەبەرئەوە دەبێـت بگەینـە ئـەو بـاوەڕەی کـە:"تازەگـەری ئـەو جیهانـە پـیرۆزەی پارچەپارچـەکرد کـە لەیەککاتـدا خـودایی‌و سروشتی بوو، هاوکات بونەوەرو شەفاف بوو بەرامبەر بە عەقڵ، بـەڵام جیهـانی عـەقڵ‌و جیهـانگیری شـوێنیان نەگرتـەوە، هـەروەها کاتێـك تازەگـەری ویـستە کۆتاییـەکانی بـۆ جیهـان راگەیانـد، مـرۆڤ ناتوانێـت پێیبگات، جیابونەوە هاتە گۆڕێ لەنێوان خودی دابەزیو لەئاسمانەوە بۆ زەوی کە روخـسارێکی مرۆیـی بـۆ خـۆی وەرگرتـووەو لـەنێوان جیهـانی بابەتەکان کە تەکنیکسازی گەمـەی پێـدەکات. تازەگـەری ئـەو یەکبونـە جیهانییەی کە ئیرادەی خودایی دروستیکردبوو داگیرکردوو و وێرانکرد، یـان عـەقڵ یـان مێـژوو، بەعـەقلانیکردن‌و سـەرئەنجامکردنی، خـود جێیگرتـەوە."[31] ئـەوە بەرهـەمی مۆدێرنەیـە کـە کار لەسـەر گـۆڕینی چێژو ئارەزوو، گـۆڕینی تەماشـاو روانـین دەکـات، ئـەوەی لەسـەردەمە کۆنەکاندا سـتەمکاری بـوو ئێـستاکە بـەناوی سیـستمێکی دیکتاتۆریـەوە کاردەکات، ئـەوەی لـەرێی شۆڕشـەکانەوە وێرانـدەکرا ئەوڕۆکـە بـەناوی دیموکراسـیەوە وێرانـدەکرێت، ئـەو روانـین‌و دنیابینییـە جیـاوازو نوێیانەی کە لەسـەردەمە کۆنەکانـدا بـەناوی ئـاین‌و دەسـەڵاتی کڵێـساو

---

[31] ئالان تۆرین، نقد الحداثة ، ترجمة: انور مغیث، دار الحداثة، ل22-23)

سوڵتان‌و خولەفاکانەوە دەکوژران، ئەورۆکە بەناوی دەزگا مۆدێرنـەکانی چاودێرکردنەوە، بەناوی ئاسایشی نەتەوەوە، بـەناوی دیموکراسیەتەوە، بەناوی حیزب‌و دەوڵەتەوە خەفەدەکرێن. ئەوەی جاران ناوی دزی بـوو ئەورۆکە بەناوی گەندەڵی‌یەوە تێدەپەڕێت، ئەوەی لەرابردوودا بـەناوی ستـەمکارییەوە پیـادەدەکرا ئەورۆکـە بـەناوی دبلۆماسـیەتەوە ئەنجامدەدرێت.

رۆشنبیری کوشندە

لـەدنیای داخـراودا رۆشـنبیران‌و فەرهەنگییـەکان بێجگـە لەکۆمـەڵێك دەنگـی جیـاوازو رەخنـەگرو ئەکادیمیـستی چـالاك‌و سـەربەخۆ، بەگـشتی دابەشـدەبن بەسـەر تاکەیـەك روانـین‌و دنیابینی‌دا، بـەلاَم لـەناوەوەڕا دابەشـدەبن بەسـەر زیـاد لەکایەیـەك‌و پێکهاتەیەکی فەرهەنگی‌و سیاسی‌و ئـابوری، بـە واتایـەك دابەشـدەبن بەسـەر حیـزب‌و پێکهاتەکانی‌ـدا، بەسـەر ئایـدۆلۆژیا جیاجیـا هاوشـێوەکاندا، ئـەوە بێجگـە لـەو رۆشـنبیرە سـونەتییەی کـە تاسەرئێـسك لەکـەلاوە مەعریفییـەکانی خـۆی‌و ئـەو پانتاییـە داخـراوەدا دەژی کـە بارگاوییـە بـە دنیابینییـەکی ترادسیۆنی یـان ئاینی یان ئایدیای سونەتیی.

"ئەوانن واقعـی سیاسـی‌و رۆشـنبیری ئێمـەیان خـستۆتە بـەردەم ئـەو راستییەوە، کە حیزب لەرێی دەسەلاَت‌و پارەو هێـزی خۆیـەوە، دەتوانێـت خۆڵبکـات بـە زێـڕ، بـەلاَم ناتوانێـت جـەهل بکـات بـە مەعریفـەت، حەقیقەتێکە حیزب‌و فەرمانبـەرە ئیفلیجـەکانی لـەناو رۆشـنبیراندا وەك

تاعون لێی دەترسن."[32] لێرەدا نوسەر باس لەخوێنەرێکی تێکستناسو جیهانبین دەکات کە لەتوانایدایە تێکستی زیندوو لەتێکستی مردوو جیابکاتەوە، بەلاّم پێچەوانەی ئەم خوینەرو رۆشنبیرە لەڕێی ئەم پەرەگرافەوە دەرەوازەیەکی ئالۆزتر لەدنیای داخراوی ئەو رۆشنبیرە کوشندەیەو ئەو حیکایەتە کوشندانە دەکاتەوە.. هەڵبەت ئەو دەزگایانە تەنها لەرێی تاکەیەك میکانیزمەوە کار لەسەر بەرپاکردنی ئەو جەهلە ناکەن، بەڵکە لەرێی هەزاران حیکایەتی کۆپیکراوەوە، هەزاران وەهمی بچوکەوە دەکارن مەوداکانی بیرکردنەوەو جیاوازییەکانو رەخنەکان لەتاکەیەك مەودای کورتو نادیاردا ونبکەن، لەراستیدا تەنها لەم جۆرە رۆشنبیرییەدا دەسەلاّتو دەزگا رۆشنبیرییەکانی لەهەوڵی سوککردنی دەقو تێکستی جدیانو کار لەسەر بێبایەخکردنی رەخنەو نوسینی ئەکادیمیو رۆمانی نوێ دەکەن کە هیچیان کەمتر نیە لەو رۆمانە جیهانیانەی کەخەلاّتی گەورە وەردەگرنو شیعری نوێو روانینی نوێ کە لەئاستی بەرزی شیعردان بەبەراورد لەگەڵ تێکستە جیهانییەکان.

بەلاّم لەدەرەوەی ئەو دنیا داخراوە، لەدەرەوەی ئەو سەرزەمینە پاوانکراوە، دنیابینییەکی دیکەو روانینێکی دیکە هەیە کە رەخنەئامێزانە دەڕواننە کۆمەڵگەو کولتورو ئەو ترادسیۆنو ناوەندە کۆنکرێتیانەی وەك حیزبو ئایدۆلۆژیاو دەزگا رۆشنبیرییەکانی دەسەلاّت کەکاریان تەنها دوبارەکردنەوەی روانینو ئەو خەیاڵگە سونەتیەیە کە سنورەکانی روانینیان ئەو مەودا کورتانە تێناپەڕێنێت کە دنیای قەدەغەکراو لەدنیای رێپێدراو جیادەکاتەوە، ئەو ناوەندانەی کە ناتوانن

---

[32] (خوێنەری کوشندە، ل43)

لەو بەراوردە کوشندەیە دەربچن کە دنیای شتە پیرۆزەکان لەدنیای ئاسایی جیادەکاتەوە، ناشتوانن دنیابینییەکی جیاوازیان هەبێت بۆ بەرپاکردنی گۆڕان و گەردونگەراکردنی دنیای هاوچەرخ و شکاندنی هەر بێدەنگییەکی جاهیلانە بەرامبەر بە خودو گۆڕان و هەر روانینێکی بەشدار لەو نەخشەسازییە کیشومربڕانەی کە لەدەرەوەی ئایدیا بەبەردبوەکان و ئەو میتافیزیکا وەهمیانەوە سەرزەمینە پاوانکراوەکانی ترادسیۆن تێدەپەڕێنن.

هاوکات تاکەیەك مەودای دیاریکراو کۆی ئەو رەهەندانە لەخۆی کۆدەکاتەوەو لەپێکهاتەیەکی نەریتیو ئەخلاقیدا جێگیریان دەکات. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دەسەڵاتێکی داخراو و رۆشنبیرانێکی سونەتی بێشومار دەبنە بیرکەرەوەو داڕێژەری راڤەکردنی دنیا لەنیگا داخراوەکانی خۆیانەوە دەبنبە بەرهەمهێنەری دووبارەکردنەوەی وێنەکانی خۆیان لەکەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ و بۆنەو موناسەبەی ساختەو داگیرکردنی ئەو ئاستە ژیارییەو خاوەنداریێتیکردنی سەرلەبەری هەر روانینێك کە دەکەوێتە بازنەی کەرنەڤاڵەکانیانەوە. ئەو جۆرە لەرۆشنبیر بێئەندازە لەهەوڵی جێگیرکردنی کەلاوە مەعریفییەکانی خۆیدایەو بەردەوام خولیایەکی گەورە بۆ داگیرکردن و مۆنۆپۆلکردنی هزرو دنیابینییە جیاوازەکان لەگەڵیدا دەژیو کاردەکات بۆ بەرپاکردنی خەیاڵدانێکی بچوك لەچوارچێوەیەکی کەرنەڤاڵی ساختەو دووبارەدا بۆ شاردنەوەی هەرچی کەموکوڕیو ئەو هەژارییە گەورە مەعریفییەی کە تیایدا دەژی.

مەریوان وریا ئاستێکی دیکەی ئەو قەیرانی دیوەخانسازیو حیکایەتخوانییە دەخاتە بەرباسو رەخنەسازییەکی کراوەترەوەو دەڵێ: "ئێمە پێویستمان بە نەوەیەك لەرۆشنبیران هەیە جیهانمان بۆ لێکبدەنەوە، نەك وەعزو نەسیحەتو وەهمی ئایدۆلۆژیو ڕێزی کۆمەڵایەتی بەخەڵك بفرۆشن، پێویستمان بە نەوەیەکە کە فیکر بەرهەمبهێنێت نەك خەریکی ڕێکخستنی فیستیڤاڵو بۆنەی کۆمەڵایەتیو سیاسی بێت، ئێمە لەقۆناغێکدا نـاژین رۆشنبیرێك بێتو بەردەوام یادەوەرییەکانی خۆیمان لەگەڵ فلانە نوسەری مردوو و فلان شاعیری کۆچکردودا بۆ بگێڕێتەوە، ئێمە لەجیهانێکدا دەژین بۆئەوەی بتوانین تیایدا بمێنینەوە دەبێت بیناسینو بیخوێنینەوەو بیگۆڕین."[33] لێرەدا پێویستە رۆشنبیری حیکایەتخوان لەرۆشنبیری جیهانبین جیابکەینەوە، دیوەخان لەپرۆژەی رۆشنبیری جیابکەینەوە، واعیزو خوتبەبێژ لەرەخنەگرو ئەکادیمستی چالاك جیابکینەوە، نەخوێندەواری ئایدۆلۆژیست لەخوێندەواری سەربەخۆ جیابکەینەوە، کەرنەڤاڵی ساختەو فیستیڤاڵی تەنەکوری لەهەوڵی رۆشنبیریی جدیو بەرپرسیارێتی فەرهەنگی لەنابەرپرسیارێتیو تەمەڵخانە گەورەکانی ئەو دیوەخانە رۆشنبیریو حیزبیانە جیابکەینەوە. لەبەرئەوە پێویستە پرۆسەی ناسینی خۆمانو جیهان بە پرۆسەیەکی دورودرێژی میتۆدی دابنێینو هەر لەرێی ئەو دنیابینییە جیاوازانەوە کلێشەسازییەکی دیکەی مۆدێرن سازبدەین بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنمان لەدنیای گۆڕانکارییە گەورەکانو

[33] (بەختەوەریو بێدەنگی،ل93-94)

هەڵوەشاندنەوەی ئەو دنیا داخراوەی ترادسیۆن و کۆمەڵگەو ئایدۆلۆژیاو یۆتۆبیا بچوکەکان، هاوکات پێویستە لەوە تێبگەین کە ئێمە وەك بونەرێکی بەشدار لەم جیهانەدا پێویستمان بە هێزی گۆڕان هەیە لەناوەوە بۆ دەرەوە، لەهەمووی گرنگتر پاککردنەوەی روانینمانە بۆ دنیا لەهەر حیکایەتێکی کوشندەو لەهەر جەهلێکی کوشندەو دروستکردنی هەزاران پرسیار لەرابردوو و ئێستاو سازدانی دنیابینی جیاوازو بەشدار لەهەر گۆڕانکارییەکی دەرەوەی ئەو حیکایەتە داخراوانەی کە زەمەن تیایدا کۆپیکراوێکی دوبارەی دنیای نەوەکانی پێشووەو خەیالگەیەکی کۆنکرێتییە بۆ بچوککردنەوەی دنیا.

کۆنپارێز بۆئەوەی خۆی بەکوڕی هەموو سەردەمەکان بزانێت، بۆئەوەی لەهەموو بارودۆخەکاندا خۆی دوبارەبکاتەوە، بۆئەوەی خۆی بکات بە ماڵی هەموو زاراوەکانداو جارێکی دیکە بە هەزاری تەفسیریانبکاتەوە؛ هەڵئەسێت بە بەکارهێنانی شێوازی خاوەندارێتیو خۆی بەخاوەنی سەرلەبەری هەبووەکان، سەرلەبەری روانینەکان دەزانێت. هاوکات خۆی بە خاوەنی رۆشنبیریو کولتورو فەرهەنگی گشتیو تایبەت دەزانێت، خۆی بە دایکی هەموو گروپەکانو هەموو روانینەکان دەزانێت، خۆی دەکات بە مەرجەعی شارستانیو روناکبیریو ئاستە جیاجیاکانی دنیابینی.

ئێمە لەکتێبی کۆمەڵگای داخراودا باس لەسەلەفیەتو کەلاوە مەعریفییەکانی دەکەینو ئەوە روونبکەینەوە کە ..گەورەترین بێئاگایی لەوێوە دەستپێدەکات، کاتێك دەگەینە باوەڕێکی دیاریکراوی رەها بۆ دنیاو دروستکردنی وێنەیەك لەوێنەکانی ژیانو

فەزایەکی داخراو بۆ خۆمان و بینینمان و کلێشەیەکی تایبەت بۆ مۆدێلەکانی روانینمان دروستدەکەین، لەوە خراپتر ئەوەیە بگەینە باوەڕێکی تەواو سەبارەت بەوەی شتێك لەشتەکان، فەزایەك لەفەزاکان، دنیایەك لەدنیاکان کۆتاییان هاتووە، بەو نیازو مەبەستە داخراوەی خۆمان کە دەبێت هەموو شتێك پەیام و پێغەمبەرێکی هەبێت، دەبێت سەرلەبەری هزرەکان و بیرکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکان و داهێنانەکان ئاراستەیەکی دۆگمایی سنورداریان هەبێت و گوزارشت لەفەزایەکی دیاریکراو و دنیاییەکی داڕێژراو بکات لەبناغەوە تا کلێشە واقیعی و فەنتازی یان رەمزییەکانی، هاوکات دەربڕی تاکەیەك گوزارشت و تاکەیەك قسەبێت، گەر قسەی دیکەشی هەبێت دەبێت دوبارەو درێژکراوەکانی خۆی بن. مەعشەرەکانی ئەم بیرۆکەیە بەتوندی داکۆکی لەدوبارەبونەوەی خودو کلتورو کەلەپورو رەگەزەکانی یادەوەریی و تێڕوانین و چەمکەکان دەکەن. لەپاڵ ئەو داکۆکییەدا ستراتیژێکی خەتەرناك خۆی مەڵاس داوە، ئەو ستراتیژە پەرجویەك نیەو رێکەوتێکی نەشازی دابڕاویش نیە لەناوەندی بیرکردنەوەی کۆی بنەما پەیڕەوەکانی پێوانەیەکی هەمیشەیی بۆ بینینی دنیاو گوزارشتەکان، بۆئەوەی خۆمان لەدوبارەبونەوەی ئەو پەیامانە رزگاربکەین دەبێت بەرلەهەر شتێك، بەرلەهەر خەیاڵێکی جیاواز مەوداکانی دوبارەبونەوە، روانینەکانی، پەیامەکانی، پێوانەکانی، پێبەندەکانی و خەیاڵدانەکانی دوبارەبونەوە بناسین و شوناسەکانی دیاریبکەین. گەمژەییە لەو باوەڕەدابین دنیای پڕ دوبارەبونەوە بەدوای جیاوازی و

ئەفراندندا ناگەڕێ، لەبەرئەوەی بونەوەرەکانی ئەو دنیایە سەرقاڵی کردنـەوەی قفڵە داخراوەکـانن، بـەڵام کەرەسـتەگەلێکی کۆن و سـواو بەکاردەبەن. دوبارەبونـەوە کەرەستەگەلێکی جۆراوجۆرو هەمەڕەنگ بـەکاردەبات بـۆ خزمـەتکردنی دنیـا داخراوەکـەی ئـەو فەرهەنگـە هەژارە، کـە مـەوداکانی خـۆی بەسـەر تـەواوی پانتاییەکانـدا رایـەڵ دەکـات و نەفەسـی هـیچ جیاوازییـەك ناهێڵێتـەوە، لـەو فەزایـەدا مەوداکان سەرەتاو کۆتاییان هەیـە، رەهەنـدەکان لـەقۆناغی وێکـچوو، لەسەرزەمینی وێکچوودا دووبارە دەبنەوە، تەنها ئاوێنـەیەك هەیە بۆ روانین و پێچەوانەکردنەوەی تاکە مـۆدێلێکی روانـین، بونـەوەرەکانی ئـەو مـەودا بەرفراوانـەی کـە دوبارەبونـەوە حـوکمی تیـادا دەکـات، جیاوازی و هەمەڕەنگییەکان قبوڵناکەن، هیچ بونێکی دیکەو روانین و کایەیەکی دیکە وەرنـاگرن، بێـزارن لـەزۆری ئاوێنـەکان، لەبەرئـەوەی روبـەرەکانی ئـەو مۆدێلـە کەشـف دەکـات و دوورونزیـك لەچـەند لایەکـەوە دەریانـدەخات، دوبارەبونـەوە تاکەیـەك پـەیام و تاکەیـەك مەبەسـت ئاڕاسـتەی دەکـات، کەرەسـتەکانی کەرەسـتەگەلێکی سەرەتایین بۆ جوڵاندنی ژیان و مامەڵەکردن بەرەگەزەکانەوە، کـەس نیـە رەگـەزو کەرەسـتەکان و وێنـەکانیان نەناسـێتەوەو ئاشـنایان نـەبێت. دەرئـەنجام دوبارەبونـەوە کاردەکـات بـۆ بەرجەسـتەکردنی دنیایـەکی داخـراو و نـەریتی، کـە تیایـدا سـەرلەبەری هـەبوەکان لەبەرجەسـتەکراوێکی نەریتیـدا دەپـارێزرێن و هـەموو جیاوازیـەك و هـەموو روانینێـك دەکـەن بـەقوربانی حیکایـەتێك لەحیکایەتـەکان، بـەڵام لـەپاڵ ئـەو دنیایـەدا، لـەپاڵ و ئـەو مـەوداو روانـین و ئاوێنـە

داخراوانەدا دنیایەکی دیکەو مەودایەکی دیکەی روانـین مـەزراکانی ئـەو واقیعـە داگیردەکـاتو خەیاڵـدانێکی بـەرفراوان بـۆ بـوونو دنیـابینی دەخولقێنـێ، کەرەسـتەکانی ئـەم دنیـا جیـاوازە کەرەستەگەلێکی جیاوازن لەقەبارەو کارو ئـەركو فـەنتازیاو رەمـزو مانـادا، کـە سـتراکتۆرێکی گـەورەتریان لەپشتەوەیە، ئـەو سـتراکتۆرە کلێـشەی پـەیامێك یـان ئامانجێـك یـان سـتراتیژێك نیـە، دنیایـەکی دیکەیـە بـەڵام پڕاوپـڕە لـەجیاوازیو نوێخـوازە بـەمانا فەرهـەنگیو فەلسەفیو روحییەکان.

بـەختیار عـەلی لـەم کتێبـەدا لەبەرامبـەر ئـەو سـوکایەتیکردنە گەورەیە بە دەقو تێکستی زیندوو کە لەئارادایە، باس لەرۆشنبیرێك یـان خوێنـەرێك دەکـات، کـە ئـەو پرۆسـەی سـوکایەتیکردنە پیایـدا تێنەپەڕیوەو کاری تێنەکردووەو گەرای حیکایەتە بچوکەکانی خۆی تیادا بەجێنەهێشتوەو خوێنەرێکە دەورو کاریگـەری دیـاری هـەبووە لەسەر بـەرزراگرتنی دنیابینییـە جیاوازەکـانو رێزگـرتن لەئـەدەبو روانینی نوێو جیاوازو دنیابینی رۆشنبیرانێکی رەخنەگر. هەر بۆیە دەڵێت:"خوێنەری تێکستناس تاکە هێزێکە دەتوانێت حورمـەت بـۆ دەقو نوسـەر پەیدابکاتـەوە، خوێنـەر ئـەو هێزەیـە کـە دەتوانێـت ئەڵتەرنـەتیڤی حیـزبو دەزگـا روکەشـبازەکان بێـت کـە ناوەنـدی رۆشـنبیری بـۆ کتێـبو داهێنـەر دیارینکردووە." هاوکـات بـاس لـەو نوخبـە گەورەیـە دەکـات کـە لـەدەرەوەی ئـەو حیکایـەتو ئـەو دیوەخانـسازییەی رۆشـنبیرییەوە بـە جـۆرێکی سەرسـورهێنەر لەهـەموو گـەمارۆو ئابلۆقـەکان دەرچوونو حـوکمی خۆیـان بەسـەر

حوکمی بکەرەکانی حیزبو رۆشنبیرە ساختەکاندا بەرزترو کاراتر راگرتووە، ئەم نوخبە گرنگەی خوێنەر لەدەساڵی رابردوودا پشتگیرییەکی بێوێنەی پڕۆژەی رەهەندو چەندین پڕۆژەی ئەدەبیو هونەری دییان کرد کە شایستەی پشتگیریکردنن... بەختیار بەردەوام دەبێتو باس لەو هێزە شاراوەیەی خوێنەر دەکات کە رەهەندیان کرد بەو هێزەی کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتیو فیکریمان بە کەس نەشاردرێتەوە، لەکاتێکدا عەقڵە سەلەفییە مردووەکانو رۆشنبیرە تەقلیدییەکان شەرانگێزانە دژایەتیان دەکرد.. هەڵبەت دواتر دێتە سەر ئەوەی کە خوێنەران لەلای ئەو تەنیا ئەو ژمارە خەڵکە نیین کە کتێبێک دەخوێننەوە، بەڵکو ئەو هێزەن کە دەتوانن سەرمایە رەمزییەکان بەجۆرێکی نوێ دابەشبکەنەوە."، لەڕاستیدا ئەم پرۆسە دووردرێژەی کە رۆشنبیرو خوێنەرو تێکست لەئاستێکی ژیاری کراوەدا کۆدەکاتەوە، بازنەیەکی داخراوی خۆدووبارەکردنەوەو کۆپیکردن نیە، بەڵکە مەیدانێکی گەورەی کاریگەرەکانو پێکدادانی هێزەکانە لەکۆنەوە بۆ نوێ، لە سونەتگەراییەوە بۆ نوێخوازی، لەپیرۆزخوازییەوە بۆ رەخنە، هەموو ئەم هێزانە لەململانێدان بۆ دروستکردنی کاریزماو گۆڕان، بەلام لەپاڵ هێزێکی رەخنەییدا دەیان هێزی داخراوو ئایدۆلۆژیو کۆنخوازیی هەیە کە کاریان راوەستاندنی زەمەنە لەمەودایەکی دیاریکراوی کەرنەڤاڵیداو کۆپیکردنەوەی حیکایەتەکانو باوەڕیان بە بچوکترین گۆڕان نیەو بەردەوام لەپاراستنی دنیای شتە پیرۆزەکاندا لەهەوڵی بێبایەخکردنی تێکستی زیندوو و

دروستکردنی خوێنەری کوشندەو مۆنۆپۆلکردنی سەرلەبەری ئەو ناوەندە رۆشنبیریو فەرهەنگییانەدان.

ئاراس فەتاحیش بە دیدێکی رەخنەگرانەوە، زیاتر وەزیفەی ئەو رۆشنبیرە رەخنەگرەمان بۆ دیارییدەکات کە کاری پاراستنی حیکایەتەکان نیە، وەك چۆن لای مەریوان وریا دەبێت رۆشنبیر خۆی دەربازبکات لەو هەژارییە مەعریفیو میتۆدییەو بتوانێت وەك رۆشنبیر بەمانای وشەکە کاری فیکریو مەنهەجی راستەقینە بکات،..هاوکات دەبێت سەرقاڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بێت بۆ کایەی رۆشنبیری. ئاراس فەتاح پێمان دەڵێت: "رۆشنبیری رەخنەیی کەسێکە کە دەشێ ئەو چرکەساتانە باشتر بناسێت کە دەسەڵات تیایاندا ترسناكو روخێنەرە یان بەرهەمهێنەرە بنیاتکارە. ئەو بۆ ئایدۆلۆژیستەکانو ئەندازیارانی دەسەڵات ئەو گێرەشێوێنەیە کە شەرعیەتی پاوانکردنی حەقیقەتیان لێدەستێنێتەوە، چونکە بەرگری لەفرە کولتوریو فرەدەنگی سیاسیو فیکریو ئیستێتیکی ناو کولتوری کۆمەلگە دەکات."[34] هاوکات لەلای بەختیار عەلی رۆشنبیر ئەو کەسەیە هەڵدەستێت بە سەخترینو ئاڵۆزترینو وردەکارترین پرۆسە کە ئەویش بەشداریکردنە لەدیاریکردنی مانای وشەی (کۆن)و (نوێ)دا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، تەنها رۆشنبیرە دەتوانێت ئەو جورئەتو بوێرییە بداتە کۆمەڵگا کە سیستمە کۆنەکانی خۆی، بیرکردنەوە کۆنەکانی خۆی، هەستە پیرەکانی خۆیو موقەدەسە زیانبەخشو لەکارکەوتوەکانی خۆی جێبهێڵێتو بیانشکێنێت، نە رۆشنبیر لەم

---

[34] رۆشنبیر، کۆمەلگە، دیموکراسیەت/ل67)

وەزیفەیـــە جیادەبێتـــەوە نـــە ئـــەم وەزیفەیـــەش لەرۆشـــنبیر جیادەبێتەوە."[35] بەمپێیە رۆشنبیر ئەو کلێشەسازییە کارتۆنییـە نیـە، کە دنیا کورتدەکاتەوە بۆ تاکەیەك حیکایەتو تاکەیەك روانـین، بەڵکە ئەو کەسەیە کە پرسیار دروستکارو گومانکەرە لەهەر خەیاڵێکی بچوکی داخراوو هەر ئیرادەیەکی گشتی پاوانکراو بە ئیرادەیـەکی گشتی پـیرۆز، چۆن رۆشنبیر کار لەسەر دۆزینەوەی مەوداکانی کۆنخوازیو نوێخوازی دەکات، بەهەمان شێوە خوێنەرانێکی جدی بەرهەمـدەهێنن کـە کاریـان ناسـینو لێـسەندنەوەی حەقیقەتـە لـەو رۆشـنبیرو خوێنـەرو دەزگـا کوشـندانەی کـە کاریـان شـێواندنی حەقیقـەتو ئـاوەژووکردنی ئـەرکی رۆشـنبیریو فەرهەنگییـەو گۆڕینـەوەیـەتی بـە خـەیاڵێکی ئایـدۆلۆژیو هـــەزاران حیکایـــەتی بـــچوکی پـــاوانکردنی حەقیقـــەتو بوونەتـــە خولقێنەری دیوەخانو پارێزەری کۆمەڵێك موقەدەساتی ساختە.

ئیدوار سەعید پێمان دەڵێت: "رۆشنبیر نە رەگەزێکە بارودۆخەکان هێوربکاتـــەوە، نەخولقێنـــەری دۆخێکـــی گشتیـــشە، بـــەڵکو رۆشـــنبیر بونەوەرێکە هـەموو بـوونی خـۆی بـە هەسـتێکی رەخنـەگرانـە بارمەتـە دەکـات، ئامـادە نیـە فۆرمەلـە ئاسـانەکانو بیروبـاوەڕە پەککـەوتووەکان قبوڵبکات، سازش بۆ کـاروکردەوەی هێـزە تەقلیدییـەکان ناکـات، دەبێـت ئـەم قبوڵنەکردنـەش کـزو شـاردراوە نـەبێت، بەڵکـە دەبێـت بەئاشـکراو چالاکانە ئەو شتانە بـدرکێنێو بیانخاتـە روو."[36] زۆرێـك لەبیرمەنـدو

---

[35] (هـ.س.پ/ل7)

[36] (ئیدوارد سەعید، وێنەکانی رۆشنبیر، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لەکتێبی: بیری رەخنـەیی هاوچەرخ، کۆمەڵە وتار، 2001، ل 109)

رۆشـنبیرانی جیهـان بەتـەواوی جیـاوازی فیکـری و میتۆدیانـەوە کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە رۆشـنبیری رەخنـەگر لـەدەرەوەی ئـەو ترادسـیۆن و موقەدەساتە داخراوانە کاری داماڵین و روتکردنەوەی حەقیقەتەکانە بۆ پێکهاتەکانی و لەلایەك پێویستە هەڵگری ئەو میتـودو فیکـرە جیـاواز و سـەربەخۆیە بێـت، لەلایـەکی دیکـەوە دەبێـت توانـای ناسـین و جیاکردنەوەی کۆن و نـوێی هـەبێت بـە ئەندازەیـەك شـەفافتر(ئـاوێنتر) بڕوانێتـە ترادسـیۆن و رەخنەگرانـەتر بڕوانێتـە دنیـای داخـراوی ئـەو مەودا کورتانەی روانین کە دنیا بەسەر پیرۆزو نـاپیرۆزدا دابەشـدەکەن، دنیا جیادەکەنەوە بۆ دوو بـەرەی ناهەوسـەنگ لەسـەنگ و بـەهادا، وەك جیاکردنـەوەی حەقیقەقـەت و ناحەقیقـەت، چـاکەو خراپـە، حیزبـی و ناحیزبی، خاوەن حیکایەت و بەتاڵ لەحیکایەت. هاوکات دەرەنجامی ئەم جۆرە لەرۆشنبیری نادنیابین هەژارترین خۆینـەرو هـەژارترین دەزگـاو هـەژارترین دۆخـی فەرهـەنگی دروسـتدەکات و خولقێنـەری هـەزاران خـەیاڵی کوشـندەیە بـۆ کوشـتنی تێکسـت و بێبایـەخکردنی روانـین و دنیابینییە جیاوازەکان.

هەڵبەت لەم وتارە کورتەدا هێندە دەتوانین کۆمـەڵێك رووی ئـەو هەژارییـە گـەورە رۆشـنبیرییە بخەینـە بـەرباس و ئـەو مـەودا جیاوازانـەش بخەینـە روو کـە بـە دنیابینییـەکی جیـاواز و رەخنەگرانەوە کار لەسەر ناسین و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ترادسـیۆنە داخراوانە دەکەن و لەدەرەوەی ئەو دەسـەڵاتی حیکایاتانـە کـراوەتـر و جیاوازتر کار لەسەر خوێندنەوەی کۆمەڵگاو دەسەڵات و موقـەدەس و فەرهەنگ دەکەن.

کۆمەڵگەی خامۆش

- کۆمەڵگەی حیکایەتە بچوکەکان

(کۆمەڵگە، یادەوەری، سێکس)

- کولتوری کوێرایەڵی

- جەستە و کۆمەڵگە

- سێکس و وێنەکانی

- مرۆڤی یادەوەری

کۆمەڵگەی حکایەتە بچوکەکان

کۆمەڵگە، یادەوەری، سێکس

کۆمەلگەی حیکایەتە بچوکەکان، کۆمەلگەیەکە کە غەرقی یادەوەریو مێژوو بووە، گرفتاری پەیوەندییە لۆکاڵییەکانی خۆیەتی بەکولتورو سیستمێکی کۆمەڵایەتی داخراوەوە، کۆمەلگەیەکە تائەوپەری داخران دەروازەکانی ڕوانینو ئەو دنیابینیە داخراوەی کە لەشێوەی قەفەزێکدا هزرێکی لۆکاڵی سنوربۆکێشراو بەرهەمدەهێنێتەوە، بەلام گرفتاری ئەو جیاوازییانە نیە کە خولقاوی فەرهەنگێکە خوازیاری گرانەوەو پەیوەندیو ئاڵوگۆڕکێی فەرهەنگیو ژیاریییە لەتەك ئەوانیدیدا، تێگەیشتنی ئەو کولتورە لەدنیاکانی دەرەوەی خۆی تێگەیشتنێکی ئیفلیجە کە لەتوانایدا نیە سنورەکانی روانینی مێگەلو خەیالگە نەریتییەکانی ئەو فەرهەنگە تێپەڕێنێتو ئەو بونیادە داخراوە هەلوەشێنێتەوە کە سەرزەمینێکە بۆ فرێدانی مانای نوێو بەهای نوێ، کە ڕوبەرێکە بۆ داگیرکردنی زۆرترین پانتایی بۆ حیکایەتێکی بچوکی ترادسیۆنی.

ئێمە لەکتێبی کۆمەڵگەی داخراودا زۆرێك لەو مۆدیل پەیوەندیو کولتورو روانینو دنیابینیانەمان راڤەکرد کە دەبنە خەسڵەتە هەرە جیاکەرەوەکانی کۆمەڵگەیەکی نەریتیو داخراو، بەڵام لەم باسەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو وردەکارییانەی کە دەبنە پێکهێنەری ئەو دنیا داخراوەی فەرهەنگی کۆمەڵگە داخراوەکانو ئەو حیکایەتانەی کەدەبنە کلێشەسازییەکی کۆنکرێتی بۆ بەستنەوەی مرۆڤ لەیەکەیەکی داخراوی پەیوەندیو هزرو ڕەمزو بەهاو یادەوەرییەکی سەرتاسەری خامۆش لەئەکتیڤو گۆڕانو وەرچەرخانی گەورە.

حیکایەت لەئاستێکی ژیاریدا دابەشدەبێت بەسەر چەند ناوەندێکی یەکانگیردا کە دەبنە سەرچاوەگەلێکی کاریگەرو پەیوەندیامێز بۆ بەرهەمهێنانو وەبەرهێنانی خەیاڵگەو پانتاییەکی ترادسیۆنی:

یادەوەری: هەرچەندە هێزێکی ترادسیۆنییە لەپشت هەر حیکایەتێکەوە، هاوکات خەیاڵگەیەکی گەورەشە بۆ تاوتوێکردنی رابردوو، بۆ بەخشینی هەستێکی گەورەی نۆستالژیو بچوککردنەوەی پانتاییەکانی روانین لەسەرزەمینێکی داخراوی رابردوامێزدا، ئەو ئاستەش دابەشدەبێت بەسەر دوو مەودای جیاوازدا کە یادەوری دورو یادەوەری نزیکە، بەمپێیە یادەوەرییە دوورەکان هەرچی ئەو مێژوە دورودرێژە خەیاڵپێکراوو هەستپێکراوە دەگەیێنێت کە دەبنە کەرەستەی بەرهەمهێنانو هزری پشت هەر بیرکەرەوەیەك، یادەوەری نزیکیش پێکهاتەی ئەو خەیاڵدانە ئێستاییە پێکدەهێنێت کە دەبێتە خولقێنەری

داڕشتەیەکی پەیوەندیامێز بۆ گرێدان و جۆینکردنی ئاستە جیاجیاکانی زەمەن لەرابردووەوە بۆ ئێستاو داهاتوو.

یادەوەری یەکێکە لەپێکهێنەرە هەرە بنچینەیی و سەرەکییەکانی حیکایەت و هاوکات دامەزرێنەری کلێشەیەکی فەرهەنگی و سایکۆلۆژی و نۆستالژی و زەمەنییە کە دەبنە پێکهێنەرێکی گشتگیر بۆ خولقاندنی حیکایەت و بەردەوامبون و پارێزگاریکردن لەمانەوەو نوێبوونەوە.

رووداو: یەکێکە لەپێکهێنەرە سەرەکییەکانی حیکایەت و مەودایەکی دیاریکراوە بۆ بەرجەستەکردنی بابەت و بەسەرهاتەکان لەپانتاییەکی چنراوی ساتەوەختەکان و گرێدانەوەی یەکلەدوایەکی گێڕانەوەو بەردەوامبوون. هاوکات رووداوو بەسەرهاتەکان چەند وێناکراوێکی واقعی بن، هێندەش بەرهەمهێنەری خەیاڵ و وەهمی گەورەن، هەرچەندە گوزارشت بن لەشوێن و کاتی دیاریکراو، بەلام گوزارشتێکی نادیاریکراویشن لەشوێن و کاتی ئەفسانەیی و فەنتازی.

بابەت: بەبێ دیاریکردنی بابەتی گێڕانەوە قسەکردن لەسەر حیکایەت مەحاڵەو بونی نیە، حیکایەت بەرهەمهاتوی چەندین بابەتی دیاریکراوە کەدەبێتە هەلگری خەسڵەتە تایبەتمەندەکانی حیکایەت، گێڕانەوە بەبێ بابەتی دیاریکراو دەبێتە بابەتێکی میتافیزیکی، هاوکات یادەوەری و رووداوەکانیش بەبێ بابەتی دیاریکراو نابنە ئەو داڕێژەرە کلێشەسازەی کە بینای حیکایەت دەکات.

چێژ: پۆلێنکردنی چێژەکان دەرخەری تایبەتمەندی و ئاستی کاریگەری و بەردەوامبوون و مانەوەی حیکایەتەکانە، واتە هەر حیکایەتەو چێژی تایبەتی خۆی هەیە، یان چەند چێژێك

دەبەخشێت، چێژەکانیش بریتین لە: چێژی سەروەری، چێژی پیرۆزی، چێژی تابۆ، چێژی قەدەغەکراوەکان، چێژی پاڵەوانێتی، چێژی ژیانێکی باشتر، چێژی مردن، چێژی سێکس، عیشق، سەفەر، چاوەڕوانی، چێژی نائاسایی وەك چێژی کوشتن بەشێوازە جیاجیا، چێژی سێکسی بەشێوازو جۆری جیاواز(وەك لیسبیان، هۆمۆسیکسواڵ، فیتشی، ئەفسانەیی‌و ئاینی‌و مێژویی)...تاد، ڕەنگە هەر حیکایەتەو بەپێی بابەتی دیاریکراو هەڵگرو پەخشکەری کۆمەڵێك چێژی دیاریکراو بێت بۆ سەرسامکردن‌و بەردەوامبون‌و خرۆشان‌و دروستکردنی حەماس‌و خرۆششان‌و خولقاندنی سوپەرمان‌و پاڵەوانی ئەفسانەیی. هاوکات ڕێژەی گەیاندنی ئەو چێژانە وەستاوە لەسەر شێوازو جۆرەکانی گێڕانەوە.

گێڕانەوە: ئەم پێکهاتە گرینگەی حیکایەت دابەشدەبێت بەسەر دوو مەودای جیاوازدا، یەکەم گێڕانەوەی کلاسیکییە؛ کە بریتییە لەگێڕانەوەی زارەکی یان وتاربێژی یان دەماودەم، دووەم: گێڕانەوەی مۆدێرن کە گرتنەبەری کۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆری گێڕانەوەو پێشکەشکردن‌و پەخشکردنە.

دنیای مۆدێرن سەرباری ئەوەی دنیای پەیوەندییەکان‌و دنیای گۆڕانکارییە گەورەکان‌و جیهانبینی‌و جیهانگەرییە، دنیای حیکایەتی نوێ‌و سەدای نوێ‌و دەنگدانەوە گەورەکانە، دنیای تێگەیشتن‌و شیکردنەوە جیاوازەکانە، هاوکات دنیای شێوازە مۆدێرنەکانی حیکایەتەکانە، دنیای بەکاربردن‌و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنە بۆ گێڕانەوەو پەخشکردنی حیکایەتی کۆن‌و نوێ.

سەرەتا حیکایەتەکان سەرباری ئەوەی دەماودەمو زارەکی نەوە دوای نەوە دەگوێزرانەوە، دواتر بونبە نوسراوو تابلۆی کێشراوی دەستی ئەو وێنەکێشە ئەفسانەییانەی کە تائەورۆکە ناویان ونە، هەڵبەت ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی دورودرێژی فەرهەنگیو مێژوویيو کۆمەڵایەتی بووە، دواتر ئەم پرۆسەیە بەچەند شێوازێکی دیکەو بەخەیاڵدانێکی دیکەو بە کۆمەڵێك مۆدێلی دیکەوە بەردەوام دەبێتو حیکایەت بەرهەمدەهێنێتەوە، بەڵام لەئاستێکی دیکەی ژیاریو فەرهەنگیدا.

ئەورۆکە وێنەی فۆتۆگرافو ڤیدیۆو تەلەفیزیۆنو شانۆو دراماو سینەما، کەرنەڤاڵەکانو فیستیڤاڵەکانو ئینتەرنێت، کەرەستەگەلێکی مۆدێرن بۆ گێڕانەوەو ئەرشیفکردنو پەخشکردنو هێشتنەوەو دوبارەکردنەوەی حیکایەتەکان یان بەرهەمهێنانو خولقاندنی حیکایەتی نوێ، ئەم ساتەوەختە دارێژەری مۆدێلێکی دیکەی روانینو دنیابینییە لەئاستێکی نادیاریکراوی وێناکردنو بەرجەستەکردندا.

دنیای مۆدێرنو حیکایەت

ئەوەی دەمانباتەوە سەرحیکایەتەکان، تەنها حیکایەتو وێنەوویناکراوەکان نین، بەڵکە ئەو روبەرە گەورە ژیارییە کە سەرلەبەری ژیانو جوڵەو گۆڕانەکان دەکات بەیەکپارچە سەرگوزشتەو یادەوەریو درێژکراوەیەکی مێژوویيو شارستانیو بەرجەستەکردنی مەودایەکی نادیاریکراوی روانینو خەیاڵدانێکی گەورەی حیکایەتامێزو پەیوەندیامێز.

میکانیزمە مۆدێرنەکانی حیکایەت یان ئەو ماشێنە گەورەیەی کە بەرهەمهێنەری حیکایەتە لەدونیای مۆدێرندا لەپێکهاتەیەکی بەرفراوانی وێناکردنو گێڕانەوەو ئەرشیفکردنو پەخشکردن، خاڵی نیە لەو ئاستە ژیارییەی ڕوانینو بچووککردنەوەی دنیابینی، بەڵکە پێکهاتەیەکی زۆر لەو ئاڵۆزترە کە ئێمە لێیتێگەیشتوین، زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە لەخەیاڵماندا وێنەی بۆ دەکێشین، زۆر لەوە گونجاوترە کە ئێمە وەك ناهاوتاو ناتەبایەك سەیریبکەین.

یەکێك لەو ناوندە گەورانەی کە بەکۆمەڵێك کەرەستەو میکانیزمی بێشومارەوە کار لەسەر بەرهەمهێنانی حیکایەتەکان دەکات.. ڕاگەیاندنە، یەکەمینو سەرەتاییترین کەرەستەکانی ڕاگەیاندن فۆتۆگرافە کە ڕاگەیەندراوێکی وێنەییە بۆ وێنەکردنی ئێستا لەیادەوەریو حیکایەتەکانیدا بەرجەستەکردنەوەی لەپانتاییەکی گەورەی تەماشاکردنو بینیندا، بۆ ئێستایەکی خوازراوو نەخوازراو. وردکردنەوەی ئەم کەرەستەیە تێگەیشتنی ئێمە فراونتر دەکات لەڕووبەرەکانی ئەو کاریگەرییەی کە وێنەی فۆتۆگرافییەکان دروستیدەکەن.

وێنە بەرلەوەی وێناکراوێکی بەرجەستەی ڕووداوو سەرگوزشتەو ساتەوەختە دیاریکراو و خوازراوەکان بێت کلێشەیەکە بۆ ڕاگرتنی ئێستا بە هەموو یادەوەریو خەیاڵپێکراوەکانیەوە، ساتەوەختێکە بۆ نەخشەکێشانی هەر یادەوەرییەك بەر لەبوونی یادەوەری، واتە ئەوەی وێنە دەیکات تەنها گەلاڵەکردنی یادەوەری نیە لەنەخشەیەکی دیاریکراودا، ئەو حیکایەتانە لەتاکەیەك وێنەدا

بەرجەستە دەبێت‌و دووبارە دەبێتەوە لەتوانایدایە گەردونگەرای هەموو ئەو ساتەوەختانە بکات کە لەلای ئێمە دەبنبە یادەوەری‌و تێدەپەڕن.

وێنەکان دەبنە کۆمەڵێك ئاماژەی کاریگەر بۆ وروژاندن‌و پەیوەندی‌و مانەوەی حیکایەتکان لەبەرجەستەکراوێکی وێنەیی‌و مەودایەکی دیاریکراوی مێژوویی، ئەو وێنانە هەر لەسەرەتای وێنەگرتنیانەوە حیکایەت‌و یادەوەرییەکانی ئێمە ئەرشیف دەکەن، ئەرشیفکردنی هەر ساتەوەختێکی ژیاری مرۆڤ خواست‌و خەونێکی مەزن‌و گەورەی بونگەرایانەی تەواوی مۆرفایەتی‌و دڵەڕاوکێیەکی وجودیانەی مرۆڤەکانە بۆ وێناندن‌و دیمەنسازی بەهاو نرخ‌و سەرمایە ڕەمزییەکانی ژیان‌و شەڕێکی گەورەشە لەگەڵ مەرگدا، ترس لەمەرگ یەکێکە لەدیاردە هەرە ژیاری‌و فەلسەفییەکانی مرۆڤ بەدرێژای مێژوو تا قوڵایی شارستانی‌و تا ئەوڕۆکە هەر ئەو پانتاییە ئەبستراکتە نەزانراوەیە کە هاندەرێکی سایکۆلۆژی‌و کولتورییەو پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆئەوەی بەردەوام بگەڕێت بەدوای ئەو شتانەی کە ژیان خۆشترو باشتر دەکەن. هەڵبەت هاوواتاو هاوماناکانی مەرگ کە دەبنە پاڵنەری گەورە بۆ ململانێ‌و گەڕان بەدوای کەرەستەگەلی جیاجیا بۆ خۆشترکردنی ژیان، وەك برسێتی، نەخۆشی، درم، تۆفان‌و زریان، مردنی ئاژەڵ‌و پەلەوەرکان، مردنی مرۆڤ، کۆچکردن‌و شەڕ، ...تاد، هەموو ئەو هاومانایانەی مەرگ ناوەندێکی ترس پێکەوە دەیان بەستێتەوە کە مەرگە، لەڕاستیدا بە ئەرشیفکردنی وێنەیی لەڕێی کامێرای فۆتۆگرافەوە هەرچی وێنەی شەڕو کوشتارو

نەخۆشی و برسێتییە لەیەك وێنەی مەرگ و پانتاییەکی گەورەی وێناکردندا بەرجەستەیان دەکاتەوە، بەهەمان شێوە، بەلام بەشێوازێکی جیاوازتر بەتەکنیکێکی دیکەوە وێنەکان لەبەرجەستەکراوێکی جولاودا ئەو مێژووە دەپارێزن کە دەبێتە حیکایەت و گێڕانەوە، ئەو تەکنیکە نوێیەش کامێرای ڤیدیۆییە.

ئەورۆکە مرۆڤی مۆدێرن کە فیلمە دوکومێنتییەکانی هەردوو جەنگی جیهانی تەماشا دەکات، تەنها سەیرکەرێکی ئاسایی نیە، بەڵکە خودی ئەو بابەتە دوکومێنتیانە داملڕاوی مێژووییەکە کە سەروەختێك لێوانلێو بووە لەگێڕانەوەو سەروەری و ململانێ و ترس و دلڕاوکێی مەرگ، بەلام ئەورۆکە من و تۆی بینەر بێجگەلەوەی کە کەوتوینەتە فەزایەکی دیکەی تەماشاکردنەوە، وەرگر و گوێگرێکی باشی ئەو حیکایەتانەیەن کە زارێك بۆمان ناگێڕێتەوە کە نوسراوێك نیە تەنها بیخوێنینەوە، بەڵکە پانتاییەکی گەورەی بینین و حیکایەت و وێنەو جولانەوەی مرۆڤ و شتەکانە، شکاندنی ئەو تەلیسمە نادیارەیە کە بەهۆیەوە لەبەردەم حیکایەتە کۆنەکاندا سەرسام دەبوین. هەرچەندە حیکایەت مۆدێرنەکان پێکهاتەیەکی یەکانگیری یادەوەری و بابەت و چێژو روداو و گێڕانەوەن، بەلام تایبەتمەندییەکی دیکەشیان هەیە کە کۆکەرەوەو کلێشەسازی سەرجەم ئەو پێکهاتە ئاساییانەی حیکایەتن، ئەویش ئەوەیە کە حیکایەتی مۆدێرن خاوەنی هێزو فشارێکی دیکەیە کە سیحری گێڕانەوە نیە، بەڵکە سیحرێکی دیکەیە بۆ سەرسامکردنی مرۆڤ لەئێستاداو داگیرکردنی مرۆڤ بە وێنەی جولاوی یادەوەرییەك

پڕاوپڕ لەحیکایەتی شاراوە، لێوانلێو لە حەقیقەتی وەهمی لەبەرجەستەکراوی وەهمیو واقعی.

هاوکات دنیای مۆدێرن دنیای پەخشکردنێکی کۆمەڵە چێژێکی هەستپێکراوو وێناکراوە، هەروەها ویچنەکێشێکی بە سەلیقەی رووداوو حیکایەتو بابەتەکانی گێڕانەوەیە، وەك چۆن نەقاشێکی کارامەی تابلۆ چێژبەخشەکانە، بەهەمانشێوە ئەندازیارێکی مەعریفییە بۆ سازکردنی سیناریۆگەلێکی چێژبەخشو خرۆشێنەر یان وروژێنەرو سۆزامێزو عاشقانە یان شەڕانگێزانە، شۆرشگێڕانە یان بەزەییو سزابەخشانە.

کولتوری گوێڕایەڵی

خێزان وەك یەكەیەكی كۆمەڵایەتی نەریتیی ئاڵۆزو یەكانگیر، كە كۆكەرەوەیەكی بەهێزی سەرلەبەری پەیوەندییەكانی مرۆڤە بە كولتورو كۆمەڵگەو ئاین‌و پەروەردەو روانینی باو و ئیرادەیگشتی كۆگەلێك لەپەیوەندی‌و هاوخوێنی، بەواتایەك بچوكترین یەكەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە نەریتی‌و داخراوەكان خێزانە، خێزانیش بونیادێكی كۆنكرێتییە كە تەواوی فەرهەنگ‌و ترادسیۆن تانوپۆدەكات‌و رایەڵ مرۆڤ وەك بونەوەرێكی كۆمەڵایەتی هەڵئەلوشی‌و سەرلەبەری تایبەتمەندییە تاكەكەسییەكانی لێدەسێنێتەوەو غەرقی ئەو مەڵبەندە بچوككراوەی كۆمەڵگەی دەكات، بە واتایەك خێزان كۆمەڵگەیەكی چڕكراوەو بچوككراوەیە لەچوارچێوەی دیواری ماڵ‌و پەیوەندی‌و پێبەندی‌و پەیوەستبون. ماڵ كە خانەی كۆكردنەوەو بەخێوكردن‌و پەیوەندییە بچوكەكانی مرۆڤە، بەهەمانشێوە خانەی بەرهەمهێنان‌و وەبەرهێنانی ئەخلاقیات‌و فەرهەنگی كۆمەڵایەتی‌و دارێژەری سایكۆلۆژیای تاكەكەسەكانە.

ئەوەی لێرەدا باسی لێوەدەكەین‌و كار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو ستراكچەرە كۆنكرێتییەی دەكەین خێزانە لەكۆمەڵگە داخراو و نەریتییەكاندا، واتە ئێمە باس لەخێزانی مۆدێرن یان مۆدێلی

گۆڕاوی خێزان ناکەین کە لەماڵە ترادسیۆنەکانەوە بووەبە خانەی تاکەکەسی، واتە لەخانەی بە کۆمەڵەوە گۆڕاوە بۆ خانەی خودی تاکەکەس‌و کۆکردنەوەی ئەو زاتە پەیوەندیدارەی کە کۆی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆی شوناسی ئەو پێکدەهێنێت‌و فەرهەنگی ئەو فەرهەنگێکی کراوەترە لەئاست ئەو روانینە نەریتی‌و فەرهەنگییەی کە خێزانە داخراوەکان بەرهەمی دەهێنن، واتە یەکەی بچوکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگە کراوەو مۆدێرنەکاندا تەنها خێزان نیە، بەڵکە خێزان یەکێکە لەو یەکە بچوکانەی کۆمەڵگە، هاوکات ئەو یەکە بچوکەی کە خێزانە لەکۆمەڵگەیەکی کراوەو مۆدێرندا کە بەرهەمهێنەری فەرهەنگ‌و ئەخلاق‌و سایکۆلۆژیای تاکەکەس نیە بەگشتی، بەڵکە خودی خێزان نابێتە بەرهەمێنەری فەرهەنگ، بەڵکە ئەوە ناوەندو دەزگا مۆدێرنەکانن کار لەسەر بەرهەمهێنان‌و گۆڕینی فەرهەنگ دەکەن، لەکۆمەڵگەی کراوەدا کە قوتابخانە یەکێکە لەو یەکە فەرهەنگییە هەژمونگەرو بەرپرسیارەی دەبێتە بەرهەمهێنەری فەرهەنگ‌و دەستکاریکاری ترادسیۆن‌و ئەخلاقیاتی نەوەکان‌و پێشخستنی ئاستی هەڵسوکەوتی شارستانی‌و ئاکاری مۆدێرن‌و دابونەریت‌و روانین‌و دروستکردنی دنیابینی‌و روانینی دەرەوەی فەرهەنگی باو و ئەخلاقیاتی داخراو، میتۆدی کارکردنی ئەم دامەزراوە فەرهەنگییە مۆدێرنە جیاوازترەو تاڕادەی غیابی ترادسیۆن لەڕێی کۆمەڵێك میکانیزمی هەستیارەوە کاردەکات بۆ نزیکبوونەوە لەخودی تاکەکەس‌و دەستکاریکردنی سایکۆلۆژیاو ئاستی روانین‌و پێشخستنی تایبەتمەندییە

تاکەسییەکانی مرۆڤ. واتە ئەوەی قوتابخانەی مۆدێرن کاری تیادا دەکات دروستکردنی سوپایەك نیە لەمرۆڤی تاکرەهەندو بێ جیاوازی، کە وەك یەك بیردەکەنەوەو خەیاڵیان وەك یەکەو روانینیان نزیکە لەیەکترییەوە، هاوکات دروستکردنی کۆمەڵگەیەك نیە لەیەك ئیرادەو لەیەك خەونو لەیەك روانیندا، بەڵکە کارکردنە بۆ فەرهەنگێکی جیاوازی روانینو کۆکردنەوەی سەرلەبەری دنیابینییە جیاوازەکان لەرووبەرێکی گەورەی پڕ گفتوگۆو پڕ گۆڕانکاریو تێگەیشتن لەیەکتری، هاوکات قوتابخانەو میتۆدی مۆدێرنی خوێندن بەرهەمهێنەری مرۆڤگەلێکە کە وەك یەك بیرناکەنەوە بەڵکە چانسەکانی بیرکردنەوەو گەلاڵەبونی دنیابینی گەورەترن لەهەر پرۆگرامێکی سەرتاسەری پەروەردەو فێرکردن، هاوکات پرۆگرامە مۆدێرنەکان هێندەی بەرهەمهێنەری مرۆڤێکی ئیرادەگەرە هێندە بەرهەمهێنەری مرۆڤێکی رامکراو نیە.

کاری قوتابخانە لەسەربازگەوە گۆڕاوە بۆ بەرهەمهێنانی روانینو بەشداریو کاریگەری جیاجیاو جیاوازی دنیابینی، هەروەها لەسەر ئاستی مۆدێلێش لەگرتوخانەوە گۆڕاوە بۆ فەزایەکی کراوەتری پڕ لەگفتوگۆو ئەکتیڤیتی، بەلام هەرچی قوتابخانەو فێرگەیە لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا هێندەی نزیکە لەسەربازگەو گرتوخانەیەکی گەورەوە هێندە ناتوانێت وەك دامەزراوەیەکی مۆدێرن سەیربکەیت، هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵە:

1/لەرووی ستراکچەرو نەخشەو کلێشەسازییەوە.

2/پێكهاتەی ناوەكی قوتابخانە.

3/فەرهەنگ.

4/لەڕووی سایكۆلۆژییەوە.

5/لەڕووی دامەزراوەییەوە.

هەرچی خاڵی یەكەمی ئەو هۆكارانەیە كە بوونەتە بەربەست لەبەردەم دروستبونی قوتابخانە وەك دامەزراوەیەكی مۆدێرن، بریتییە لەكێشەی بونیادی كە دابەشدەبێت بەسەر چەند پێكهاتەیەكی بنەڕەتیدا: هەڵبەت یەكێك لەو گرفتە گەورانەی كە دامەزراوەی قوتابخانە پیایدا تێدەپەڕێت و وەكوخۆی بەداخراوی هێشتویەتییەوە، لەڕووی كڵێشەو دیكۆرو بیناسازییەوە ئەوەیە كە قوتابخانەیەك نابینێت وەك سەربازگە یان وەك گرتوخانەی جیاجیا لەیەكتری دروستنەكرابێت، لەڕووی بیناسازیشەوە هێندەی گرنگیدراوە بە داخران و بچوككردنەوەی روبەرەكانی بینین، وەك پەنجەرەی بچوك، یان پەنجەرەی باریكی درێژی تەلبەندكراو، هاوكات جیاكردنەوەی بێشوماری پۆلەكان لەیەكتری، دیواری بەرزو دەرگای ئاسن و مەحكەم. شورای قوتابخانەكان هیچی كەمتر نیە لەشورای سەربازگەكان و هاوشێوەیەكی دیكەی ئەو مەودا داخراوەیە.

هاوكات لەڕووی كڵێشەدانانی پۆلەكانەوە، وەك دانانی كورسییەكان بەدوای یەكتریداو دواتر بوونی مامۆستایەكی چاودێر لەسەرو هەموویانەوە، نەبونی وانەو خوێندنی كرداری، بونی بلاكبۆردێك(تەختەرەش)ی مردوو لەبەردەم سەرجەم قوتابییەكاندا، كە رەمزێكی شاراوەیە بۆ راهێنانی مرۆڤ لەسەر ئەو

دەسەڵاتە نادیارەی فێرکردن، کە ئەمانە هەمووی هۆکارگەلێکی بەهێزن بۆ کوشتنی ئارەزوو و خەیاڵو کەمکردنەوەی چێژی بیرکردنەوەو خوێندنو خولیایەکی دیکەو جیاواز.

بونی کۆمەڵە هۆکارێکی دیکە کە پێکهاتە ناوەکییەکانی قوتابخانە رەنگرێژ دەکات، بریتین لەشێوازەکانی وانەوتنەوە، میتۆدی وانەکان، چۆنێتی مامەڵەکردن. هەرچی شێوازی وانەوتنەوەیە لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا شێوازێکی کۆنو پڕ زەبروزەنگە، هاوکات هێندەی هاوشێوەی حوجرەی ئایینیی و تەلقینەو بەرنامەیەکە بۆ لەبەرگرتنەوەی دەقاودەقی بابەتەکان بەبێ دروستکردنی روانینو رەخنە لەسەر هەر بابەتێکی فێرکردن، هێندە بەرنامەیەك نیە بۆ خوێندنو دروستکردنی دیالۆگو گفتوگۆی جیاوازو وروژاندنی خەونو خولیاکان، لەبەرئەوەی تۆی قوتابی بەردەوام لەبەردەم مامۆستایەکی وانەبێژو قسەکەرو بەدەسەلات دایت، ئەو کە قسەکەرێکی رەوانبێژە لەچاو تۆی قوتابیدا، خاوەن دەسەلاتو بڕیارو بیرکردنەوەشە، تۆش فێرخوازێکی بێدەنگو بێ دەسەلاتو قسەنەکەریت، دەرەنجام هاوکێشەیەك بەرهەمدێت کە بێجگە لەبچووککردنەوەی تۆ هیچی دیکەی لەبەرنامەدا نیە، ئەم شێوازە کاردەکات بۆ دانانی شوناسێکی بەکۆمەڵ بۆ هەموو فێرخوازێكو سەپاندنی تاکەیەك میتۆدی خوێندنو بیرکردنەوەو روانینو گرفتارکردنی تۆی خوێنەوار بەتاکەیەك پرۆگرامی کۆنو سواو و بێدەنگکارەوە، سەرجەم ئەم میتۆدە دەرەنجام بەرهەمهێنەری ئەو سەربازە گوێڕایەڵەیە کە

هەمیشە ئامادەی گوێگرتنو ئاماژەو زانیاریەکانە، بەلاّم بێئیرادە، بێ خەون، داماڵراو لەهەر فەنتازیایەکی تاکەکەسی، بەتاڵ لەهەر ئارەزوییەکی نادیاریکراوی خودئاگایی، بەتاڵ لەگۆڕان، بەلاّم پڕ لەدووبارەبونەوەو نائامادەگی.

هاوکات نائامادەو بێتوانایە لەبەردەم چوارچێوەی زانیاریو میتۆدی سەربازی کە خولقێنەری فۆبیایەکی گەورەو ستەمێکی گەورەی رۆحیو دەروونیو فەنتازییە. بۆنمونە چۆن ناتوانێتو بۆی نیە لەدەرەوەی ئەو میتۆدی مامەڵکردنو روانینەدا ئارەزوویەکی دیکەی هەبێت، بەهەمانشێوە سەربازێکیش نەخاوەنی ئیرادەی خۆیەتی نەخاوەنی تاکەیەك خەونی خۆیەتی، نەخاوەنی روانینێکی وجودیانەی خودی خۆیەتی، لەکاتێکدا چۆن سەربازگە دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی ستەمکاریو داتاشینی مرۆڤ بۆ بووەیەکی شەڕانگێز، بەهەمانشێوە قوتابخانەش لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا بە کۆمەڵێك میکانیزمی دیکەوە تاکەکەس دادەماڵێ لەخەونو خولیاو بیرکردنەوەی تاکەسیانەی خۆیو دەیبەستێتەوە بە سیستامێکی موراڵی دۆگماییەوەو وەك هەر ئاژەڵێکی ماڵی رامیدەکاتو رایدەهێنێت لەسەر تاکەیەك حیکایەتو تاکەیەك ئیرادەو خەونێکی بچوکی شارستانی.

هەموو ئەمانەش دەرەنجام خولقێنەری مرۆڤێکن پڕ لەزەبروزەنگی خەفەکراو پڕ لەشەڕانگێزیی داپۆشراو و نادیار. لەبەرئەوە چۆن سەربازگەو خزمەتی سەربازی دەزگاگەلێکن بۆ کوشتنی خەونو ئارەزوەکانی تاکەکەسو رەخنەکوژو ئیرادەکوژن،

هاوكـــات قوتابخانـــەش لەكۆمەڵگـــە داخـــراو و تۆتاليتـــاريیو ديكتاتۆرييەكانـــدا بـــۆ قوتابيـــانو مامۆســـتاكانيش ناوەندگـــەلێكی خامۆشكارن بۆ كوژاندنەوەی ئارەزو و خـەونو ئـيرادەی تاكەكـەسو خولياو روانينو دنيابينييە تاكەكەسييەكانو هەموو ئـەو داهێنـانو بيرۆكانەی كە لەعەقڵی هەريەكێكدا گەڵاڵە دەبێت..

فەرهـەنگی داخـراوی قوتابخانـەكان هـەمان فەرهـەنگی داخـراو و ژەنگگرتـووی كۆمەڵگـە نـەريتیو داخراوەكانـە، بەواتايـەكی دی ئـەو فەرهەنگـە لـەناوەوەڕا هـەڵگری دنيايـەك نـەريتی كـۆنو كۆنپـارێزیو حيكايەتامێزە، ئەو فەرهەنگە بە ئەندازەيەك لۆكاڵييە كە رووەو نـاوەوە لەبـچوكبوونەوەو چـڕبونەوەدايە بەسـەر خۆيـدا، هاوكـات بێئەنـدازە هەڵگرو وەرگرو پەخشكاری ئەو فەرهەنگە هەژارەی كۆمەڵگەيە. ئەو كە هەڵگری نەريتی بێئاگاییو ئيرادەيـەكی داخـراوی مێگەلـە، بـەردەواميش كـار لەسـەر ئـەو وێرانەيـە دەكـات كـە هەرچـی جيـاوازی روانـينو دنيابينييەكانی دەرەوەی خۆيەتی جێی قبوڵو رێزگرتنو گفتوگۆ نـيين، هاوكـات تاكەيـەك خەيالگـە سەرچـاوە هـزریو ئەخلاقييـەكانی ئـەو پێكدەهێنن.

خـــاوەنی شوناســـێكی ديـــاريكراو نيـــە، بەڵكـــە لـــەقوناغێكی هەڵاهـــەڵای بـــەر لەشـــوناسو كۆكردنـــەوەی فەرهەنگيدايـــە، بـــەڵام ستراكـــچەری داخرانەكـــەی هێنـــدە كاريگـــەرە قبـــوڵی هـــيچ گۆڕانكارييەكو وەرچەرخانێكی ريشەيیو چارەسەرسازی ناكات، ئەو فەرهەنگـــە لـــەدەرەوەڕا فەرهـــەنگێكی بـــچوكە كـــە لـــەدوتوێی پێكهاتەيـــەكی ديـــاريكراوو ســـنورداردا هەڵئەســـوڕێ، بەواتايـــەك

بازنەیەکی بەرفراوانی ئەخلاقیو نەریتیو پارێزەری ئەو هەژارییە فەرهەنگیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەیە کە مرۆڤەکان لەرێی دابەشکراوێکی ئەخلاقییەوە دابەشدەکاتەوە بەسەر کۆمەڵگەو پێکهاتەو یەکە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکاندا، رووبەرێکی ئەخلاقی گەورەیە بۆ غەرفکردنی هەر روانینێك لەخۆیداو بچووککردنەوەی هەر حیکایەتێك لەخۆیدا، ئەم فەرهەنگە لەرێی میکانیزمی رامکردنی ئەخلاقیو نەریتپارێزییەوە کاردەکات بۆ بەردەوامبونی خۆی، ئەو لەململانێی گەورەدایە بۆ مانەوەی خۆیو بەرفراوانکردنی پانتاییەکانی خۆی لەرێی زیادکردنی رووبەرە داخراوە فەرهەنگییەکانی خۆی، واتە ئەوەی لەقوتابخانەو فێرگەو زانکۆو دامەزراوە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەدا دەگوزەرێ بچووککراوەیەکی کولتوری کۆمەڵگەیەکی نەریتییە، واتە ئەو مرۆڤەی لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا بەرهەمدێت تاڕادەیەکی زۆر مرۆڤگەلێکی رامکراو و بێدەنگو گوێڕایەڵو خۆشباوەڕن، بەهەمانشێوە ئەوەی قوتابخانەکان تا زانکۆکان بەرهەمیدەهێنن نەوەیەکی بێدەنگو گوێڕایەڵو یائسو بێ خەونو جیاوازییە، ئەوەی روانینو دنیابینییەکی جیاوازی هەبێت بەردەوام دژایەتی دەکرێت یان دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ستراکچەرە کۆنکرێتییەی کە ناوی قوتابخانەو زانکۆیە.

لەڕستیدا ئەو ماشێنە فەرهەنگییە تەنها کار لەسەر رامکردنی مرۆڤەکان ناکات لەچوارچێوەیەکی فەرهەنگی بچوکدا، بەڵکە رووبەرەکانی کارکردنی خۆی فراوانتر دەکاتو سەرلەبەری ناوەندو

دامەزراوە حکومیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکان داگیردەکاتو مۆنۆپۆلی دەکات، هاوکات ئەو داگیرکارییە فەرهەنگییە تەنها رامکردنو گوێڕایەڵکردنو کوشتنی خەونو جیاوازییەکان ناگرێتەوە، بەڵکە کاردەکات بۆ دروستکردنی متمانەیەکی ئەخلاقی خێڵەکی درێژخایەن بۆ تۆخکردنەوەی پەیوەندیو پێبەندی نەریتیو ئەخلاقی، هاوکات بەرهەمهێنەری دڵنیاییەکی گەورەیە بۆ مرۆڤگەلێکی گوێڕایەڵ، ئەوەی کار لەسەر بێدەنگی دەکات تەنها هێزی ئەو فەرهەنگە ترادسیۆنیو لۆکاڵیە نیە، بەڵکە رووبەرکانی ئەو حیکایەتو یادەوەرییە وردودرشتانەن کە مرۆڤگەلێك دڵنیادەکاتەوە لەپاراستنی نەریتو ئەخلاقیاتی باوی کۆمەڵایەتی، ئەو فەرهەنگە سنورەکانی جیاوازی ئەستوردەکاتو میکانیزمەکانی رامکردنو ماڵیکردن لەرێی پەروەردەو فێرکردنو تەلقینەوە بەگەڕدەخاتو شوراکانی نێوان خۆیو کرانەوە بەرزتر دەکاتەوە.

دواجار ئەم فەرهەنگە دڵنیاکەرەوەیەکی ئەخلاقی بەهێزە بۆ رامکردنی مرۆڤەکان لەتاکەیەك دنیای راڤەکراودا، لەتاکەیەك حیکایەتی دیاریکراودا، بەئەندازەیەك دڵنیاکەرەوەیەکی فەرهەنگییە بۆ سڕینەوەی هەر روانینو دنیابینییەکی جیاواز، بۆ سڕینەوەی پرسیارە گەورەکانو بەدگومانییەکان، بۆ بەرپاکردنی ناوەندێکی خەیاڵیو پانتاییەکی وەهمی بێسنور لەخۆشباوەڕی. هاوکات دڵنیاکەرەوەیەکی شارستانییە بۆ رامکردنی مرۆڤ لەکۆمەڵێك موقەدەساتو سەروەریدا، بۆ دەستەمۆکردنی تاکەکەس

بە ئیرادەیەکی گشتی کوشندەو پڕ لەحیکایەتی بچوککردنەوەی مرۆڤ لەبەردەم سەروەرییە وەهمییەکاندا.

فەرهەنگی فێرگەو قوتابخانەکان زادەی ئەم فەرهەنگەیەو سنورەکانی ژیانو بیرکردنەوەو گفتوگۆو جیاوازی لێکنەچوون بەرتەسکدەکاتەوەو ئاستەکانی روانین بچوکدەکاتەوە، میتۆدی خوێندن لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا سەرباری ئەوەی میتۆدێکی هەزیلو کۆنو ژەنگگرتووە، هاوکات میتۆدێکی ئەخلاقیو ترادسیۆنیشە، نەگۆڕینی میتۆد بە چەند ساڵێكو قبوڵنەکردنی هەر گۆڕانکارییەکی دیار لەدەرەوەی خۆیو نائەکتیڤی خودی خوێندنو بەکارهێنانی شێوازە دیکتاتۆرییەکانی دەسەڵاتی رەهای مامۆستاو بەڕێوبەرایەتیو وانەوتنەوە لەکلێشەیەکی ستەمکاریی نەگۆڕو نائەکتیڤدا بەرهەمهێنەری مرۆڤگەلێکی تەلقینکراوی گوێڕایەڵی رامکراووە لەچوارچێوەی ئەو حیکایەتە بچوکانەی کە سەروەختێك دەبن بە وانەکانی زمانو جوگرافیاو مێژوو زانیاری بچوك، نابنە بەرهەمێنەری هیچ خەونێكو ئیرادەیەکی جیاوازی روانین، هەموو ئەو فەنتازیانەش دەکوژێت کە خەون بە کرانەوەو جیاوازیو دەرچون لەو حیکایاتانەوە دەبینێت.

ئەو فەرهەنگە هێندە داخراوە کە لەبازنەیکی داخراو و کارەساتبارو وێراندا دەخولێتەوە. ئەم فەرهەنگە بەرهەمهێنەری دۆگماییو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گوێڕایەڵە.

هاوکـــات لـــەڕووی سایکۆلۆژیـــشەوە، قوتابخانـــە لـــەم جـــۆرە کۆمەڵگانەدا داڕێژەری ئەو شێوازە دەســەڵاتگەراو ســەرکوتکارەیە کـە کار لەسەر وێرانکردنی دەروونو خولیاو چالاکییەکانی مرۆڤ دەکات.

جەستە و کۆمەڵگە

خەفەکردنی ئارەزووە شاراوەکانی تەواوی کۆمەڵگەو تاکەکەس دیاردەیەکی نادیاریکراوو شاردنەوەی روانینو دنیابینی مرۆڤەکانە لەحەشارگەیەکی فەرهەنگیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیدا، بێئەندازە هەڵقولاوی خەفەکردنی جیاوازییو خەونو ویستو داواکارییە مروییو شارستانیو فەرهەنگییەکانە، هاوکات ئەوەی دەکەوێتە ئەو واقیعەوە بێئەندازە قەوارەکەی گەورەترە لەقولایی ئەو خەیاڵدانە کە رووبەرەکانی روانینی سەدان ئەوەندەی ئەو دەرکەوتانەیە کە ساتبەسات پرِدەبن لەحیکایەتو سەرگوزشتەی بێ سەرچاوەو ئاڵگۆرپێکراوی سەپاندنی یاساگەلێکی ستەمکارانەی بێ قسە بەسەر مرۆڤەکاندا.

یەکێك لەشتە کاریگەرەکانی کە تا ئەم سەروەختە بەکراوەییو سەربەخۆ دەمێنێتەوە ئەو خەیاڵدانەیە کە دەبێتە بەرهەمهێنەری رەمزو بەهای جیاوازو جیاکەرەوە لەهەر فەرهەنگو ئایدیایەکی دیاریکراو. هەڵبەت ئەو کلێشەسازییە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەی حیکایەتە شاراوەکانی ناو خودی کۆمەڵگە لەلایەك دەرەنجامی هەموو ئەو چەپاندنو پەراوێزخستنە کۆنترۆڵی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەکە بۆ دیاریکردنی سنورەکانی ژیانو ئارەزوەکانو جڵەوکردنی تاکەکەس لەیەکەیەکی دیاریکراوی

فەرهـەنگی‌و سـایکۆلۆژی‌دا، ئـەم راڤەکارییـە سـەرەتاییە چـەند پەیوەستە بە زانستی دەرونشیکارییەوە، هێنـدەش پەیوەندیـدارە بـە ئەنترۆپۆلۆژیاو کولتورناسییەوە.

بۆئەوەی کەمێك دەرچین لەشـتە گشتییەکان، پێویـستە بـچینە نێـو ئەو قولاییە گەورەیەوە کە پانتاییەکی بـەرفراوانی ئـارەزوو خەیاڵە شـاراوەکانی تاکەکـەس‌و بەشـێکی مـردووی ئـەو رووە زینـدوەی کۆمەڵگەیـە کـە نابینرێـت‌و هاوکـات پێکهاتەیـەکی گـەورەی ئـەو سەرزەمینـە خەفەکراوەیە کـە لەفەرامۆشـبونێکی کۆنزێرڤاتیڤانـەوە سەرچاوە دەگرێت‌و کەنارکەوتویەکی زیندوی کۆمەڵگەیە.

سەرەتا باس لەدیاردەیەك دەکەین کـە ئەورۆکـە لـەدنیای مۆدێرنـدا بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات(بەلاّم بە وێنایەکی دیکەوە لەڕێی کۆمەڵە هێماو ئاماژەگەلێکی ئەفسانەییەوە بەرجەستە دەکرێتەوە)و هاوکات لـەنێو کۆمەڵگـە نەریتییەکانیـشدا کـە ڤاکـسینە بـە مۆدێرنـە ئـەو رەمزو بەها سـادانە کـەمتر بۆتـەوە بـەلاّم یادەوەرییـەکی جەسـتەیی لەپـشتیەوە ئامادەیـە، ئـەویش دیـاردەی خـاڵکوتین‌و کـوتینی نـاو و سـکالاّو نیـازو خـەون کوتین‌و رەمـزو پیـت کـوتین لەسـەر دەسـت‌و قۆڵ‌و شوێنە دیارەکانی جەستە.

جەستە لەدەرەوەی هەر راڤەکاری‌و شیکارییەکی بایلۆژی‌و فیزیکی‌و ئاناتۆمی پانتاییەکی رووبەر کراوەیە بۆ وەرگرتن‌و پەخشکردنەوەو ئاڕاسـتەکردنی ویـست‌و داواو چـێژو تامـەزرۆیی‌و دروسـتکردنی پەیوەندی‌و کۆنتاکت‌و گۆڕینەوەی گفتوگۆو قسەکردن‌و وێنـاکردنی بەخشش‌و روانین لـەڕێی جەسـتەوە. یـان بـە مێـژووکردنی جەسـتە

لــــەڕووی فەرهــــەنگیو کۆمەڵایــــەتیو ئــــاینیو فەلــــسەفیەوە دیاردەگــەلێکی نــوێ نیــە، بەڵکــە خەیالگەیــەکی گــەورەوگرانی لەپشتەوەیە.

هاوکـات بۆئـەوەی بـاس لەجەسـتە بکـەین ناکرێـت نەگەڕێینـەوە سـەر پیرۆزیو ناپاکی جەسـتە لـەڕووی ئـاینیو کۆمەڵایـەتیو فەرهەنگییـەوە، سەرچاوەکانی ئەم گەڕانەوەیشمان هەر چوار ئاینە جیهانییەکەیە، کە بـە ئەندازەیەکی گەورە کاریگەریان هەیە لەسەر بەشـە جیاجیاکانی جیهان، ئاینی یەهودیو مەسیحیو ئیسلامو بـودی، بـەپێی تێـڕوانینو دنیـابینی هەریـەك لـەم ئاینانـە کـە لـەڕێی دەقو پێکهاتـە هـەرە بنـچینەییەکانی بـاوەڕو جیاکردنـەوەی خێـڕو شـەڕەوە، یـان چاکەو خراپـەوە/ پـیرۆزو ناپیرۆزەوە/ پیرۆزو قێزەوەنـەوە، کـار لەسـەر دابەشکردنی دنیا دەکەنو هاوکات ئەم دابەشکردنە قوڵ دەبێتەوە بۆ دابەشکردنی ڕەفتارو ڕوانـینو دنیابینییەکان، دواتر ئەم جیاکارییە ریشەییە دەگاتـە قۆنـاغێکی دیکـەی دابەشــکردنێکی کاریگــەرتر لەســەر ئاسـتی دنیـابینیو هــزرو خــەونو خەیالگە، بەواتایەك ئەوەی دنیابینییـەکان لەیەکدی جیادەکاتـەوە تـەنها هەڵـسوکەوتو پەیوەنــدیو لێپرســینەوە نیــە، بەڵکــە دابەشــبوونێکی ریــشەییە لەســەر ئاســتی قوڵاییــەکانی بیرکردنــەوەو خەیاڵـدان، ئــەم قوڵاییــەش کــە لــەڕووی دەروونییــەوە دابــەش دەبێـت بەســەر ویــستو غەریزەو خواردنو سێکسو باوەڕو بێ باوەڕیو..تاد.

دۆرکهایم پێیوایە: خەسڵەتێکی هـەرە جیاکـەرەوەی ئـاین بریتیـە لەدابەشــکردنی جیهــان بەســەر دوو مەملەکەتــدا کــە نــاکۆکن لەگەوهەردا، یەکەمیان پێکهاتووە لەسـەرجەم ئەوانـەی کـە پـیرۆزنو

ئەوی دیکەش پێکهاتووە لەسەرجەم ئەوانەی کە ناپیرۆزن "ناپاك یان قێزەون")[37]

تــەواوی دنیــای شــتە پیرۆزەکــان وەك بــەهاو نــرخو پــیرۆزی لەسروشتو سەروسروشتدا، بەرامبەر بەدنیای ناپیرۆزی لەناپاکیو بەهای نزمو نائاینیدا خولقێنەری پۆلینکردنو دروستکردنی سەرجەم ئەو پەیوەندییە پەنهانەی نێو خودی مرۆڤن بەشتەکانو کایەو ناوەندو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. یەکێك لەو پەیوەندییە ترادسیۆنانەی کە نائاگایی مرۆڤ گرێدەدات بەئاگایی کۆمەڵایەتییەوە لەرێی ئاینەوە دروستدەبێتو کامڵ دەبێتو دواجار گەشەدەکات بۆ توانایەکی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بۆ دابەشکردنو پۆلێکردنی چاکەو خراپە، پیرۆزیو ناپیرۆزی، ئاساییو نائاسایی، هاوکات ئەوەش بۆخۆی خولقاندنی پێوەرێکی کۆمەڵایەتیو ئاینیو کولتورییە کە ژینالۆژیای مۆراڵ دەکارێ ئەو ڕەچەڵەکانە بدۆزێتەوە کە ئەو سەرەداوە مەعریفیانە پێکەوە دەبەستێتەوە. جیابوونەوەی ئەو دوو مەملەکەتە، جیابونەوەی ئاگاییەکانی مرۆڤە لەدیاریکردنو هەڵبژاردندا کە دارشتەیەکە لەنێوان بێئیرادەییو ناهەڵبژاردندا. هەروەها تەواوی ئەو جیابونەوانەش لەخۆدەگرێ کە نائاگاییەکانی مرۆڤ لەشارستانییەتەکاندا کایە فەرهەنگیو وێناکارییەکانی خودی خۆیانی تیادا بەرهەمدێنن. لەڕووی فەرهەنگییەوە ئاین Religion سیستمێکی کۆمەڵایەتییە، وەستاوە لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بەبوونو سروشت یان بوونەوەرەکانەوە،

37 Emil Durkhiem, Elementary form of Religious life study of Religious sociology. trans .Joseph ward swain . new York .free press 1965 21-33.

یان پەیوەندی بە هێزەکانی سەروسروشتەوە Supernatural force، یان خوداوە، یا پەروەردگارەوە کە باوەڕی پێیەتیو دەمیپەرستێ، لەڕێی ئەو نێوەندانەوە کە لەو باوەڕەدایە ئەوانە نوێنەرایەتی دەکەن یان نوێنەرایەتیان دەکات. هاوکات ئاین لەسیستمێکی هەڵسوکەوتئامێزو یاساورێسای ئەخلاقیدا بەرجەستەدەبێت، وەك چۆن پەیوەندی نێوان پەرستارو پەرستراو شێوەیەك لە سیستمی کۆمەڵایەتی social system بڕیاردراو وەردەگرێت، دواجار شێوازێکی جێگیریشی هەیە. لەبەرئەوەی کۆمەڵگا هەست بەبوونی هێزو دەسەڵاتی ئاینەکەی دەکات، هەڵسوکەوتێکی نمونەییە. گرنگترین خسڵەتەکانی ئاین: باوەڕو وەرگرتنی هەڵوێستی سۆزئامێزە بەرامبەر پەرستراوو هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بۆ نزیکبوونەوە لێی، بەجێگەیاندنی ئاهەنگو سروت Rites & Ritual.[38]

گەڵاڵەکردنی پەیوەندییەکانی خودی ئاین لەنێو خۆیدا وەك کولتوری ئاینی لەڕێی باوەڕو وێناکردنەکانەوە، وەك ڕێکخەرێکی ئاگایی مرۆڤایەتییە بۆ تێگەیشتن لەدەرەوەی پانتایی خودو ژیانو جەستەوە. لێرەدا ئەگەر ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە ئاینە مەبەستمان جەستەیەکی تەواو ئەندامی بێت، ئەوا جەستەیەکی زیندووە بە بەڵگەی ئەوەی ئەو جەستەیە: بیروباوەڕ، وێناکردن، بیرکردنەوە، ترادسیۆن، پەرستن، پیرۆزی، ناپیرۆزی، پاکبوونەوە، سروتو بەجێهێنانی ئەرکی ئاینیو زیاریو کارلێکردنی لەتەك خودی خۆیو هەرێمەکانی دیکەی جەستەو بەشە نزیكو دوورەکانی باوەڕو

---

[38] - قاموس الانثروبولوجیا – تالیف: د. شاکر مصطفی سلیم –1981– ص 813

وێنانـدنو ژیـاری، کەواتـە جەسـتەیەکی پەیوەندیـدارە بـەدەرەوەی خۆیەوە کە ئاستە پێوانەییەکەی تەنها ئەو مێـژووە دووردرێـژە نیـە کە مرۆڤ دەبەسـتێتەوە بـە حیکایەتەکانییـەوە، بەڵکـە پێکهاتووە لـەو مـەودا زەمەنییـە گـشتگیرییەی دنیابینییـەك لەئاسـتە جیاجیاکـانی ژیاریدا، ئـەم پێکهاتەیـەی دوایـی فەرهـەنگو کولتـورو بیرکردنـەوەو شارستانییەتو دیـاردە کۆمەڵایـەتیو ژیانییـەکانو خـەیاڵو سـەرجەم ئاگــاییو نائاگاییــەکانی خــودی مــرۆڤو مرۆڤایــەتی دەگەیــەنێ لەجوگرافیایـەکی دیـاریکراودا، بـەڵام بـە ڕەنگێکـی دیکـەو شێوازو خەسـڵەتێکی دیکـەوە. لێـرەدا ژیـاری دەبێتـە جەسـتەیەکی مـەزنی کۆمەڵایـەتی پەرشـوبڵاو و یـەکانگیر، کارلێکـارو کارتێکـار، وەرگـرو بەخشکەر، بەخـشش‌و بەخـشندە، پانتـاییو ناپانتـایی، ناوەنـدو کەنار...تاد. بێگومان ئەم جەستەیە، جەستەیەکی تەواو زیندووە، لەبەرئــەوەی کــارلێکردنو پەیوەنــدیو بەرزبونــەوەو دابــەزینو جیاکردنـەوەو پـۆلینکردن تیایـدا لەبزاوتدایـە، ئەندامـەکانی ئـەم جەستەیە بریتیین لە : فەرهەنگ، ترادسیۆن، سیاسەت، کولتور، میرات، نـەریت، ڕەچـەڵەك، زمـان، پاشمـاوە دێرینـەکان، بـەها روحـیو کۆمەڵایەتییـەکانی کۆمـەڵگا، بیرکردنـەوەو خوونـەریتو نائاگـایی کۆمەڵایـەتی، نەتــەوەو بـیری نەتەوایـەتیو ململانـێو ناکۆکییـە نەتـەوەییو نەژادییـەکان، مێـژوو، فەلـسەفە، بیروبـاوەڕە دێرینـەکان...تـاد. هاوکـات ئـەم جەسـتەیە لـەڕێی ئاگـاییو نائاگاییـە ژیارییەکــەی خۆیــەوە دەبێتــە هــەڵگرو وەرگــری ســەرجەم ئــەو پەیوەندییانەی دەرەوەی خـۆی کـە ئاڕاسـتەی دەکـرێ، لەوێـشدا، واتـا

لەخالّی بەیەکگەیشتنی پێکهاتەکانی دەرەوەی خۆی‌و جەستەی مەزنی بێکۆتایی خۆی، جومگەیەکی کارلێکردن دروستدەبێت، کە بۆخۆی خولقانـدنی قۆناغێکـە لەقۆناغـەکانی گەشـەکردنی کۆمەلاّیـەتی‌و ژیـاری‌و بەرجەسـتەکردنی ئاینـدەی ئـەو قۆناغـەش کەوتۆتـە سـەر وەرگرتن‌و ئاستی هێزی برینی ئاگایی ئەو پێکهاتەیـەی کـە لـەناوەوەو دەرەوەی ژیاریدا ئامادەگی هەیە."هـەموو پێکهاتەیـەك پێکهاتووە لـە: مەعریفەو بیروباوەڕ، هەروەها هونەرو ئـەخلاق، یاساو نـەریت، بێجگە لەمانە ئـەو توانـستو خوونەریتانـەش لـەخۆدەگرێ کـە مـرۆڤ بـەهۆی ئـەوەوەی کـە ئەنـدامێکی کۆمەلّـە وەریگرتـووە."[39] ئاشـکرایە هیچ دیـاردەو پێکهاتەیـەك نییـە لـەدنیادا کۆمـەلێ بیروبـاوەڕی تـەباو ناکۆکی لەخۆنـەگرتبێ، سـەرەڕای بیرکردنـەوەو ڕوانـین‌و وێنـاکردن‌و دروستکردنی چیرۆك بۆ خودی ژیـان‌و ململانێکـانی، بـۆ گۆڕانکاری‌و بەسـەرهاتەکانی، بـۆ دیـاردەو ڕووداوەکـانی. لێـرەوە گەلاّلـەکردنی ڕوانین‌و وێناکان جومگەی پێکەوە گرێدانی قۆناغـەکانی دروسـتبونی پێکهاتەو بونیادە ئاینی‌و سیاسیەکانە. هـەروەها هـیچ پێکهاتەیـەکیش نیە لەدنیادا یاساو نەریت‌و جولّەی خـۆی نـەبێ. لـە مێـژەوە پێکهاتـە دێرینـەکانی بیروبـاوەڕ ئاماژەیـەك بـون، یـان پالّپێوەنـەرێك بـون بـۆ گەشـەکردنی شارسـتانی‌و ژیـاری‌و ئـاین، بەهـەمان شـێوە سیاسـەت‌و پەیوەندییە نێو دەولّەتیی‌و شارستانی‌و مللانـێ فەرهەنگییـەکان، کـە ئەوڕۆکە فەرهەنگێکن لەو فەرهەنگە تەبایانەی لەنێو خودی خۆیانـدا چـەندین نـاکۆکی‌و هەمەچەشـنیان هـەلگرتووەو نائاگـایی‌و ئاگـایی‌و

---

39 E. Taylor .primitive culture Lon.: Johan Marray 1871.

پەیوەندیو بیرکردنەوەکانی مرۆڤیان سەرتاسەری کردۆتەوەو هاوشێوەبوونێکی تەواو تەبایان خوڵقاندووە بۆ مرۆڤو مرۆڤایەتیو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو شارستانی. لەمێژەوە ئاین ئەو ڕۆڵە دەبینێ، خەیاڵپێکراوەکانی ئاین دەرەنجامی ڕوانینو بەرجەستەکردنی زەینی شتەکانە لەبیری مرۆڤایەتیدا. هەڵبەت بۆ وێناکردنو خەیاڵ بۆ دروستکردنی شتە پیرۆزەکان یان دنیای پیرۆز بەشوێنو ساتەوەختەکانیەوە گەردونگەرایی ئەو خەیاڵە دەکەن کە پێکهاتەی بیرۆکەیەکی ژیارین بۆ چەسپاندنو ڕێسابۆدانانی لەپانتاییەکی ژیانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا، واتا داگرتنو دابەزاندنی لەهەرێمەکانی سەروسروشتەوە بۆ هەرێمەکانی سروشتو ناونانو وێناکردنی دیاردەو قۆناغە وەرچەرخاوە مێژوویەکەی ئاین وەك بەسەرهاتو گێڕانەوەو حیکایەت.

پیرۆزی شێوازێکە لەشێوازەکانی پەیوەندی بەبنەڕەتەوە کە تیایدا نەوە خەیاڵییەکان جێی خودی مرۆڤە حەقیقییەکان دەگرنەوە، بەواتایەکی دی، پیرۆزی شێوازێکە لەشێوازەکانی پەیوەندی مرۆڤ بەبنەڕەتی شتەکانەوە کە مرۆڤ تیایدا غەیب دەبێو لەجێیاندا نەوەکانی خودی خۆیان، واتە پیاوە خەیاڵییەکانی نێو خودی خۆیان دەردەکەون)[40]. لێرەدا ئەو دونیا پیرۆزەی ڕوانینو وێناکردنەکانی مرۆڤ خوڵقاندویانەو لە دێرزەمانەوە وێنەی جۆراوجۆرو ڕوانینی تەباو ناکۆكو پڕ بایەخو بێبایەخی دروستکردووە بۆ دیاردەو ژیانو پێکهاتەو

[40] موریس گودولیه –لغز الهبه –المقدس–سنه 1998ل213.

ژیانی کۆمەڵایەتی. ئاین لەڕێی دنیای پیرۆزەوە بەمێژوو و سەرگوزشتەو پاڵەوانییەکانیەوە،بەفەرمودەو خەونەکانی مرۆڤەوە لەزەمەنە جیاوازەکاندا دەگەڕێتەوە،بەمانایەکی دیکە تارماییەکانی ئاین لەهەمووو زەمەنێکدا ئامادەییان هەیەو شەڕ بۆ ئێستایەکی پڕ یادەوەری و نادیاری خۆیان دەکەن، هاوکات لەهەوڵی دەستەبەرکردنی زۆرترین پانتایی گێڕانەوەدان بۆ دروستکردنی گرێچنەیەکی ژیاری کە بتوانێ ئێستا گرێبدات بەڕابردووەو ڕابردووش داوەت بکات بۆ سەر خوانی ئێستاو لەئایندەیەکی نادیاریشدا ڕوانینێکی تەباو هاوسۆزو هاوبیر دروستبکات لەتەك فەرهەنگ و ژیاری و گۆڕانکاری و پێشکەوتن و ترادسیۆن و بیروباوەڕە هاوتەریبەکانی نەوەکانی پێشوو. دیارە ئەمەش لەڕێی فەزڵی شتە پیرۆزەکانەوە دەبێت بەسەر شتە ناپیرۆزەکاندائەوەشمان لەبیرنەچێت؛ (کۆمەڵگە هەڵئەستێ بە پەروەردەکردنی ئەندامەکانی لەسەرئەوەی چی لەتوانادایە پرسیاری لێبکرێ،بپشکنرێ،ئەزموونبکرێ،هاوکات چی پێویستە بەبێ هەڵبژاردن... دیاریکردن،بمێنێتەوە.)[41] دیارە سەرچاوەی دیاریکردن و شوناس بۆ دانانی پیرۆزو ناپیرۆز

---

[41] نظریە الپقافە –تالیف: Michael Thompson-Richard Ellis-Auron Wildavasky Oxford UN 1990 ترجمە:د.علی سعید الصاوی (لەم باسەدا ئاماژەدراوە بە ماری دۆگلاس بە تایبەتی ئەو تویژیانەی کە تایبەتە بە جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی دنیای شتە پیرۆزەکان و پۆلێنکردن و ویناکردنی مرۆڤ بەسەر دنیای دابڕاو لەپیرۆزی و دنیای تەبا لەتەك پیرۆزی)

لەکۆتایـــدا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ مـــرۆڤو حـــوکمی وێناکردنـــەکانی مـــرۆڤو ئەندێـــشەو خەیاڵـــە ژیـــاریو ئاییینیـــەکانی مـــرۆڤ. وەك لەپێـــشدا باسمـــان لـــەوەکرد کـــە ئـــاین وەك جەســـتەیەکی کاریگـــەرو کارتێکـــەر کـــارلێکراو دەبـــێ بـــە ژیـــانی کۆمەڵایـــەتیو فەرهـــەنگیو جەســـتەی هـــەڵگرو وەرگـــری ژیـــاری. ســـەرەنجام ئـــاین وەك کۆمـــەڵبوونێکی جـــەماوەری مرۆڤـــەکان بـــۆ بـــەجێهێنانی کـــارو ئـــەرکی کۆمەڵایـــەتیو ئـــاینیو سیاســـیو ئـــابوریو ئەفـــسانەیی هەڵئەستێت بـە سازکردنی یاساو بیرو حوکمی ئەزموونی خۆی، ئەمـــەش لـــەخۆرا دروســـت نابێـــت، وەك هەنـــدێك لەکۆمـــەڵناسو مرۆڤنـــاسو ئایناســـەکانی ســـەدەی نـــۆزدە جـــەختیان لەســـەر دەکـــردەوە. ئـــەزمونی حـــوکمی ئـــاینی لەتوانایدایـــە مـــرۆڤ دابـــەش بکـــات بەســـەر دوو پانتـــایی نـــاکۆكو دوو خەیالگـــەی ناتـــەبادا؛ پانتـــایی یەکـــەم ئەندێـــشەی ئـــەو مرۆڤـــە واقعییـــە کـــە ژیـــانی کۆمەڵایـــەتیو فەرهەنگیـــەکانی خـــودی خـــۆیو کۆمەڵگەکـــەی بەســـەردەبات،واتا مرۆڤـی ڕۆژانـــە. پانتـــایی دووەم، ئەندێـشەی ئـــەو مرۆڤـــە خەیاڵییەیـــە کـــە ڕوانـــینو بۆچـــونو بیروباوەڕەکـــانی وێنـــادەبێو دەبێتـــە بونـــەوەرێکی ئەفـــسانەیی کـــە تیایـــدا پـــیرۆزی وەك بەهایـــەکی گـــەردونی بـــاڵای سەروسروشـــت جیادەبێتـــەوە لەســـادەییو نـــاپیرۆزی ڕاســـتی شـــتەکانو بیروبـــاوەڕو ڕوانینـــەکان. دوو خەیالگـــەی ناتەباش،لەخەیالگـــەی یەکەمـــدا وێنـــەی سروشـــتو ڕوانـــینو تـــاوتوێکردنی دنیـــاو ئـــەو دنیـــاو ئـــەوانی دیو وێنـــاکردنی خـــوداو فـــەرمودەکانی دەبـــن بـــەهێزێکی خـــەیاڵی بـــۆ بزوانـــدنی

بیری ئەفسانەیی لەنائاگایی هزری خودو کۆمەڵدا. خەیالگەی دوەمیش بەسەرجەم وێناکانی خۆیەوە وەك بونەوەرێکی کارتێکراو بەژیان‌و حەقیقەت گرفتاری پرسیارو گومانەکانی خۆی دەبێ‌و بەناچاری وەك ناتەبایەکی خەیاڵی لەنێو خودی خەیالگە تاریکەکەی خۆیدا بمێنێتەوە؛ بەڵام ئەم بونەوەرە نامرێ‌و هەمیشە گرفتاری نارەزایی‌و وێناکراوەکانی خۆی دەبێ‌و گومانەکانی ناگاتە ئەو سنورەی کە حەقیقەتە رەهاکانی پێ راڤەبکات‌و لەو سونەتە داخراوەی روانین دەرچێت. دواجار لەکانگا شاراوەو نادیارەکەی خۆیدا بەسەرسامی دەمێنێتەوەو تێکەڵ بە تارماییەکانی ئاین دەبێ‌و دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی نەوەکانی پێشووەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە جیاکردنەوەوی مانا جیاوازەکانی چەمکەکانە کە هەر چەمکەو بۆخۆی بەسەر چەند دابەشبوونێکدا دابەشدەبێت، بۆنمونە چەمکێکی سادەی وەك چەمکی ئارەزوو چۆن دابەشدەبێت بەسەر مانای چاکەو خێرو خۆشیدا، بەهەمانشێوە دابەشدەبێت بەسەر کۆمەڵێك مانای خراپ‌و ناشەرعی‌و ناچیزو ناپاك‌و بێ باوەڕیدا، واتە کۆمەڵێك ئارەزوو هەیە لەروانین‌و باوەڕی ئاینی ئیسلامدا ئارەزوگەلێکی ناپاك‌و خراپن، وەك ئارەزووی سێکسی، خەیاڵ‌و ختورەی ناشەرعی وەك راموسان‌و رۆمانسییەت‌و هەر هەستێکی دیاریکراوی رۆمانسی نێوان دوو مرۆڤ، زۆر کات کار دەگاتە ئەوەی یەکێك لەو ئاینانە تەواوی خەیاڵ‌و ئەو فەنتازیانەش دەداتە بەر رەخنەو پۆلێنکردنی بە ناپاکی کە هەڵگری کۆمەڵێك ئارەزووی

ئاشقانەو سێکسیانەیە، یان جیاوازن لەهەر روانینێکی نەریتی ئاینی، هەروەها ئارەزووی خواردنو خواردنەوە، ئەو خواردنانەی لەبیروباوەڕی باوەڕپێکراوێکی ئاینیدا حەرامن وەك خواردنی گۆشتی بەرازو ئاژەڵو باڵندە گۆشتخۆرەکانو خواردنەوەی مەیو شەراب...تاد، ئەم دابەشکردنە دابەشکردنێکی سادەوساکار نیە، بەڵکە بە ئەندازەیەکی قوڵ ئەو دابەشکردنەی دنیا دەکات بە دوو بەشی نایەکسان کە دنیای حەرامو حەلاڵە، دابەشکردنێکە لەسەر ئاستی روانینو دنیابینیو چێژو پۆلێنکاری، هەموو جیاوازییەك لەم سیستمی حەرامو حەلاڵەدا جیاوازییە لەباوەڕو ترادسیۆنو پیرۆزیدا.

سەرجەم ئەو دیاردانەی کە دەکەونە دەرەوەی دەرکەوتە رەواکانی ئەو رووبەرە پیرۆزەی ئاین کەنارگیر دەکرێو بچوکدەکرێتەوە بۆ شاراوەیەکی ناشەرعی، هاوکات خودی ئەو تاکەکەسە ناپاکانەی کە دەکەونە دەرەوەی نەریتو ترادسیۆنی هەڵسوکەوتو ئیرادەو ئارەزووە گشتییەکانەوە، هەرچەندە جەستە بەتەنها تاکەیەك پێکهاتەی دیاریکراوی ئەو ستراکچەرە داڕێژراوە نیە، بەڵکە کۆکەرەوەی تەواوی پێکهاتەو خەیالگەو روانینو ئارەزووەکانە لەیەکەیەکی نادیاریکراوی شاراوەو نادیاردا، هاوکات رووبەرێکی بەرفراوانی چاکەو خراپەو قولاییەکی پڕ لەماناو ئاماژەو مەرجو چێژو ویستو پەیوەندییە بە کایەیەکی بەرفراوانی ژیارییەوە کە لەیەککاتدا پەیوەستە بە فەرهەنگو پەیوەندیداریشە بە قولاییەکانی هەردوو چەمکی حەرامو حەلاڵەوە.

حەرامكردنی هەر پارچەیەك لەجەستەو حەلاڵكردنی پارچەیەكی دیكە، یان حەرامكردنی فرمانێكی دیاریكراو و رێپێدانی یەكێكی دیكە، دەگەڕێتەوە بۆ روانینو باوەڕو دنیابینی كولتوریو مۆرالی ئاینیو كۆمەلایەتی، زۆر بەسادەیی كاتێك دەركەوتنی ئەندامی زاوزێی نێرو مێ بۆخۆی حەرامكراوێكی شاراوەیە، بەلاّم لەپاڵ ئەم حەرامخوازییەدا رەوایەتییەكی حەلاڵكراویش هەیە لەسەروەختێكی شەرعیدا (واتە لەكاتی هاوسەرگیریدا)، ئەم جیاكارییە لەسەرەتاوە دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی تەماشاكردن، بە واتایەك هەموو تەماشاكردنێكی دیار بۆ پارچەیەك لەجەستە كە حەرامەو جێی وروژاندنی ئارەزووە سێكسییەكانو حەرامكراوەكانە، بەهەمانشێوە وروژێنەری خەیاڵە شاراوەكانو نادیارەكانی ئەو سەرزەمینە شاراوانەی نێو روانینی هەر یەكێكە لەئێمە، هەڵبەت هەردوو چەمكی تەماشاو شاراوە پێكەوە لەبەرجەستەكراوێكی بینراودا پەیوەندییەكی قوڵیان هەیە بە نادیارێكی گەورەوە كە كلێشەیەكی جیاكەرەوەیە لەنێوان حەرامو حەلاڵدا.

ئەو تەماشاكردنە دەبێتە چەقی بەیەكەوە بەستنەوەی هەر روانینێك كە كاریان دانانو دارشتنی مانایە بۆ هەر بینراوێك، بێگومان نابێت ئەوە لەیادبكەین كە سەرەتای هەموو باوەڕو ئاینێك دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەكی گەورەو سەرەتایی كە بریتییە لەتەماشاكردنی دنیا بەهەموو پێكهاتە دیارەكانییەوە، هاوكات تەماشاكردنێكی غەیبانیش لەئارادایە كە روانینێكو دنیابینییەكی ناوكۆییە بۆ راڤەكردنو بەرجەستەكردنی باوەڕ، واتە بینینو

سەرنجدان‌و تێڕوانین‌و رامان‌و رامکردنی هەر بینراوێك لەدەرەوەی سەرزەمینە سروشتییەکەی، واتە رووتکردنەوەو داماڵینی ماناو شیکردنەوەو راڤەکاری‌و وێناکردنی تاکەیەك مانای واتادارو پەیوەندیدار بەهەموو ماناکانی دیکەوە، کاتێك مرۆڤ دەڕوانێتە سروشت، ئەوا ئەوی ئامادەیە تەنها لەسەرەتادا تەماشاکەرێکی دیاریکراوە بۆ هەموو ئەو شتە شاراوانەیە کە ناکەونە چوارچێوەی بینین‌و روانینە کلێشەییەکانی ئەوی مرۆڤەوە، بەلام خۆیبۆخۆی داماڵراوێکی ناپەیوەندو ناپەیوەست نیە بەسەرلەبەری ئەو رووبەرە ژیارییەوە کە پێکهاتەیەکی بەرفراوانی ژیان‌و بیرکردنەوەو تەماشاکردن‌و چێژوەرگرتنە.

بەڵکە مرۆڤ بەدەرلەوە بوونەوەرێکی کۆمەلایەتییە، بوونەرێکی کولتوری‌و ژیاری‌و ئابوری‌و سیاسی‌و ئاینیشە، لەدنیای مۆدێرنیشدا بەدەرلەوەی مرۆڤ داتایەکی داماڵراوە، بەلام داتایەکی پەیوەندارو تێکەڵە بە ماناو چەمکەکانی دیکەو تەماشاکەرێکی بینراوە بەپێچەوانەی مرۆڤی سەرەتاییەوە کە تەنها تەماشاکەرێکی گەورەو سەرسامێکی راماون لەبەردەم دیاردەو گۆڕانکارییەکاندا، هاوکات تێکەڵەیەکن لەسروشت‌و بیروباوەڕی ترادسیۆنی.

مرۆڤی مۆدێرن کە داغڵی سیستامێکی گەورەی زانیاریی بووە لەیەکاتدا پەیوەستە بە کۆی ئەو ئاستە ژیارییە پێشکەوتووەوە، پەیوەستیشە بە ناوەندگەلێکی جەستەیی تاکەکەسیانەو کۆی بەشە زیندووەکانی کۆمەڵگەو فەرهەنگی بالای تەماشاکردنی دنیا لەدنیابینیەکی جیاوازەوە بۆ روانینێکی بەشدار لەئاستی هۆشیاری‌و

زانستو یەکە داتاییـەکانی راڤاکاریو ئـەو هاوکێشەسازییەی دنیـای مۆدێرن.

ئــەوە تەماشــاکردنو ســەرنجە ســەرەتاییەکانی مرۆڤــە لەســەرەتای بوونەوە تائەوڕۆکە کۆمەڵێك وێناکراوی بـاوەڕپێکراوی فەرهـەنگیو ئاینیو کۆمەڵایەتییە کە تا ئەم سەروەختە بۆ ئەفسانەو حیکایەتو ئــاینو فەرهــەنگی میللــی دروســتیکردووە، ئــەوە مرۆڤــە لــەڕێی تەماشــاکردنی دیاردەکانــەوە وێناکراوێــك لــەلای خــۆی بۆخــۆیو کۆمەڵگەکەی دروستدەکات، ئـەوە تـەنها تـرس نیـە لەهـەورە گرمـەو بروســکەو رەهێڵــەو باوبــارانو تۆفــانو بوومەلــەرزە کــە بــاوەڕی سەیروســــەمەرەو راڤــەکاری ئــــالۆزیکیو ئەفــسانەییو ئــــاینی دروســتدەکات، بەڵکــە ئــەوە وێناکراوەکــانی ساتەوەختی دامــاڵراوی دیــاردەو رووداوەکــانو چرکەســاتە نادیاریکراوەکانــە کــە ماشــێنێکی گــــەورەی تێکــــەڵکردنی خــــەیاڵو فەنتازیاکانــــە، ســــەرزەمینێکی بــەرفراوانی وەهــمو سەرســامییەکانە، رووبــەرێکی نادیــاریکراوی خــەونو واقــعو میتافیزیکایــە، دەرەنجــامی پــاش دیاردەکــانو بەردەوامبونەکانە کە وێناکردنو خەیالگەو باوەڕەکان گەڵاڵەدەکاتو لەسیــستامێکی مــەعریفی ســەرەتاییدا بەرجەســتەیان دەکاتــەوەو لەکلێشەیەکی پەیوەندیامێزدا روانـینو دنیـابینیو خەیالگەیان بـۆ دروستدەکات.

بەهــــەمان کلێــــشەی بونیــــادی بــــونو کەرەســــتەو دیــــاردەو بەرجەستەکراوێکی بینـراو خودی مرۆڤـەکان بەشـدارن لەبەخـشینی مانادا، هاوکات سـەرجەم روانینـە دیاریکراوەکانیش لەسـەرەتاوە بـە

تەماشاکردن‌و سەرنجدان‌و بیرکردنەوەو بەردەوامبون گەڵاڵەدەبن‌و دەبنبە خەیاڵدانێکی گەورە بۆ دەرخستن‌و شاردنەوەی هەرشتێك کە خوازیاری‌و ئارەزوو و چێژ لەبەرجەستەکراوێکی فەرهەنگی یان ئاینی یان کۆمەڵایەتی‌دا دەریاندەخات یان دەیانشارێتەوە.

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەو پانتاییە رەمزییەو ئەو رووبەرە کۆکەرەوەیەی کە ماناکانی جەستە لەخۆی‌دا بەرجەستە دەکات، جەستە بەدەرلەوەی مێژوویەکی دوورودرێژو پاشخانێکی گەورەی مەعریفی‌و ئەنترۆپۆلۆژی‌و سایکۆلۆژی سەرەتایی روانینی مرۆڤی لەپشتەوە ئامادەیە، هاوکات جەستە لە ئاین‌و بیروباوەڕەکاندا دەبێتە بەرجەستەکراوێکی دیار بۆ سزادان‌و کۆنترۆڵکردن‌و چاودێرکردن‌و سەرنجدان کە لەخۆڕا نیەو تەنها رێکەوتێکی نالۆژیکی نیەو تاکەیەك واتاش لەخۆ ناگرێت، بەڵکە جەستە دەبێتە هەڵگری زۆرێك لەو خەیاڵ‌و فەنتازیاو رەمزو بەهاو بیروباوەڕانەی کە دنیاو ژیان دابەشدەکەن بەسەر خێرو شەڕدا، بەسەر چاکەو خراپەدا، بەسەر حەرام‌و حەڵاڵدا. بۆئەوەی زیاتر بچینە نێو قوڵایی ئەو ماناو مەدلولانەی کە جەستە دەیبەخشێت‌و هەر خۆدی جەستە هەڵگرو وێناکراو و خەیاڵپێکراوێتی.

پێویستە کەمێك ئاوڕ لەمێژووی سزادان بدەینەوە، فۆکۆ لە کتێبەکەی‌دا بە نێوی(چاودێری‌و سزا) ئەو مێژووە مەعریفییەمان بۆ پۆلێندەکات کە قوناغ بە قۆناغ مەعریفەی سزادان تیایدا گەشەدەکات‌و قوڵتر دەبێتەوە لەڕووی سایکۆلۆژی‌و تێگەیشتن لەجەستەو زانینی پنتە شاراوەکانی.

مێــژووی ســزادانی جەســتە کــە لەلێدانــەوە دەســتپێدەکات بــۆ داخکــردن و ســوتاندن و بــڕین و شــێواندنی جەســتەو(بەتایبــەتی دەموچاو)، ئەتککردن و سزادانی ئەندامەکانی جەستە بە جیا: وەك سزادانی مێشك لەڕێی سزای دەروونییەوە، سزادانی دەموچاو، نینۆك دەرهێنــان، بــەردبارانکردن، ســزادانی ئــەخلاقی جەســتە: وەك خەساندنی پیاو، رابواردن و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت لەڕووی سێکسی و لێدان و سزادانی سێکسی، سزادانی ئەنــدامی زاوزێــی نێرینــەی پیــاو یــان ئــافرەت، ســزادانی قولاّییــەکانی جەســتە: وەك برســیکردن و تینــوکردن و شــکاندنی ئێــسك، ســوتاندنی شــوێنە هەستیارەکان...تــاد، ســەرجەم ئــەم شــێوازی ســزادانانە خەیاڵدان و فەنتازیاو وێناکراوی گەورەی لەپشتەوەیە، هاوکات هــەر لــەناو ئــەو مێــژووی ســزاو ئەشــکەنجەیەدا، مێژوویــەکی تــاریکتر هەیــە کــە پێکهاتەیەکە لەهەماهەنگی هەریەك لەئاین و دەسەڵات و کۆمەڵگە بۆ بەڕێوەبردنی سزای کاریگەرو ئازاربەخش و ترساندنی جەستەکانی دەرەوەی جەســتەی ئــازاردراو کــە بــریتین لــە: بــەردبارانکردنی جەســتەیەك تــا مــردن لەلایــەن قەشــەو پیــاوانی ئــاینی و خــەڵك و پیاوانی دەسەڵاتەوە، سازدانی کۆبونــەوەی جەماوەری بــۆ ســوتاندنی جەســتەی جادوگــەرو لادەرەکــانی کۆمەڵگــەو ئــاین لەمێــژووی دەسەڵاتی مەسیحیدا، شێوازی جیاجیای لەسێدارەدان وەك سەربڕین لــەڕێی شمــشێرەوە(بڕوانــە مێــژووی ئەشــکەنجەدان لــە ئیــسلامدا)، کــەوڵکردن تــا مــردن، پارچەپارچــەکردنی مــرۆڤ، لــە قــەنارەدان، بەســتنی قورســایی بــە قاچــی کەســی ســزادراوەوەو غــەرقکردنی

لــەدەریادا، مەقـــسەڵە، گولــەبارانکردن، لـــەکارەبادان تـــامردن، ژەهردەرخواردکردن...تاد.

ئێمــە لــەڕێی دیاردەیــەکی زۆر ســادەوە لاپــەڕەکانی ئــەو مێــژووە گەوەرەیەی ئەشکەنجەدانمان جارێکی دیکە هەڵدایەوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان جەستەو سزاو فەرهەنگدا، هاوکات پەیوەنـدی هــەموو ئــەم دنیابینییــە بــە ئەشــکەنجەدانی خودگــەرایی، یــان بــەیانکردنی یادەوەرییــەکی شارەوە لەســەر جەســتە لــەڕێی کوتینو نەخشاندنی جەستەوە.

سێکس و وێنەکانی

"کولتوری ئاوەدەستخانە"

ئەوەی لێرەدا باسی لێوەدەکرێت ئەو ناوەندە دیاریکراوە نیە کە سەرزەمینێکی رامکراو یان باسکراوێك بێت بە ئەندازەیەك لەتاکەیەك خەیالگەدا یان لەتاکەیەك راڤەکاریدا کۆبکرێتەوەو رووبەرەکانی دیاریبکرێت‌و هەموو ئەو سنورانە بدۆزینەوە کە دەچنەوە سەر تاکەیەك مەودای روانین، ئەوەی ئەو پانتایی‌و سنورانە بەرفراوانترو ئاوەڵاتر دەکات خودی دیاردەیەك لەکۆی هەموو ئەو دیاردە شاراوانە نیە کە دەکەونە دەرەوەی روانینی ئاساییەوە، نەخێر بەڵکە مەوداکانی تێگەیشتن لەهەر دیاردەیەك لەپێکهاتە هەرە سەرەکییەکانی دیاردە شاراوەکانەوە ئاشکرا دەبێت کە زیاد لەراڤەکارییەك‌و زیاد لەخەیاڵ‌و شیکردنەوەیەك هەڵدەگرێت.

لێرەدا پێویستە بەر لەهەرشتێك بگەڕێینەوە سەر ناوەندێکی هەرە بەرفراوان‌و نادیاریکراو کە یەکێکە لەدیاردە شاراوەکانی کۆمەڵگە، ئەویش فەنتازیا پێشوەختەکانی سێکسە، رونتر لەم دەستەواژەیە پێویستە کار لەسەر ئەو خەیالگەیە بکەین کە لەکۆمەڵگە نەریتییەکاندا بووەتە کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی وێنەو خەیالگەی سێکسی، کەواتە ئەو فەنتازیایانە چین کە لەپشت ئەو دیاردەیەوە کاردەکەن بۆ بەرهەمهێنانی فەنتازیای سێکسی شاراوە، یان بە غەیبانیکردنی

غەریزەیەك لەغەریزەكان كە دۆخێكی ئاسایی‌و بایلۆژی‌و دەروونی بوونەوەرەكانە.

لەكۆمەلگە نەریتییەكاندا زۆرێك لەو دیاردە شاراوانەی كە لەپانتاییەكی قوڵی كۆمەلایەتی‌دا دەگوزەرێ هەلگری كۆمەلێك بێدەنگی‌و شاردنەوەو بێبایەخكردنن، ئەو بێدەنگیانەش تەنها بێدەنگییەكی دیارو ئاشكرا نیین، بەڵكە بێدەنگییەكە لێوانلێو لەهەر كاریگەرییەكی شاراوەی كولتووری‌و ئەخلاقی‌و كۆمەلایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی، بۆئەوەی بگەرێینەوە سەر قولاییەكانی ئەو دیاردانە، بۆئەوەی لەرەهەندێكی نزیكەوە دەستكاری ئەو ناوەندە داخراوە بكەین كە سێكس دەورو كاریگەری كۆمەلایەتیی نادیاریكراوی هەیە لەسەری‌و راستەوخۆ كار لەسەر ئەو ناوەندە دەكات، لێرەدا دوو شێواز لەئارادایە بۆ نزیكبوونەوەو كەشفكردنی، یەكێك لەو شێوازانە: رۆمان یان چیرۆك، شێوازی دووەمیش كۆمەڵە كەرەستەیەكی فۆلكلۆرین بۆ كەشفكردنی دیوە شاراوەكانی ئەو روانین‌و دنیابینییە غەیبانییە، بەلام دیاردەی فەنتازیای سێكسی ئاوەدەسخانەكان لەكۆمەلگە داخراو و نەریتی‌و ئاینییەكاندا زۆر لەوە گەورەترە ببێتە حیكایەت‌و راگوزەر بەسەرماندا تێپەرێت، لەبەرئەوە لێرەدا كۆمەلێك چەمك بەكاردەهێنین بۆ زیاتر ئاشنابوون بە قەوارەی جەوهەری دیاردەكە.

مرۆڤی شاراوە

مرۆڤی شاراوە ئەو بونەوەرە نائاشكراو نادیارەیە كە ناتوانیت جیایكەیتەوە لەكۆمەڵ‌و دایمالێت لەو ستراكچەرە گەورەیەی

کولتـــورو روانینـــی گـــشتی کۆمەڵگـــەو دایبڕیـــت لەفەرهـــەنگو لەپارچەیەکی بچوکی ئەو ماشێنە گەورەیەی کە ناوی کۆمەڵگەیە، مرۆڤێکـــە تواوەتـــەوە لەفەرهـــەنگو ئـــەخلاقیاتو نـــەریتی کۆمەڵایـــەتیو روانینـــی ئـــاینیو فەرهـــەنگی هـــەژاری کۆمەڵگـــەو پـــەروەردەو خێـــزانو حـــەرامو حـــەڵاڵو قەدەغـــەکراو. لەکاتێکـــدا ئیرادەیـەکی کۆمەڵایـەتیو دەسـتەجەمعی بـەڕێوەی دەبـاتو ئـیرادەو خواستو ئارەزووەکانی بەئەندازەیەك کاڵبونەتـەوە کـە لـەتوانادا نیـە تایبەتمەنـدی سـایکۆلۆژی تاکەکەسـەکان لەیـەکتری جیابکەینـەوە، لەتوانادا نیە بەدوای روانینـی جیـاوازو خـەیاڵی جیـاوازدا بگـەڕێین، لەراســتیدا کۆمەڵگــەی بــێ جیــاوازی کۆمەڵگەیــەکی نەخۆشــە، فەرهەنگی بێ جیاوازی فەرهەنگێکی سەرەتاییو هەژارە، مرۆڤی بێ جیاوازیش مرۆڤگەلێکی شاراوەن لەناو کۆمەڵگەو کولتـورو روانینـدا، مرۆڤگـەلێکی بـێ ئـیرادەو خـامۆشو فەرامۆشـن بێجگەلـەوەی کـە خاوەنی کۆمەڵێك غـەریزەی سـەرەتایین وەك غـەریزەی نـانخواردنو ئیسراحەتو سێکسی حەڵاڵو غـەریزەی کۆمەڵایـەتیو پێکەوەبوون، شـتێکی جیاوازتریـان نیـەو دەتـوانین ئـەو جـۆرە کۆمەڵگەیانـە نـاو بنێین کۆمەڵگەی غەریزەیی یان کۆمەڵگەی شاراوە.

لەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا هەموو مرۆڤەکان مرۆڤی شاراوەن هـەموو رەگـەزەکان لـەنێرەو تـا مـێ لەکـچەوە بـۆ کـوڕ لەدایکـەوە بـۆ بـاوك، مرۆڤگـەلێکی شـاراوەنو هـەژارن لەهـەر پەیوەندیـەکی جیـاوازدا لـــەدەرەوەی ئـــەو ترادســـیۆنی پەیوەندییـــە ســـادەیە کـــە رۆژانـــە دابەشـــدەبێت بەســـەر تاکەکەســـێكو ســـەرلەبەری کۆمەڵگـــەدا،

روانینێکی دیکەو خەیالگەیەکی دیکەیان نیە، بێجگە لەشاردنەوی ئارەزووەکانی خۆیانو خەفەکردنی هەر دنیابینیەکی جیاوازی خۆیان ئەزمونێکی دیکەو پەیوەندیەکی مۆدێرنی ئاشکرایان نیە.

لەکۆمەلگە داخراوەکانی دنیادا لەفەرهەنگە خەفەبوەکانی دنیادا تەواوی ئارەزووە جیاوازەکانی تاکەکەس وەك سەرجەم ئەو خەیاڵو فەنتازیانەی کە پەیوەندییەکی قوڵیان هەیە بە تاکەکەسەوە، وەك عیشقو رۆمانسیەتو پەیوەندی ئاسایی نێوان دوو مرۆڤ، نائاشکراو شاراوەن، بەئەندازەیەك هەموشتێکی جیاواز هەموو خەیاڵو خولیایەکی جیاوازو لادەر خەفەکراو شاراوەیە، هاوکات خودی غەریزەی سێکسی نێوان نێرو مێ شاراوەو نادیارو خەفەکراو فەرامۆشکراون، هاوکات هەموو خەونێکی جیاواز بە دنیاوە لەدەرەوەی خەیاڵی کۆمەلگە شاراوەو نائاشکرایە، هەموو جیاوازیەك لەکۆمەلگەو هەموو رەخنەیەکی تاکەکەسی لەفەرهەنگو کۆمەلگەو نەریتو ئاین شاراوەنو دەکەونە پەراوێزەوە، کەواتە دەرەنجام ئێمە لەبەردەم کۆمەلگەیەکی شاراوەو پەنهان داین، چۆن مرۆڤێکی ئاشکراو دیارمان نیە لەجیاوازییەکانی خۆیدا، بەهەمانشێوە کۆمەلگەیەکی شاراوەو نادیارمان هەیە بەرامبەر دنیاو هەر گۆرانکاریەك کە دەکەوێتە دەرەوەی هەرە ئاستە ژیارییەکانی ئەم جۆرە کۆمەلگەیانەوە.

لەراستیدا بۆ زیاتر ئاشنابوون بە مرۆڤی شاراوە پێویستە لەرێی کۆمەڵێك نمونەوە ئەو شورا داخراوەی دەوری کۆمەلگە کاڵبکەینەوەو شەفاف بێتەوە بۆ ئاشکرابون لەروانینی جیاوازدا،

پێویسته لەرێی ئەم نمونانەوە ئەو دەرگا داخراوانەی فەرهەنگ‌و ئەخلاق‌و قەدەغەکراوەکان بکەینەوەو ئەو دنیا پەنهانە ئاشکرابکەین کە لەپشت ئەم کۆمەڵگەیەوە ئامادەگییەکی بەردەوامی هەیەو بونبە کۆمەڵە پێگەیەکی شاراوە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوو خەون‌و خولیاو رەخنەو زەبروزەنگ‌و چەپاندن‌و رووتبونەوەی روانین لەسەرەتاییترین دۆخی نائاساییی خۆیدا.

لەناو کۆمەڵگە داخراوەکان‌و شاراوەکاندا کۆمەڵگەیەکی کاریگەرترو چالاکتر هەیە، ئەویش کۆمەڵگەی ئاودەستخانەکانە، رەنگە ئەم دەستەواژەیە هێندە قورس نەبێت، بەڵام دەستەواژەیەکی تارادەیەك حەرام‌و قەدەغەکراوە، بەڵام بۆئەوەی کۆمەڵگە داخراوەکان‌و مرۆڤە شاراوەکان‌و خولیا شاراوەکانیان زیاترو زیاتر راڤە بکەین‌و لەبەریەك هەڵیانبوەشێنینەوە، پێویستە لەپەنهانترین‌و شاراوەترین شوێنەوە دەستپێبکەین، پێویستە دەست ببەین بۆ ئەو ناوچە حەرامکراوانەو والآیان بکەین، کە لەراستیدا شوناسی ئەو شوێنانە رێگرە لەبەردەم هەر ئاشکراکردنێکدا، دنیای ئەودیو دەرگا داخراوەکانە، حەشارگەیەکی دەرونی‌و فەرهەنگییە بۆ پەنهانکردنی تەماشاکردن‌و بینینی دنیا.

ئاودەستخانە سەرباری ئەوەی شوێنێکی بچوکەو پێکهاتوە لەسێ دیوارو دەرگایەکی بچوك، شوێنێکی نهێنیشە، هەرچەند شوێنگەیەکە بۆ بەتاڵبونەوەی مرۆڤ لەپاشەڕۆو شوێنگەیەکی شاراوەشە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوو خولیای جیاوازو خەیاڵ‌و خەونی جیاوازو نارِزایی‌و دەرخستنی غەریزەی جیاوازو

بەتاڵکردنـــەوەی چـــەپاندن و ئـــەو زەبروزەنگـــە فەرهـــەنگی و کۆمەڵایـەتی و ئاینیانـەی کـە کاریگـەری ستەمئاسای هەیـە لەسـەر مـــرۆڤ، ئێمـــە لێـــرەدا بـــاس لەئاودەســـتخانە گـــشتییەکانی وەك ئاودەستخانەی مزگەوتەکان و یانەی مەیخواردنەوەو یانەی جیاجیاو ئاودەسـتخانەی قوتابخانـەکانی کـچان و کـوڕان دەکـەین. کۆمەڵگـەی ئاودەستخانە کۆمەڵگەیەکە لەهەناوی هـەموو کۆمەڵگەکانی دیکـەدا، بەڵام هێندەی کۆمەڵگەیەکە لەفەنتازیاوە بۆ پـەنهان، کۆمەڵگەیـەکی هەسـتپێکراو نیـە، هێنـدەی کۆمەڵگەیـەکی یۆتۆبییـە، هێنـدەش کۆمەڵگەیـەکی شـاراوەیە. بۆئـەوەی ئێمـە ئـەم کۆمەڵگەیـە بناسـین پێویـستە بەرلـەوەی ستراکـچەری ئـەو کۆمەڵگەیـە دیاریبکـەین، پێویستە جوگرافیاکانی ئـەو کۆمەڵگەیـەو سـایکۆلۆژیاو سۆسـۆلۆژیاو کولتورناســی ئــەو کۆمەڵگەیــە بخەینــە بــەرباس و راڤــەکاری و گفتوگۆیەکی جیاوازەوە.

جوگرافیـــای کۆمەڵگـــەی ئاودەســـتخانە چـــەند جوگرافیایـــەکی بچوکە وەك شوێن، هێندەش جوگرافیایەکی گەورەیە وەك فـەنتازیا. فـــەنتازیاکانی شـــوێن لـــەو نێوەنـــدە داخـــراوەدا کـــە تـــەنها ئاودەسـتخانەیەکی تاکەکەسـییە وەك ئاودەسـتخانەی ماڵـەوە، بـەڵام جیاوازییـەکی گـەورە هەیـە لـەنێوان ئاودەسـتخانەی ماڵـەوە لەگـەڵ ئاودەسـتخانەی مزگـەوت و نـادی و قوتابخانـەو شوێنەگـشتییەکان، لەبەرئەوەی ئەو خەیاڵ و فەنتازیایـە گەورەیـەی کـە لەئاودەستخانە گشتییەکاندا هەیە، لەئاودەستخانەکانی ماڵەوەدا نیـە، ئاشـکراکردنی وەزیفـە فەنتازییـەکانی ئاودەسـتخانەی ماڵـەوە هێنـدە قـورس نیـە،

وەك هەموو ئاودەستخانەكانی دنیا بۆ میزكردن‌و بەتالكردنەوەی پاشەڕۆ بەكاردەهێنرێت، لەپاڵ ئەوەدا ڕەنگە لەكۆمەڵگە سونەتییەكاندا كوڕانی هەرزەكارو گەنج جگەرەی تێدا بكێشن، لەوەش بترازێت ڕەنگە گۆشەیەكی پەنهان بێت بۆ (عادەسڕی) كوڕان‌و كچان، دنیایەك خەیاڵی سێكسی‌و كرانەوەی چەپاندن لەچوار دیوارێكی بچوكی هاوشێوەی بەندیخانەی تاكەكەسیدا، بەڵام هیچ كام لەو چەپاندن‌و خەیاڵاتە سێكسیانە نابنبە نوسین‌و گوزارشتی ئاشكراو سێكسی، هاوكات ئەوەی لەئاودەستخانەكانی ماڵدا دەگوزەرێ چڕبوونەوەی دنیایەك قەدەغەكراوو خەیاڵاتی حەرامكراوە لەچوارچێوەیەكی بچوكی خەیاڵاتدا، دنیایەكی بچوكە بەڵام لەسەرزەمینێكی بەرفراوانی قەدەغەكراو و حەرامكراوی نادیارداو حەشارگەیەكە بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ خودئاگایی‌و خەیاڵات‌و ڕوانینە دوورمەودا سێكسی‌و تاكەكەسییەكان، خەیاڵدانێكی دیاریكراوو بەرجەستەیە لەدەرەوەی ئەو ماڵە داخراوەی كە بەرهەمهێنەری چەپاندن‌و خەساندنی هەر ڕوانینێكی سێكسییە، خەیاڵدانێكە بۆ بەرهەمهێنانی بستێك خاكی ڕامنەكراو بەنەریت‌و ترادسیۆنی بچوك، هەوڵێكە بۆ سازكردنی سەرزەمێنێكی بچوك بۆ خەیاڵ‌و فەنتازیا حەرامەكان.

دواجار ئاودەستخانە دەبێتە جوگرافیایەكی ئەفسانەیی لەدەرەوەی قەدەغەو موقەدەسات‌و حەرام‌و حەلاڵ.

بەڵام هەرچی ئاودەستخانە گشتییەكانە بەتایبەتی ئاودەستخانەكانی مزگەوتەكان. لەڕاستیدا كەم نین ئەو

مزگەوتانەی هەموو ساڵێك تەنها بۆیاخی ئاودەستخانەکانیان تازە دەکەنەوەو بەردەوام سپیکاری دەکەنەوە، لەبەرئەوەی ساڵانە دیواری ئەو ئاودەستخانانە پڕدەبنەوە لەنووسینو خەیاڵاتو گوزارشتی سێکسیو حیکایەتی بچوكو بەتاڵبوونەوەی شەڕانگێزی.

زوربەی شەڕی ناوخۆو ململانێی ئایدۆلۆژیو مەزهەبیو شەڕی کوشتنو ناشرینکردنی یەکتری لەئاوەدەستخانە گشتییەکانەوە دەستیپێکردوەو سەرچاوەی گرتووە، ئاوەدەستخانەکان بوونەتە زمانحاڵێکی توندوتیژو ئابروبەرو روتکەرەوەیەکی پەنهان بۆ داماڵینی ئەخلاقو کەسایەتیو روحیەتو خەونە شەڕانگێزەکان.

مرۆڤی یادەوەری[7]

مەریوان وریا قانیع دەڵێت: "نائامادەیی رەخنەیەکی رادیکال و ناساندنێکی راستەقینەی کێشەکان و دارشتنی بەرنامەیەکی رادیکال بۆ گۆڕینیان. هەموو ئەمانەش مانای کوشتن و زەلیلکردنی زەمەنە لەڕێگای بەرهەمهێنانەوەی دوێنێ لەناو ئێستادا، مانای دۆڕاندنی ئێستاییبوون و هەموو هەستێکی راستەقینەیە بە مێژوو و دنیای ئەو مێژووە."

ئێمە بۆئەوەی لەئێستادا نەژین، یان بۆئەوەی خۆ لەئێستاو لەهەر هەنوکەیەك بدزینەوە کە ماناکانی ئێستاییبوون و ئەو ئاستە ژیارییە بەرجەستەدەکات، دەگەڕێین بەدوای دنیایەك بەهانەو خەروارێك حیکایەت و سەرزەمینێکی بەتاڵ لەئێستا بەڵام پڕ لەیادەوەری و لەرابردوو، لەناو ئەم دامەزراوە گەوەریەی رابردوودا بێشومار حیکایەتی هەلاهەلاو بێ ئەندازە بیرەوەری و سەرگوزشتەی لابەلاو رووبەرێکی گەورە لەخەیاڵی شکاو ئامادەگیان هەیە، ئالێرەوە زەلیلکردنی زەمەن و کوشتنی هەر بەهایەکی ئێستایی کە مەریوان وریا قانع باسی لێوەدەکات بەرجەستە دەبن و دەبنە هەڵکەوتەیەکی ژیاری و نالۆژیکی، بەڵام سەرلەبەری ئەو فەرهەنگە کاردەکات بۆ بەخێوکردنی ئەو سەرمایە رەمزی و حیکایەتیانەی کە بەردەوام ئەو پاڵەوانی حیکایەتانە بەرهەمدەهێننەوە کە مەودایەکی پرشنگداری

سەروەری و جوامێری و مرۆیی پێ دەبەخشرێتەوە، واتە ئەو پاڵەوانەی کە کاری بۆ ژیاندۆستی کردووە، بەمانا ئاینییەکەی، بەلام بە دیوێکی دیکەدا پیرۆزکردنی پاڵەوان لە حیکایەتدا ناکاتە دروستکردنی پاڵەوان لەئێستادا، رەنگە حیکایەتێك لەحیکایەتەکان مرۆڤگەلێکی بێشومار دەسخەرۆی رەمزو یادەوەرییەکی درێژخایەن و دوورمەودا بکات، بەلام ناتوانێت تەواوی کۆمەڵگە لەتاکەیەك حیکایەتدا کۆبکاتەوە، رەنگە لەرێی کۆمەڵێك حیکایەتی یەکلەدوایەکەوە دەستکاری یادەوەری لایەکی کۆمەڵگە بکات، بەلام لەتوانایدا نیە خۆی داماڵێت لەو سەرمایە رەمزی و خورافیەی کە حیکایەتەکانی پێ دەرازێنێتەوە.

مەترسی هەرە گەورەی زیندوکردنەوەی حیکایەتەکان لەئێستاداو بە دوێنێکردنی ئێستا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کەمنین ئەو حیکایەتانەی سەروەرییەکی لەرادەبەدەرو پیرۆزێکی میتافیزیکی و سەرتاپا لەپاڵەوانی ئەفسانەیی و بێشومار پڕ لەرەمزی پیرۆزو پڕ لەوێنەی خودایی پێشکەشدەکەن و خۆیان بەرهەمدەهێننەوە، کێشەکە ئالێرەوە دەستپێدەکات کە رەخنەگرتن لەهەر ناوەندێکی پیرۆز، لەهەر خەیاڵدانێکی پڕ لەرەمزو بەهای ئایدۆلۆژی و فەرهەنگی دوێنێ، بەبێ قسەکردن لەسەر ئەو کایەیە گەورەیەی کە زۆرێك لەو حیکایەتانەی تیایدا دەژی ئەستەمە بەر ئەو ئاستە ژیارییە ساختەیە نەکەویت کە رووبەرێکی نادیاریکراوی وەهمییە، هاوکات کەمترین دوورکەوتنەوەشە لەو مەودا ونەی کە سیحری حیکایەتەکان دروستیدەکەن.

جـــوانكردنی حیكایەتـــەكان یـــان موقەدەســـكردنی هـــەر یادەوەرییـــەكی حیكایـــەتامێز، لـــەو بـــەهاو رەمـــزە نوێیانـــەوە سەرچاوەدەگرێت كە لەئێستادا پێیان دەبەخشرێت، هاوشوناسێكی گـەورەتر بـۆ ئـەو وەهمـە نادیـاریكراوە دروسـتدەكات كـە دەیـان ئەوەنـدەی هـەر رووداوەێكـە لـەرابردوودا، كـە زەمـەن لەسـەر ئـەو رووبەرانــە دابەشـدەكەن بەســەر پـۆلێنێكی ئاسـاییدا، واتــە وەك بەخشینی ئـەم بەهایانـە: سـەرووەری بـەمانا هـەرە ئەفسانەییەكەی، موقەدەسـكردن، جـوامێری، چـەمكی پاڵـەوان، چـەمكی شـەهید، شـۆڕشو داسـتانەكان، فریـادڕەس..تـاد. سـەرلەبەری ئـەم چـەمكانە لـەدنیای مـۆدێرنی حیكایەتەكانـدا شـتگەلێكی دیكـەنو تـەواو جیاوازترن لەهەر رووداوێك لـە رابردوویـەكی یۆتۆبیـدا، لەكاتێكدا تـۆی مرۆڤـی هاوچـەرخ كـە دەكەویتـە دەرەوەی ئـەو حیكایـەتو یۆتۆبیاو موقەدەساتەوە لەوە تێدەگەیت كە ئـەم حیكاتانـە دامـاڵراو نـیین لەهـەر سـاتەوەختێكی زیـادەڕۆ لـەناو زەمـەنو شـوێندا، بـەلام ئەرشیفەكەت بەقەدەر ئـەو حیكایەتانـە نـیین، قـەوارەی تـۆش وەك بووەیـەكی بەشـدار دابـەش بـووە بەسـەر ئـەو ئاسـتە ژیارییـەدا كـە تــــەواوی دیـــاردەو گۆڕانكـــاریو فەرهـــەنگی بـــالای دەرەوەی حیكایەتـەكانو دەرەوەی موقەدەسـاتو دەرەوەی ئـەو ترادسـیۆنە بەتـەواوەتی داگیریـان كردوویـتو تـەواو مرۆڤێكـی هەلاهـەلاو فۆتـۆنێكی دەوری ئەلكترۆنـەكانی ئـەو مـەودا داخـراوەی لەئاستێكی ژیاری نابەرجەستەی بێ ئەندازەدا، تۆ كە دەبیتە مرۆڤێكی داماڵراو لەهەر ساتەوەختێكی مێژوویيو ترادسیۆنی، بەلام پڕدەبیت لەهـەر

پارچەیەکی ئەو کەرەستانەی ئەو یادەوەرییە گەورەیەی کە لەپشتییەوە فەرهەنگێکی لۆکاڵی زمانحاڵێتیو حیکایەتەکانت بەبێ ئەرشیفێکی دیاریکراو بۆ دەگێڕێتەوە.

هەڵبەت راستکردنەوەی هەر حیکایەتێك بۆ دۆخێکی ئێستاییو بردنەوەی بۆ ئەو ساتەوەختە مێژووییو حیکایەتیەی کە تیایدا بەرجەستە بووە، نەك هەر کارێکی ئەستەمە، بەڵکە کارێکی مەحاڵەو دوورکەوتنەوەیە لەو خەیاڵدانە پڕ لەیادەوەرییەی کە دنیای شتە پیرۆزەکان دەپارێزێو مەوداکان کورترو کورتر دەکاتەوە.

بەمانایەکی دیکە مەترسی گێڕانەوەی حیکایەتەکان لە ئێستاداو کوشتنی زەمەن لەتاکەیەك ساتەوەختی رابردوامێزدا دنیایەك بەدگومانی بۆ تۆی هاوچەرخ دروستدەکات، بەڵام تەواوی ئەو بەدگومانیانە ناکاتە ئەوەی تۆ لەدەرەوەی حیکایەتەکاندا بژێنێتو لەمەودایەکی دیکەدا بوونەوەری بیرکەرەوە بیت، بەڵکە ئەو مەودایە کار لەسەر بە مێژووکردنی ئێستا دەکات بۆ رووتکردنەوەی هەر روانینو خەیاڵدانێکی تاکەکەسی بۆ بینو تەماشاکردنو بەرجەستەکردنی کلێشەیەکی دیکەی دنیابینیو سەرزەمینێکی دیکە لەدەرەوەی حیکایەتو یادەوەرییە سەرسەختەکانی ئەو داخرانە فەرهەنگییەی کە ئەو کولتورە دەیخوازێت.

بەکارهێنانی کۆمەڵێك کەرەستەی مۆدێرن بۆ گێڕانەوەی حیکایەتەکانو پاراستنی هەر رابردوویەكو رەنگرێژکردنی هەر ئێستایەك بە دەیان حیکایەتی هاوشوناسو پڕکردنەوەی بەهەرچی موقەدەساتی رابردوویەکی بێ ئەرشیفە کە هێندە کارێکی قورس نیە، بەڵکە ئەو کەرەستە مۆدێرنانەی ئەوڕۆکە دەبنە هەڵگرو کۆکەرەوەی

حیکایەتەکان‌و ئەو سەرمایە رەمزییەی رابردوو هێندە کارئاسانی دەکات بۆ گەورەکردنی قەوارەی حیکایەتەکان‌و فراوانکردنی مەوداکانی پیرۆزپارێزی‌و رەمزپارێزی. هەر لەسەرەتاوە سادەترین کەرەستە وێنە فۆتۆییەکانی ئەو کامێرانەیە کە لەقۆناغی وێنەی رەشوسپییەوە دەگۆڕێت بۆ قۆناغی وێنەی دەقاودەقی مرۆڤەکان بە رەنگ‌و روخساری تەواوەوە، گرێدراو بە سەرجەم حیکایەت‌و رووداوەکانییەوە، ئامادە لەبەردەم هەر روداوێکی تێپەرداو خۆئامادەکردن بۆ هەر ساتەوەختێکی وەستاو و بەرجەستە لەئێستاداو کردنی بە رابردوو، هاوکات بە زیندوهێشتنەوەی لەهەر زەمەنێکی خوازراودا.

وێنەی فۆتۆ کە لەهەندێك نوسیندا ئاماژەمان پێداوە کەرەستەیەکی بیرخەرەوەیە، هاوکات یەکێکە لەهەرە مەودا چالاکەکانی یادەوەری بۆ پێوانەکردنی رابردوو بەپێی دیمەنە جیاجیاکان‌و پۆلێنکردنی زەمەن بۆ هەر قوناغێکی فۆتۆیی دیاریکراو و راستەوخۆ، بە ئەندازەیەك هیچ پۆلێنێکی قۆناغەکانی زەمەن لەوانی دیکە ناچێ‌و چەند کار لەسەر هێشتنەوەی زەمەنە جیاوازەکان دەکەن کاریش لەسەر گرێدانەوەی هەموو ئەو سەروەختانە دەکەن بۆ بەرجەستەکردنەوەیان لەوێنەیەکی دیاریکراودا، واتە ئەوەی من‌و تۆ لەوێنەیەکی فۆتۆیی‌و دیمەنێکی دیاریکراودا کۆدەکاتەوە تەنها راوەستانی من‌و تۆ نییە لەتاکەیەك زەمەنی هاوبەشدا، بەڵکە راوەستانی هەریەك لەئێمەیە لەدوو زەمەنی تەواو جیاوازدا، هاوکات ئەو وێنە فۆتۆییانەی لەلای من بوونەتە ئەرشیف تەواو جیاوازترە لەئەرشیفەکەی تۆ، واتە من‌و تۆ

لەزەمــەن و ســاتەوەخت و جوگرافیــا و رابــردوودا جیــاوازین و یادەوەرییــەکانی مــن لەبیرەوەرییــەکانی تــۆ ناچــن و هــەموو یــەکێك لەئێمــە وێنــەکانی جیــاوازە و یادەوەرییەکانیــشمان ناچــنەوە ســەر مەودایەکی دیاریکراوی ژیان، بەڵام من و تۆی تاکەکەس لەئەرشیفی وێنەیی کۆمەڵگەیـەکی نەریتیدا هاوبەشین لەبەرئـەوەی هـیچ کام لەئێمە بە کردار و وێنەو دیمەن بەشدار نـیین لـەو وێنانـەدا، بەڵکە تەماشاکەرین و لەو مەودایەدا یەکدەگرینەوە کە ئەو وێنەیـە بۆمـان دەگێڕێتەوەو داخڵی حیکایەتەکانی خۆیمان دەکات، گێڕانەوەی هـەر حیکایــەتێکی مــن و تــۆی تاکەکــەس لــەو مــەودا ئەرشــیفییەدا بێهودەییــەکی گەورەیــە، لەبەرئــەوەی تــەنها ئــەو وێنانــەو ئــەو حیکایەتخوانانە دەتوانن رابردوو بۆ من و تۆ و هـەزارانی وەك ئێمـە بگێڕنەوە کە ئاگایان لەکۆمەڵێك ساتەوەختی ئەو سەروەختانەیە کە ئەو وێنانـە تیایانـدا گیراون و بـە فۆتـۆکراون، بـەڵام هـەموو ئەمانـە لەکۆمەڵگەیەکی مۆدێرندا ناکاتە ئەوەی هەر کەسەو بەپێی مـەزاج و ترادسیۆنی روانینەکانی خۆی و بەرژەوەندی و خەیاڵ و ستراتیژەکانی خۆی حیکایەتی وێنەکان بگێڕێتەوە.

لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵگایانەی مێژوویەکی نوسراوی دیاریکراویـان نیــە پــشت بــە حیکایەتخوانــەکان دەبەســتن و چــاوەڕوانی هــەر حیکایەتێکن لەسەر خۆیان و مێژووەکەیان. چۆن روانینـی هەریـەك لەئێمـە جیـاوازە، بەهەمانـشێوە روانینـی هەریـەك لەئێمـە بـۆ هـەر وێنەیەکی ئەرشیفی جیاوازە. بەڵام دواجار سـەرلەبەری کەرەستەو دەزگـا مۆدێرنـەکان لەکۆمەڵگـە نـەریتی و داخراوەکانـدا لەخزمـەتی

گێڕانەوەی حیکایەتەکان‌و پاراستنی ئەو وەهمە مێژوویەیەدان کە رابردوو دەخاتەوە بەردەم ئێستاو سەرلەبەری مرۆڤەکان دەکاتەوە بە بوویەکی یادەوەرامێزو هەلگری حیکایەتەکان.

فەرامۆشکردنی نەوەیەك لە کچان

یەکێك لەو رەگەز هەرە فەرامۆشکراو و خەفەکراوەی ناو کۆمەلگاو ناوەندو دەزگا کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌و سیاسی‌و پەروەردەییەکانی، کە تائەوڕۆکە قسەی جدی لەسەر نەکراوەو کەمترین گفتوگۆی دروستکردووەو کەمترین رەخنەی لەسەر گیراوە، ئەویش رەگەزی کچە، یان ئەو نەوەیەی کە کەوتۆتە نێو قولایی کۆمەلگەو نەریت‌و کلتورو ئەخلاقیاتی رەگەزسالاری‌و هێزسالاری کۆمەلگەوە، هاوکات ئەم نەوە نامۆیە لەبەردەم دونیای مۆدێرن‌و دیاردەو گۆڕانکارییەکاندا فەنتازیایەکی دیکەو خەیالدانێکی دیکەی بۆ دروست بووە کە پێکهاتەیەکی ئالۆزە لەفەرهەنگ‌و دنیابینییەکی کراوەتر لەبەردەم ئەو فەرهەنگە هەژارەی کۆمەلگەو بەرابەر ئەو سەرزەمینە کە خالییە لەمەعریفەی پەیوەندی‌و پڕە لەپەراوێزکردن‌و فەرامۆشبوون.

ئێمە بۆ بەم رەگەزە، واتە رەگەزی کچ لەم کۆمەلگەیەدا دەلێین نەوەیەکی دیکەی مێ، هەلبەت هەمووی لەکۆمەلگە داخراوەکانەوە دەگوزەرێ زۆر جیاوازترە لەو ژیان‌و گۆڕانکارییانەی کە لەکۆمەلگا مۆدێرنەکاندا دەگوزەرێ‌و هاوکات ئەو ئاستە ژیارییە داخراوەی کە کولتورو رۆشنبیری‌و نەریت‌و سیستمی کۆمەلایەتی‌و پەروەردەیی

کۆمەڵگا داخراوەکان پیایدا تێدەپەڕن‌و بەردەوام لەدووبارەکردنەوەی نەریت‌و بەرهەمهێنانی ئەو دەسەڵاتە لۆکاڵی‌و گشگیرەدا کار لەسەر بچووککردنەوەی خەون‌و خولیاکانی مرۆڤ دەکەن، کە مەودایەکی شارستانی جیاوازترە لەکۆمەڵگە مۆدێرنەکان کە فەرهەنگێکی کراوەو خولیایەکی کراوە لەئارادایەو بۆ هەموو مرۆڤێک‌و رەگەزو نەوەیەک فەراهەمکراوە تا لەرێیەوە لەژیان‌و گۆڕانکارییەکاندا بەشدارییەکی کاراو فەرهەنگییان هەبێت، ئێمە بۆئەوەی زیاتر بڕۆینە نێو ئەو ناوەندە داخراوەو لەرێیەوە کۆمەڵێک رەخنەی دیکەو دەروازەی دیکە والابکەین بۆ زیاتر ئاشنابوون بەپێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو سەرزەمینە داخراوەی کە رەگەزی کچ تیایدا دەگوزەرێ لەرێی ئەم خاڵانەوە دەروازەیەکی رافەکاری‌و شیکاری دەخەینە بەرباس‌و گفتوگۆ.

کیژۆڵەکان وەک خزمەتکاری کۆمەڵگە

لەراستیدا سەددەر سەدی کیژۆڵەو کچانی ئەم کۆمەڵگەیە لەخێزانەوە تاعەشیرەت‌و تاخێڵ‌و تا حیزبیش بونەتە خزمەتکاری ئەم کۆمەڵگەیە، یەکەم شوێن خێزانە کە کیژۆڵەکان تیایدا فێری خزمەتکاری‌و شەرمکردن‌و فۆنەرە پاککردنەوەو گۆرەوی شتن‌و شۆردنی جلی ژێرەوەی باوک‌و براکان دەکرێن، فێری ئەوە دەکرێن چۆن خزمەتکارو کارەکەرێکی باش بن، بۆئەوەی باوک‌و براو دایک‌و خێزان‌و خزم‌و کەسوکار لێیان رازیبێت، تائێرە ئەوەی من باسی لێوە دەکەم پتر کۆمەڵێک سەرنج‌و کاری ئاسایی کچ‌و کیژۆڵەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە، بەڵام

ئەوەمان لەبیرنەچێت ئەم خزمەتکارییە پرۆسەیەکی دوورو درێژە، بۆ بچووکردنەوەی رەگەزی مێ لەناو کۆمەڵگەدا، بنیاتکردنی ئەو مرۆڤەی کەناوی کچو کیژۆڵەیە، پرۆسەیەکە بۆ بچووکردنەوەی خەون و خولیاکان، لەئاستێکی بچووکی ماڵو بەخێوکردنو خزمەتکردندا، بچووکردنەوەی ژیان بۆ ئاستێکی وا نزم، بچووکردنەوەی ئەو بوونەوەرەیە بۆ ئاستێکی زۆر بچوکی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی کە لەرێیەوە خولیاکانی ئەم نەوە پەراوێزە زیاترو زیاتر بەرەو کونجە تاریکو لەبیرکراوەکان بچوك دەبنەوە بۆ بوونەوەرێکی ماڵیو رامکراو لەمەودایەکی داخراوی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیداو نزمکردنەوەی بۆ ئاستێکی دابڕاوی نائەکتیفو پەنهان، رەخنەی ئێمە لێرەوە دەست پێدەکاتو لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، رامکردنی مرۆڤ لەکۆمەڵگەیەکدا لەرێی کۆمەڵێك میکانیزمو هێزی جیاجیاوە ئەنجام دەدرێت، هەڵبەت لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا رامکردنو ماڵیکردنی کچو کیژۆڵەکان لەرێی فەرهەنگو دابونەریتو خێزانو دەسەڵاتی پیاوسالارییەوە کە کۆمەڵێك هێزن بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە.

پرۆسەیەکە کەخەونو خولیاو ئارەزووەکانیش بێئەندازە بچوکدەبنەوە، هەڵبەت ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی دورودرێژی ئەخلاقیو کولتوریو کۆمەڵایەتییە، لەراستی تەنها گەمەیەکی فەرهەنگی نییە بۆ فەرامۆشکردنی لایەکی کۆمەڵگە.

فەرامۆشکردنی خولیاو ئارەزووەکانی کچان فەرامۆشکردنی خەونو خولیاو داواکاریو ئەکتیڤبونو بیرکردنەوەو روانینەکانیانە، هەڵبەت خێزان یەکێکە لەو ناوەندە داخراوانەی کە بەو کارانە هەڵدەستێتو

ئەنجامدەری پرۆسەیەکی دوورو درێژی ستەمکارییە، بەڵام بەبێدەنگی، بەڵام لەبیرمان نەچێت ئەم پرۆسەیە چەند کاردەکات بۆ بچوکردنەوەی نەومیەك لەماڵدا وەك خزمەتکار، بەهەمانشێوە لەڕێی میکانیزمێکی سایکۆلۆژییەوە کاردەکات بۆ گۆڕینەوەی چێژو خەفەکردنی هەر نارەزاییو خولیایەك لەدەرەوەی خولیاو خەونی ماڵ، هاوکات هەر کاروکردەیەك رۆژانە دوبارەبونەوەو هیچ دەروازەیەکیش لەئارادا نەبوو بۆ دەرچوونو خولقاندنی جیاوازییەکی فەرهەنگی، سەرەنجام هەممو ئەمانە بوون بە رۆتینێکی ئاسایی رۆژانەو لەپاڵیدا پاداشتێکی کۆمەڵایەتیو دەروونی بچووك هەبێ بۆ بەردەوامبوون، ئەوا ئەو مرۆڤە بەناچاری چێژی لێوەردەگرێت، چێژوەرگرتن لەماڵ هاوشێوەی چێژ وەرگرتنێکی غەریزەی بوونەوەرەکانی دیکەیە لەماڵیبوون لەگەڵ مرۆڤدا، وەکچۆن کەنارییەك چیتر ناتوانێت لەدەرەوەی قەفەزەکەی خۆی بژی کە پێشتر تێیدا بووە، وەکچۆن ئەو کۆترەی کە ماڵی دەبێ دەگەڕێتەوە بۆلای خاوەنەکەی خۆیو لەکولانەیەکی تاریکدا دەمێنێتەوەو ناتوانێت تائەبەد ئەو غەریزەیە لەخۆیدا بکوژێت، وەکچۆن بەرخێك ماڵی دەکەیتو نانی دەدەیتێو گەورە دەبێو خزمەتت دەکات، چیتر ئەو مەڕە ناتوانێت لەماڵ دوربکەوێتەوەو گورگەکان دەیخۆنو هەمیشە دوای شوانەکەی دەکەوێتو بە شمشاڵی شوانەکەی هۆگر دەبێت، هاوکات کچانو کیژۆڵەکانی ئەم کۆمەڵگایە سەرباری ئەوەی بوون بەخزمەتکاری کۆمەڵگا، چێژیش لەماڵو ژیانو دووبارەبوونەوەو فەرامۆشبوون دەبینن.

کچان وەك هێزێكی خەفەكراو

با لەرێی ئەم پرسیارەوە دەروازەیەك والاكەین بۆ دروستكردنی گفتوگۆ، ئایا كچان كەوتوونەتە كام بەشی كۆمەڵگاوە؟ لەڕاستیدا كچان لەهەموو شوێنێكی كۆمەڵگادا هەنو لەتەواوی ستراكچەری كۆمەلگەدا بەشدارنو كایەو پێكهاتەو یەكەیەكی كۆمەلایەتیو فەرهەنگیو پەروەردەیی نادۆزیتەوە كچانو كیژۆڵەكانی ئەم كۆمەلگەیەی تێدانەبێت، بەلام كێشەكە لەوەدایە ئایا رۆڵو كاریگەری ئەم نەوەیە چییە لەسەر كۆمەلگەو فەرهەنگ، لەراستیدا ئەم پێكهاتە كۆمەلایەتییەی كۆمەلگا كە كچانن هێزێكی خەفەكراون، ئارەزووگەلێكی خەفەكراو و فەرامۆشكراون، بەگشتی دونیایەك خەونو خولیای فەرامۆشنو خامۆشكراونو لە پانتاییەكی گەورەی كۆمەلایەتیدا رامكراونو دوورخراونەتەوە لەهەر جوولەیەكی كاریگەرو بەشدارو هاوبەشو پەیوەندیدار، هێندەی وەك گروپێكی هەڵپەركێ سەیریان دەكرێت هێندە وەك بەشدارو نەوەیەكی ئەكتیف سەیرناكرێن، هێندەی وەك خزمەتكارێكی خێزانو حیزبو خێڵو عەشیرەتوماڵدارێك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ، هێندە وەك هێزێكی بەشدارو هاوبەشو ئەكتیف لەبوارە جیاجیاكانی ژیانی شارستانی دنیای مۆدێرندا كاری لەگەڵ ناكرێت، هێندەی دەبێتو پێویستە گوێگرێكی گوێڕایەڵ بێت بۆ كۆمەلگا لەخێزانەوە تاتەواوی دەسەلاتەكانی دیكە، لەدایكەوە تا باوكو براو مامۆستاو خزمو...هتد، وەك قسەكەرێكو بەشدار لەگفتوگۆیەكدا

مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، ئالێرەوە نەفامی کۆمەڵگە دەستپێدەکات، لێرەوە کۆمەڵگە غەرقی جەهلێکی دیکە دەبێتو دونیایەك خەونو خولیاو ئارەزووی گۆڕانو چالاکی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە کە کچانن خەفەدەکاتو فەرامۆشی دەکات.

کچان وەك گوێگر

لێسەندنەوەو زەوتکردنی غەریزەی قسەکردنو ئارەزووی گفتوگۆو چێژی مامەڵەکردنو بەشداریکردنی لەهەر کایەیەکی کاریگەری ژیاندا بەئازادی لەجەهلێکی گەورەو سەرتاسەرییەوە سەرچاوە دەگرێتو هەر لەو جەهلەوە مرۆڤەکان غەرقی بێئاگاییو نابەرپرسیاریەتیو نابەشداریو بێباکی دەبن، کچانی ئەم وڵاتە کە راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەرووی کرداریو خولیاو بیرکردنەوەو سایکۆلۆژیاوە بەشدارن لەتەواوی کایەو یەکە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا، بەڵام بونەوەرێکی قسەکەر نبن، هێندەی بونەوەرێکی گوێرایەڵکراو و رامکراو وماڵیکراون هێندە بونەوەرێکی ئەکتیڤکراو و چالاكو قسەکەر نین، خێزان بەردەوام لەرێی دەسەڵاتە جیاجیاکانی وەك دەسەڵاتی ئاینیو پیاوساڵاریو دەسەڵاتی چوارچێوەی ماڵ یان حەرەمی ماڵ لەقەدەغەکراو و رێپێدراوەکانو دەسەڵاتی جەهلو بێئاگایی کۆمەڵگە لەناو یەکەیەکی بچووکی وەك خێزاندا کار لەسەر بێدەنگکردنو گوێڕایەڵکردنی کچانو کیژۆڵەکانی خۆی دەکات، دواتر ئەم نەوە فەرامۆشکراوەی ناو کۆمەڵگەش لەرێی ئەو رامکردنو پەراوێزکردنەوە دەبنە کائینێکی

نائـــەکتیڤو بێئاگـــا بـــە هـــەر گۆرانکارییـــەکی کۆمەڵایـــەتیو پـــەروەردەییو سیاسـی لـەدنیای دەرەوەی خـۆیو لـەدنیای دەرەوەی خێزانو چواردیواری فەرامۆشکردن.

گــۆرینی کــچان لەبونـــەوەرێکی قـــسەکەرەوە بـــۆ بونـــەوەرێکی بێدەنگو قسەنەکەر کە لەسەرەتای بوونەوە حەقیقەتێکی مرۆییو شارستانی هەموو مرۆڤەکانە، کە یەکێکە لەغەریزە سەرەتاییەکانی، گــۆڕینێتی لەبونـــەوەرێکی زینـــدووەوە بـــۆ بونـــەوەرێکی مـــردوو، گۆڕینێتی بۆ شتومەكو کاڵایـەك کـە بەئاسانیو بـێ قـسە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

کاتێك کچان خۆیان دەکوژن

مـەرگ تاکـە شـوێنێکە کـە حیکایـەتی نیـە، تاکـە مەنزلگەیـەکی بێـدەنگو بـێ قـرەی بونەوەرەکانـە کـە دەکەونـە دەرەوەی ژیـانو دووردەکەونەوە لەقەرەباڵغی ژیانو چێژوو ئارەزوو خەونو خولیـاو ویستو ئیرادە.

پڕبـوونی مـاڵ لەحیکایـەتو فـەنازیایِ قـسەکردن، بـەڵام بـەبێ دەنگـی لـەدەرونی خۆیانـدا، پـڕ بـوونی مـاڵ لەفـەنتازیای چـێژو ئارەزوەکـان، بـەڵام ئـارەزووی خەفـەکراوو لەچوارچـێوەی مـاڵو کۆمەلگەیـــەکی ئـــەخلاقیو داخـــراو و سیـــستمێکی پـــەروەردەیی جاهیلانەدا، پڕبوونی خەیاڵ لەعیشقو رۆمانـسیەت، بـەڵام دەرەوەی ئـەو خەیاڵـــە واقعێکـــی بەرجەســـتەکراوی ئەخلاقییـــە کـــە پـــڕە لەحەرامو قەدغەکراو، وێرانەیەکی نەریتیو مەنزلگەیەکی گـەورەی

کوشتنی روانین و دنیابینییەکانە، سەرەنجام هەموو ئەم فەنتازیاو خولیاو خەونانە لەقەفەزی بیرکردنەوەو خەیاڵ دەرناچن و نابنبە هەست و خولیایەك لەواقیعداو نابن بەشتێکی ئاسایی کە ئەو مرۆڤەی ناوی کچە چێژی لێوەربگرێت.

کوشتنی ئینسان و کولتوری مەرگ

کولتوری مرۆڤ کوشتن سەرباری ئەوەی یەکێکە لەکولتورە دێرینەکان، بەلاّم تاکە میراتێکی قێزەونە کە لەئاژەڵە گۆشتخۆرو دڕندەکانەوە بۆ مرۆڤە شەڕانگێزو هێزە جاهیلەکان ماوەتەوە، ئەو مرۆڤەی یان ئەو هێزەی باوەڕی بەم کولتورە هەبێت و بەجیدی کاری بۆبکات دەبێتەوە بە ئاژەڵێکی دڕندە.

ئەو هێزانەی لەدنیادا کار لەسەر ئەم کولتورە دەکەن هێزگەلێکی شەڕانگێزن و روانین و دنیابینییەکی مەرگدۆستیان هەیە بۆ وێرانکردنی ژیان و کوشتنی خەون و روانینەکانی ئەوانی دی. بەدرێژایی مێژوو لەپاڵ کولتوری لێکبوردن و یەکتری قبوڵکردن و پەیوەندی و هاوژینی و خۆشەویستی و تێگەیشتن لەیەکتری، هێزی ناشرینی مرۆڤکوژ ئامادەگی هەبووە، بەداخەوە تا ئەوڕۆکە ئەم کولتورە بەو هەموو قێزەونییەوە ئامادەگی هەیەو رۆژانە رووی قێزەونی خۆیمان پیشان دەدات و دەیەوێت ببێتەوە بە کولتوری زاڵ.

کۆمەڵگەی نەریتی کۆمەڵگەیەکی داخراوە، هاوکات تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لەکۆمەڵگەیەکی تیرەگەری و تایەفەگەری و مەزهەبی و پەیوەندیگەلێکی سنورداری عەشایری و پەیوەندی خوێن.

هاوکات کۆمەڵگەی کوردیش بێبەش نییە لەمستراکچەرە داخراوە، بەڵام بەکۆمەڵێك جیاوازییەوە، سیستمی عەشایری لەکوردستاندا لەشارەکاندا کاڵبۆتەوە، بەڵام لەدەرەوەی شارە گەورەکان سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیارو بەدەسەڵاتە، بەڵام لەشارەکاندا لەبری سیستمێکی عەشایری سیستمی حیزبگەراییو خێزانسالاریو نەریتسالاریو ئەخلاقسالاریو ترادسیۆنی خێڵئاسا (واتە خێڵی مۆدێرن، بەڵام بەهەمان ترادسیۆنو پەیوەندیو عەقڵیەتەوە.) هاوکات کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی کولتوریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەیەکی ترادسیۆنیی داخراوە لەئاستی پەیوەندیو تێکەڵاوبوونو پەیوەندی بە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی خۆی.

تائەوڕۆکە لەناوچە کوردنشینەکاندا وەك باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق دیاردەی (غسل العار)و کوشتن لەسەر شەرەف دیاردەیەکی باوەو هاوکات لەسەرو یاساشەوەیە، هەروەها کوشتنی ژنو خۆکوشتنو خۆسوتاندنی ژنان دیاردەیەکی ناشرینی نێو ئەم کۆمەڵگەیەیە، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەگشتیو کچان بەتایبەتی لەئاستێکی کۆمەڵایەتیو کولتوری دواکەوتوودایە کە بووەتە ترادسیۆنێکی لکەدار بە فەرهەنگی کۆمەڵگەو خێزانەوە.

شێوازەکانی توندوتیژی کە دەرهەق بە ئافرەتان دەکرێت پێکهاتوون لە: توندوتیژی جەستەیی، سایکۆلۆژی، ئابوری، فەرهەنگیو پەراوێزخستنی ئافرەتان، هاوکات رۆژانە لەعێراقدا سەرباری تیرۆرو کوشتنو تەقینەوە دیاردەیەکی دیکەی ناشرین

لەئازادایـــە، ئـــەویش دیـــاردەی ئـــافرەت کوشـــتن‌و چەوســـانەوەی ئافرەتان‌و توندوتیژی بەکارهێنانی دژی ئافرەتـان، بـەڵام بەداخـەوە ئامارێکی وردو زانستی لەبەردەستدا نییە بۆئەوەی بەتەواوەتی ئـەو ئامارانـــە بخەینـــە بەردەســـتی خوێنـــەرو ڕێکخـــراوە جیهانییـــەکان، هۆکارەکانیش دەگەڕێنەوە بۆئـەوەی کـە ئەوروپاکـە لەعێراقـدا شـتێك نییە بەناوی ئارامی‌و دڵنیایی، هاوکات هیچ سـەنتەرێکی لێکۆڵینـەوە نەیتوانییـەوە تائەوروپاکـە ئـەو ئامارانـە دەسـتبخات، هـەروەها ئـەم دیاردەیـە هێنـدەی دیاردەیـەکی شـاراوەوو پـەنهان‌و پـڕ لەنهێنییـە هێندە دیاردەیەکی ئاشکرا نییـە، لەبەرئـەوەی ئـەم ئافرەتانـەی لـەم کۆمەڵگەیـەدا دەکـوژرێن تەرمەکـەیان لەلایـەن ئەنجامدەرانییـەوە دەشـــاردرێنەوە یـــان فرێدەدرێنـــە دەریـــاوەو، یـــان جەســـتەیان دەشـیوێنرێت، دواتـر بـەهۆی ئـەم شـتانەوە ئـەو قوربانیانـە نـاوو گۆڕیـان ونـدەبێت، ئەگـەر ونـیش نـەبێت کەسـوکارو خزمـانی ئـەو ئافرەتـە کوژراوانـە لەبـەر ئابروچـون‌و مەترسـی لەسـەر شـەرەفیان ئـیعتراف ناکـەن بـەوەی کـە ئافرەتەکـەیان کـوژراوە یـان کوشـتویانە، لەخراپترین حاڵەتـدا دەڵـێن دیارنـەماوە یـان سـەفەری کـردووە، یـان بەنەخۆشـی مـردووە، یـان دەڵـێن هیـچی لـەبارەوە نـازانین. هاوکـات چـەند ئـافرەت کوشـتن لـەم کۆمەڵگەیـەدا زادەی نهێنـی‌و پـەنهان‌و شاردنەوەیە، سەد ئەوەندەش توندوتیـژی بـەکارهێنان بەرامبـەر بـە ئافرەتـان لەپـەنهان‌و نادیـاردا ئەنجامـدەدرێت، لەکاتێکـدا دیـاردەی خۆسـوتاندنی ئافرەتـان‌و خۆکوشـتنی ئافرەتـان لەتـەواوی عێـراق‌و هـەرێمی کوردســـتاندا بووەتـــە دیاردەیـــەکی ڕۆژانـــە، زوربـــەی ئـــەو

ئافرەتانەی خۆیان دەسوتێنن یان خۆیان دەکوژن لەبەر ئەم هۆیانە: توندوتیژی بەرامبەریان کراوە، لەرووی جەستەیی و سایکۆلۆژییەوە چەوساونەتەوە، بە هەڕەشەو هێز مافەکانیان پێشێلدەکرێت، خواستو داواکارییە هەرە پێویستییەکانیان نایەتە دی و ژیانیان لەبەردەم مەترسیدایە.

دیاردەیەکی دیکەی ناوشارەکان بریتییە لە: هەرچەندە ئافرەت وەك شکڵ کەمێك ئازادە، ئەم ئازادییەش ئازادییەکی سنورداری کۆتوبەندکراوە، بەڵام روحو فیکرو بیرکردنەوەو روانینەکانیان ئازاد نین، لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان کوڕانو کچان لەتەواوی عێراقو بەتایبەتی لەناوچە کوردنشینەکان سنوردارو دیاریکراوو ناتەندروست حسابی بۆ دەکرێت، لەبەرئەوە لەم کۆمەڵگەیەدا بەگشتی پەیوەندی کوڕو کچ حەرامو قەدەغەکراوە لەرووی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئاینییەوە، هاوکات هیچ شوێنێکی تەرفیهیو گەشتیاریو خۆشگوزەرانی بۆ ئافرەتانو کچانو گەنجان نیە، بێجگە لەکۆمەڵێك باخچەی گشتی کە کوڕانو کچان ئازاد نین تیایدا. باخچەکان چەند گەورە بن جێی دوو مرۆڤی مۆدێرنی تیادا نابێتەوە، باخچەکان چەند گەورەن، بەڵام زۆر بچوکن بۆ مرۆڤە ئازادەکان.

ژیانو پەیوەندیو کاریگەری ئافرەتان لەم هەرێمەدا زۆر سنوردارو ناشارستانییە، بەواتایەك ژیانێکی داخراو و بێزارکەرە، ئافرەت لەم هەرێمەدا هێندەی کائینێکی بێدەنگو پەراوێزخراوو فەرامۆشکراوە، هێندە مرۆڤێکی ئەکتیڤو کاریگەرو رێپێدراو نییە، ئەوەمان لەبیرنەچێت پرۆسەی پەراوێزخستنو پشتگوێخستن

بەشێکە لەبەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی سایکۆلۆژیو فەرهەنگی.

دەرەنجامی شێوازەکانی توندوتیژی کە بەرامبەر ئافرەتان بەگشتی بەکاردەهێنرێتو کاری پێدەکرێت ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە:

-زوربەی ئافرەتان لەپڕێکدا واز لەخوێندن دەهێنن، بەتایبەتی لەدەرەووەی شارەکاندا، ئەوڕۆکە دنیایەك ئافەرت لەم کۆمەڵگەیەدا بوونبە ژنی ماڵەوەو خوێندنیان تەواو نەکردوەو بوون بە خزمەتکاری خێزانەکانیان یان بەو ئاستە نزمەی خوێندنەوە بوونبە فەرمانبەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو سیستمە بەتاڵە دەمامککراوەی کە لەعێراقدا دەگوزەرێت.

-رێژەی ئافرەتانی نەخوێنەوار روو لەزیادبوونە.

-هاوکات ئافرەتانی هەڕەشەلێکراوو توندوتیژیی بەرامبەرکراو لەلایەن خێزانو مێردو تایەفەو کۆمەڵگەوە روو لەزیادبوونە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی داخراو بەگشتی دڵڕەقترین کۆمەڵگەیە بەرامبەر ئافرەتو رەگەزی مێیینە.

-رێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لەماڵەوە نایەڵن یان رێیان پێنادرێت بێنەدەرەوە ئیشبکەن یان بخوێنن یان سەفەر بکەن یان پەیوەندی دروستبکەن بەردەوام لەزیادبووندایە.

-تائەوڕۆکە سود لەتوانستی کچانو ئافرەتان وەرنەگیراوەو هەوڵی ئەوتۆش نەخراووەتەگەڕ بۆ ئەکتیڤکردنو بەشدارپێکردنی

ڕەگەزی مێ، هاوکات کار لەسەر ئەوەش نەکراوە ئافرەت بکرێتە بەشدارێکی ئەکتیف لەبواری فەرهەنگیو کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیریو سیاسیو ئابوریو زانستیدا.

سێکس و کۆمەڵگە

سێکس لەکۆمەلگە داخراوەکانی وەك ئێمەدا نەك کردوەیەکی ناشرینو لادەرانەیە، نەك دەلالەتە بۆ ناپاکیو بەدڕەوشتی ...هتد، بەلکو هەموو خەیاڵو خولیایەك بۆ ڕۆمانسیەتو عەشقو پێکەوەبوونیش قەدەغکراوو حەرامکراوێکی ناشیرینەو دیاردەیەکی بچکۆلەو خەفەکراوی ناو کۆمەنگەیەو تائەوڕۆکە کچانو کوڕانی ئەم ولاتە بەدزیەو عەشق دەکەنو بە دزیەوە ماچێك دەکەنو بەدزیەوە دەست لەملی یەکتر دەکەنو بەدزیەوە خەون دەبینەنو بەدزیەوە سێکس دەکەنو هەر بەدزیەوە سەیری یەکتریش دەکەن، لەلایەکی تریشەوە تەواوی هەموو ئەو هێزانەی کە لەپشت قەدەغەکردنی عەشقو ژیانو سێکسو خەونە کەڤالییەکانی کچانەوەن، هێزگەلێکی مەرگ دۆستانەنو مەرگخوازانە دەروانە دنیاو، هەر لەرێی ئەو مایکرۆسکۆپەی جەهلەوە کە کار لەسەر کۆنترۆلکردنی ژیانو عەشقو سێکسو خەونو خولیاکانی مرۆڤ دەکەن، هەموو ئەو هێزانەی کار لەسەر خەفەکردنو فەرامۆشکردنی خولیاو خەونو ئارەزوو چێژوو غەریزەکانی مرۆڤ دەکەن، هێزگەلێکی مەرگخوازن بۆ بچوکردنەوەی ژیانو کوشتنی هەر خەیاڵو خولیایەك لەدەرەوەی ئەخلاقیانو نەریتی داخراوی خۆیان هەلبەتە مەرگ

ئەوەنیە کە بونەوەرێك دەمرێت، نەخێر خەفەکردنی ژیانە لەرێی فەرامۆشکردنی مرۆڤو ئارەزوو خولیاکانیەوە مەرگێکی کاریگەرترو ناشیرینترە لەو مەرگە سادەوساکارەی ناو ژیان، بەڵام چ کاتێك کچان بڕیاردەدەن خۆیان بکوژن؟ ئەوکاتە کچان و ئافرەتانی ئەم ولاتە دانەدانە بەتەنها هەر کەسەو بۆخۆی بڕیاری ئەوەدەدەن خۆیانبکوژن کە ژیانیان بچوکدەبێتەوە بۆ خزمەتکاریەکی تاقەتپڕوکێنی ماڵو باوكو براو ...هتد، کاتێك ئارەزوو خەون و خولیاکانیان بۆ ژیان و عەشق فەرامۆش دەکرێت و تاسەرئێسك خەفەدەکرێن و کاتێك روانین و سەرنجەکانیان بێدەنگ دەکرێن و لەبونەوەرێکی قسەکەرەوە دەیانگۆڕن بۆ بونەوەرێکی بێدەنگ و خامۆش و پەراوێزکراو، ئەوکاتە بڕیار دەدەن خۆیانبکوژن، خۆیانبسوتێنن، خۆیاندەرمانخوارد بکەن و، بەڵێ ئەوکاتانە بڕیاردەدەن کە بەخواستی خۆیان عیشق ناکەن و بەخواستی خۆیان پیاسە ناکەن و بەخواستی خۆیان دەستکاری ژیان ناکەن و ، ئائەمەیە کۆمەڵگای کوشندەو داخراو دواجار هەمومان لەبەردەم کولتورێکی هەزارو داخراودایین.

فۆبیای پەیوەندی

هەڵبەت ئێمە لەزۆر شوێنی جیاوازو لەزۆر نویسندا ئامازەمان بەو فۆبیاو ترس و دڵەڕاوکێیانە داوە کە لەپشت هەر پەیوەندییەکی ئاسایی مرۆڤەکانەوە ئامادەیە، بە مانا مۆدێرنەکەی، بەواتایەك ئەوەی ئامادەگی بەردەوامی هەیەو کلێشە بۆهەر پەیوەندییەکی دوو

مرۆڤـی رەگـەز جیـاواز دادەنێـت تـرس و فۆبیـای پەیوندیکردنـە بەدەرەوەی خودو بەدەرەوەی دونیای ئاسایی خۆیەوە.

ترس لەبەرامبەر یان فۆبیا لەوی دی دیاردەیەکی هـەروا ئاسان و ساکار نییە، بەڵکو لەپشت ئەو ترسەوە دونیایەك نەریت و دونیایەك قەدەغراوو دونیایەك حەرامکراو دونیایەك پۆلێنکردن ئامادەگیان هەیە، هەڵبەت کولتوری مامەڵەکردن و پەیوەندییە ژیارییەکانی هەر کۆمەڵگایـەك لەئاسـت تاکەکـەس و کۆمـەڵگاو گروپەکانیـدا بەئەندازەیـەکی جیاکـەرەوەو جیـاوازن و هاوکـات فەرهـەنگێکی بیرکـەرەوەو ستراکـچەرێکی جیاکـەرەوە کلێـشەسازی هـەموو ئـەو پەیوەندییانە دەکێشێت کە کۆمەڵگاکانی پێدەناسرێتەوە، بـەڵام ئـەو جیاوازییـە گەورەیـەی کـە لـەنێوان فەرهـەنگی کـراوەی کۆمەڵگـەی مۆدێرن و کۆمەڵگە داخراوەکاندا لەئارادایە، بەئەندازەیـەکی بێـسنور بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان ئەو دژە فەرهەنگەدا دروستکردووە.

لەکۆمەڵگـەی کـراوەدا فۆبیایـەکی نـەریتی و ئـەخلاقی لەپـشت پەیوەندییـەکانی مرۆڤـەوە بەیەکترییـەوە ئامـادەگی نییـە، هەڵبەتـە لێـرەدا ئێمـە مەبەسـتمان پەیوەنـدی نێـوان نێـرو مـێیـە، یـان کـوڕو کچە، بەڵام ناکرێت ئێمە لەم نووسینەدا بگەڕێینەوە سەر قسەکردن لەسەر مرۆڤی ئاشکرا یان مرۆڤـی داماڵدراو لەفەرهـەنگی نـەوەکانی پێـشوو، مـرۆڤ وەکخـۆی لـەدەرەوەی ستراکـچەرە داخراوەکـانی وەك دەسـەڵاتی ئـەخلاقی ئـاین و زەبـری دابونـەریت و فۆبیـای پەیوەنـدی مرۆڤەکان بەیەکترییەوە، ترس لەهەر یەکتر قبووڵکردنێك یان هـەر بەرامبـەرێك، مرۆڤـی ئاشـکرا بـەرەنجامی دونیـای مـۆدێرن و ئـەو

گۆڕانکارییە گەورەکانە کە بەسەر ئەو ئاستە ژیاریو فەرهەنگییەی کۆمەڵگاکانی دونیادا هاتووە، بەتایبەتی هەر لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە تا سەروەختی ڤیکتۆریو سەرهەڵدانی ناوەندگەلە مرۆڤدۆستەکانو گۆڕانکارییە ریفرۆمخوازەکانی دژ بەکاسۆلیکو داخرانو دەسەڵاتی مەسیحی لەرێی پرۆستانتەکانو شۆڕشی فەرەنساو جیاکردنەوەی مافەکانی مرۆڤو مافە مەدەنیو هەنوکەیەکانی مرۆڤ لەناوەندە داخراوەکانو بەخشینەوەی بەخودی مرۆڤ، هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لەپاڵ گەشەکردنی زانستیو دەروونشیکاریو فەلسەفەی پەیوەندی مرۆڤ بەبوونەوە، هۆکارگەلێکی دیارو کاریگەر بوون بۆ لێکردنەوەی فۆبیای پەیوەندیو گرانەوەی زیاترو ناسینی ئەویدی.

ئێمە بۆئەوەی زیاتر نەچینە نێو ئەو وردەکارییە فەلسەفیو سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتیانەوە، باس لەمۆدێلێکی دیکەی مرۆڤ دەکەین کەبە" مرۆڤی شاراوە " یان " مرۆڤی پەنهان" ناوی دەبەینو لەم نووسینەدا کار لەسەر ئەو فەرهەنگە دەکەین کە لە پشت ئەم مرۆڤەوە کار دەکات.

قوربانی و یادەوەری

قوربانی وەك چەمك دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتیو ئاینیو فەرهەنگییە، یەکێکە لەدیاردە هەرە کۆنەکانی بیرۆکەی سەرەتایی هەر بیروباوەڕێکی ئاینیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانو ئەو کۆمەڵگە کۆنانەی کە ئەوڕۆکە بە تەنها کۆمەڵێك وێنەی ئەرشیفی

هەڵکۆڵراوی ناو ئەشکەوتەکان‌و چەند کەرەستەو پەیکەرو کۆمەڵێك پانۆرامای پچڕپچڕمان هەیە لەسەری.

ئێمە لەکتێبی کۆمەڵگەی داخراودا، لەدوتوێی لێکۆڵینەوەیەکی سێ بەشیدا بە وردی باس لەسەرهەڵدانی ئاین‌و بیروباوەڕە سەرەتاییەکانمان کردووە، هاوکات لەهەوڵی راڤەکاری کۆمەڵێك تێزی دیکەدا باس لەوە کراوە کە بیرۆکەی قوربانی چ پەیوەندییەکی ئاڵۆگۆڕکێی هەیە بە نهێنییەکانی بەخشش‌و مەرگ‌و پەیوەندی مرۆڤ بە دنیای شتە پیرۆزەکانەوە، بەلاّم ئەورۆکە باسکردنی دیاردەیەکی وا دێرین وەك دیاردەی قوربانی وەك چەمك‌و میکانیزمی بیرکردنەوەی هەر کۆمەڵگەیەك جێی بایەخ‌و قسەکردنێکی جدییە، هاوکات دیاردەیەکە تا رادەیەکی سەرسوڕهێنەر دەکرێ شیبکرێتەوەو بە ئەندازەیەك ئەو مەودایانەی کەشف بکرێت کە دەکەونە نێو بازنە داخراوەکانی بەرهەمهێنانی هەر پێکهاتەیەکی قوربانییەوە یان ئەو مەودایانە دیاربکرێن‌و رایەڵە کولتورییەکانیان بدۆزرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی ئەو رووبەرە زاراوەییەو ناوەندگەلێکی فەرهەنگی‌و کۆمەلاّیەتی‌و سیاسیان داگیرکردووەو بوونەتە بەرپاکەرو بزوێنەری هەر خەیاڵدانێکی مێگەلی‌و لوکاڵی‌و پێکهاتەیی مۆدێرنی وەك حیزب‌و ئایدۆلۆژیاو دامەزراوە کۆمەلاّیەتی‌و فەرهەنگییەکان.

بەرلەوەی باس لەقوربانی بکەین، پێویستە ئەو مەوادا داخراوەی موقەدەسەکان دیاریبکەین، لەبەرئەوەی ناوەندەکانی پاراستنی دنیای شتە پیرۆزەکان بێشومار زیادن‌و لەدنیایەك رووبەری بچوکتر

لەخۆیان دروستبوون، ئێمە تەنها باس لەو ناوەندە گەورانە دەکەین کە خالّی نیین لەهەر پەیوەندییەکی کاریگەرو چالاك لەڕووی مرۆیی‌و کولتوری‌و کۆمەلاّیەتی‌و ئایدۆلۆژییەوە، کەواتە بۆئەوەی ئەو رووبەرانە لەناوەندێکی جێگیرو وەستاوەوە بگوازینەوە بۆ ناوەندێکی چالاك‌و سەرزەمینی بەرهەمهێنانی هێزو فەرهەنگ‌و ترادسیۆن‌و یادەوەری.

هەلّبەت بەر لەهەرشتێك پێویستە بچوکترین خانەی کۆمەلاّیەتی‌و فەرهەنگی کۆمەلگە وەربگرین کە خێزانە، لەمەش بترازێت هەموو یەکە کۆمەلاّیەتیانەش دەگرێتەوە کە بچوکترین چالاکی فەرهەنگی‌و کۆمەلاّیەتی تیادا ئەنجامدەدرێت، خێزان بەرلەوەی یەکەیەکی کۆمەلاّیەتی بچوك بێت بە مانا سۆسۆلۆژییەکەی، هاوکات یەکەیەکی فەرهەنگی‌و ترادسیۆنی گەورەیە بۆ پاراستنی روانینی دیاریکراو، هێزی تاکەیەك ئیرادەی رامکراو، پاراستنی مۆراڵ‌و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی تاکەکەس بە کۆی ژیان‌و ئەو ئاستە دیاریکراوەی ژیارییەوە، هاوکات ماشێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی تاکەیەك روانین‌و تاکەیەك خەیالگەو تاکەیەك ئیرادەو تاکەیەك موراڵ‌و ستانداردێکی دیاریکراوی دنیای شتە پیرۆزەکان.

لەپشت هەر خێزانێکەوە.. لەو دیو هەر دەرگایەکی داخراوەوە دنیایەك خەیالّی جیاوازو دنیایەك پەراوێزکراو هەیە لەدەرەوەی ئەو نەریتە کۆنکرێتییەی ژیانەوە، بەلاّم قەفەزێك هەیە بۆ بەخێوکردنی تاکەکەس بە کۆمەلێك جۆری خواردن‌و خواردنەوەی دیاریکراو، بۆ راهێنانی تاکەکەس بە تاکەیەك مۆراڵی مامەلەکردن‌و

هەڵوێستو رەفتارو بچوککردنەوەی ئارەزووەکان لەچوارچێوەیەکی بچوکی خێزانو چواردیواری سنور بۆ کێشراودا. مەریوان وریا قانیع سەبارەت بە خێزانو کۆنترۆڵکردنی فەرهەنگی دەڵێت:"لە دنیای ئێمەدا تاکەکەسی کورد مەحکومە بەوەی هەموو جیاوازییەکانی خۆی بچەپێنێتو یەکەیەکەیان رەتبکاتەوەو نەیاندۆزێتەوەو بەرزیان نەکاتەوە بەڕووی دنیای دەرەوەدا. پەیوەندی دەمجی یاسای سەرەکی گرێدانو نقومکردنی تاکەکەسە لەناو خێزاندا. قازانجی خێزان وەك گشتێك، ناوبانگی خێزان وەك کۆیەكو مانەوەی خێزان وەك راستییەکی کولتوری پیرۆزکراو- لە قازانجو ناوبانگو مانەوەی تاکەکەس گرنگترە. کولتوری ئێمە مەودای ئەوە بە تاکەکان نادات بوونی خۆیان، ناوبانگی خۆیان، ماناوەی خۆیان بە ئەندازەی گرنگیو پیرۆزی خێزانو لەدەرەوەی رەهەندی خێزاندا، بەرهەمبێتو هێڵێك، ماوەیەك، فاریزەیەك لەنێوان خۆیانو رووکارە کۆییەکانی خێزاندا بکێشن.(دەسەڵاتو جیاوازی، ل42)"، دنیای شتە پیرۆزەکانی ئەو ناوەندە دیاریکراوەی کۆمەڵگە بەرلەوەی ناوەندێك بێت بۆ گەڕانەوە، بەرلەوەی خەیالگەیەك بێت لەیادەوەریو مێژوودا، بەرلەوەی کۆمەڵێك هێماو ئاماژە بن بۆ راگرتنی ئێمە لەهەر خاڵێکی دیاریکراوی ژیاریو بەرجەستەدا، هەڵگری کۆمەڵێك پەیوەندی کاریگەرن بۆ بەستنەوەی مرۆڤ بە نەریتێکی بەرجەستەی وێنەیی لەميناتۆرێکی کۆمەڵگەییداو بەستنەوەی تاکەکەس بە زیاد لەبوارێکی ژیانەوە. بۆنمونە سیستمی باوکسالاری هێندەی موقەدەسێکی تەوتەمیی وەستاوە، هێندە

هێزێکی ڕێکخەری کاریگەری ژیان نیە لەکۆمەڵگەو خێزانو یەکە فەرهەنگییەکاندا، واتە باوکسالاری هێندەی رووبەرێکی گەورەی موقەدەسو حەرامکراوێکی بەرجەستەیە لەخەیاڵگەو یادەوەریو سەرزەمینە ژیارییەکانی روانینی تاکەکەس لە تەواوی جیاوازیو وێکچوونی مرۆڤەکاندا لەگەڵ هەر کایەیەكو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا. هێندە ئەکشنێکی جوڵاو و زیندوو نیە، بەڵام پانتاییەکی گەورەیە بۆ بچووککردنەوەی تاکەکەس لەموقەدەسێکی بەرجەستەکراودا.

کاڵبوونەوەی تاکەکەس لەنێو ئەو یەکەو خانە فەرهەنگیانەدا بە تایبەتی لەخێزانو گروپو قوتابخانەو خێڵو حیزبو دامەزراوە داخراوەکاندا، هێندەی پەیوەستە بە دنیای بەرجەستەی شتە پیرۆزەکانو دنیای روانینە رامکراوەکانەوە، هێندە پەیوەست نیە بە پەیوەندی راستەوخۆی تاکەکەسەوە بە هەر یەکێك لەو چەمکانەو ئەو خەیاڵگەیەی کە دنیا بچوکدەکاتەوە بۆ قەفەزێکی دیاریکراوی روانینو دنیابینی.

سەرەنجام ئێمە لەبەردەم کایەیەکی گەورەی مەعریفیدا نین، بەڵام لەبەردەم کولتورو ترادسیۆنێکی بەرجەستەی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەك داین کە کۆمەڵگەیەکە تا ئەندازەیەکی بەرفراوان کۆمەڵگەیەکی داخراو و وێرانکارە، چۆن پیاوسالاری دەسەڵاتێکی موقەدەسو سایکۆلۆژییە، بەهەمان شێوە دەسەڵاتی سەرجەم موقەدەسە هاوشوناسەکان هێزگەلێکن بۆ یەکخستنو غەرفکردنی هەر جیاوازیو لادانێك لەیەکەیەکی گەورەتردا کە خێزانی موقەدەسو حیزبی

موقـەدەس‌و گرووپـی موقەدەسـە. هاوکـات فەرهـەنگی لۆکـاڵی خێزانـی بەرهەمهێنـەرو کۆپیکـەری دابونـەریت‌و مۆراڵـە، هەرچـەندە ئەمانـە هـەمووی وەك ترادسـیۆن سـەیردەکرێن، بـەلاَم کۆمـەڵێك موقەدەسـات‌و حـەرامکراو و قەدەغـەکراون بـە ئەنـدازەیـەك پـۆلێنکراون کـە مەحاڵـە جیاکردنـەوەیان لـەکۆی ئـەو پەیوەندیانـەی خێـزان بـەناوەوەو دەرەوەی خۆیەوە، واتە جیاکردنەوەی لەو گشتە نابەرجەستەیەی کە مەریوان وریا ناوی دەنێت قازانجی خێزان وەك گشتێك.

ئەگـەر لێـرەدا بگەڕێینـەوە بـۆ چـەمکی کۆمەلأیـەتیبوون، دەکەوینـە بـەردەم مەودایـەکی بـەرفراوانی کۆمەلأیـەتی جیـاواز کـە رووبـەرێکی گـەورەترە لەهـەر هێزێکـی لۆکـاڵی‌و فەرهـەنگی‌و خانـەو یەکەیـەکی کۆمەلأیـەتی کـە پێکـڕا خێزانـە لەگـشتێکی فەرهەنگی‌داو پەیوەنـدی مرۆڤەکانـــە لەمەودایـــەکی بازنەییـــدا. کەواتـــە چـــەمکی بـــە کۆمەلأیەتیبوون Socialization رەنگدەرەوەی هەموو ئەو ئەزموونانەیە کـە لەرێگەیانـەوە ئەنـدامانی گـەنج‌و منـداڵی کۆمەڵگـە فێـری کولتـوری کۆمەڵگەی خۆیان دەبن، ئەمـە لەکاتێکدا کـە لەروانگەیـەکی کۆمەڵییـەوە دەڕوانینە ئەم چەمکە، بـەلاَم لەروانگـەی تاکەکەسییەوە مـرۆڤ لەڕێگـەی پڕۆسـەی بـە کۆمەلأیەتیبونـەوە ئامـادەیی هەڵـسوکەوتی نـاو ژیـانی کۆمەلأیەتێـدا پەییـدا دەبێـت.(دەروازەکـانی کۆمەڵناسـی، مینوچـیهری موحسینی، و. کۆمەڵێك وەرگێڕل131). قوربـانی یەکـەمی ئـەم سیتمە کۆمەلأیەتییە لەکۆمەڵگە داخراوەکانـدا تاکەکەسـە، تاکـەکـەس لـەناوەوەڕا گرفتاری دەستی کۆمەڵێك پەیوەندی خۆنەویـستە کـە لەڕێیـەوە ئـالودەی ئەو رووبەرە ژیاری‌و فەرهەنگییەی کۆمەڵگە دەبێت‌و ئەو تایبەتمەندییە

جیاوازانــەی خــۆی کاڵدەبێتــەوەو ئــەو پرۆســەی بــە کۆمەڵایەتیبونــە دەســـتپێدەکات، هەڵبـــەت ئـــەم پرۆســـەیە بەرلـــەوەی پرۆســـەیەکی کۆمەڵایـەتیو فەرهـەنگی بێـت پرۆسـەیەکی سـایکۆلۆژیو مەعریفیـشە، بەواتایـــەك هەرچـــی کـــۆنترۆڵکردنی تاکەکەســـە بـــەم پرۆســـەیەدا تێدەپـــەڕێتو سەرچـــاوەیەکی تەکنیکییـــە بـــۆ بەرجەســـتەکردنەوەی تاکەکەس لەتابلۆیەکی دیاریکراوی مۆڕاڵدا.

ئەم کۆنترۆڵکردنەش میکانیزمێکی هەروا سادەوساکار نیە، بەڵکە میکانیزمێکـە کـە زیـاد لـەبوارێكو زیـاد لەمەودایـەکی هەژمونگـەر کـاری لەســـەر دەکـەن، وەك میکـانیزمی پـەروەردەو فێرکـردنو دەسەڵاتی باوکسالاریو کولتورسالاری، کە کۆمەڵێك رووبەرن تیایاندا غـەریزەو چێژو خـەیاڵو خولیـاو ئـیرادەو خەونـەکانی تاکەکـەس رامدەکرێت، هاوکات کاریگەرییەکی ئاسۆیی لەسەر هەر تاکەکەسێك جێدەهێڵن، ئـەم رامکردنـەش کـار لەسـەر کیمیـای پەیوەندییـەکانو ئاسۆکانی روانینو دنیابینی دەکاتو سەرەنجام مرۆڤەکان لەتاکەیەك دنیابینی دیاریکراوی هەژاردا بەرجەستەدەکات.

سەرچاوەکان:

1-مەریوان وریا قانیع، سەرەتایەك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دیکتاتۆریەت، گۆڤای سەردەمی رەخنە، ل67

-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل93

-ه.س.پ، ل93-94

2-(بەختیار عەلی/ رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسیەت- گفتوگۆ-ل25)

3-ماهیة الدیموقراطیة، الان تورین

4-بەختیار عەلی، دیموکراسیەتی زۆرو دیموکراسیەتی کەم...ل23

-مەریوان وریا قانیع، سەرەتایك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی دیکتاتۆریەت، گۆڤاری سەردەمی رەخنە،ل93-94)

5- علی حرب، اوهام النخبة او نقد المثقف، المرکز الثقافي العربي، طبعة الثانية 1998، ل13

6-هاولاتی، ژ233 چوارشەمە 2005/7/20،ل15

7-علی حرب، حدیث النهایات،2001،ل10"

8-مەریوان وریا قانیع، شوناس و ئاڵۆزی، 2004، ل23-24

9-النقد الحداثة،الان تورین ،ترجمة:انور مغیث،درا المجلس الاعلی للثقافة،ص 30.

-ه. س، پ، لا 30

-لە ئاماژەیەکی ئالان تۆرینەوە بۆ گادامێر وەرگیراوە- لە کتێبی ڕەخنە لەنوێگەری. -

-میشێل فوکۆ، چاودێرکردن و سزا، لا196، لە کتێبی (رەخنە لە نوێگەری) وەرگیراوە .

- شوناس و ئاڵۆزی، ل20

10-ئۆکتاڤیۆ پاز- شعر والنهایات القرن. و: ممدوح عدوان-دارالمدی- لا31

11-بەختیار عەلی، دیارو نادیار (2)ئیمپراتۆریەتی وەهم، مانای نوێگەری و..، گۆڤاری ڕەهەند،ژ5/ 1998- لا35-36.

-ئۆکتاڤیۆ پاز- شعر والنهایات القرن. ترجمه: ممدوح عدوان-دار المدی- ص31

12-(بەختیار عەلی، خوێنەری کوشندە، ل37)

13- (مەریوان وریا، بەختەوەری و بێدەگی، ساڵی 2003، ل84)

-(خوێنەری کوشندە، ل36)

-خوێنەری کوشندە،ل36

- (خوێنەری کوشندە،ل39)

-خوێنەری کوشندە/ل37"

14-(بەختیار عەلی، کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی؟ بەشداریەك لەو گفتوگۆیانەدا کە دەربارەی (شوێنی گەنجان لە کۆمەڵگادا) سازدەکرێت.ڕۆژنامەی هاولاتی، ژ(101) دووشەممە 2002/2/2.ل9)

-نقد الحداثة ، ترجمة: انور مغیث، دار الحداثة، ل22-23)

- (خوێنەری کوشندە، ل43)

-(بەختەوەری و بێدەنگی،ل93-94)

-ڕۆشنبیر، کۆمەڵگە، دیموکراسیەت/ل67)

- (هـ.س.پ/ل7)

15(ئیدوارد سەعید، وێنەکانی ڕۆشنبیر، و. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لەکتێبی" بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، کۆمەڵە وتار، 2001، ل 109)

16- Emil Durkhiem, Elementary form of Religious life – study of Religious sociology. trans .Joseph ward swain . new York .free press 1965 -21-33.

17-قاموس الانثروبولوجيا –تاليف: د. شاكر مصطفى سليم –1981-ص 813
18- E. Taylor .primitive culture Lon.: Johan Marray 1871.

19-موريس گودوليه –لغز الهبة –المقدس-سنة 1998ل213

20-نظرية الثقافة –تاليف: Michael Thompson-Richard Ellis-Auron Wildavasky Oxford UN 1990
ترجمة: د.علي سعيد الطاوي (لەم باسەدا ئاماژەدراوە بە ماری دۆگلاس بە تایبەتی ئەو تویژیانەی کە تایبەتە بە جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی دنیای شتە پیرۆزەکان و پۆلێنکردن و وێناکردنی مرۆڤ بەسەر دنیای دابڕاو لەپیرۆزی و دنیای ئەبا لەتەک پیرۆزی)

له کتێبه چاپکراوەکانی نوسەر:

1-**موسافیرو چاوەڕوانی نەورەسێک**/ دیوانە شیعر، چاپی یەکەم 1998 ، لە چاپکراوەکانی بنکەی ئەدەبی روناکبیری گەلاوێژ.

-چاپی دووەم 1999 /زنجیرە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی **TDC**.

2-**کۆچ و سەفەر**/ لێکۆڵینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی کۆمەڵناسییە دەربارەی دیاردەی کۆچ لە جیهاندا بەگشتیو لەکوردستاندا بەتایبەتی، چاپی یەکەم 2000 / لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

3- چاپی دووەم 2001 بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری لە سلێمانی.

4-**تازەگەری**/ لێکۆڵینەوە دەربارەی تازەگەریو راڤەکردنی دیووە نادیارەکانی قەسیدەی رەنگدانی شێرکۆ بێکەس، چاپی یەکەم 2003 چاپخانەی ئەهلی .

5-**کۆمەڵگای مۆدێرن**/ دەربارەی دیموکراسی، کۆمەڵگای مەدەنیو مەترسییەکانی تیرۆر، لەبڵاوکراوەکانی رێکخراوی(**KIE**)و بەهاوکاری رێکخراوی (**RTI**) نێودەوڵتی، چاپی یەکەم **2004**

6-**کۆمەڵگای داخراو**/ رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دەسەڵات، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوبەرایەتی چاپوبلاکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی، چاپی یەکەم 2004

-**کۆمەڵگـەی داخـراو**/ چاپخانەی چوارچـرا لەسـلێمانی/چـاپی دووەم: 2005

7-**غوربـــەتی فـــڕین**/ شـــیعر/ لـــەبلاّوکراوەکانی بەڕێوبەرایـــەتی چاپ‌وبلاّکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی، چاپی یەکەم 2005

8-**دەسەلاّتی کوشـندە لەکۆمەڵگـەی دیکتـاتۆرە بـچوکەکاندا**/ وتـارو لێکۆڵینـەوە/ لـەزنجیرە کتێبـەکانی چـاپخانەی شـڤان/ چـاپی یەکـەم: 2007

پڕۆژەی ئایندە:

1/**دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان** / وتارو لێکۆڵیەنەوە.

2/**دەســـەلاّتی غـــەیبانی**/ تیـــرۆرو کولتـــوری مەرگدۆســـتی/ لێکۆڵینەوە.

3/**رەخنەو بێدەنگی**/ وتارو لێکۆڵینەوە

4/ **کۆمەڵگەی کراوە**/ وتارو لێکۆڵینەوە.

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
کۆمەڵگەی دیکتاتۆرە بچوکەکان	7
دەسەڵاتی کوشندە	27
دەسەڵاتی بەختەوەرو کۆمەڵگەی خۆشباوەڕ	41
کەلاوەیەک بەناوی ژیانەوە	55
دەسەڵاتی خاڵی لەمەعریفە	65
جەهلو دەسەڵات	77
رایگشتیو دەسەڵاتی داخراو	89
جەهلی مۆدێرن	100
ناشرینکردنی ژیان بەناوی دیموکراسیەتەوە	111
مەرگدۆستیو ژیاندۆستی	122
دەسەڵاتی جەهل	135
حکومەتی ناعەدالەتی	144
کۆمەڵگەی بێساحێب	153
درۆزنترین حکومەتی دنیا	165
حکومەت تۆڵەدەکاتەوە	172
سەروەتو جەنەراڵکان	181
جەلاد..کۆمەڵگە سەگ نییە!	185
شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ	191
دەسەڵاتی زۆردارو پەرلەمانی کارتۆنی	203
جیهانبینی، هێز، کۆنخوازی	219
رۆشنبیری کوشندە/ حیکایەتی کوشندە	251
کۆمەڵگەی حیکایەتە بچوکەکان	289
کولتوری گوێڕایەڵی	298
جەستەو کۆمەڵگە	309
سێکسو وێنەکانی "کولتوری ئاودەستخانە"	327
مرۆڤی یادەوەری	335

ڕێزو سوپاس بۆ....

ئەو ئازیزو خۆشەویستانەی کە بەدڵەوە هاوکاریان کردم.. باوکی بەڕێزو خۆشەویستم شێخ جەبار سەید ئەحمەدو دایکی زۆر ئازیزم دایە نەسرین کە لەسەروەختی نوسینی ئەم کتێبەدا بەخۆشەویستییەکی زۆرەوە هاوکاریان کردم، ئازیزو خۆشەویستم ڕۆشنا غەریب کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتیدام، برای بەڕێزم ئاکۆ جەبار لەبەریتانیا، خوشکی خۆشەویستم شیلان جەبار لەکەنەدا، هاوڕێی ئازیزو خۆشەویستم د. دانا سەردار لەبەریتانیا، هاوڕێم یادگار ئەورەحمان کە کاری کلێشەو دیزاینی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ.

نرخی (٥٠٠٠) دینار